# ڕێگای دژواری سەربەخۆیی
# لە بیرەوەرییەکانی تەیمەز ئارەب دا


نووسین و ئامادەکردنی:

**سیامەند سێلکی**



**لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان**

**هەولێر-٢٠٢٣**

- **ناوی کتێب:** ڕێگای دژواری سەربەخۆیی لە بیرەوەرییەکانی تەیمەز ئارەبدا
- **نووسین و ئامادەکردنی:** سیامند سێلکی
- **پێداچوونەوەی:** دکتۆر جەبار قادر
- **گرافیست:** دیار سەعید پیرانی
- **سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی
- **نۆرەی چاپ:** چاپی یەکەم
- **ساڵ و شوێنی چاپ:** هەولێر - ٢٠٢٣
- **چاپخانە:** دانیشفەر
- **تیراژ:** ١٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (١١٩١) ساڵی ٢٠٢٣ پێدراوە**

## پێشکەشە بە...

- باوکی ڕوحی نەتەوەی کورد و ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان مەلا مستەفا بارزانی.
- هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان.
- هەموو خەباتگێڕ و تێکوشەرانی پارتی و ڕێبازی بارزانی نەمر کە لە شۆڕشەکانی بارزان و بەرگریکردن لەکۆماری کوردستان و ڕێڕەوە مێژووییەکەی پەڕینەوەی ئاراس و شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵاندا، سەربەرزانەو جوامێرانەو بێ کۆڵنەدان لەپێناو پاراستنی ناسنامەی کوردو بەدیهێنانی مافە نەتەوەیەکانی خەباتیان کرد.
- سەرۆک و مەرجەعی نەتەوەییمان مەسعود بارزانی کە لەڕێگای ئەنجامدانی ڕیفراندوم بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەم کوردستانییەتی کەرکووک و شنگال و خانەقین و مەخموری سەلماند هەمیش دەنگی زوڵال و حەقبێژانەی مرۆڤی کوردی بەهەموو جیهان گەیاند کە کوردیش وەکو هەر نەتەوەیەکی دیکە مافی ئەوەی هەیە لەوڵاتێکی ئازاد و سەربەخۆدا ببێتە خاوەنی ژیانێکی سەربەرز و پڕ لەکەرامەت.
- هەموو ئەو کوردپەوەرانەی پشتگیریان لە پڕۆسەی ئەنجامدانی ڕیفراندوم بۆ سەربەخۆیی کوردستان کرد و بە (بەڵێ) دەنگیان بەو پرۆسە نەتەوەیەدا.
- هەموو ئەو پێشمەرگە و فەرماندە قارەمانانەی لەپردێ و سحێلا خۆیان نەچەماند و لە ئۆکتۆبەری (٢٠١٧)دا گەورەترین پیلانی هاوبەشی خیانەتکاران و دوژمنانی کوردیان دژی قەوارەی فیدراڵی و دەسکەوتەکانی کورد بێ ئەنجام کرد.

# پێرست


دەست پێك.................................................................... ٩

**بەشی یەکەم**

**هەنگاوە بەراییەکانی گەڕان بە دوای خوددا**

سەردەمی منداڵیم........................................................... ٢٣

کۆبوونەوەیەکی گرنگ و دەست پێکردنی شەڕی ڕزگار کردنی ناوچەکە ٣٧

**بەشی دووەم**

**کشانەوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

کشانەوە بەرە و ڕۆژهەڵاتی کوردستان..................................... ٤٥

نەخۆشی و برسێتی تەنگیان بەخێزانەکانمان هەڵچنی ........................ ٥٣

ڕووسەکان پشتیان لەکۆماری کوردستان کرد ............................. ٥٦

دوا دیداری نێوان قازی و مەلا مستەفا..................................... ٥٩

سەرەتای پەلامارە سەربازییەکان ......................................... ٦٤

**بەشی سێیەم**

**هەنگاوە بەراییەکانی بەرەو هەرمان**

قۆناغێکی دژوار و پڕ لەهەوراز و نشێو.................................... ٧٧

دووبارە گەیشتینەوە ناو خاکی ئێران....................................... ٨٩

پیلانی حکومەتی ئێران بۆ مانەوەمان لەدەڤەری شاکاکان.................. ٩٤

**بەشی چوارەم**

**پەڕینەوە و دەست پێکردنی مەینەتییەکان**

ئەوەی چاوڕێمان نەدەکرد ڕوویدا........................................... ١١١

پەرشوبڵاوکردن و لێک دابڕاندنمان ........................................ ٢١١

خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین ............................................ ١٢٢

سەردانی مەلا مستەفا بۆ مۆسکۆ............................................ ١٣٥

گواستنەوەمان لە ئۆزبەکستان بۆ مۆسکۆ................................... ١٣٨

**بەشی پێنجەم**

**خۆ ئامادەکردن بۆ گەڕانەوە**

بیستنی هەواڵی شۆڕشی ١٤ی تەمموز....................................... ١٤٣

گەڕانەوەمان بۆ عێراق......................... ١٤٦
ئەو دیمەنەی هەرگیز لەبیری ناکەم......................... ١٥١
مەلا مستەفام لەبەردەم دەرگای گرتووخانەکە بینی!......................... ٤٥١
**بەشی شەشەم**
**قۆناغی شۆڕشی ئەیلوول**
دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول......................... ١٦١
بەڕێکەوتن بەرەو دەڤەری بادینان......................... ١٦٥
شەڕی چوم جیهان ......................... ١٧٠
گەڕانەوەی مەلا مستەفا بۆ دەڤەری سۆران......................... ١٧٦
بارودۆخی شۆڕش لە دەڤەری سۆران ......................... ١٨١
بەشداری لە خولێکی سەربازی لە کرماشان ......................... ١٨٨
**بەشی حەوتەم**
**گفتوگۆکان و ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار**
ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار......................... ١٩٣
دەستپێکردنەوەی شەڕ......................... ١٩٤
وەکو هێزی پشتیوانی چووینە دەڤەری سۆران......................... ١٩٥
ڕێککەوتننامەی خیانەتکارانەی جەزائیر......................... ١٩٧
**بەشی هەشتەم**
**ژیانی ئاوارەیی و هەڵگیرسانەوەی شۆڕش**
ژیانی ئاوارەیی و قۆناغێکی دیکەی پڕ لەئازار و ناخۆشی......................... ٢٠١
دوورخستنەوە بۆ قوڵایی خاکی ئێران......................... ٢٠٥
وەفاتی مەلا مستەفا بارزانی......................... ٢١٣
تاوانی دەرهێنانی جەنازەی مەلا مستەفا بارزانی......................... ٢١٥
**بەشی نۆیەم**
**کۆتایی چیرۆکی پێشمەرگەیەکی سەربەخۆیی**
دوا ساڵەکانی تەمەنی پێشمەرگەیایەتیم......................... ٢٢١
وەسفێک لەفازل میرانییەوە بۆ تەیمەز ئارەب ......................... ٢٢٧
**وێنەکان ......................... ٢٣٣**

## تەیمەز ئارەب کێ بوو؟

تەیمـەز ئـارەب سـێلکی لەساڵی ١٩٢٤دا لەگۆنـدی سـێلکی دەڤـەری بـارزان لەدایـک بـوووە، لەسـاڵی ١٩٤٣ پەیوەنـدی بەشۆڕشـی دووەمـی بارزانـەوە کـردووە و لەسـاڵی ١٩٤٥ لەشـەڕی پیـرس برینـدار بـووە. لەسـاڵی ١٩٤٥ لەگـەڵ بارزانـی نەمـر چووتـە ڕۆژهەلاتـی کوردسـتان و لەسـاڵی ١٩٤٦ لەبـەرەی سـەقزو لەکاتـی بەرگریکـردن لـە کۆمـاری کوردسـتان برینـدار بـووە. بەشـداری کـردووە لەڕێـڕەوە مێژوویەکـەی ئـاراس. لەسـاڵی ١٩٥٨دا گەڕاوەتـە کوردسـتان. لـە سـاڵی ١٩٦١ وەکـو فەرماندەیـەک بەشـداری لەشۆڕشـی مەزنـی ئەیلوولـدا کـردووە و لەشـەڕی مەتینـا برینـدار بـووە. لـە سـاڵی ١٩٧٥ ئـاوارەی ئێـران بـووە. لەسـەرەتای سـەرهەڵدانی شۆڕشـی گـوڵان دا دیسـان وەکـو فەرماندەیـەک بەشـداری کارای هەبـوو. لـەدوای ڕاپەڕینـی خەلکـی کوردسـتان لەسـاڵی ١٩٩١ گەڕاوەتـەوە کوردسـتان و لەکۆنگـرەی دوازدەی پارتیـدا لەلایـەن سـەرۆک بارزانییـەوە میدالیـای بارزانـی نەمـری پـێ بـەخشراوە. لـە٥ /٨/ ٢٠١٤ کۆچـی دوای کـردووە و بـۆ هەمیشـە ماڵئاوایـی لەکـورد و کوردسـتان کـرد

# دەست پێک

کاتێـک لـە دیوانـی گـەرم و پـڕ لەسـۆزی مـام تەیمـەز دادەنیشـتین، بەحەسرەتـەوە چاوڕێـی ئەوەبووین گوێبیسـتی یـاد و بیرەوەریەکانـی بیـن، دیـارە ئەویـش وەکـو هەڤاڵێکـی بارزانـی نەمـر کـە هەمـوو تەمەنـی خـۆی لەڕێـگای ڕزگاری و سـەربەخۆیی کوردسـتاندا بـەڕێ کـرد بوو، خەمـی ئەوەی هەبـوو مێـژووی پـڕ لـە سـەروەری ڕێبـازی بازرانـی نەمـر بـە ئەمانەتـەوە بۆ نـەوەی ئێسـتا و داهاتـووی نەتەوەکەمـان تۆمـار بکرێـت و بنووسرێتـەوە. بۆیـە بـێ ئـەوەی هیچ پرسـیارێکی لـێ بکەین بەئارامی و لەسـەرخۆ دەسـتی بەگێڕانـەوەی ئـەو بەسـەرهات و ڕووداوانـە دەکـرد کـە وەکـو قارەمانێکـی ئەفسـانەیی ڕۆڵـی تێـدا گێـڕا بوو، ئـەوەی ئـەو دەیگێڕایـەوە زیاتر لـە خەیاڵ و ئەفسـانە دەچـوو، هەمـووی پڕاوپـڕ بـوو لـە فیـداکاری و بەرخـودان و قارەمانێتـی و تراژیدیـا و کارەسـات و ماڵوێرانـی

لەکاتـی گێڕانـەوەی هـەر بەسـەرهاتێکدا یەکسـەر ئێمـەی دەبـردە جیهانێـک کـە تـەواو جیـاواز بـوو لەگـەڵ ئـەو جیهانـەی ئێمەمانـان تێیـدا دەژیـن. ئاخـر ئـەو سـەردەمەی مـام تەیمـەز باسـی لێـوە دەکـرد هەمـوو جوانییەکانـی تێـدا بـەدی دەکـرا، لێوانلێـو بـوو لـە وەفـا و ڕاسـتگۆیی و مرۆڤدۆسـتی و لێبوردەیـی و یـەکتر قبوڵکـردن

لە جیهانی ئەواندا خەمی هەمووان خەمی خاک و نیشتمان بوو، خەمی ئەوەیان بوو مرۆڤی کوردیش وەکو هەر مرۆڤێکی دیکە لەقەید و بەندی ژێردەستی ڕزگاری بێت و لەوڵاتێکی ئازاد و سەربەخۆدا بژیت، هەروەها ببێتە خاوەن ژیانێکی سەربەرز و بەشکۆوە ژیان گوزەربکات. دڵسۆزی و وەفاداری

ئەوان بۆ کوردستان و ڕێبازەکەیان کە ڕێبازی بارزانییە بە ڕادەیەک بەهێز بووە، ئەگەر سەد ڕوحیان هەبوایە ئامادە بوون هەر سەد ڕووحەکە لەپێناو ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستاندا ببەخشن. دیارە بەرجەستەبوونی ئەم گیان و هەستە بەرزە لە کەسایەتی هەر هەڤاڵێکی بارزانی نەمردا شتێکی خۆڕسک نەبووە، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی ئەو پەیوەندییە ڕوحیە بووە کە لەئەنجامی پەروەردەیەکی فکری و عەقائیدیدا لە نێوان بارزانی نەمر و هەڤاڵەکانیدا دروست ببوو.

هەڵبەت مام تەیمەز وەکو خەباتکار و شۆڕشگێڕێکی ماندوونەناس جگە لەوەی خاوەنی هزرێکی بەرزی نەتەوەیی بوو کەسێکی چاوکراوە و ڕۆشنبیریش بوو، بۆیە زۆر بە وردی و دیقەتەوە بیرەوەریەکانی خۆی لە بارەی قۆناغە جیاجیاکانی شۆڕش و خەباتدا دەگێڕایەوە و بەگوێرەی هەلومەرجی ئەوکاتیش لێکدانەوەی بۆ دەکرد.

بەگوێرەی گێڕانەوەکانی مام تەیمەز، بارزانی نەمر و هەڤاڵەکانی زۆر جار ڕووبەڕووی بارودۆخی هێندە قورس و دژوار بوونەتەوە کە بۆ دەرباز بوون لێی جگە لەمردن یان خۆ ڕادەستکردن بە دوژمن هیچ بژاردەیەکی دیکەیان لەبەردەمدا نەبووە، بەڵام ئەوان پێکەوە وەکو ئەوەی هەموویان گیانێک بن لەجەستەیەکدا بەگیانێکی فیداکارانە و بەوپەڕی هێز و ئیرادەوە هەمیشە خۆ ڕادەستکردنیان ڕەت کردووتەوە و مردنێکی شەرەفمەندانە و سەربەرزانەیان لەپێناو خاک و نەتەوەکەیاندا هەڵبژاردووە.

بەم پێیە خەبات و بەرخودانی بەردەوامی بارزانی نەمر و هەڤاڵەکانی لەپێناو ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستاندا؛ سەلمێنەری

ئـەو ڕاسـتیەیە ئەگـەر مـەلا مسـتەفای بارزانـی لەنـاو کـورددا هەڵنەکەوتبـا یـان وەکـو ڕابـەر و سـەرکردەیەکی سیاسـی و شۆڕشـگێڕ لـە دەرەوەی مێـژووی کـورددا بوایـە، ئـەوە سیاسـەتی شـومی توانـەوەی کـورد کـە لەلایـەن داگیرکەرانـی کوردسـتانەوە دژی کـورد خراوەتـە واری جێبەجێکردنـەوە دەگەیشـتنە ئامانـج و کـورد وەکـو نەتـەوە و کوردسـتان وەکـو خـاک لەسـەر نەخشـەی جیهـان دەتوانـەوە و کۆتاییـان پـێ دەهـات، بـەڵام بارزانـی نەمـر و ڕێبوارانـی ڕێبـازە پیرۆزەکـەی لەهیـچ هەلومەرجێکـدا و بەهیـچ نرخێـک ئامـادە نەبـوون مەیدانـی خەبـات و تێکوشـانی شۆڕشـگێڕانە چـۆل بکـەن، بەپێچەوانـەوە سـەربەرزانە و خوڕاگرانـە درێژەیـان پێـدا و شوناسـی نەتەوەیـی کوردیـان پاراسـت

مـام تەیمـەز لەگـەڵ گێڕانـەوەی هـەر بەسـەرهات و حیکایەتێکـدا جاربەجـار ئاخێکـی قـووڵ و پـڕ لەئـازاری هەڵدەکێشـا و دەیگـوت: «خیانـەت ماڵـی کـوردی وێـران کـردووە، ئەگـەر خیانـەت نەبوایـە ئـەو هەمـوو کارەسـات و ماڵوێرانییـە ڕووی نـەدەداو لەمێـژ بـوو کـورد ببـووە خاوەنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆیی کوردسـتان، بـەڵام هـەر کاتێـک دەرفەتێـک بـۆ کـورد ڕەخسـابێ دوژمـن بەهـاوکاری کـوردی خائیـن و وڵاتفـرۆش دەرفەتەکـەی لەبـار بـردووە و ڕیسـەکەی لـێ کردووینەتـەوە بەخـوری»

دیسان لە کۆتایی هەر گێڕانەوەیەکدا بەحەسرەتەوە دەیگوت: «ئەم ڕێبازە ئەمانەتێکە کە ئەوانەی پێش ئێمە ڕادەستی ئێمەیان کردووە، ئێمەش تائێرە هێناومانە و ڕادەستی ئێوەمانانی دەکەین، تکایە بۆئەوەی ئەو ئەمانەتە وەکو خۆی بپارێزن و ئەو هەمووو خوێن و ماندوبوونەش بەفیڕو نەڕوات و کورد

بگاتە ئاواتە مەزنەکەی کە کوردستانی سەربەخۆیە، پشتی سەرۆک مەسعود بارزانی بگرن و بەجێی مەهێلن. ئەم تکایەم لەو ڕوانگەیەوەیە ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندیانەی لەکەسایەتی مەلا مستەفادا هەبوون هەمان ئەو تایبەتمەندی و خەسڵەتانەم لەکەسایەتی سەرۆک مەسعود بارزانیدا بینیوە و دەبینم، بۆ خاک و نەتەوەکەی دڵسۆز و خەمخۆرە و بە هیچ نرخێک دەستبەرداری خواست و مافە نەتەوەیەکانی کورد نابێت، بەرامبەر کەسوکاری شەهیدان و خەباتگێڕانی کوردستان وەفادارە و پارێزەر و داکۆکیکاری ڕاستەقینەی بەهاکانی بارزان و پەیامی خودانی بارزانە».

بێگومان کۆکردنەوە و نووسینەوەی بیرەوەریەکانی خەباتگێڕ و تێکوشەرێکی وەکو مام تەیمەز کە بەدرێژایی حەفتا ساڵ بێ دابڕان و ماندوونەناسانە لەژێر ڕابەرایەتی باوکی ڕوحی نەتەوەیی کورد بارزانی نەمردا خەباتی بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان کردووە، کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام لەسۆنگەی خەمخۆریمان بۆ مێژووی پڕ لەسەروەری ڕێبازی بارزانی نەمر و ئاشنا کردنی نەوەی نوێ و داهاتووی گەلەکەمان بەو مێژووە بەهاوکاری کاک بەهجەت تەیمەز دەستمان بەو ئەرکە پیرۆزە کرد و هەوڵماندا بە ئەمانەتەوە بیرەوەریەکانی بنووسینەوە و لە دوو توێی کتێبێکدا بەناوی (ڕێگای دژواری سەربەخۆیی لە بیرەوەرییەکانی تەیمەز ئارەب دا) بەچاپ بگەیەنین و بیخەینە بەردەستی خوێنەرانی کورد، هیواداریین توانیبێتمان کەلێنێکی بچووک لەکتێبخانەی کوردیدا پڕ بکەینەوە و کتێبەکە ببێتە سەرچاوەیەکی پڕ لەزانیاری بۆ نەوەی ئێستا و داهاتوو.

**سیامەند سێلکی**

**٢٠٢٣/٥/١٠**

## پەیڤێکی پێویست

بەدرێژایـی مێـژوو دوژمنانـی کـورد و ناحەزانـی بنەماڵـەی بـارزان لەپێنـاو کـەم ڕەنگکردنـی سـەروەرییەکانی ڕێبـازی بارزانـی نەمـر لەمێـژووی بزوتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کوردسـتاندا، هەوڵیانـداوە وێنـەی ڕاسـتەقینەی بـارزان و شـێخانی سـەربەرزی بـارزان لەپێـش چـاوی خەڵـک بشـێوێنن، بـەو نیيەتـە هەمیشـە هەوڵیانـداوە پێناسـەیەکی ناڕاسـت و پـڕ لەچەواشـەکارانە بـۆ چەمکـی میللەتـی بـارزان و خودانـی بـارزان و ڕێبـازی بارزانـی و تەنانـەت جوگرافیـای دەڤـەری بارزانیـش بکـەن! لەبەرئـەوەی لـەم کتێبـەی لەبەردەسـتاندایە (ڕێـگای دژواری سـەربەخۆیی لـە بیرەوەرییەکانـی تەیمـەز ئـارەب دا) زۆرجـار ئـەو چەمکانـە بەکارهاتـوون بـە پێویسـتمانزانی لەپێشـەکی کتێبەکـەدا ڕوونکردنـەوە و زانیـاری لەبـارەی واتـا و پێناسـەی ڕاسـتەقینەی ئـەو چەمکانـە و مەبەسـت لەبەکارهێنانیـان بخەینـە ڕوو.

## یەکەم: بارزان چییە؟

بـارزان گوندێکـە دەکەوێتـە بنـاری چایـی شـیرین و سـەر بەهـۆزی بـەرۆژە، لـەڕووی ئیدارییـەوە سـەر بەقـەزای مێرگەسـۆری پارێـزگای هەولێـرە. دیـارە زۆرجـار بـارزان بەهـۆز (عەشـیرەت) وەسـف دەکرێـت، لەڕاسـتیدا ئەمـە هەڵەیـە و بـارزان هـۆز نییـە، ئەگـەر لەمێـژووی کـورددا هیـچ هۆزێـک بەنـاوی بـارزان هەبوایـە ئـەوە وەکـو هـەر هۆزێکـی دیکـە لەکتێبـی شـەرەفنامەی شـەرەفخانی

بەدلیسیدا باس لەڕۆڵ و پێگەی ئەو هۆزەش دەکرا. بەڵام نە لەو کتێبە مێژووییەدا و نە لە هیچ کتێبێکی دیکەدا ناوی هۆزی بارزان بەدی ناکرێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستییەی کە بارزان هۆز نییە، بەڵکوو ناوچەیەکە لەجوگرافیایەکی دیاریکراودا کە شوێنی نیشتەجێبوونی حەوت عەشیرەتی ڕەسەنی کوردستانە کە بریتیین لە مزوری، شێروانی، دۆلەمەری، نزاری، بەڕۆژی، گەردی، هەرکی بنەجێ. ئەم حەوت هۆزە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا و لەسەر دەستی شێخ عبدولسەلامی بارزانیدا بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە دەستیان لەهۆگری (ئینتما)ی عەشیرەتگەری هەڵگرت و لەسەر بنەمای میللەتی بارزان یەکیان گرتووە، لەو ڕۆژەوە شوێنی نیشتەجێبوونی هەر حەوت عەشیرەتەکە بەدەڤەری بارزان ناوبانگی دەرکردووە و دەناسرێت.

## میللەتی بارزان کێیە و بۆ پێیان دەوترێت میللەتی بارزان؟

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا شێخ عبدولسەلامی بارزانی[١] لەپێناو دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی تەندروست و سەردەمیانە و گەڕاندنەوەی کەرامەتی ئینسانی بۆ مرۆڤ پڕۆژەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنەی لەناوچەکەدا ڕاگەیاند و خستیە واری جێبەجێ کردنەوە، پڕۆژەکە کۆمەڵێک خاڵی لەخۆ دەگرت کە ئەمانە بوون

هەڵوەشانەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی و یەکسانکردنی هەمووان لە ئەرک و مافدا، هەڵگرتنی هەموو کۆت و بەندێک

لەسـەر ئافـرەت و مسـۆگەرکردنی مافەکانـی، چەسـپاندنی فەرهەنگـی لێبوردەیـی و پێکەوەژیانـی ئاشـتیانە لـە نێـوان موسـڵمان و کریسـتیان و جوەکانـی ناوچەکـە و سەربەسـتکردنیان لـە بەڕێوەبردنـی ئەرکـە ئاینییـەکان، چەسـپاندنی فەرهەنگـی ژینگەپارێـزی، چەسـپاندنی گیانـی بەرگـری و مقاومـەت دژی هەمـوو هێزێکـی سـتەمکار و قوربانیـدان لەپێنـاو ڕزگاری و سـەربەخۆیی نیشـتمان، چەسـپاندنی فەرهەنگـی مرۆڤدۆسـتی و ڕێزگرتـن لەبەهـا مرۆڤایەتییـەکان. لـەو سـەردەمەدا بـۆ جێبەجێکردنـی پرۆژەکـە شـێخی بـارزان نـە ئیمکاناتـی مـادی و نـە هیـچ هێزێکـی سـەربازی لەبەردەسـت نەبـوو، بـەڵام هێزێکـی کاریگەرتـری لـەوە هەبـوو کـە هێـزی پـەروەردە و بیروبـاوەڕ بـوو، شـێخی بـارزان وەکـو زەمینەسـازی بـۆ جێبەجێکردنـی پرۆژەکـە هەنـگاوی یەکەمـی لـە مرۆڤسـازیەوە دەسـت پێکـرد و لـە ڕێـگای پرۆسـەیەکی پەروەردەییـەوە کاری لەسـەر پێگەیاندنـی تـاک کـرد وەکـو تاکێکـی هوشـیار و پێگەیشـتوو لەهەمـوو ڕوویەکـەوە. دوای ئـەوەی تـاک گەیشـتە ئـەو بـاوەڕەی کـە جێبەجێکردنـی پڕۆژەکـە کاریگەریـی ئەرێنـی لەسـەر ژیـان و گوزارانیـان دروسـت دەکات و بەختەوەرییـان پـێ دەبەخشـێت، بەبـێ هیـچ گوشـارێک و ئارەزوومەندانـە هەرکەسـە و لەماڵـی خۆیـەوە دەسـتی پێکـرد و پرۆژەکـەی جێبەجێکـرد و پێیـەوەی پابەنـد بـوو، لەژێـر کاریگەرییـە ئەرێنییەکانـی پڕۆژەکـەدا گۆڕانێکـی جەوهـەری لەژیـان و گوزەرانـی خەڵکـدا دروسـت بـوو، ئەمـەش وایکـرد لەماوەیەکـی کەمـدا پڕۆژەکـە گونـدی بـارزان و عەشـیرەتی بـەڕۆژی دەربـاز بـکات و بگاتـە سـنووری حـەوت عەشـیرەتی ناوچەکـە. لـەو ڕۆژەوە

هەمـــوو ئـــەو خەڵکـــەی بـــە بـــاوەڕەوە پڕۆژەکەیـــان وەرگرتـــووە و پێیـــەوەی پابەنـــد بوونـــە بـــە میللەتـــی بـــارزان ناوبانگیـــان دەرکـــردووە و بـــە بارزانـــی نـــاسراون. هەڵبـــەت میللـــەت بـــە واتـــای هۆگـــری و کۆبوونـــەوە لـــە دەوری پەیـــام و بەرنامەیـــەک دێـــت کـــە هەمـــووان کـــۆک و هـــاوڕان لەســـەری و پێیـــەوەی پابەنـــدن

## خودانی بارزان کێیە و بۆ پێی دەوترێت خودانی بارزان؟

لەســاڵی(١٩١٤) عوسمانییــەکان بــە تاوانــی جوداخــوازی و لەتکردنــی ئیمبراتوریەتەکەیــان شــێخ عبدولســەلامی بارزانیــان لەســێدارەدا و شــەهید کــرد. ئــەوکات شــێخ ئەحمــەد[٢] (خودانــی بــارزان) و مــەلا مســـتەفا بارزانـــی لـــەڕووی تەمەنـــەوە لەئاســـتێکدا نەبـــوون کـــە کاروبــاری دەڤــەری بــارزان بەڕێــوە ببــەن. ئــەوە وایکــرد بــۆ ماوەیەکــی کــورت فەراغێــک لەتەکیــەی بــارزان و لــە بزووتنــەوەی شۆڕشــگێری بارزانــدا دروســت بێــت. بەهــۆی ئــەو فەراغــەوە بارودۆخێکــی دژوار و پــڕ لــە مەینەتــی بــۆ خەڵکــی دەڤــەری بــارزان دروســت بــوو. داگیرکەرانــی کوردســتان و هەنــدێ لــەو ســەرۆک هۆزانــەی کــە لــە بــەرەی داگیرکەرانــدا بــوون دەســتیان بەســەر ناوچــەی بارزانــدا گــرت و بــە هەمــوو شــێوەیەک کەوتنــە ئــازاردان و ئەشــکەنجەدانی خەڵکــی ناوچەکــە، تەنانــەت لەژێــر کاریگەرییەکانـــی ئـــەو زوڵـــم و زۆرداریيـــەدا بەشـــێک لەکریســـتیان و جوەکانــی ناوچەکــە ناچــار بــوون ناوچەکــە جێبێڵــن. تــا ســاڵانی (١٩١٧ و ١٩١٨) ئــەم بارودۆخــە دژوارە بــەردەوام بــووە و دوای ئــەوەی شــێخ ئەحمــەد و مــەلا مســتەفا بارزانــی گەیشــتنە تەمەنــی گەنجێتــی

سەرلەنوێ دەست بەدووبارە ڕێکخستنەوەی کاروباری دەڤەری بارزان کرا، مەلا مستەفا وەکو سەرکردەیەکی گەنج هاتە مەیدان و هێزی شۆڕشگێڕی بارزانی دامەزراندەوە، شێخ ئەحمەدیش تەکیەی بارزانی گەڕاندەوە سەر ڕێچکەی جاران و دەست بە پەرەپێدانی ئەو پرۆژەیە کرا کە لەلایەن شێخ عەبدولسەلامی بارزانییەوە لەناوچەکەدا جێبەجێ کرابوو، لە ئەنجامدا بارزان لە هەموو ڕوویەکەوە بوژایەوە و گەشەی کردوو ڕۆژ بەڕۆژ پێگەی قایمتر بوو، دووبارە زوڵم و ستەم و زۆرداری لەسەر خەڵکی ناوچەکە لابرا و هەموو ماف و ئازادییەکانیان بۆ گەڕێنرایەوە، لەو سەردەمەدا خوداپەرستی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی لەناوچەکەدا گەیشتنە لوتکە، پیرۆزی و کەرامەتی ئینسانی بۆ مرۆڤ گەڕایەوە، هەموو تاکەکان بەئافرەت و پیاوەوە، بە موسڵمان و کریستیان و جووەوە لە ئەرک و مافدا یەکسانکران، هیچ جیاوازیەک لەنێوان کوڕە شێخێکی بارزان و هەژارێکی دوورترین گوندی ناوچەکە نەماو، بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی بوونە بنەمایەکی نەگۆڕ و چەسپا و لە بنیاتنان و بەڕێوەبردنی ژیاندا. ئەمە بۆ بارزانیەکان لە هەموو ڕوویەکەوە سەردەمێکی زێڕین بوو، چونکە ئەو دادپەروەری و یەکسانی و پێکەوەژیانەی لەسەردەمی خودانی بارزاندا بۆ بارزانیەکان دەستەبەرکرا بوو، ڕەنگە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا بێ وێنە بێت، بۆیە بارزانیەکان ناویان لەشێخ ئەحمەد نا خودانی بارزان، تەناتەت کریستیان و جوەکانی ناوچەکەش شێخ ئەحمەدیان بەخودانی خۆیان دەزانی و بەخودانی بارزان ناویان دەهێنا. بێگومان خودان وشەیەکی بادینیە، واتە خاوەن بە عەرەبیش واتە ساحب. واتە

مەبەستی خەڵکەکە لەو پێناسەیە لەبەرئەوەیە کە شێخ ئەحمەد لە بارودۆخێکی دژوار و پڕ لەمەینەتیدا لێیان بووتە خاوەن و ئەوانی لە زوڵم و ستەم و زۆرداری ڕزگارکرد و بەختەوەری و عەدالەت و یەکسانی و پێکەوەژیانی بۆیان مسۆگەرکرد. هەموو ئەمانەش ئەنجامی ئەو تێگەیشتنە واقیعی و ڕاست و دروستە بووە کە خودانی بارزان بۆ پرسی دینداری و ئەو بنەمایانەی هەبووە کە لەجەوهەری دینی ئیسلامدا هەن و لەسەردەمی پێغەمبەری ئیسلام محەمەد (د. خ) کاری پێکراوە و جێبەجێکراون. لەژێر ڕۆشنایی ئەو بنەمایانە شێخانی بارزان لەو هەقیقەتە تێگەیشتبوون کە دین واتە ئەخلاق، واتە مرۆڤایەتی، واتە ڕێزگرتن و پاراستنی بەها مرۆڤایەتییەکان. بێگومان هەر ئەمەش وایکرد بەدرێژایی مێژوو بارزان ببێتە لانکەی شۆڕش و سەرهەڵدان دژی داگیرکەرانی کوردستان و هیچ هێزێک نەتوانێت زەفەری پێدا ببات.

## ڕێبازی بارزانی چییە و سەر بەچ فەلسەفەیەکی فکرییە؟

زۆرجار مێژووی ڕێبازی بارزانی لەمێژووی پارتی دیموکراتی کوردستاندا کورت و بەرتەسک دەکرێتەوە! ئەمە جگە لەوەی هەڵەیە زوڵمێکیشە لە مەلا مستەفا بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرێت، چونکە ڕێبازی بارزانی وەکو فەلسەفەیەکی هزریی و سیاسی و شۆڕشگێڕانە درێژەپێدەری ڕێبازی شێخ عبدولسەلام و خودانی بارزانە و لەژێر ڕۆشنایی پەیامی هەمان ئەو زاتە مەزنانەدا و لە پێناو ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستاندا

درێــژەی بەخەبــات و قوربانیــدان داوە. ئــەم ڕێبــازە بنەماکانــی لەســەر هــزری خۆشەویســتی نیشــتیمان و نەتــەوە، خزمەتکردنــی خەڵــك، ڕاســتگۆیی، دادپەورەیــی و پاراســتنی ژینگــە دامــەزراوە.

پارتــی دیموکراتــی کوردســتان لــە١٦ی ئابــی ١٩٤٦دا لەســەر دەســتی مــەلا مســتەفا بارزانــی دامــەزراوە؛ لەهەمــوو قۆناغــە جیاجیاکانــی خەباتــدا دەســتی بــەو بنەمــا فکریانــەوە گرتــووە و کاری بــۆ جێبەجێکردنیــان کــردووە، لەســەردەمی شــۆڕشــی ئەیلوولــی مەزنــدا پارتــی بەڕابەرایەتــی مــەلا مســتەفا بارزانــی بەکــردەوە هەوڵیــداوە لەژێــر ڕۆشــنایی ئــەو بنەمــا فکریانــە ئیــدارەی ئــەو ناوچانــە بــکات کــە لەژێــر دەســەڵاتی شــۆڕشــدا بــوون. دوای ڕاپەڕینیــش ئــەو بنەمــا فکریانــە کاریگــەری و ڕەنگدانەوەیــان بەســەر شــێوازی سیاســەت کــردن و دونیابینــی پارتیــەوە هەبــووە بــۆ ئیــدارەدان و بەڕێوەبردنــی کوردســتان. جگــە لەمــەش ســەرۆک مەســعود بارزانــی لەهەمــوو کــۆڕ و کۆبونەوەکانیــدا ئــەوەی دوپــات کردووتــەوە کــە بــۆ بــاشتر خزمەتکردنــی گــەل و نیشــتمان پێویســتە هەمــوو کادر و ئەندامانــی پارتــی دەســت بــەو بەهــا بەرزانــەوە بگــرن و بیــان پارێــزن و پابەنــد بــن پێیانــەوە.

بێگومــان ئەمــە ئــەو خاڵــە بەهێزەیــە کــە لەســەر ئاســتی دونیــادا وێنەیەکــی جوانــی بــە بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی کوردســتان بەخشــیوە، هۆکارێکیــش بــووە کــە هەمیشــە پارتــی و ڕێبــازی بارزانــی پێــی لەهــەر فەلســفەیەکی دیکــەی سیاســی جیــا بکرێنــەوە و ببنــە جێــی متمانــەی هەمــوو کوردپــەروەران.

# بەشی یەکەم

# هەنگاوە بەراییەکانی گەڕان بە دوای خوددا

# سەردەمی منداڵیم

بەگوێرەی گێڕانەوەکانی دایکم، من لەساڵی (١٩٢٤) لەگوندی سێلکێ لەدایک بوومە، سەردەمی منداڵیم هاوکات بووە لەگەڵ شۆڕشی (١٩٣١- ١٩٣٢)ی بارزان. لەسەرەتای ساڵی (١٩٣٢)دا دەوڵەتی مەلیکی عێراق بەپشتیوانی بەریتانیا و هاوکاری جاشەکان لەهەموو لایەکەوە هێرشێکی فراوانیان بۆ سەر دەڤەری بارزان دەست پێکرد و فڕۆکەکانی بەریتانیاش تەڕ و وشکیان پێکەوە دەسووتاند و بەزەییان بە داروبەردی ناوچەکەشدا نەدەکرد. بۆیە خودانی بارزان بڕیاریدا لەپێناو پاراستنی گیانی ژن و منداڵەکان پەنا بۆ نێو خاکی تورکیا ببات، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی تورکەکان بارزانییەکان لەکۆتایی وەرزی بەهاری ١٩٣٢ بەرەو سنووری تورکیا پاشەکشەیان کرد و چوونە نێو خاکی تورکیا. لەسەر فەرمانی خودان و مەلا مستەفا بارزانی بۆ درێژەدان بەشۆڕش دوو سەد تا سێسەد شۆڕشگێڕی بەتوانا بەسەرکردایەتی خەلیل خۆشەوی[٣] و ئەحمەد نادر[٤] و عەبدوڵا کرکەمویی[٥] لەناوچەکەدا مانەوە کە باوکم یەکێک بوو لەوان. من و چوار براو خوشکێک کە تەمەنمان لەخوار دە ساڵیەوە بوو لەگەڵ دایکم ئاوارەی نێو خاکی تورکیا بووین. جاش و هێزە عێراقیەکان زۆر هەوڵیاندا بگەنە سنوور تا ڕێگری لەوە بکەن بچینە ناو خاکی تورکیا، بەڵام خەلیل خۆشەوی و ئەحمەد نادر و هەڤاڵەکانیان لە گەلی (زێت) بەرگرییەکی قارەمانانەیان کرد و ڕێگایان نەدا هێزی دوژمن بگاتە گوندی (زێت)[٦] کە دوا خالی سنووری بوو. هەموو

ئـــەو خێزانانـــەی  مەترســـیان لەســـەر هەبـــوو بەســـەلامەتی و بـــێ کێشـــە دەربـــاز بـــوون، کاتێـــک گەیشـــتینە نێـــو خاکـــی تورکیـــا کەشـــوهەوا زۆر ســـارد بـــوو، حکومەتـــی ئـــەو وڵاتـــەش هیچـــی بـــۆ نەکردیـــن، بـــەڵام خەڵکـــی گوندەکانـــی عەشـــیرەتی گـــەردی[٧] بەهانامانـــەوە هاتـــن و لـــە هەمـــوو ڕوویەکـــەوە هاوکاریـــان کردیـــن. حکومەتـــی تورکیـــا جگـــە لـــەوەی هیچـــی بـــۆ ئێمـــە نەکـــرد ئـــەو بەڵێنەشـــی کـــە بەخـــودان و مـــەلا مســـتەفای دابـــوو نەبـــردە ســـەر. لـــە شـــەمزینان خودانـــی بارزانیـــان لـــە ئێمـــە جیـــا کـــردەوە و بردیانـــە ئەنقـــەرە و دواتریـــش ڕادەســـتی عێراقیـــان کـــردەوە. دوای ئـــەو بـــێ بەڵێنییـــەی دەوڵەتـــی تورکیـــا مـــەلا مســـتەفا لەگـــەڵ هەمـــوو ئـــاوارەکان و بەهـــاوکاری خەڵکـــی شـــەمزینان و بـــە ڕێـــگای ناوچـــە شـــاخاویەکاندا گەڕایـــەوە ناوچـــەی بـــارزان و بەهـــاوکاری خەلیـــل خۆشـــەوی و هەڤاڵەکانـــی دووبـــارە هێـــزی شۆڕشـــگێڕانی بارزانیـــان ڕێکخســـتەوە و لەچەنـــد شـــوێنێک چالاکـــی شۆڕشـــگێڕیان دژی حکومـــەت ئەنجامـــدا، ئـــەوکات خودانـــی بـــارزان لـــە موســـڵ زیندانـــی کرابـــوو. حکومـــەت لەڕێـــگای خودانـــەوە داوای گفتوگـــۆی لـــە مـــەلا مســـتەفا کـــرد و بەڵێنیـــدا ئەگـــەر مـــەلا مســـتەفا بـــۆ گفتوگـــۆ بچێتـــە موســـڵ ئـــەوە هەمـــووان پێکـــەوە دەگەڕێنـــەوە دەڤـــەری بـــارزان. مـــەلا مســـتەفا لەســـەر داوای خـــودان و بەمەبەســـتی گفتوگـــۆ چـــووە موســـڵ، بـــەڵام حکومـــەت بەڵێنەکـــەی ژێـــر پـــێ نـــاو مـــەلا مســـتەفای دەســـتگیر کـــردوو لەگـــەڵ خـــودان بـــۆ بـــەسرا و بەغـــدا دواتریـــش ســـلێمانی گوازرانـــەوە و بـــۆ مـــاوەی دە ســـاڵ لـــە ژێـــر چاودێـــری حکومەتـــدا بـــوون.

## گەڕانەوە بۆ گوندی سێلکێ و ژیانێکی پڕ لە کۆڵەمەرگی

لەپاییزی (١٩٣٣)دا کە لە تورکیا گەڕاینەوە گوندی سێلکێ ماڵەکانمان لەلایەن هێزەکانی پۆلیس و ئەو خەڵکەی سەر بە حکومەت بوون تاڵان کرا بوون. بەر لەوەی ئاوارە ببین مانگایەکمان هەبوو کەسێکی سەر بەحکومەت مانگاکەی ئێمەی برد بوو، بەڵام کاتێک گەڕاینەوە لەترسی ئەو شۆڕشگێڕانەی لەگەڵ خەلیل خۆشەوی بوون، ناچار بوو مانگاکەی بۆ گێڕاینەوە. مانگاکە بۆ من و خوشک و براکانم بووە سەرچاوەی ژیان، دایکم ڕۆژانە دەیدۆشی و شیرەکەی بە ئێمە دەدا، دواتریش بۆ گەرمکردنەوە ئێمەی دەخستە نێو ئەو کایەی کە بۆ مانگاکە کۆکرابوویەوە. لەساڵی ١٩٣٤ خەلیل خۆشەوی و شۆڕشگێرەکان دژی حکومەت دەستیان بەچالاکی کردەوە و لەچەند شوێنێک هێرشیان کردە سەر هێزەکانی حکومەت. دایکم ڕۆژانە لەناو گوند دەگەڕا و لەهەر ماڵێک کەمێک خواردنی وەردەگرت و بۆ شۆڕشگێرەکانی دەبرد، من و برا و خوشکە تاقانەکەم کە هەستمان دەکرد دایکم خواردنێکی هێناوەتە ماڵەوە بەگریانەوە پێمان دەگوت: دایە برسیمانە شتێکمان بدەیێ! لەوەڵامدا دەیگوت: دەزانم برسیتانە بەڵام ئەم نان و خواردنە ئەمانەتە بەدەست منەوە و بۆ موریدەکانی خودانی بارزان دەبەم، ئەوان لە چیاکان برسیانە و چاوەڕوانی منن خواردنیان بۆ ببەم، تەنیا شیری مانگاکە بەشی ئێوەیە کە گەڕامەوە پێتانی دەدەم. هەموو ڕۆژێ دەمەو ئێوارە دایکم لە چیا دەگەڕایەوە و مانگاکەی دەدۆشی و شیرەکەی بە ئێمە دەدا.

حکومەت بەهاوکاری خەڵکێکی خۆفرۆش هەموو هەوڵێکی خستەگەڕ بۆ کۆتاییهێنان بەشۆڕشگێڕان، بەو مەرامە گوشارێکی

زۆری خستە سەر ئەو خێزانانەی کە پیاوەکانیان لەگەڵ خەلیل خۆشەوی بوون و بۆ چەندینجار دایکمیان گرت و ئازاریاندا. بەڵام دایکم ورەبەرز و خۆڕاگر بوو، بەردەوام بوو لە گەیاندنی خواردن بۆ شۆڕشگێڕان. لەو سەردەمەدا کەسێک لەناوچەکە هەبوو بەناوی (مەلا جەسیم) سیخوڕی حکومەت بوو، زانیاری بە بنکەی پۆلیسدا کە دایکم بەردەوامە لەهاوکاریکردنی شۆڕشگێڕان. لەو سەردەمەدا خانووەکەمان تەنیا ژوورێکی بچووک بوو، ژێروەشی شوێنی مانگاکە بوو، بەرەبەیانێکی زوو دایکم تورەگەیەک نانی جۆی ئامادە کرد بوو کە بۆ شۆڕشگێڕان ببات. دیارە (مەلا جەسیم ) و مەفرەزەیەکی پۆلیس لە دوورەوە چاودێری ماڵەکەی ئێمەیان دەکرد، بۆیە هەر کە دایکم لەماڵ دەرکەوت بەسەریاندادا و دەستگیریان کرد و بەدوای ئەسپێکەوە گرێیاندا و لە سێلکێ تا شێروان مەزن بەو شێوەیە ڕایانکێشا، مانگاکەش کەتاکە سەرچاوەی ژیانی ئێمە بوو بردیان و سەریان بڕی و خواردیان. ئەمە بۆ من و برا و خوشکە تاقانەکەمان کارەساتێکی مەزن بوو، لەلایەکەوە بەهۆی دەستگیرکردنی دایکمان بێ سەرپەرشت ماینەوە و لەلایەکی دیکەشەوە تاکە سەرچاوەی ژیانمان کە مانگاکە بوو لەدەستدا. هەرچەندە بارودۆخی هەموو گوندییەکان لەڕووی بژێوی ژیانەوە لەهی ئێمە خراپتر بوو، بەڵام ئەرکی بەخێوکردنی ئێمەشیان کەوتە سەرشانیان. هەر ڕۆژە و خێزانێک خواردنیان بۆ ئێمە دەهێنا، بەرامبەر ئێمە هێندە بەسۆز و میهرەبان بوون خواردنیان لەدەمی منداڵەکانیان دەگێڕایەوە و بە ئێمەیان دەدا

## بەسەرهاتی من و شێمووی فەلە

دوای دەستگیرکردنی دایکم پێویست بوو کەسێکی دیکە خواردن بۆ شۆڕشگێڕان ببات، بۆیە دایکی شەهید عیسا سوار گوتی: تۆ و عیسا پێویستە نان بۆ شۆڕشگێرەکان ببەن، من و عیسا سوار کە هاوتەمەن بووین و تەمەنمان لە نێوان دە دوازدە سالان بوو ڕۆژانە لەلایەن (غوربەتی )دایکیەوە هەریەکە و تورەگەیەک نانی دەخستە سەر شانمان و شوێنێکی لە پشتی گوندەوە بۆ دیاری دەکردین کە بچین نانەکە لەوێ دانێین و بگەڕێینەوە. سێ یان چوار ڕۆژ من و عیسا سواری هاوڕێم بەباشی ئەرکی خۆمان جێبەجێ کرد و نانەکەمان دەبردە شوێنی دیاریکراو و دەگەڕاینەوە، پێموایە ڕۆژی پێنجەم بوو لەکاتی گەڕانەوە مەفرەزەی پۆلیس ئێمەی دەستگیر کرد و بەرەو پۆلیسخانە ڕاپێچی کردین، بۆئەوەی ئەو شوێنەی نانمان بۆ بردووە پیشانیان بدەین زۆر ئازاریاندایین، بەڵام هەردووکمان خۆڕاگرانە بەرگەی ئازار و ئەشکەنجەدانەکەمان گرت و هیچ شتێکمان لەو بارەوە باس نەکرد، ئەمە وایکرد بەشێوەیەکی دڕندانەتر لە ئەشکەنجەدانی ئێمە بەردەوام بن. لەو کاتەدا پۆلیسێکی فەلە (کریستیان) بە ناوی شێموو لە بنکەی گوندی سێلکێ بوو، بەهۆی ئەوەی دەوڵەتی ئینگلیز دەسەڵاتی بەسەر عێراقەوە هەبوو ئەو پۆلیسانەی کریستیان بوون، پێگەیان بەهێز بوو قسەیان بەهەند وەردەگیرا. کاتێک شێموو چاوی بە ئێمە کەوت کە لەلایەن پۆلیسە عەرەبەکانەوە بەشێوەیەکی دڕندانە ئەشکەنجە دەدرێین، زۆر دڵی بە ئێمە سوتا و هەڵوێستی

وەرگــرت و بــە بەرپرســی بنکــەی گــوت: یــان ئــەو منداڵانــە ئــازاد دەکەیــت یانیــش هــەر ئێســتا دەچمــە (بلــێ) و تەلەگرافێــک بــۆ بەغــدا دەکــەم و لــەو کارە ناڕەوایــەی ئێــوە ئاگاداریــان دەکەمــەوە، لەگــەڵ قســەکانی شــێموو بەرپرســی بنکــە ئازاردانــی ئێمــەی ڕاگــرت و یەکســەر ئێمــەی ئــازاد کــرد. شــێموو لەگــەڵمان هــات تــا ماڵــەوە و لەبەردەمــی دەرگا وەســتا و گوتــی: بانگــی دایــک و باوکــت بکــە، منیــش گوتــم: دایکــم گیــراوە و باوکیشــم لەگــەڵ ئەشــقیەکانە تەنیــا مــن ســێ و بــراو خوشــکێکم کــە هەموویــان لەمــن بچــووکترن لــەم خانــوەدا دەژیــن. شــێموو بــە بیســتنی قســەکانم زۆر نیگــەران بــوو گوتــی: باشــە کــێ بەخێوتــان دەکات؟! منیــش گوتــم: وەلا هــەر ڕۆژە و ماڵێــک نانمــان بــۆ دێنێــت! یەکســەر گوتــی: هــەر ئێســتا دەچمــەوە لای بەرپرســی بنکــە و پێویســتە بــەدوای دایکتانــدا بــڕوات و ئــازادی بــکات، دوای حەوتەیــەک بــە هەوڵــی شــێموو دایکیشــم ئــازاد کــراو گەڕایــەوە ناومــان. پــاش ســاڵانێکی زۆر و لەکاتــی شۆڕشــی ئەیلوولــدا کــە مــاڵمان لەگونــدی دێــری نزیــک ئامێــدی بــوو ڕۆژێــک کەســێکی بەتەمــەن هاتــە لام و گوتــی: خەڵکــی کوێــی؟ منیــش گوتــم: خەڵکــی گونــدی ســێلکێی ناوچــەی مــزوری بــاڵام، کەســە بەتەمەنەکــە یەکســەر گوتــی: لەســەردەمی بزووتنــەوەی خەلیــل خۆشــەوی مــن پۆلیــس بــووم لەســێلکێ، ڕۆژێــک دوو منــداڵ دەســتگیر کرابــوون و لــە بنکــە زۆر ئازاریانــدان، مــن هەردووکیانــم ئــازاد کــردا! کــەوای گــوت مــن شــۆکبووم و یەکســەر گوتــم: مــن یەکێــک بــووم لــەو منداڵانــە، کەواتــە تــۆ نــاوت شــێموویە؟! هــەر کــە نــاوی ئــەوم هێنــا یەکســەر باوەشــی پێــدا کــردم و بــۆ چەنــد ســاتێک منــی لەئامێــز گــرت. دوای

بـەو یەکگەیشـتنە شـێموو هـەر لای مـن بـووە پێشـمەرگە و دواتـر بەشـەهید عیسـا سواریشـم ناسـاندن و ئەویـش زۆر ڕێـزی لێنـا، هەمیشـە هـەردووکمان وەکـو وەفایـەک بـۆ ئـەو چاکەیـەی شـێموو لەگەڵمانـی کـرد بـوو زۆر ڕێزمـان لـێ دەگـرت و هـاوکاریمان دەکـرد لەهەمـوو ڕوویەکـەوە. ڕۆژێـک لێـم پرسـی شـێمموو بـەچ هۆکارێـک خـۆت خسـتە زەحمـەت و مەترسیەوە و ئێمـەت ئـازاد کـرد؟! شـێموو لـە وەڵامـدا گوتـی: ئێمـەی کریسـتیان قەرزبـاری بارزانییەکانیـن، کاتـی خـۆی شـێخ عبدولسـەلام و شـێخ ئەحمـەد بارزانـی زۆر هـاوکاری کریسـتیانەکانیان کـردووە و ڕێگایـان نـەداوە خەڵـک سـتەمیان لـێ بـکات، بۆیـە وەکـو وەفایـەک بـۆ ئـەو چاکەیـە، ئەوکاتـەی مـن لەناوچـەی بـارزان پۆلیـس بـووم هەمیشـە هـاوکاری خەڵکـی ناوچەکـەم دەکـرد. شـێموو تـا لەژیانـدا بـوو هەمـوو مانگێـک جارێـک سـەردانی بارزانـی دەکـرد و دەچـووە سـەر مـەزاری خودانـی بـارزان و سـۆزو وەفـاداری خـۆی دوپـات دەکـردەوە، دیسـان بـەر لـەوەی کۆچـی دوای بـکات وەسـیەتی کـرد و گوتـی: هـەر کاتێـک مـردم جەنازەکـەم بەجامانەیەکـی سـوور بپێچـن ئینجـا بمخەنـە نێـو گـۆڕەوە.

## مەگری کچەکەم با دوژمنەکانمان دڵخۆش نەبن

بەدوورخسـتنەوەی خـودان و مـەلا مسـتەفا بـۆ بـەسراو بەغـدا ناوچـەی بـارزان ئـارام نەبـوو، خەلیـل خۆشـەوی و هەڤاڵەکانـی کەپـەروەردەی دەسـتی خـودان و مـەلا مسـتەفا بـوون قارەمانانـە درێژەیـان بەچالاکـی شۆڕشـگێڕانەدا و لەچەندیـن شـوێن گـورزی

باشـیان لەهێزەکانـی عێراقیـدا. حکومەتـی عێـراق بەهـاوکاری ئینگلیـز و دەوڵەتـی تورکیـا هەمـوو هەوڵەکانـی خـۆی بـۆ لەناوبـردن و دەسـتگیرکردنی خەلیـل خۆشـەوی هەڤاڵەکانـی چڕکـردەوە، بـەو مەرامـە لەسـاڵانی (١٩٣٥-١٩٣٦) حوکمـی عورفـی لەناوچـەی بـارزان ڕاگەیانـد و بـۆ ماوەیەکـی درێـژ ڕێـگای نـەدەدا گوندنشـینان بـۆ کار و کەسـابەتی ڕۆژانـە بچنـە دەرەوەی گوندەکانیـان و کـوت و بەندیکـی زۆریـان خسـتە سـەر خەڵکەکـە و بـڕی (٥٠٠٠) هـەزار دیناریشـی وەکـو خـەڵات دیـاری کـرد بـۆ هـەر کەسـێک زانیـاری لەبـارەی شـوێنی حەوانـەوەی خەلیـل خۆشـەوی پـێ بـدات. ئەمـە وایکـرد هیـچ هاوکاریـەک لـەڕووی خـواردن و خواردنـەوەوە نەگاتـە خەلیـل خۆشـەوی و هەڤاڵەکانـی، بۆیـە لەسـەرەتای زسـتانی (١٩٣٦)دا خەلیـل خۆشـەوی و هەڤاڵەکانـی پەنایـان بـردە بـەر عەشـیرەتی ڕێکانـی و داوای هاوکاریـان لێکـرد، سـەرۆک عەشـیرەتی ڕێکانـی بـە ڕواڵـەت بەخێرهاتنـی لێکـردن و بەڵێنـی پێـدان کەخواردنیـان بـۆ ڕەوانـە دەکات، بـەڵام بەداخـەوە بەڵێنەکـەی نەبـردە سـەر و خیانەتـی لێکـردن و لەبـارەی مانـەوەی خەلیـل و هەڤاڵەکانـی لەناوچەکەیـان هەمـوو زانیاریەکـی بەحکومەتـدا، دواتریـش پیاوەکانـی سـەرۆک هـۆزی ڕێکانـی شانبەشـانی هێزەکانـی حکومـەت شـوێنی حەوانـەوەی خەلیـل خۆشـەوی کـە ئەشـکەوتێک بـوو گەمـارۆدا و داوای لێکـردن خۆیـان بەدەسـتەوە بـدەن، بـەڵام خەلیـل و هەڤاڵەکانـی کـە نزیکـەی سـی کەسـێک بـوون خۆبەدەسـتەوەدانیان ڕەتکـردەوە و تـا دوا هەناسـە و دوا فیشـەک شـەڕیان کـرد و هەموویـان بەسـەربەرزی شـەهید بـوون. دوای شـەهیدکردنیان سـەری خەلیـل و برایەکـی بەنـاوی سـەلیم لێکرایـەوە و هێنایانـە گونـدی سـێلکێ و لەوێـش بردیانـە شـێروان

مـەزن. دیـارە حکومـەت بەگومـان بـوو لـەوەی خەلیـل یەکێـک بێـت لەوانـەی کـە شـەهید بـووە. بۆیـە بـۆ پشتڕاسـتکردنەوە و دڵنیابـوون لـەوەی کـە خەلیـل یەکێکـە لـە شـەهیدەکان، دایـک و خێزانـی خەلیلیـان لەگونـدی سـێلکێ بـردە شـێروان مـەزن. دایکـم کـە لەگـەڵ دایـک و خێزانـی خەلیـل دا بـوو بـەم شـێوەیە بەسـەرهاتەکەی بـۆ گێڕامـەوە و گوتـی

مـن و (تۆتێـی) دایکـی خەلیـل و (عەیشـا)ی خێزانـی خەلیلیـان بـردە بنکـەی پۆلیسـی شـێروان مـەزن لەنـاو حەوشـەی پۆلیسـخانە ئێمەیـان بـردە بـەردەم ژمارەیـەک ئەفسـەری پایەبـەرز، ئەفسـەرەکان بەلـوت بەرزیـەوە لەسـەر کورسـی دانیشـتبوون، یەکێـک لەئەفسـەرەکان پرسـی ئەمانـە کێـن؟! بـەر لـەوەی کـەس وەڵامـی بداتـەوە (تۆتێـی) دایکـی خەلیـل وەکـو ئافرەتێکـی بـڕوادار و مـەرد و خوڕاگـر وەڵامـی دایـەوە و گوتـی: مـن دایکـی خەلیـل خۆشـەویم ئەمـەش (عەیشـا)ی خێزانـی خەلیلـە و ئـەوی دیکەیـان (سـاڵحەی) خزمانـە بـۆ ئێمەتـان هێناوەتـە ئێـرە، ئایـا بـە ڕشـتنی خوێنـی کوڕەکانمـان ئـارام نەبـوون بێـژە چیتـان لـە ئێمـە دەوێ؟! کەسـێک قسـەکانی (تۆتێـی) وەرگێڕایـە سـەر زمانـی عەرەبـی. لەگـەڵ ئـەو قسـانە ئەفسـەرەکان دەسـتیان بـە پێکەنیـن کـرد و یەکێکیـان گوتـی: ئـارام بـە ئێسـتا دەزانـی بـۆ بانگـی ئێوەمـان کـردووە! دیسـان (تۆتـێ) وەکـو شـێرە ژنێـک دەسـتی بەقسـە کـرد و گوتـی: مـن ئارامـم و سـەربەرزم بـەوەی کـە کوڕەکانـم ئـەو بەڵێنـەی بـە مـەلا مسـتەفای بارزانـی و خودانـی بارزانیـان دابـوو وەفـادار بـوون و لەپێنـاو خـاک و نیشـتمانەکەیاندا شـەهید بـوون.

ئەمجـــارە ئەفســـەرەکە بەتوڕەبوونێکـــی زۆرەوە قیڕانـــدی و گوتـــی: ســـەری خەلیـــل و براکـــەی بێنـــن بـــا ئـــەم ئافرەتـــە کەلەڕەقـــە زیاتـــر ئـــارام بێتـــەوە! یەکســـەر مەنجەڵێکیـــان هێنـــاو لەبەردەمـــی ئێمەیـــان دانـــا، کاتێـــک ســـەیرمان کـــرد ســـەری خەلیـــل و ســـەلیمی بـــرای تێـــدا بـــوون. خێزانـــی خەلیـــل گەنجێکـــی تـــازە پێگەیشـــتوو بـــوو، خـــۆی پـــێ ڕانەگیـــرا و هـــاواری کـــرد و گریـــا، دایکـــی خەلیـــل یەکســـەر ملـــی خێزانـــی خەلیلـــی هەژانـــد و گوتـــی: کچـــم مەگـــری بـــا دوژمنەکانمـــان دڵخـــۆش نەبـــن! ئەمانـــە پێیانوایـــە بـــە شـــەهیدکردن و ســـەربڕینی خەلیـــل دەتوانـــن بـــارزان و بارزانییـــەکان لەنـــاو ببـــەن، بـــەڵام دڵنیایـــان دەکـــەم بـــارزان لەنـــاو ناچێـــت و دەبێتـــە گڕکانێـــک ئاگـــر و ڕووبـــەرووی هەمـــوو ســـتەمکار و زاڵمێـــک دەبێتـــەوە، ئینجـــا دەســـتی بـــۆ لای ئەفســـەرەکان درێـــژ کـــرد و بـــەردەوام بـــوو لەقســـەکانی و گوتـــی: دلنیابـــن دوور یـــان نزیـــک مـــەلا مســـتەفا دەگەڕێتـــەوە و تۆڵـــەی ئێمـــە و هەمـــوو دایکێکـــی کوردتـــان لـــێ دەکاتـــەوە. دواتـــر یەکێـــک لـــە ئەفســـەرەکان گوتـــی: ئەمانـــە مێشـــکیان شـــۆراوەتەوە هەرچـــی زووە لەبـــەر چاومـــان لایـــان ببـــەن. ئینجـــا چەنـــد پۆلیـــس لـــێمان کۆبوونـــەوە و بەلێـــدان و ئـــازاردان ئێمەیـــان لـــە پۆلیســـخانەکە دوور خســـتەوە. زۆر داوامـــان کـــرد ســـەری خەلیـــل و براکـــەی ڕادەســـتمان بکـــەن تـــا بەخاکیـــان بســـپێرین، بـــەڵام داواکـــەی ئێمەیـــان ڕەتکـــردەوە و دواتـــر ڕادەســـتی موختـــاری شـــێروان مـــەزن کـــران و لـــە قەبرســـتانی گونـــدی کرکەمـــوو بەخـــاک ســـپێردران.

بەدرێژایـــی تەمەنـــم بیـــرم لەهەڵوێســـتی بـــەرز و مەردانـــەی دایکـــی خەلیـــل و دایکـــی خـــۆم کردووتـــەوە و هەمیشـــە پێـــم وابـــووە

مەحاڵـە لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا ئافرەتـی هێنـدە زیـرەک و بەتوانـا و مـەرد هەڵکەوتـوو بێـت. دایکـم بـەر لـەوەی بیـر لـە تێرکردنـی زگـی برسـی جگەرگۆشـەکانی بکاتـەوە نانـی بـۆ شۆڕشـگێڕانی ڕێـگای ڕزگاری و سـەربەخۆیی کوردسـتان دەبـردە چیـاکان! دایکـی خەلیلیـش بۆئـەوەی دوژمنـان دڵخـۆش نەبـن داوا لـە بووکەکـەی دەکات نەگرییـت و فرمێسـک نەڕێژێـت بـۆ لەدەسـتدانی هاوسـەرەکەی! ئەمـە ئەنجامـی ئـەو پـەروەردە فکرییـە کـە لـە ڕێبـازی بارزانیـدا هەبـووە، خودانـی بـارزان و مـەلا مسـتەفا لـە ڕێـگای پەروەردەیەکـی فکـری و عەقائیدیـەوە کاریـان لەسـەر پێگەیاندنـی مـرۆڤ کـرد و مرۆڤیـان بەشـێوەیەک پێگەیانـد کـە هەمیشـە مردنێکـی شـەڕەفمەندانە و سـەربەرزانە لەپێنـاو ڕزگاری و سـەربەخۆیی کوردسـتاندا هەڵبژێرێـت. هەڵبـەت ئەمـە وەکـو بنەمایەکـی نەگـۆڕ و چەسـپاو بۆتـە بەشـێک لـە فەرهەنـگ و کولتـووری ڕەسـەنی بارزانییـەکان و بەدرێژایـی مێـژوو تاکـی بارزانـی پابەنـد بـووە پێیـەوە.

## یەکەمجار کە چاوم بە مەلا مستەفا کەوت

لـە سـاڵی (١٩٤٣) حکومـەت منـی بـردە خزمەتـی سـەربازی زۆرەملێ؛ پایـزی ئـەو سـاڵە لـە کەرکـووک بـووم هەواڵـم پیگەیشـت کـە مـەلا مسـتەفا گەیشـتووتەوە دەڤـەری بـارزان و دەسـتی بـە شـۆڕش کردووەتـەوە، ئـەوە بـۆ مـن مژدەیەکـی خـۆش بـوو، بۆیـە یەکسـەر بیـرم لـەوە کـردەوە لـە خزمەتـی سـەربازی ڕابکـەم و پەیوەنـدی بـە مـەلا مسـتەفاوە بکـەم.

لەگــەڵ دووو بــرادەری دیکــە بەناوەکانــی (بابەکــر هەســنی و ســەعید ســومەیی ) کــە نــاسراوە بــە ســەعیدێ ڕێزبــارێ، دواتــر شــەهید بــوو پلانــی ڕاکردنمــان دارشــت، لــە کەرکــووک بــەرەو موســڵ ڕامــان کــرد، لــە موســڵیش بەپــێ خۆمــان گەیانــدە ئاکــرێ و لەوێــش بــە ڕێــگای گەلــی دینارتــە و چیــای پێــرس بــەرەو دەڤــەری بــارزان بەڕێکەوتیــن.

گونــدی ســەفتێ کــە یەکــەم گونــدی بارزانــە دەکەوێتــە بنــاری چــای پیــرس، پێــشتر زانیــاری ئــەوەم هەبــوو کــە بنەماڵــەی ئەســعەد خۆشــەوی و محەمــەد حەســەن ســوار ســیلکی بــۆ ئــەوێ نەفــی کــراون، بۆیــە یەکســەر لامــان دایــە گونــدی ســەفتێ و چووینــە ماڵــی محەمــەد حەســەن.

بەدیتینــی ئــەوان زۆر خۆشــحاڵ بوویــن، بــەر لــەوەی ئێمــە بگەینــە ئــەوێ ئەســعەد خۆشــەوی و ئەوانــەی لەگەڵیــدا بــوون، دەســتیان بەســەر بنکــەی گونــدی بیرکەپــرادا گرتبــوو پەیوەندیــان بــە مــەلا مســتەفاوە کردبــوو. بۆیــە ئێمــەش دوای پشــوودانێکی کــورت یەکســەر بــەرەو ســێلکێ بەڕێکەوتیــن. لــە بــارزان بابەکــر هەســنی لــێمان جیابویــەوە و چــووە گونــدی هەســنێ، دوای یــەک ڕۆژ بەپــێ ڕۆیــشتن مــن و ســەعید گەیشــتینە ســێلکێ و بــە کەســوکارم شــاد بوومــەوە. پێــش ئــەوەی ئێمــە بگەیــن لەلایــەن مــەلا مســتەفا و پێشــمەرگەوە ناوچەکــە پــاک کرابوویــەوە. بنکەکانــی ســێلکێ و مێــرۆز و ئەرگــۆش بــە هــاوکاری هەنــدێ پۆلیســی کــورد بەبــێ شــەڕ دەســتیان بەســەردا گیــرا بــوو.

پرســیم مــەلا مســتەفا لەکوێیــە؟! گوتیــان بــەرەو شــێروان مــەزن

چـــووە. بۆیـــە بـــە مەبەســـتی گەیـــشتن بـــە مـــەلا مســـتەفا بـــەرەو شـــێروان بەڕێکەوتـــم. کاتێـــک لـــە شـــێروان نزیـــک بوومـــەوە گوێبیســـتی دەنگـــی تەقـــە بـــووم، تـــا گەیشـــتمە نـــاو گوندەکـــە دەنگـــی تەقەکـــە نەمـــا، دیـــار بـــوو مـــەلا مســـتەفا و پێشـــمەرگەکانی هێرشـــیان کـــرد بـــووە ســـەر بنکـــەی ئـــەوێ، دوای بەرگریەکـــی کـــەم پۆلیســـەکانی نـــاو بنکەکـــە خۆیـــان ڕادەســـت کـــرد بـــوو.

لـــەوێ دوای ماوەیەکـــی درێـــژ بـــە دیـــداری باوکـــم شـــاد بوومـــەوە، باوکـــم منـــی بـــردە لای مـــەلا مســـتەفا، هـــەر کـــە چـــاوی پێـــم کـــەوت یەکســـەر فەرمـــوی: ئـــارەب ئـــەو گەنجـــە کێیـــە؟ باوکـــم لـــە وەڵامـــدا گوتـــی: ئەزبەنـــی ئـــەوە تەیمـــەزە لەســـەربازی ڕای کـــردووە و خـــۆی گەیاندووتـــە لامـــان، مـــەلا مســـتەفا کـــە گوێـــی لـــەو قســـانە بـــوو یەکســـەر فەرمـــوی تەیمـــەز وەرە بـــە تەنیشـــتمەوە دانیشـــە، ســـەرەتا شـــەرمم کـــرد لێـــی نزیـــک ببمـــەوە، بـــەڵام جەنابیـــان ســـوور بـــوو لەســـەر ئـــەوەی کـــە لێـــی نزیـــک ببمـــەوە، بۆیـــە بـــە ناچـــاری خـــۆم نزیـــک کـــردەوە و بـــە تەنیشـــتیەوە دانیشـــتم، دەســـتی خســـتە ســـەر شـــانم و ئافەرینـــی لێکـــردم، فەرمـــووی: دەی بـــۆم بـــاس بکـــە چـــۆن توانیـــت لـــە کەرکووکـــەوە بگەیتـــەوە ئێـــرە؟ منیـــش هەمـــوو بەســـەرهاتەکەم بـــۆ گێڕایـــەوە، کـــە قســـەکانم تـــەواو کـــرد، ڕووی کـــردە بابـــم و فەرمـــووی: ئـــارەب تەیمـــەز گەنجـــە و زۆر ماندبـــووە بـــە ســـواری ئێسترێکـــەوە ڕەوانـــەی لای دایکـــی بکـــەوە، منیـــش گوتـــم: ئەزبەنـــی مـــن ناچەمـــەوە لای دایکـــم مـــن هاتـــووم تـــا چەکێکـــم بدەیـــێ تـــا بتوانـــم تۆڵـــەی دایکـــم بکەمـــەوە، لەگـــەڵ بیســـتنی ئـــەم قســـانە مـــەلا مســـتەفا بـــۆ چەنـــد

ساتێک بێ دەنگ بوو، قومێکی قووڵی لە جگەرەکەیدا و ئینجا فەرمووی: تەیمەز بگەڕێوە لای دایکت، بەڵێن بێت تۆڵەی دایکی تۆ و دایکی هەموو کوردێک لە دوژمن و جاشەکانی بکەمەوە. منیش لە وەڵامدا گوتم: ئەزبەنی بەدیتنی جەنابتان هەموو ماندوویەتیم ڕەویەوە، تکایە چەکێکم پێ بدە و ڕێگا بدە لەگەڵ جەنابتان بمێنمەوە، ئەگەر بگەڕێمەوە دایکم وا هەست دەکات ترساوم و لێم تووڕە دەبێت. دوای ئەو قسانەم مەلا مستەفا بانگی شەهید سەلیم عەبدوڵا (سەلیمە قوت)ی کرد و فەرمووی: سەلیم چەکێکی باش بدەنە تەیمەز و با لەگەڵمان بمێنێتەوە. لەو ڕۆژەوە بەڵێنم بە مەلا مستەفادا کە تا دوا هەناسە وەکو پێشمەرگەیەکی دڵسۆز لەگەڵ جەنابیان بمێنمەوە و خەبات بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان بکەم

# کۆبوونەوەیەکی گرنگ و دەست پێکردنی شەڕی ڕزگار کردنی ناوچەکە

بەهۆی گرتنی بنکەکانی ئەرگوش و میرۆز و سێلکێ و زێت و شێروان چەکێکی زۆر کەوتبووە دەست پێشمەرگە. لە هەموو لایەکەوە خەڵک دەهات و بۆ بەرگریکردن چەکیان وەردەگرت. لە شێروان مەلا مستەفا بانگی هەموو سەرقۆڵەکانی پێشمەرگەی کرد و لەگەڵیان کۆبوویەوە و پلانی بۆ ڕزگارکردنی شوێنەکانی دیکەی داڕشت. ئەوانەی کە بەشداری کۆبوونەوەکەیان کرد و ناویان لەبیرم ماوە ئەمانە بوون محەمەدئەمین مێرگەسوری، ئەسعەد خۆشەوی، مامەند مەسیح، شێخۆمەر شانەدەری، عەزیز ئاغا زراری، ساکو کانییەلنجی و سەلیمە قوت. لەژێر فەرمانەدەیی ئەواندا هێز بۆ هەر یەک لە گوندەکانی شانەدەر، گۆڕەتو، چەمێ، کانیبۆت، بلێ و بارزان ڕەوانە کرا. بەرلەوەی هەر هێزێک بۆ شوێنی دیاریکراوی بەڕێ بکەوێت مەلا مستەفا قسەی بۆ کردن، قسەکانی هەمووی ئامۆژگاری بوون، باش وەبیرم دێت فەرمووی: «پێویستە هەمووتان پابەندی فەرمودە و ڕاسپاردەکانی خودانی بارزان بن، خەڵکی گوندەکان بە خوشک و برای خۆتان بزانن، لەبرسان بمرن نابێت نانێک بە زۆری لە گوندییەکان وەرگرن، ئەگەر لەشەڕدا دیلی دوژمن کەوتە دەستتان بەڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن و خواردن و خواردنەوەیان دەدەنێ و ئەگەر برینداریش بوون بەو ئیمکاناتەی هەتانە برینەکانیان دەرمان بکەن، لەناو بنکەکاندا پۆلیسی کورد هەیە بۆئەوەی نەکوژرێن بەر لەوەی هێرشیان بکەنە سەر داوایان لێ بکەن خۆیان ڕادەست بکەن، چونکە ئەوانیش کوڕی خەڵکی هەژارن و لەگەڵ ئەم شەڕەدا نین،

گوێڕایەڵـی بەرپرسـەکانتان بـن و هەمووتـان وەکـو بـرا هـاوکاری یـەکتر بـن، هـەر کەسـێک لـەم ڕێنمایانـە دەربچێـت واتـە پێچەوانـەی فەرموودەکانـی خـودان مامەڵـەی کـردووە، ئـەوەش لەڕوانگـەی منـەوە تاوانـە و لـە کـەس قبووڵ ناکـەم».

شـەهید سـەلیمە قـوت کـە یەکێک بـوو لە موریـدە ناودارەکانـی خودانی بـارزان لەلایـەن مـەلا مسـتەفاوە وەکـو بەرپرسـی بـەرەی بلـێ و بـارزان دیـاری کـرا. ئێمـەش لەگـەڵ سـەلیمە قـوت چووینـە ئـەو بەرەیـە، هـەر کـە گەیشـتینە بـارزان هێـرشمان کـردە سـەر بنکـەی ئـەوێ، لەبلـێ و دەڤـەری زێبـارەوە هێزێکـی گـەورەی حکومـەت و جـاش بەهانـای بنکـەی بارزانـەوە هاتـن، لـە بەرزاییەکانـی نێـوان بلـێ و بـارزان ڕووبـەڕووی هێـزی دوژمـن بووینـەوە شـەڕێکی گـەورە ڕوویـدا و پێشـمەرگە قارەمانانـە بەرگـری کـرد و ژمارەیەکـی زۆر لەهێـزی دوژمـن کـوژران. مخابـن لـەو بەرگرییـەدا شـەهید سـەلیم عەبـدوڵا سـێلکێ (سـەلیمە قـوت) کـە فەرمانـدەی بـەرەی شـەڕ بـوو شـەهید بـوو. شـەهید بوونـی کاریگەری لەسـەر هەمـوو هێزی پێشـمەرگە و خەڵکـی ناوچەکـە دروسـت کـرد. تەنانەت مەلا مسـتەفا بە شـەهیدی بوونی زۆر دڵتەنـگ و نیگـەران بـوو. دوای شـەهیدی بوونـی سـەلیم لەلایـەن مـەلا مسـتەفاوە ئەسـعەد خۆشـەوی کرایـە بەرپرسـی ئـەو بەرەیـە. لـە بەرەکانـی دیکەشـدا پێشـمەرگە ئازایانـە پلانەکـەی جێبەجێکـرد و لـە خێـڕوزۆک پێشـمەرگە لەژێـر سـەرکردایەتی ڕاسـتەوخۆی مـەلا مستەفادا داسـتانێکی مەزنـی تۆمـار کـرد. سـەدان کەس لـە دوژمـن کـوژران و بەدیلگیران، سـەدان پارچـە چـەک کەوتـە دەسـت پێشـمەرگە.

## قۆناغێکی نوێی گفتۆگۆ لە نێوان مەلا مستەفا و حکومەت

مـەلا مســتەفا وەکـو ڕێبەرێکـی ئازادیخـواز و شۆڕشـگێر هەمیشـە هیـچ دەرفەتێکـی بـۆ گفتوگـۆ و چارەسـەری سیاسـیانە لـە دەسـت نـەدەدا، هـەر کاتێـک هەسـتی کردبـا ترووسـکاییەک بـۆ کۆتایـی شـەڕ و خوێنـڕشتن هەیـە پێشـوازی لـێ دەکـرد و هەمـوو هەوڵەکانـی چـڕ دەکـردەوە تـا ئاشـتی شـوێنی شـەڕ و کوشـتار بگرێتـەوە. لـە هاوینـی (١٩٤٣)دا لــە ژێــر گوشــاری ســەرکەوتنەکانی پێشــمەرگەدا دوژمــن ناچـار بـوو داوای گفتوگـۆ لـە مـەلا مسـتەفا بـکات. مـەلا مسـتەفاش گەڕاندنــەوەی خــودان و هەمــوو بارزانییەکانــی بــۆ دەڤــەری بــارزان کــردە مــەرج بــۆ گفتوگــۆ، حکومــەت ناچــار بــوو مەرجــی مــەلا مســتەفای قبــووڵ کــردوو خودانــی بــارزان و هەمــوو ئــەو بارزانیانــەی دوور خرابوونــەوە گەڕێنرانــەوە دەڤــەری بــارزان. دوای گەڕانــەوەی خــودان بــۆ دەڤــەری بــارزان بــۆ ماوەیــەک ئارامــی گەڕایــەوە ناوچەکــە، گفتوگــۆ لــە نێــوان مــەلا مســتەفا و حکومەتــی عێــراق بـەردەوام بـوو، چەندیـن وەفـدی عێراقـی سـەردانی مـەلا مسـتەفایان کـرد. وەکـو ئـەوەی لـە ئەسـعەد خۆشـەوی گوێـم لـێ بـووە حکومـەت هەوڵـی دەدا لـە چوارچێـوەی دەڤـەری بارزانـدا داواکارییەکانـی مـەلا مســتەفا بەرتەســک و کــورت بکاتــەوە و داوای لــە مــەلا مســتەفا دەکـرد ئەگـەر دەسـت لـە شـۆڕش هەڵگرێـت ئـەوە لـە بەرامبـەردا هەمـوو شـتێک بـۆ خەڵـک و دەڤـەری بـارزان دەکات، بـەڵام مـەلا مســتەفا هەمیشــە ئــەوەی ڕەت دەکــردەوە و داکۆکــی لەســەر ئــەوە دەکـرد کـە ئامانجـی ئێمـە ئـەوە نییـە ئیمتیـازی تایبـەت بـۆ خۆمـان و

خەڵکــی دەڤــەری بــارزان بەدەســت بێنیــن. بەڵکــوو ئامانجــی ئێمــە ڕزگارکردنــی میللەتــی کــورد و بەدەســتهێنانی مافەکانییەتــی و بەهیــچ نرخێکیــش دەســت لــەو ئامانجــە هەڵناگریــن. گفتوگــۆکان تــا ســاڵی ١٩٤٥ درێژەیــان کێشــا و لــەو ماوەیــەدا مــەلا مســتەفا بــۆ چەندینجــار ســەردانی ســەرۆک هۆزەکانــی دەوروبــەری بارزانــی کــرد و داوای لێکــردن دەســت لــە خیانــەت و جاشــایەتی هەڵگــرن، هەمــووان بەڵێنیــان پــێ دەدا کــە چــیتر هــاوکاری حکومــەت ناکــەن، بــەڵام بەداخــەوە دوای ئــەوەی گفتۆگــۆکان بــێ ئەنجامبــوون و حکومــەت شــەڕی دەســت پێکــردەوە ســەرۆک هــۆزەکان بەڵێنــی خۆیــان نەبــردە ســەر و لەگــەڵ حکومــەت هێرشــیان کــردە ســەر دەڤــەری بــارزان

## دەستپێکردنەوەی شەڕ

دیــارە حکومــەت هــەر لەســەرەتاوە هیــچ بڕوایەکــی بەگفتوگــۆ و چارەســەری سیاســیانەی پرســی کــورد نەبــوو، بۆیــە دوای ئــەوەی توانــی هێزەکانــی ڕێکبخاتــەوە و ژمارەیــەک ســەرۆک هۆزیــش بــۆ شــەڕی پێشــمەرگە وەکــو جــاش چەکــدار بــکات، دەســتی کــرد بــە لەشکرکێشــی بــۆ دەوروبــەری دەڤــەری بــارزان و لەچوارچێــوەی سیاســەتی شــەڕ پــێ فرۆشــتندا ولــی بــەگ کــە یەکێــک بــوو لــە مریــدە دیارەکانــی خودانــی بــارزان لەلایــەن حکومەتــەوە بەبــێ هــۆ شــەهید کــرا، بــەڵام دیســان مــەلا مســتەفا دانــی بەخۆیــدا گــرت و دەستپێشــخەری لەشــەڕدا نەکــرد. لــە ناوەڕاســتی هاوینــی (١٩٤٥) فڕۆکەکانــی بەریتانیــا بەچــڕی بــارزان و ســێلکێ و چەنــد شــوێنێکی

دیکەیـــان بۆردومـــان کـــرد، هێرشـــی حکومـــەت و جاشـــیش لەبـــەرەی مێرگەسـور و دۆڵـی بیـاڤ و پیـرس و باڵنـدا بـۆ سـەر دەڤـەری بـارزان دەســتی پێکــرد. مــەلا مســتەفا لەســەر فەرمانــی خــودان بڕیــاری بەرگــری و مقاومەتیــدا و لــە هەمــوو بەرەکانــی شــەڕ هێزەکانمــان ڕووبــەڕووی دوژمــن بوونــەوە، بۆردومانــی فڕۆکەکانــی بەریتانیــاش بــەردەوام بــوو، ســەرەڕای ئــەوەش حکومــەت لــە هیــچ بەرەیــەک ســەرکەوتنی بەدەســت نەهێنــا، ئــەوکات مــن لــە بــەرەی پیــرس بــووم لــە ناوەڕاســتی ئەیلوولــی ١٩٤٥ شــەڕێکی مــەزن لــەو بەرەیــە دروســت بــوو پێشــمەرگە بەســەرکردایەتی ڕاســتەخۆی مــەلا مســتەفا ســەرکەوتنی مەزنــی بەدەســتهێنا، لــەو شــەڕەدا مــن و ســاکو کانییەلنجــی برینــدار بوویــن و محەمــەد عەبــدوڵا شــانەدەری و عەلــی بازیــش شــەهید بــوون. بەرگــری و مقاومەتــی پێشــمەرگە زۆر ئازایانــە و قارەمانانــە بــوو. حکومەتــی عێــراق بۆئــەوەی بتوانێــت بەســەرماندا ســەرکەوێت لەڕێــگای بەریتانیــاوە پەنــای بــردە بــەر حکومەتــی تورکیــا و داوای هــاوکاری لێکــرد لەســەر ئــەو داوایــە وەکــو پشــتیوانی بــۆ عێــراق لــە باکــووری دەڤــەری بــارزان تورکــەکان هێزیــان هێنایــە ســەر ســنوورەکان، ئەمــە کاریگەریــی خراپــی لەســەر بارودۆخــی ئێمــە دروســت کــرد، چونکــە تــا ئەوکاتــە کوردانــی باکــوور بەتایبەتیــش عەشــیرەتی گــەردی کــە هاوســنوور بــوو لەگــەڵ دەڤــەری بــارزان لــەزۆر ڕووەوە هــاوکاری ئێمەیــان دەکــرد بــەڵام دوای ئــەوەی تورکــەکان هێزیــان هێنایــە ســنوورەکان هیــچ دەرفەتێــک بــۆ هــاوکاری نەمــا لــە ئەنجامــی ئــەم گەلەکۆمەکێیــەدا لەهەمــوو لایەکــەوە دەڤــەری بــارزان گەمــارۆ دراو حکومەتــی عێــراق بەهــاوکاری فڕۆکــەی

بەریتانیـا و جاشـەکان هێرشـەکانی چڕکـردەوە. لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٥/٩/٥ پێشـمەرگە لەژێـر سـەرکردایەتی ڕاسـتەوخۆی مـەلا مسـتەفادا لـە مەیـدان موریـک سـەرکەوتنێکی مەزنـی تۆمـار کـرد، سـەرکەوتنەکە هێنـدە مـەزن بـوو ڕەنگـە لەمێـژوودا بـێ وێنـە بێـت. بـەم شـێوەیە بـۆ مـاوەی زیاتـر لـە دوو مانـگ بەرگـری و مقاومەتـی پێشـمەرگە بـەردەوام بـوو

# بەشی دووەم

# کشانەوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان

# کشانەوە بەرە و ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بەهـــۆی گەمـــارۆ، ئازوقـــە و فیشـــەک بەدەســـت پێشـــمەرگە و خەڵکـــەوە بـــەرەو کۆتایـــی دەچـــوو، هـــاوکات وەرزی ســـەرما و زســـتانیش دەســـتی پێکـــرد. ئـــەوکات لـــە ترســـی فڕۆکـــەکان خەڵکـــی هەمـــوو گونـــدەکان ڕوویـــان کردبـــووە ئەشـــکەوت و دۆڵ و چیـــاکان، بۆیـــە دەســـت پێکردنـــی وەرزی ســـەرما مەترســـی بـــۆ ســـەر هەمـــوو خەڵکەکـــە دروســـت کـــرد. لەبەرئـــەوە خودانـــی بـــارزان لەپێنـــاو پاراســـتنی گیانـــی ژن و منداڵـــەکان بڕیاریـــدا بـــەرەو ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان پاشەکشـــێ بکـــەن، لەچوارچێـــوەی پلانێکـــی تۆکمـــەدا پێشـــمەرگە و خێزانـــەکان پێکـــەوە بـــەرەو ڕۆژهـــەڵات پاشەکشـــێیان کـــرد، لەکاتـــی کشـــانەوەداحکومەت و جاشـــەکان زۆر هەوڵیانـــدا ڕێـــگاکان بگـــرن و نەگەینـــە ســـنوورەکانی ئێـــران، بـــەڵام پێشـــمەرگە بەســـەرکردایەتی مـــەلا مســـتەفا قارەمانانـــە پلانـــی پاشەکشـــێیان جێبەجـــێ کـــرد و لەڕێـــگادا بـــۆ چەندیـــن جـــار پێشـــمەرگە ڕووبـــەڕووی هێـــزی دوژمـــن بوویـــەوە، فڕۆکەکانـــی بەریتانیـــاش کوێرانـــە خێـــزان و پێشـــمەرگەیان بۆردومـــان دەکـــرد، ژمارەیەکـــی زۆر ژن و منـــداڵ شـــەهید بـــوون، هەروەهـــا ژمارەیەکـــی زۆریـــش بەهـــۆی برســـێتی و ســـەرماوە گیانیـــان لەدەســـتدا. وەبیـــرم دێ لـــە گەلـــی ڕەش دەیـــان ژن و منـــداڵ بەهـــۆی بۆردومانـــی فڕۆکـــە شـــەهد بـــوون، بـــەم شـــێوەیە و دوای ئـــازار و مەینەتیەکـــی زۆر لـــە١١/١٠/ ١٩٤٥ گەیشـــتینە نـــاو ســـنوورەکانی ئێـــران. خەڵکـــی ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان زۆر بەگەرمـــی پێشـــوازیان لێکردیـــن، هەمـــوو خێزانـــەکان بەســـەر ناوچەکانـــی تەلگەڤـــەرو ملگەڤـــەر[٨] و شـــنۆ و مەهابـــاد دا

دابەش کران و شوێنی حەوانەوە و خواردن و خواردنەوەیان بۆ دابینکرا، ئەو هەڵوێستەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان قەد لەبیر ناکرێت زۆر دڵسۆزانە هاتنە پێشەوە و ئەوەی هەیان بوو لەگەڵ ئێمە بەشیان کرد

## هەواڵی شەهیدبوونی باوکم

لەکاتی کشانەوەدا باوکم لە دۆڵی بیاوی نێوان بارزان و خەلیفان لە ئەرکدا بوو، لەگەڵ خزمێکی دیکەمان بەناوی محەمەد کەوتنە کەمینی جاشەکان و بەنامەردی شەهیدکران.

بەڵام من و براو خوشکە تاقانەکەمان بێ خەبەر بووین و دایکم نەیهێشت کەس هەواڵی شەهید بوونی بە ئێمە ڕابگەینێ، بۆیە بەردەوام لە خەیاڵی باوکمدا بووم و لە دایکم دەپرسی بۆ باوکم دیار نییە و ناهێتەوە لای ئێمە؟! دایکیشم دڵی نەدەهات هەواڵی شەهید بوونی بە ئێمە بڵێت و هەمیشە دەیگووت: کوڕم باوکت لەگەڵ مەلا مستەفا دایە و بەم نزیکانە دەگاتەوە لامان. هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێکردووە، پێشتر لەشەڕی پیرس بریندار بووم و هێشتا برینەکانم سارێژ نەبوون بۆیە دوای گەیشتنمان بۆ ڕۆژهەڵات بۆ سارێژکردنی برینەکانم منیان بردە بنکەی تەندروستی کانی سپی، کانی سپی گوندێکە لە نێوان شنۆ و تەلگەڤەڕ بۆ دە ڕۆژ لەوێ مامەوە، دواتر منیان گەڕاندەوە لای دایکم کە لەگوندی شیبان بوو، کاتێک دایکم هەستی کرد تەندروستیم باشە یەکسەر هەواڵی شەهیدبوونی باوکمی پێ

ڕاگەیانـدم، بـەڵام وەکـو ئافرەتێکـی ورەبـەرز و خـاوەن ئیـرادە و بـڕوادار هانـی دام کـە سوپاسـگوزاری خـودای مـەزن بکـەم بـۆ ئـەو موسـیبەتە و گوتـی: کـوڕم تـکات لـێ دەکـەم فرمێسـکەکانت بسـڕەوە و چتر خەمبـار نەبـی، چونکـە شـەهیدبوونی باوکـت بـۆ ئێمـە سـەربەرزیە، باوکـت بەشـەهیدبوونی ئـەو بەڵێنـەی بەجێگەیانـد کـە بەخـودان و مـەلا مسـتەفای داوە و داوای مـن لەتـۆ و براکانـت ئەوەیـە ڕێـگای باوکتـان بەرنـەدەن و پابەنـدی ئـەو بەڵێنەبـن کـە بەخودانـی بارزانتـان داوە ئەگـەر بگـری دیـارە بـڕوات لاوازە و شـایانی ئـەو متمانەیـە نیـت کـە مـەلا مسـتەفا پێـی بەخشـیوی کـە گوێبیسـتی ئـەم قسـانەی دایکـم بـووم یەکسـەر فرمێسـکەکانم سـڕیەوە و هەسـتامە سـەر پـێ و گوتـم: دایـە بمبـورە مـن بـڕوام بەهێـزە و ئـەو بەڵێنـە بەجـێ دەگەینـم کـە لـە شـێروان بـە مـەلا مسـتەفام داوە، بەڵێـن بێـت تـا دوا هەناسـە و دوا دلۆپـی خوێنـم ڕێـگای باوکـم بەرنـەدەم.

## بۆ دیداری مەلا مستەفا چوومە مەهاباد

لەسـەرەتای مانگـی کانوونـی دووەمـی ١٩٤٦مـەلا مسـتەفا و پێشـەوا قـازی لـە مەهابـاد ئامادەکاریـان بـۆ ڕاگەیاندنـی کۆمـاری کوردسـتان دەکـرد. دوای ئـەوەی تەندروسـتیم بەتـەواوی بـاش بـوو، لەگـەڵ ئەسـعەد خۆشـەوی بـۆ دیتنـی مـەلا مسـتەفا چوومـە مەهابـاد. لەنـاو بینایەکـی گـەورەدا چاومـان بەمـەلا مسـتەفا کـەوت و وەکـو باوکێکـی میهرەبـان منـی لـە بـاوەش گـرت، بـە بۆنـەی شـەهیدبوونی باوکـم پرسـە و سەرخۆشـی خـۆی پـێ ڕاگەیانـدم و

زۆر پرسـیاری لەبـارەی دایکـم و خوشـک و براکانـم و هەمـوو ئەوانـە کـرد کـە مـاڵ یـان لای ئێمـە بـوو فەرمـووی: باوکـت لەسـەر ڕێـگای حـەق شـەهید بـوو بـۆ مـن وەکـو برایەکـی ئازیـز بـوو هەمووـمـان بەشـەهید بوونیـان زۆر نیگـەران بوویـن، بەشـەهید بوونـی ئـارەب و محەمـەد دوو کەسـی دڵسـۆز و بـڕوادار و قارەمانمـان لـە دەسـتدا، بەڵێـن بێـت خوێنیـان بەفیـڕۆ نـەڕوات (دوای گەڕانـەوە لـە یەکێتـی سـۆڤیەت بەڵێنەکـەی لـەو بـارەوە بەجێگەیانـد و لەسـەر فەرمانـی خودانـی بـارزان ئـەو جاشـانە بەسـزای خۆیـان گەیـشتن کـە باوکـی مـن و محەمەدیـان شـەهید کـرد بـوو)

## یەکەمجار کە چاوم بەپێشەوا قازی کەوت

تـا ڕۆژی دواتـر لەهەمـان باڵەخانـە لای مـەلا مسـتەفا مایـنـەوە، بەیانـی فەرمـوی ئەسـعەد، تەیمـەز لەگـەڵ خۆتـان بێنـە و دەچینـە سـەردانی قـازی محەمـەد. مـن پێموابـوو بـۆ دیـداری پێشـەوا قـازی دەچینـە شـوێنێکی دوور، بـەڵام کـە لـەو ژوورەی ئێمـەی تێـدا بوویـن هاتینـە دەرەوە هەندێـک پلیکانـە (دەرەجـە) بەتەنیشـت ژووری مـەلا مسـتەفاوە دەچوونـە نهۆمـی سـەرەوەتری باڵەخانەکـە مـەلا مسـتەفا وەپێـش ئێمـە کـەوت و بـەرەو نهۆمـی سـەرەوە بەسـەرکەوتین لـەلای ڕاسـتی پلیکانەکـە سـاڵۆنێکی گـەورە هەبـوو کـە نزیکـەی سـی کەسـێک لێـی دانیشـتبوون مـەلا مسـتەفا سڵاوی کـرد و هەمـووان هەسـتانەوە و بەخێرهاتنیـان کـرد، دیـار بـوو پێشـەوا لەسـەرەوەی دیوانەکـە دانیشـت بـوو داوای لـە مـەلا مسـتەفا کـرد کـە

بەتەنیشــتیەوە دانیشــێت، مــەلا مســتەفا پێــش ئــەوەی دانیشــێت ئێمــەی بەپێشــەوا ناســاند و دەســتی بــۆ ئەســعەد خۆشــەوی درێــژ کــرد و فەرمــوی: ئەمــە ئەســعەد خۆشــەویە بــرای شــەهید خەلیــل خۆشــەوی، ئــەم گەنجــەش کــوڕی شــەهید ئارەبــە کــە یەکێــک بــوو لــە کەســە دڵســۆزەکانمان و لەکاتــی پاشەکشــێدا شــەهید بــوو. دیــار بــوو پێشــەوا زۆر شــتی لەبــارەی قارەمانێتــی شــەهید خەلیــل خۆشــەویەوە بیســت بــوو، بۆیــە دوای ئــەوەی پێشــوازییەکی گەرمــی لــە ئێمــە کــرد زۆر پرســیاری لەبــارەی چۆنێتــی شــەهیدبوونی خەلیلــی لــە ئەســعەد کــرد، ئەســعەدیش کــە کەســێکی لێــزان و هوشــمەند بــوو زۆر بــە وردی وەڵامــی دەدایــەوە.

دواتــر قــازی لەبــارەی ئامادەکاریــەکان بــۆ ڕاگەیاندنــی کۆمــار ڕاوێــژی بــە مــەلا مســتەفا کــرد و بۆچوونــی وەردەگــرت هێنــدەی وەبیــرم دێــت قــازی لــە هەڵوێســتی هەنــدێ ســەرۆک هــۆزی دەوروبــەری ورمــێ نیگــەران بــوو، وەکــو تاهرخانــی ســمکۆی شــکاک و نــوری بــەگ و عومەرخانــی شــکاک، بۆیــە داوای لــە مــەلا مســتەفا کــرد کــە قســەیان لەگــەڵ بــکات تــا پشــتیوانی لــە کۆمــار بکــەن، مــەلا مســتەفاش ئامادەیــی خــۆی دەربــڕی ســەردانیان بــکات و لــەو بــارەوە قســەیان لەگــەڵ بــکات. دوای ئــەوەی پێشــەوامان بەجێهێشــت مــەلا مســتەفا داوای لــە ئەســعەد کــرد پەیوەنــدی بــەو ســەرۆک هۆزانــەوە بــکات و ئاگاداریــان بــکات کــە ســەردانیان دەکات، ئەســعەد دەســتبەجێ ئــەو فەرمانــەی بەجێگەیانــد و ســەرۆک هــۆزەکان ئامادەییــان دەربــڕی کــە پێشــوازی لــە مــەلا مســتەفا بکــەن، دوای ئــەوە مــەلا مســتەفا گەشــتێکی

بـۆ دەڤـەری ورمـێ دەسـت پێکـرد و ئێمـەش لەگەڵـی چووین، نزیـک حەوتەیـەک لـە ناوچەکـە مایـەوە هەمـوو سـەرۆک هۆزەکانـی بینـی و گرنگـی دامەزرانـدن و ڕاگەیاندنـی کۆمـاری بـۆ ڕوونکردنـەوە و داوای لێکـردن لەپێنـاو ئاینـدەی کـورد دا پشـتیوانی لـە کۆمـار و پێشـەوا بکـەن، هەمـوو سـەرۆک هـۆزەکان بـە گەرمـی پێشـوازیان لـەو داوایـەی مـەلا مسـتەفا کـرد و پشـتیوانیان بـۆ کۆمـار دەربـڕی. دوای تەواوبوونـی سـەردانەکان مـەلا مسـتەفا گەڕایـەوە مەهابـاد و یەکسـەر لەگـەڵ قـازی کۆبوویـەوە و ئەنجامـی سـەردانەکەی پـێ ڕاگەیانـد، قـازی بـەو ئەنجامـە زۆر دڵخـۆش بـوو، داوای لەمـەلا مسـتەفا کـرد بەهەمـان شـێوە سـەردانی سـەرۆک هۆزەکانـی مەنگـوڕ و موکریانیـش بـکات. بـۆ ئـەم مەبەسـتە مـەلا مسـتەفا، میرحـاج ئاکرەیـی و شـەهید محەمـەد ئەمیـن میرخانـی نـاردە لای سـەرۆک هـۆزی موکریـان ئەویـش ڕەدی کـردەوە پێشـوازی لـە مـەلا مستەفا بـکات و بـە نێـردراوی مـەلا مسـتەفای گوتبـوو، تکایـە لـێمان نزیـک نەبنـەوە ئەگەرنـا ناچاریـن ڕووبەڕووتـان ببینـەوە.

بـۆ جـاری دووەم مـەلا مسـتەفا نێردراوەکانـی ناردەوە بـۆ لای سـەرۆک هـۆزی موکریـان و گوتـی: پێیڕابگەییـن بـۆ نانـی نیـوەڕۆ مێوانـی ئـەوم. ئەگـەر ئـەو نیـازی شـەڕی ئێمـەش بێـت، ئـەوە ئێمـە نـە شـەڕی ئـەو نـە شـەڕی هیـچ کوردێـک ناکەیـن. بەرلـەوەی نێـردراوەکان بگەڕێنـەوە مـەلا مسـتەفا بـەرەو ناوچـەی موکریـان بەڕێکـەوت و یەکسـەر چـووە ماڵـی سـەرۆک هۆزەکـە، سـەرەتا هەندێـک بەساردوسـڕی پێشـوازیان لـە مـەلا مسـتەفا کـرد، بـەڵام دوای

ئـەوەی مـەلا مســتەفا ڕوونکردنـەوەی پێویســتی بـۆ دان هەڵوێســتی تـەواو گـۆڕدرا و ئامادەیـی دەربـڕی کـە هەمـوو هاوکاریـەک دەکات و لەگـەڵ مـەلا مســتەفا ســەردانی ســەرۆک هۆزەکانــی مامــەش و مەنگــوڕی کــرد، ئەوانیــش بەڵێنــی پشــتیوانیان دەربــڕی. بــەڵام ئاغایـەک بەنـاوی (ڕەشـید بـەگ) لەگـەڵ کەسـوکاری ئامـادە نەبـوو مــەلا مســتەفا ببینێــت و یەکســەر لەگــەڵ خــزم و کەســوکاری ناوچەکـەی بەجێهێشـت و ڕووی کـردە عێـراق. دوای تەواوبوونـی ئـەم ســەردانانەش مــەلا مســتەفا گەڕایــەوە مەهابــاد و لەگــەڵ پێشــەوا قــازی کۆبوویــەوە و ئەنجامــی ســەردانەکانی پێڕاگەیانــد.

ئەنجامــەکان بــۆ قــازی زۆر دڵخوشــکەربوون بۆیــە دوای کوبونەوەکــەی لەگــەڵ مــەلا مســتەفا کاتــی ڕاگەیاندنــی کۆمــاری کوردســتانی ڕاگەیانــد کــە ١٩٤٦/١/٢٢ بــوو.

## ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان

وەکـو ئـەوەی پێـشتر بڕیـاری لەسـەر درابـوو لـە ١٩٤٦/١/٢٢ بـە ئامادەبوونــی پێشــەوا قــازی و مــەلا مســتەفا و خەڵکێکــی زۆری هەمــوو ناوچەکانــی کوردســتان و هەمــوو ئــەو ســەرۆک هۆزانــەی مــەلا مســتەفا ســەردانی کــرد بــوون لــە مەیدانــی چوارچــرای مەهابـاد کۆمـاری کوردسـتان ڕاگەیـێنراو شـادی و خوشـی خەڵـک لـە ڕادەبـەدەر بـوو. وەبیـرم دێ هەمـوان پێکـەوە دروشـمیان دەگووتـەوە کـە یەکێـک لـە دروشـمەکان ئـەوە بـوو «پێشـەوا قازیـە سـەر لەشـکر بارزانییــە». دوای کۆتاییهاتنــی ڕێوڕەســمی ڕاگەیاندنــی کۆمــار، مــەلا

مستەفا بۆ ماوەیەکی کورت گەڕایەوە دەڤەری شنۆ. ئێمەش لەگەڵ ئەسعەد خۆشەوی گەڕاینەوە دەوروبەری ورمێ

## پێکهێنانی هێزی سەربازی کۆمار

دوای چەند ڕۆژێک لەڕاگەیاندنی کۆمار مەلا مستەفا لەسەر داوای قازی گەڕایەوە مەهاباد، دوای ئەوەی مەلا مستەفا هەموو سەرۆک هۆزەکانی هێنایە ژێر ئاڵای کۆمار، پێشەوا متمانەیەکی بەهێزتری بە مەلا مستەفا کرد و داوای لێکرد لە مەهاباد بمێنێتەوە و سەرپەرشتی هێزەکانی کۆماری کوردستان بکات و ڕێکیان بخات و داوای لێکرد هێزی بارزانیان کە ئەزموونێکی زۆریان لەشەڕ و بەرگریدا هەبوو ببنە بەشێک لە سوپای کۆمار، مەلا مستەفا لەڕوانگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی نەتەوەییەوە داوای قازی لەوبارەوە قبووڵ کرد و دەستکرا بە ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەی کۆمار و ڕەوانەی سنوورەکانی دەسەڵاتی کۆمار کران.

قازی زۆر متمانەی بە توانا و دڵسۆزی هێزەکانی ئێمە هەبوو، بۆیە بەرەی سەقز کە لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ کۆمار گرنگ و ستراتیژی بوو داوای لەمەلا مستەفا کرد هێزێکی بارزانییەکان لەو بەرەیە جێگیر بێت. لەسەر داوای قازی دوو هێز، یەکەمیان بە فەرماندی خۆشەوی خەلیل دووەمیشیان بە فەرماندەیی محەمەد ئەمین میرخان پێکهێنران و ڕەوانەی بەرەی سەقز کران و لەوێ جێگیر بوون، بەهەمان شێوە چەند هێزێکی دیکەی بارزانییەکان بۆ بەرەکانی دیکە ڕەوانە کران. هەروەها ئەسعەد خۆشەویش

بـــووه سەرپەرشـــتیاری هەمـــوو بـــەرەی ورمـــێ. هێزەکەمـــان لـــە بـــەرەی ســـەقز و لەگوندەکانـــی قـــاراوە و مـــل قەرەنـــی و لەبـــەردەم ســـوپای ئێـــران جێگیرکـــران و شـــوێنی خۆمـــان قایـــم کـــرد، ڕووســـەکان لـــەرووی ئازوقـــەو چـــەک و تەقەمەنییـــەوە پشـــتیوانی ئێمەیـــان دەکـــرد.

*********

## نەخۆشی و برسێتی تەنگیان بەخێزانەکانمان هەڵچنی

خێزانـــە بارزانییـــەکان بەســـەر ناوچەکانـــی شـــنۆ، نەغـــەدە، مەهابـــاد، بـــۆکان و دەڤـــەری تلگەڤـــەڕ و ملگەڤـــەری ورمێـــدا دابـــەش کـــران، خەڵکـــی ئـــەو ناوچانـــە لـــە ئامێزیـــان گرتیـــن و زۆر هاوکاریـــان کردیـــن، بـــەڵام لەبەرئـــەوەی ئـــەو ناوچانـــە لەلایـــەن حکومەتـــی ئێرانـــەوە لـــە هەمـــوو ڕوویەکـــەوە پشـــتگوێ خرابـــوون بارودۆخـــی ئەوانیـــش لـــەڕووی بژێـــوی ژیانـــەوە لـــە ئێمـــە بـــاشتر نەبـــوو، بۆیـــە دوای ماوەیـــەک نەخۆشـــی و برســـێتی ڕووی کـــردە خێزانەکانمـــان، نەخۆشـــی تیفوئیـــد و چەنـــد نەخۆشـــیەکی دیکـــە بەشـــێوەیەکی خـــراپ لەناومانـــدا بڵاوبونـــەوە. بەهـــۆی برســـێتی و نەبوونـــی دەرمـــان ئـــەو پەتایانـــە کاریگەریەکـــی خراپیـــان کـــردە ســـەر تەندروســـتی نەخۆشـــەکان و ڕۆژانـــە ژمارەیـــەک هاووڵاتـــی بەتایبـــەت منـــداڵ و بەســـاڵاچوان گیانیـــان لەدەســـت دەدا، ڕێـــژەی مـــردن بەڕادەیـــەک زیـــاد بـــوو ژمارەیەکـــی زۆر لەخێزانـــە بارزانییـــەکان بەیەکجـــاری قـــڕ بـــوون و کوێربوونـــەوە و دەیـــان خێـــزان بـــە تـــەواوی لەناوچـــوون و یـــەک کەسیشـــیان نەگەڕایـــەوە، ڕۆژانـــە هەواڵـــی گیـــان لەدەســـتدانی کەســـوکاریان دەگەیشـــتە پێشـــمەرگە، بـــەڵام ســـەرەڕای ئـــەوەش ورە

و هێــز و ئیرادەیــان بــەرز بــوو بەهــۆی ئــەو بیروبــاوەڕەی کــە پێــی پــەروەردە کــرا بــوون، ئامــادە نەبــوون بگەڕێنــەوە نێــو کەســوکاریان، بەڵکــوو خوڕاگرانــە ڕووبــەڕووی ســەختی و دژواریــەکان دەبوونــەوە و دڵســۆزانە ئەرکــی خۆیــان لەبەرگــری کــردن لــە کۆمــاری کوردســتان بەجێدەگەیانــد. ئــەم کارەســات و تراژیدیــە ئینســانییە تــا ماوەیەکــی درێــژ بــەردەوام بــوو، دوای هێرشــەکانی ئێــران بــۆ ســەر هێزەکانمــان بۆردومانــی فڕۆکــە و دووبــارە ئاوارەبــوون لەئاوەراییــدا دەســتی پێکــرد و دەیــان خێــزان لەژێــر ئاگــری فڕۆکەکانــی ئێرانــدا بەتــەواوی لەناوچــوون و کوێربوونــەوە. ئــەو کارەســات و ئــازار و مەینەتیانــەی لــەو ســەردەمەدا ڕووبــەڕووی بارزانییــەکان بوویــەوە، ڕەنگــە لەمێــژوودا بــێ وێنــە بێــت، بەداخــەوە هەتــا ئێســتا و وەکــو پێویســت کار لەســەر ناســاندنی ئــەو کارەســاتە نەکــراوە، تەنانــەت هیــچ ســەرژمێریەکی دروســت لــە قوربانیــان بەردەســت نییــە. ئەمــە کەمتەرخەمیــە و دەبێــت کەســانی خەمخــور کاری لەســەر بکــەن

## یەکەم پێکدادان لە نێوان ئێمە و سوپای ئێران

تــا کۆتایــی مانگــی نیســانی( ١٩٤٦ ) بــارودۆخ ئــارام بــوو، بــەڵام دوای ئــەوەی ڕووســەکان هێــدی هێــدی دەســتیان لەپشــتیوانی کۆمــار هەڵگــرت، ســوپای ئێــران دەســتی بەهێــرش کــرد بــۆ ســەر ســنوورەکانی کۆمــار، لــەڕۆژی (١٩٤٦/٥/١ ) هێرشــێکی فراوانــی بــۆ ســەر ســەنگەرەکانمان لەگونــدی قــاراوەی ســەقز دەســتی پێکــرد، هەرچەنــدە لــەڕووی چەکــەوە هێزەکانمــان لەگــەڵ ئێــران بــەراورد

نەدەکــران، بــەڵام بــڕوا و متمانــەی ئێمــە بەهێــز بــوو، ئێــران ســەرەتا بەفڕۆکــە ســەنگەرەکانی ئێمــەی بۆردومــان کــرد و پاشــان هێرشــی زەمینــی دەســت پێکــرد، پێشــمەرگە زۆر ئازایانــە بەرگــری کــرد و هێرشــێ دوژمــن بەتــەواوی تێکشــکا، ســەدان کــوژراو لــە مەیدانــی شــەردا بەجــێما و زیاتــر لەســەد ســەربازیش بەدیلگیــران. ئــەم ســەرکەوتنە ورەی خەڵکــی بــەرز کــردەوە و خەڵکــی ناوچەکــە و هەمــوو کوردســتان متمانەیــان بەهێــزی بارزانیــان زیاتــر بــوو، لەهەمــوو لایەکــەوە ســەردانی ئێمەیــان دەکــرد و پیرۆزبایــی ســەرکەوتنیان لــێ دەکردیــن.

بەبۆنــەی ئــەو ســەرکەوتنە مەزنــەوە پێشــەوا قــازی و مــەلا مســتەفا پێکــەوە ســەردانی بەرەکانــی شــەڕیان کــرد و لــە نزیکــەوە پیرۆزبایــی و دەستخۆشــیان لــە پێشــمەرگە کــرد، هــەر بــەو بۆنــەوە ژمارەیــەک فەرماندەیــان خــەڵات کــرد. دوای چەنــد هەفتەیــەک دووبــارە ئێــران هێرشــێکی بەربڵاوتــری ئەنجامــدا و شــەڕ درێــژەی کێشــا و فەرمانــدی هێزەکەمــان خۆشــەوی خەلیــل[٩] بەســەختی برینــدار بــوو، دواتریــش شــەهید بــوو وەکــو یەکــەم شــەهیدی کۆمــار نــاوی چــووە نێــو مێــژووی کــورد، منیــش کــە جێگــری خۆشــەوی بــووم برینــدار بــووم. شــەهیدبوونی خۆشــەوی خەلیــل کاریگەریــی زۆری کــردە ســەر خەڵکــی ناوچەکــە و هەمــوو کوردســتان، لەســەر فەرمانــی پێشــەوا بــە فەرمــی ســێ ڕۆژ پرســەی گشــتی بــۆ شــەهید خۆشــەوی ڕاگەیــێنرا. بــۆ چارەســەری منیــان ڕەوانــەی شــاری مەهابــاد کــرد، دوای دوو حەوتــە مانــەوە لــە نەخۆشــخانە برینەکــەم تاڕادەیــەک ســاڕێژ

بـــوو و گەڕامـــەوە بـــەرەی شـــەڕ. ئێمـــە پێـــشتر بەڵێـــنمان بـــە مـــەلا مســـتەفا دابـــوو کـــە تـــا دوا هەناســـە و دوا دڵۆپـــی خوێـــن بەرگـــری لـــە کۆمـــاری کوردســـتان بکەیـــن، هەمـــوو پێشـــمەرگە و فەرمانـــدەکان بەکـــردەوە بەڵێنەکەیـــان بەجێگەیانـــد؛ بەرگـــری و قارەمانێتـــی پێشـــمەرگە بەڕادەیـــەک بـــوو کـــە لـــە دەرەوەی چاوەڕوانییەکانـــی ژەنەراڵـــە ســـەربازیەکانی ئێـــران بـــوو، ئـــەوان گەیشـــتنە ئـــەو بـــاوەڕەی ناتوانـــن بەســـەر هێـــزی بارزانیـــدا ســـەرکەون، بۆیـــە ناچاربـــوون هێـــرش و پەلامارەکانیـــان ڕابگـــرن، لـــە ئەنجامـــی ئەمـــەدا بـــۆ ماوەیـــەک بـــارودۆخ هێـــور بوویـــەوە و جۆرێـــک گفتوگـــۆ و دانووســـتاندن لـــە نێـــوان کۆمـــار و شـــای ئێرانـــدا دروســـت بـــوو، پێشـــەوا ســـەردانی تارانـــی کـــرد، بـــەڵام ســـەردانەکە بـــێ ئەنجـــام بـــوو

********

## ڕووسەکان پشتیان لەکۆماری کوردستان کرد

لـــە کۆتایـــی ســـاڵی ( ١٩٤٦ ) بەدیاریکـــراوی لـــە ناوەڕاســـتی مانگـــی کانوونـــی یەکـــەم ڕووســـەکان بەتـــەواوی دەســـتیان لـــە پشـــتیوانی کۆمـــاری ئازەربایجـــان و کوردســـتان هەڵگـــرت. کۆمـــاری ئازەربایجـــان بەئاســـانی ڕوخـــاو (جەعفـــەر پیشـــەوەری ) ســـەرۆکی کۆمـــاری ئازەربایجـــان خۆیـــدا بەدەســـتەوە، ئێـــران هێزەکانـــی خـــۆی لـــە بـــەرەی ورمـــێ و ســـەقز و ســـنە ئامـــادە دەکـــرد بـــۆ هێرشـــکردنە ســـەر مەهابـــاد، لەگـــەڵ ئـــەم ڕووداوانـــە زۆربـــەی ســـەرۆک هـــۆزە کـــوردەکان لەکۆمـــاری کوردســـتان هەڵگەڕانـــەوە و چوونـــە پـــاڵ هێـــزی شـــا، بـــارودۆخ بەجۆرێـــك دژوار و مەترســـیدار بـــوو، مـــەلا مســـتەفا فەرمانـــی بەئێمـــە کـــرد لەشـــوێنی

خۆمـان بمێنینـەوە و ئامـادەکاری بـۆ بەرگـری بکەیـن، لـە هەمانکاتـدا شـەهید محەمـەد ئەمیـن میرخانـی[١٠] ڕاسـپارد لەگـەڵ هێزێـک هەوڵـی کۆکردنـەوەی خێزانـە بارزانییـەکان بـدات، هـەر ئـەوکات مـەلا مسـتەفا بـۆ هەڵسـەنگاندنی بارودۆخەکـە و ئاگاداربـوون لـە هەڵوێسـت و بۆچوونەکانـی لەگـەڵ پێشـەوا کۆبوویـەوە، پێشـەوا بەمـەلا مسـتەفای گوتبـوو ڕووسـەکان خیانەتیـان لـە ئێمـە کـرد و ئـەو سـەرۆک هۆزانـەش کـە بەڵێنیـان دابـوو پشـتیوانمان بـن ئەوانیـش خیانەتیـان کـرد و پێشـوازیان لەسـوپای ئێـران کـردووە، ئەوانـەی بەڵێنیـان بـردە سـەر و وەفاداربـوون تەنیـا ئێـوە بـوون؛ وەکـو بارزانییـەکان، بۆیـە لەپێنـاو پاراسـتنی خەڵکـی مەهابـاد بڕیارمـداوە خـۆم ڕادەسـتی سـوپای ئێـران بکـەم و بـۆ ئـەو مەبەسـتە پەیامـم بـۆ ژەنـەراڵ (هەمایونـی) سەرلەشـکری ئیـران ناردووەتـە میاندوئـاو، بۆئـەوەی ئێـوەش بتوانـن خۆتـان کۆبکەنـەوە، داوام لـە (هەمایونـی) کـردووە دوو سـێ ڕۆژ مۆڵەتمـان بداتـێ ئینجـا بێنـە نـاو مەهابـاد، تکاتـان لـێ دەکـەم خێـزان و هێزەکانتـان کۆبکەنـەوە و ڕووبـەڕووی سـوپای ئێـران نەبنـەوە، چونکـە هـەم ئێـوە بەخاوخێزانـەوە لەنـاو دەچـن هەمیـش خەڵکـی مەهابـاد

هـەر لـەم کۆبوونەوەیـەدا قـازی پرسـیاری لەمـەلا مستەفا کـرد بـوو، ئایا نیـازی ئێـوە چیە و چـۆن دەتوانن خۆتان لەم بارودۆخـە دژوارە ڕزگار بکەن؟! مـەلا مستەفاش پێیڕاگەیانـد بـوو، ئێمە تەسـلیم نابین و هێـز و خێزانەکانمان کۆدەکەینـەوە و بـەرە و ناوچـەی شـنۆ دەچیـن، لەبەرئـەوەی سـنوورەکان بـە بەفـر داپـۆشراون و کەشـوهەوا سـاردە؛ گەڕانـەوە بـۆ عێـراق ئەسـتەمە و

دەبێتە هۆی لەناوچوونی ژن و منداڵەکانمان، بۆیە ناچارین بۆ ماوەیەکی کەم لەدەوروبەری شنۆ بمێنینەوە و هەموو هەوڵێکیش دەدەین لەگەڵ سوپای ئێران تووشی پێکدادان نەبین، ئەگەر ئەوان دەستپێشخەریان کرد و هێرشیان کردە سەرمان، ئەوە بەمافێکی ڕەوای خۆمان دەزانین بەرگری لەخۆمان بکەین.

## بڕیاری کشانەوە لەبەرەکانی شەڕ

پاش کۆبوونەوەی نێوان مەلا مستەفاو پێشەوا بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخ مەلا مستەفا نامەیەکی بۆ ئێمە نارد و لەنامەکەدا بڕیاری کشانەوەی پێڕاگەیاند بووین، لە لایەکی دیکەوە ئاماژەی بەوە کرد بوو کە سەرۆک هۆزەکان نیازیان خراپە، بۆیە بۆئەوەی بەدەستی سەرۆک هۆزەکان تووشی زیان نەبین؛ ئامۆژگاری کردبووین لەکاتی کشانەوەدا بۆ مەهاباد بەڕێگای گشتیدا نەچین، بەڵکوو بە بەرزایەکاندا بێین و ڕەچاوی هەموو ئەگەرێک بکەین. لەچوارچێوەی جێبەجێکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی مەلا مستەفا دا پلانێکی تۆکمەمان بۆ کشانەوە دارشت و جێبەجێکرد، پێشبینی مەلا مستەفا لەبارەی خیانەتی سەرۆک هۆزەکان ڕاست بوو لەسەر جادەی گشتی لە دوو شوێن کەمینیان بۆ هێزەکانمان دانا بوو، بەڵام ئەزموونی مەلا مستەفا پیلانی ئەوانی بێ ئەنجام کرد، بەبێ زیان گەیشتینەوە مەهاباد. شەهید محەمەد ئەمین میرخانیش پلانی کۆکردنەوەی خێزانەکانی زۆر بەسەرکەوتووی ئەنجامدابوو، مەلا مستەفا لە دەروازەی شار چاوەروانی ئێمە بوو بە گەیشتنەوەمان زۆر دڵ خۆش بوو

## دوا دیداری نێوان قازی و مەلا مستەفا

لــە ڕێکەوتــی ( ١٩٤٦/١٢/١٦) واتــە درەنگانــی ئــەو شــەوەی هێزەکانمــان گەیشــتنەوە مەهابــاد، مــەلا مســتەفا بــێ پشــوودان فەرمانــی پێکردیــن کــە لەگەڵیــدا بــۆ خواحافیــزی ســەردانی پێشــەوا بکەیــن، پێشــەوا لەنــاو حەوشــەی باڵەخانــە دوو نهۆمیەکــە چــاوەڕێ بــوو، هــەر کــە چــاوی بەمــەلا مســتەفا کــەوت هاتــە پێشــەوە و بەخێرهاتنــی کــرد و پرســی ئایــا هێــز و خێزانەکانتــان بەســەلامەتی گەیــشتن؟ مــەلا مســتەفاش وەڵامــی دایــەوە و گوتــی: هەمــووان گەیــشتن. دواتــر مــەلا مســتەفا ڕووی کــردە پێشــەوا و گوتــی: داواتــان لــێ دەکــەم خۆتــان مــەدەن بەدەســتەوە متمانــە بەبەڵێنــی ژەنەراڵــە ئێرانییــەکان مەکــەن و لەگــەڵ ئێمــە وەرن؛ بەڵێنتــان پــێ دەدەم مــردن و ژیــنمان پێکــەوە بێــت، لەگــەڵ ئــەم قسانەی مــەلا مســتەفا فرمێســک لەچاوەکانــی پێشــەوا دەهاتــە خــوارێ و گوتــی: مــن هیــچ گومانێکــم لــە دڵســۆزی و ئازایەتــی ئێــوە و جەنگاوەرانــی بارزانــی نییــە، ئێــوە لەبــەرەی ســەقز و ورمــێ ســەلماندتان کــە وەفــادارن و خاوەنــی بەڵێنــی خۆتانــن، بۆیــە پێویســت نــاکات هیــچ بەڵێنێکــی دیکــەم پــێ بــدەی، دڵنیــام ئێــوە درێــژە بــەم ڕێــگا پیــرۆزە دەدەن و بەبــێ ڕزگاری کوردســتان بەهیــچ شــتێک قایــل نابــن. دواتــر دەســتی بــۆ کەســێک درێــژ کــرد و پێــی گــوت: ئەمانەتەکــە بێنــە، ئــەو کەســە هاتــە پێشــەوە و پاکەتێکــی دایــە دەســتی پێشــەوا، پاشــان پێشــەوا دەســتی بــۆ مــەلا مســتەفا درێــژ کــرد و گوتــی: ئەمــە ئــاڵای کوردســتانە وەکــو ئەمانەتێــک ڕادەســتی جەنابتــان دەکــەم، دڵنیــام جەنابتــان ئــەم

ئاڵایــە بەشــکۆمەندی دەپارێــزن و ڕۆژێکیــش دێــت بەســەربەرزی بــەرزی دەکەیتــەوە.

مــەلا مســتەفا ئاڵاکــەی لێوەرگــرت و گوتــی: بەخوێــنمان ئەمانەتەکــەی جەنابتــان دەپارێزیــن، دواتــر یەکتریــان لەئامێــز گــرت و بــۆ دواجــار خواحافیزیــان لەیــەکتر کــرد، پێشــەوا تــا بــەردەم دەرگای دەرەوە لەگــەڵ مــەلا مســتەفا هــات و بەڕێــزەوە بەڕێــی کــرد. بەدرێژایــی تەمەنــم ئــەو ســاتانەم لەبیــر نەکــردووە و هەمیشــە وەکــو یادگاریەکــی تــاڵ لەگەڵیانــدا ژیــاوم، شــەوێکی زۆر ناخــۆش و پــڕ خــەم و ئــازار بــوو، هەتــا ئێســتاش ڕوخســاری پەشــۆکاوی پێشــەواو و هەمــوو ئەوانــەم لەبــەر چاومــە کــە لــەو شــەوەدا لەنــاو حەوشــەی باڵەخانەکــە و لەکاتــی خواحافیــزی نێــوان پێشــەوا و مــەلا مســتەفا ئامــادە بــوون

## پاشەکشێ بەرەو دەڤەری شنۆ

هــەر ئــەو شــەوە کــە مــەلا مســتەفا و قــازی خاتریــان لەیــەکتر خواســت، هەمــوو خێــزان و هێزەکانمــان لەمەهابــادەوە بــەرە و نەغــەدە و شــنۆ بەڕێکەوتیــن، بــەڵام ئــەو خێــزان و هێزانــەی لــە دەڤــەری تلگەڤــەڕ و ملگەڤــەڕی ورمــێ بــوون و لەلایــەن ئەســعەد خۆشــەویەوە سەرپەرشــتی دەکــران، لەســەر بڕیــاری مــەلا مســتەفا لەشــوێنی خۆیــان مانــەوە، ئێــوارەی ڕۆژی دواتــر هەموومــان گەیشــتنە نەغــەدە و شــنۆ، خێزانــەکان بەســەر گوندەکانــدا دابەشــکران و خەڵکــی ناوچەکــە دڵســۆزانە یارمەتیاندایــن. لەســەر فەرمانــی

مـەلا مسـتەفا سـێ هێڵـی بەرگـری دانـران. یەکەمیـان: لـە نێـوان گەلـی قاسـملو و شـنۆ، دووەمیـان؛ لـە نێـوان مەهابـاد و نەغـەدە، سـێیەمیان؛ لـە نێـوان خانـێ و شـنۆ. ڕۆژی دواتـر هێزەکانـی ئێـران هاتنـە نێـو مەهابـاد و پێشـەوا لەپێنـاو پاراسـتنی خەڵکەکـە خـۆی دا بەدەسـتەوە، بـەڵام لەبەرئـەوەی پێـشتر لەبـەرەی سـەقز لەسـەر دەسـتی هێزەکانمـان تووشـی شکسـتێکی مـەزن ببـوون و گـورزی باشـیان پێکەوتبـوو، هیـچ جووڵەیەکیـان بـەرەو نەغـەدە و شـنۆ نەکـرد و ناچاربـوون داوای دانووسـتاندن و گفتوگـۆ و لەگـەڵ مـەلا مسـتەفا بکـەن. مـەلا مسـتەفاش لەسـەر بڕیـاری خـودان داواکەیانـی بـۆ گفتوگـۆ قبـووڵ کـرد. شـاری نەغـەدە بـۆ بەڕێوەچوونـی گفتوگـۆکان دیـاری کـرا و خـودان و مـەلا مسـتەفا بـۆ گفتوگـۆ چوونـە نەغـەدە و لەگـەڵ ژەنـەراڵ هەمایونـی سەرلەشـکری ئێـران کۆبوونـەوە، لەکۆبوونەوەکـەدا ئێرانییـەکان لـە خـودان و مـەلا مسـتەفایان پرسـی بـوو نیازتـان چیـەو چ دەکـەن؟! خـودان وەڵامـی دابوویـەوە کـە ئێمـە نیـازی ڕووبـەڕوو بونەوەمـان لەگـەڵ سـوپای ئێرانـدا نییـە، ئێسـتا وەرزی بەفـرو سـەرمایە ناتوانیـن بگەڕێینـەوە عێـراق، داواتـان لـێ دەکەیـن دەرفەتمـان بدەنـێ تـا وەرزی بەهـار بمێنینـەوە، ئـەوکات ئێـرە بەجێدێڵیـن و بەشـەڕ یـان ئاشـتی دەگەڕێینـەوە عێـراق. ئێرانییـەکان لەوەڵامـدا گوتبوویـان ئەمـە لـە دەسـەڵاتی ئێمـەدا نییـە و دەبێـت لەتارانـەوە بڕیـاری لەسـەر بدرێـت، پـێمان باشـە مـەلا مسـتەفا لەگـەڵمان بێتـە تـاران تـا لـەو بـارەوە گفتوگـۆ لەگـەڵ بەرپرسـانی بـاڵا بـکات، خـودان ئـەو داوایـەی پەسـەند کـرد و مـەلا مسـتەفای نـاردە تـاران. ڕۆژی ( ١٩٤٦/١٢/٢١) مـەلا مسـتەفا کـە شـەهید محەمـەد

ئەمیــن میرخــان و میرحــاج ئاکرەیــی و جەمیــل ســور بامەرنــی و نــوری ئەحمــەد تاهــای لەگــەڵ بــوو بــەرەو تــاران بەڕێکــەوت، ســەرەتا بەگەرمــی پێشــوازی لێکــرا و لەگــەڵ شــاو بەرپرســانی تــاران کۆبوویــەوە، ئێرانییــەکان داوایــان لێکــرد بــوو کــە خۆیــان ڕادەســت بکــەن و چــەک دانێــن، لەبەرامبــەردا ئامادەیــی خۆیــان دەربــڕی بــوو کــە بارزانییــەکان بــۆ هەمــەدان بگوازنــەوە و زەویوزاریشــیان بەســەردا دابــەش بکــەن. مــەلا مســتەفاش پێیڕاگەیانــد بــوون بڕیــاری کۆتایــی لەدەســتی خــودان دایــە و ئــەو ناتوانێــت بڕیــار لەبــارەی پرســێکی لــەو شــێوەیە بــدات، بۆیــە پێویســتە بگەڕێتــەوە شــنۆ تــا لــەو بــارەوە قســە لەگــەڵ خــودان بــکات. ئێرانییــەکان ڕێگایــان نــەدا مــەلا مســتەفا بگەڕێتــەوە و لەڕێــگای جۆراوجــۆرەوە گوشــاریان بــۆ دروســت کــرد بــوو، بــەڵام بەهیــچ شــێوەیەک تەســلیم بــە گوشــارەکانیان نەبــوو. دیــارە ئێرانییــەکان پێیــان وابــوو دەتوانــن بەهەڕەشــە خــودان ناچــار بکــەن کــە تەســلیم بێــت! بــەم نیــازە ژەنــەراڵ هەمایونــی داوای دیــداری لــە خودانــی بــارزان کــرد، ئەویــش داواکــەی قبــووڵ کــرد و هەمایونــی هاتــە شــنۆ و چــاوی بەخــودان کــەوت و پێیڕاگەیانــد کــە بڕیــاری لەســێدارەدان بەســەر مــەلا مســتەفادا جێبەجــێ دەکرێــت. بۆئــەوەی بڕیارەکــە ڕابگیرێــت پێویســتە چــەک دانێــن و خۆیــان ڕادەســت بکــەن! خــودان لــە وەڵامــدا فەرمــووی: لەپێنــاو چەســپاندنی حــەق و عەدالــەت ســەدان شــەهیدمان داوە بــا مــەلا مســتەفاش یەکێــک بێــت لــەوان، ئــەم بارزانیانــەی کــە لێــرەن و دەیــان بینــی هــەر یەکێکیــان بــۆ مــن مــەلا مســتەفایەکە ئەگــەر ئێمــە ئەهلــی خــۆ ڕادەســت کــردن بایــن لەمێژبــوو خۆمــان ڕادەســتی دەوڵەتــی عێــراق

دەکـرد و ئـەو هەمـوو کارەسـاتەش ڕووبەڕوومـان نەدەبوویـەوە. ئێمـە لەپێنـاو گەڕاندنـەوەی کەرامـەت بـۆ خەڵکەکەمـان ئامادەیـن هەمـوو سـاتێک بمریـن و تەسـلیم بەهەڕەشـەکانتان نابیـن. چـی لـە مـەلا مسـتەفا دەکـەن بیکـەن، بـەڵام بزانـن تـا یـەک کـەس مـاوە بەرگـری دەکەیـن و چـۆک دانادەیـن. ژەنـەراڵ هەمایونـی گەڕایـەوە و پەیامەکـەی گەیانـدە شـا و بەرپرسـانی دیکـەی ئێـران. دیـارە ئێرانییـەکان چاوەڕوانـی هەڵوێسـتێکی هێنـدە توونديـان نەکـرد بـوو، بۆیـە ناچاربـوون سیاسـەتی خۆیـان لەگـەڵ بارزانییـەکان بگـۆڕن و ڕێگاشـیان بـە مـەلا مسـتەفادا بگەڕێتـەوە شـنۆ. لـەڕۆژی ( ١٩٤٧/١/٢٩ ) مـەلا مسـتەفا لەگـەڵ ژەنەراڵێکـی بـاڵای ئێرانـی گەیشـتەوە شـنۆ، مـەلا مسـتەفا ئەنجامـی کۆبوونەوەکانـی لەگـەڵ ئێرانییـەکان بـۆ خـودان گێڕایـەوە و دواتـر ژەنەراڵـە ئێرانییەکـەش چـاوی بەخـودان کـەوت. دووبـارە خـودان دووپاتـی کـردەوە کـە خۆڕادەسـتکردن مەحاڵـە و هەرگیزیـش ئامادەنیـن لەپێنـاو زەویـوزاری هەمـەدان دەسـت لەکاروانـی خەبـات و تێکۆشـانی شۆڕشـگێڕانە هەڵگـرن. دوپاتـی کـردەوە کـە نیـازی ڕووبەڕووبونـەوەی سـوپای ئێرامنـان نییـە، هەرکاتێـک کەشـوهەوا خـۆش بـوو خاکـی ئێـران بەجێدێلیـن. هـەر لـەو کۆبوونەوەیـەدا ئێرانییـەکان داوایـان کـرد ئەبولحەسـەن تەفرەشـیان و عەلـی ئەسـغەر ئیحسـانی و هاوڕێکانیـان تەسـلیم بەئێـران بکرێنـەوە. ئەمانـە چەنـد ئەفسـەرێکی هەڵاتـووی سـوپای ئێـران بـوون پێیـان دەگوتـرا ئەفسـەرانی ڕاپەڕینـی خۆراسـان (قیـام ئەفسـەرانە خوراسـان) ئەمانـە دژی ڕژێمـی شـا چالاکیـان ئەنجـام دابـوو، دواتـر ئاشـکرا ببـوون و پەنایـان بـۆ کۆمـاری کوردسـتان هێنـا

بـوو، دوای ئـەوەی کۆمـاری کوردسـتان ڕووخـا پەنایـان بـۆ ئێمـە هێنـا و لەگـەڵ ئێمـەدا مانـەوە. خودانـی بـارزان داوای ئێرانییەکانـی لەوبـارەوە بەتوونـدی ڕەتکـردەوە و فەرمـووی: ئەوانـە میوانـی ئێمـەن و پەنایـان بـۆ ئێمـە هێنـاوە، بۆیـە بەهیـچ شـێوەیەک ڕادەسـتی ئێوەیـان ناکەینـەوە. ئامـادەم لەجیاتـی ئـەوان کـوڕ و برازاکانـم ڕادەسـتتان بکـەم، بـەڵام هەرگیـز کەسـانێک ڕادەسـتی ئێـوە ناکـەم کـە پەنایـان بـۆ ئێمـە هێنـاوە، بەهەمـوو هێزێکمانـەوە بەرگریـان لـێ دەکەیـن و دەیـان پارێزیـن

❊❊❊❊❊❊❊❊

## سەرەتای پەلامارە سەربازییەکان

دوای ئـەوەی ئێرانییـەکان گەیشـتنە ئـەو بـاوەڕەی ئێمـە تەسـلیم نابیـن و ناچینـە ژێـر بـاری مەرجەکانیـان لـە ناوەڕاسـتی مانگـی شـوباتی (١٩٤٧)دا دەسـتیان بەئامـادەکاری کـرد بـۆ هێرشـی سـەربازی و هێزێکـی زۆریـان هێنایـە ورمـێ و مەهابـاد. لـە بەرانبـەردا مـەلا مسـتەفاش سـەنگەرەکانی پێشـمەرگەی بەسـەر کـردەوە و توونـدوتۆڵـی کـردن. لـەڕۆژی (٢١ شـوباتی١٩٤٧)دا هێرشـی ئێـران بـۆ سـەر بـەرەی نەلـۆس لـە نێـوان خانـێ و شـنۆ دەسـتی پێکـرد و شـەڕێکی قـورس و گـران ڕوویـدا، پێشـمەرگە قارەمانانـە بەرگـری کـرد و هێرشـی ئێـران بەتـەواوی تێکشـکا و هەشـتا سـەرباز و ئەفسـەر بەدیـل گیـران و سـەدان پارچـە چـەک وەکـو دەسـکەوت کەوتـە دەسـت پێشـمەرگە، لـەو بەرگریـەدا شـەش پێشـمەرگە شـەهیدبوون کـە ئەمانـە بـوون: سـلێمان مـەلا ژاژۆکـی، سـاڵح مسـتەفا بـن بیەیـی،

براهیـم حەبیـب بنبیەیـی، عومـەر ئەحمـەد وەسمان بارزانـی و براهیـم ناوخـۆش سـەفتی و حالـی بابێزدیـن کانـی بوتـی. لەسـەر بڕیـاری خودانـی بـارزان جگـە لـە ئەفسـەرەکان هەمـوو سـەربازە دیلـەکان ئـازاد کـران، سـەرکەوتنەکە لـەزۆر ڕووەوە بـۆ ئێمـە گرنـگ بـوو، ورەی دووژمـن بەتـەواوی دابـەزی و سـەرۆک هـۆزە کـوردەکان ناچاربـوون تـا ڕادەیـەک خۆیـان لـە هـاوکاری حکومـەت بـەدوور بگـرن، هەروەهـا چـەک و تەقەمەنییەکـی باشـیش کەوتـە دەسـتی ئێمـە، هەمـوو ئەمانـە وایـان کـرد جارێکـی دیکـە ئێـران جاوخشـاندنێک بەپلانـە سـەربازیەکانیدا بـکات و بـۆ ماوەیـەک هێرشـە سـەربازیەکانی وەسـتاند، ئەمـەش بـۆ ئێمـە گرنگـی خـۆی هەبـوو، چونکـە بەدەربازبوونـی کات لـە وەرزی بەهـار نزیـک دەبوینـەوە و دەرفەتـی ئەوەمـان بـۆ دەڕەخسـا بگەڕێینـەوە عێـراق.

## شەڕی گۆجاڕ

دوای سـەرکەوتنی نەلـۆس؛ مـەلا مسـتەفا گەشـتێکی بـۆ دەڤـەری تلگەڤـەڕ و ملگەڤـەڕ ئەنجامـدا، مـن یەکێـک بـووم لەوانـەی لەگەڵیـدا بوویـن، ئـەم گەشـتە بـۆ دوو ئامانـج بـوو، یەکەمیـان؛ بەسـەرکردنەوەی ئـەو هێزانـە بـوو کـە بەسـەرکردایەتی ئەسـعەد خۆشـەوی لـەو سنوورە جێگیـر کـرا بـوون، دووەمیشـیان؛ بـۆ ئـەوە بـوو چـاوی بەسـەرۆک هۆزەکانـی دەڤـەری تلگەڤـەڕ بکەوێـت، سـەرۆک هۆزێـک بەنـاوی نـوری بەگـی بەگـزادە لـە گونـدی ئەمبێ بـوو لەبەرئـەوەی خزمایەتـی لەگـەڵ ئەسـعەد خۆشـەوی هەبـوو

هەڵوێستی زۆر باش بوو، هاوکارمان بوو. دیارە مەلا مستەفا پلانی هەبوو ئەگەر ناچار بین بەخێزانەوە لەو سنوورەوە بەرە و یەکێتی سۆڤیەت بچین، بۆیە داوای لە نوری بەگ کرد لەو بارەوە هاوکاریمان بکات، نوری بەگیش بەڵێنی هاوکاری پێداین. دوای سەردانی نوری بەگ سەردانی گوندی گۆجاڕمان کرد و شەو لەو گوندە ماینەوە، بەداخەوە کەسێک بەناوی (هەویرکو) کە یەکێک بوو لەدەربەگەکانی ناوچەکە خیانەتی کرد، بەشەو خۆی گەیاندە ورمێ و حکومەتی ئێرانی ئاگادار کردەوە لەوەی کە مەلا مستەفا لەگوندی گۆجاڕە، هەر ئەو شەوە و لەڕێکەوتی (١٩٤٧/٣/١٤) هێزێکی ئێران بەهاوکاری (هەویرکو) گوندی گۆجاڕیان گەمارۆ دا، بەیانی کە ویستمان لە گوند دەربچین یەکسەر لەدەوروبەری گوندەوە تەقەمان لێکراو، بۆماندەرکەوت کە هەویرکو خیانەتی کردووە، مەلا مستەفا فەرمووی: ڕاستە هەویرکو خیانەتی کردووە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەوانەی لەگەڵیدان کوردن تا ناچار نەبن نەیان کوژن، لەسەر فەرمانی مەلا مستەفا زۆر هەوڵماندا بێ شەڕ لەگوندەکە دەربچین، بەڵام هەویرکو پێیوابوو نەرمی نواندنمان لەبەر ئەوەیە ئێمە لێی دەترسین! بۆیە سور بوو لەسەر شەڕفرۆشتن و لەگەڵ هێزی ئێرانی تەقەیان لێکردین، لەئەنجامدا دوو پێشمەرگەمان بەناوەکانی حاجی محەمەد هوستانی و شەوالی شندو شانەدەری شەهیدبوون. دوای ئەوە ڕووبەڕوویان بوینەوە و گەمارۆی سەر گوندەکەمان شکاند و بەرەو ملگەڤەڕ بەڕیکەوتین، بەڵام هەویرکو هەر بەدوامانەوە

بــوو، لەئەنجامــدا هەویرکــو و ژمارەیــەک لەپیاوەکانــی کــوژران و باجــی خیانەتەکەیانــدا. دواى کوژرانــی هەویرکــو هەمــوو خێزانەکانمــان لەتلگەڤــەڕ بەســەلامەتی گەیانــدە ملگەڤــەڕ و لــە نێــوان ورمــێ و ملگەڤــەڕ ســەنگەرەکانی بەرگــری قایمکــران و لەگــەڵ مــەلا مســتەفا گەڕاینــەوە بــەرەى شــنۆ.

## هێرشێ ئێران بۆ سەر شنۆ

لەڕێکەوتــی ( ١٩٤٧/٣/١٨ ) هێزەکانــی ئێــران بەپاڵپشــتی فڕۆکــە و تانــک هێرشــێکی فراوانیــان بــۆ ســەر ســنووری نەغــەدە و شــنۆ دەســت پێکــرد، ســەرۆک هۆزەکانیــش یارمەتــی ســوپای ئێرانیانــدا. شــەڕەکە لــە هەمــوو ڕوویەکــەوە بــۆ ئێمــە نابەرامبــەر بــوو، هەرچەنــدە پێشــمەرگە بەرگریــی قارەمانانــەی کــرد و زیانێکــی یەکجــار زۆری بەســوپای ئێــران گەیانــد، بــەڵام لەبەرئــەوەى شــەڕەکە فــراوان و سەرتاســەری بــوو، ئێمــەش هێــزی پێویســتمان نەبــوو؛ لەهەمــوو ســنوورەکە هێــز جێگیــر بکەیــن، ســوپاى ئێــران توانــی لەهەنــدێ شــوێن ســەرکەوتن بەدەســت بێنێــت و پێشــڕەوی بــکات. لەگونــدی نەلیوانــی نێــوان شــنۆ و نەغــەدە چەنــد پێشــمەرگەیەک پێــی خۆیــان بەســتەوە و لەشــوێنی خۆیــان هەڵنەســتان تــا دەبابــە بەســەریان کــەوت و شــەهیدبوون کــە ژمارەیــان شــەش پێشــمەرگە بــوو، بەناوەکانــی (ســوڵتان مەرعــان بێرســیاڤی، بابیزدیــن محەمــەد ســێلکی، عەلــی عومــەر بێرســیاڤی، ســلێمانی فەقــێ دێرشــکی، حســن ســلێمان مێرگەســوری، ئەحمــەد عــوسمان ئیســڤێلی). ژمارەیــەک پێشــمەرگەش

برینداربــوون، لــە تۆڵــەی شــەهیدەکان پێشــمەرگە لــە گونــدی قاڕنــێ کــە دەکەوێتــە نێــوان خانــێ و نەغــەدە لەچالاکیەکــی پارتیزانیــدا هێرشــی کــردە ســەر ســوپای ئێــران و زیاتــر لەپەنجا ســەربازیان لــێ کوشــت و چــل ســەربازیش بەدیلگیــران.

## سەرکەوتنی پێشمەرگە لەبەرێ زەر و هەڵەج

لەڕێکەوتــی ١٩٤٧/٤/٣ هێزەکانــی ئێــران لــە ورمــێ، هێرشــێکی فراوانیــان بــۆ ســەر ملگەڤــەڕ دەســت پێکــرد، لەبــەری زەر پێشــمەرگە ڕووبــەڕووی هێرشــی ئێــران بووەیــەوە و بەرگــری پێشــمەرگە زۆر قارەمانانــە بــوو، لەئەنجامــدا هێرشــی دوژمــن بەتــەواوی تێکشــکا، لــەو شــەڕەدا چــوار پێشــمەرگە بەناوەکانــی (پیــر هەســن ســێلکی و ســەعید محەمــەد ســێلکی و سمایلخــان بارزانــی و عەلــی بێدارونــی) شــەهیدبوون. مــەلا مســتەفاش بــە ســوکی برینــدار بــوو، لەهەمانکاتــدا هێزێکــی گــەورەی ســوپای ئێــران هێرشــیان کــردە ســەر گوندەکانــی هەڵــەج و هەڤرســە؛ لــەو ســنوورەش پێشــمەرگە بەســەرکردایەتی محەمــەد ئەمیــن میرخــان ڕووبــەڕووی دوژمــن بوویــەوە و دوای بەرگرییەکــی قارەمانانــە هێرشــی دوژمــن بەتــەواوی تێکشــکا. حــەوت پێشــمەرگە بەناوەکانــی (ئەحمــەد کــەکال بێرســیاڤی، عەبــدوڵا ســورچی، خەلیــل ئاکرەیــی، حەمــۆ نەبــی ڕێزانەیــی، خواجــە خــاڵ مــەلا ڕزەیــی، شــەوکەت نــەعمان ئامێــدی، میرخــان دووری) شــەهیدبوون، ژمارەیەکــی دیکــەش برینــدار بــوون. بــە هەمــان شــێوە لەچەنــد شــوێنێکی دیکــەش شــەڕ و پێکدادانــی قــورس لــە نێــوان

پێشـــمەرگە و ســـوپای ئێرانـــدا دروســـت بـــوو، لەهەمـــوو بەرەکانـــدا پێشـــمەرگە زۆر ئازایانـــە بەرگـــری دەکـــرد، خەڵکـــی ناوچەکانـــی شـــنۆ و ملگەڤـــەڕو تلگەڤـــەڕ زۆر هـــاوکار بـــوون لەگـــەڵ ئێمـــە.

## بەجێهێشتنی خاکی ئێران

هـــەروەک پێـــشتر باســـم کـــرد دوای داگیرکردنـــی مەهابـــاد لەلایـــەن ســـوپای ئێرانـــەوە، ئێمـــە لـــەدوو بـــژاردە زیاترمـــان لەبەردەســـتدا نەبـــوو، یەکەمیـــان؛ ئەوەبـــوو بۆئـــەوەی بگەینـــە وەرزی بەهـــار و بگەڕێینـــەوە عێـــراق، پێویســـت بـــوو شـــەڕی مـــان و نەمـــان بکەیـــن و تـــا دوا هەناســـە و دوا دڵۆپـــی خوێـــن بەرگـــری لەخۆمـــان بکەیـــن، دووەمیشـــیان؛ ئەوەبـــوو مەرجەکانـــی ئێـــران جێبەجـــێ بکەیـــن و خۆمـــان ڕادەســـت بکەیـــن. خۆڕادەســـتکرد پێچەوانـــەی بیروبـــاوەڕ و فەرهەنـــگ و کولتـــووری ئێمـــە بـــوو دژ و ناکـــۆک بـــوو لەگـــەڵ ئـــەو بنەمـــا فکریانـــەی ڕێبازەکەمانـــی لەســـەر ئاڤـــا کـــرا بـــوو، بۆیـــە لەســـەر ڕاســـپاردەی خودانـــی بـــارزان مـــەلا مســـتەفا ڕێـــگای یەکەمـــی هەڵبـــژارد کـــە مردنێکـــی ســـەربەرزانە و شـــەڕەفمەندانە بـــوو لەپێنـــاو خـــاک و نەتـــەوەدا. بـــەم گیـــان و هەســـتە بـــەرزەوە بـــۆ چـــوار مانگـــی ڕەبـــەق ڕووبـــەڕووی ســـوپای زەبەلاحـــی ئێـــران و چەکـــە پێشـــکەوتووەکانی بووینـــەوە. ڕاســـتە خوێنێکـــی زۆرمـــان بەخشـــی و قوربانییەکـــی زۆرمانـــدا، بـــەڵام ســـەربەرزانە خاکـــی ئێرانمـــان بەجـــێ هێشـــت و بـــێ ئـــەوەی یـــەک خێزانـــی بارزانـــی بەجـــێ بمێنێـــت خۆمـــان گەیانـــدە گەلـــی گادەر کـــە دوا خاڵـــی ســـنووریە لـــە نێـــوان عێـــراق ئێـــران. بـــەم شـــێوەیە و دوای

بەخشـــینی خوێنێکـــی زۆر بـــۆ ڕۆژی (١٩٤٧/٤/١٠ ) هەمـــوو خێـــزان و هێزەکانمـــان لـــەگادەر یەکیـــان گرتـــەوە.

لەســـەر چەمـــی گادەر خـــودان و مـــەلا مســـتەفا بەتەنیـــا کۆبوونـــەوە کـــەسمان لەناوەڕۆکـــی کۆبونەوەکەیـــان ئـــاگادار نەبوویـــن، بـــەڵام دیـــار بـــوو لـــەو کۆبوونەوەیـــە دا بڕیـــاری پێویســـتیاندا لەبـــارەی چۆنیەتـــی گەڕانـــەوە بـــۆ عێـــراق و قۆناغـــی داهاتـــووی خەبـــات، دوای کۆبوونەوەکـــە خـــودان بەکورتـــی قســـەی بـــۆ فەرمانـــدە و کەســـایەتیە دیـــارەکان کـــرد و فەرمـــووی: «مـــن لەگـــەڵ خێزانـــەکان خـــۆم ڕادەســـتی عێـــراق دەکەمـــەوە و بـــۆ هـــەر ســـزادانێک مـــن لەپێشـــەوەی هەمـــووان دەبـــم و ئـــەوەی تریـــش بەدەســـتی خـــودای مەزنـــە و ئـــەوەی ئـــەو ڕای لەســـەر بێـــت هـــەر ئـــەوە ڕوو دەدات، مـــەلا مســـتەفاش خـــۆی ڕادەســـت نـــاکات و درێـــژە بـــەو ڕێگایـــە دەدات کـــە لەپێنـــاو چەســـپاندنی حـــەق و عەدالـــەت و لابردنـــی زوڵـــم و زۆرداری گرتوومانەتـــە بـــەر، ڕەنگـــە ڕێـــگای ئـــەو لەهـــی ئێمـــە ســـەختتر و دژوارتـــر بێـــت، کـــەس نازانێـــت لەبرســـان دەمـــرن یـــان بەهـــۆی بۆردمانـــی فڕۆکەکانـــەوە شـــەهید دەبـــن، بۆیـــە هەرکەســـێک توانـــای ئـــەوەی هەبێـــت بەرگـــەی ئـــەو تاڵـــی و زەحمەتانـــە بگرێـــت و ئامـــادە بێـــت بـــۆ مـــردن، پێـــم خۆشـــە لەگـــەڵ مـــەلا مســـتەفا بمێنێتـــەوە. لێـــرە هـــەردووکمان لەیـــەک جیـــا دەبینـــەوە و ڕەنگـــە جارێکـــی دیکـــە یـــەکتر نەبینینـــەوە. بۆیـــە ئـــەوەی بڕیـــار دەدات لەگـــەڵ مـــەلا مســـتەفا بمێنێتـــەوە دەبێـــت حســـابی ئـــەوە بـــکات کـــە ڕەنگـــە هەرگیـــز مـــاڵ و منداڵەکانـــی نەبینێتـــەوە».

دوای ئـــەم فەرمودانـــەی خـــودان زیاتـــر لـــە پێنـــج ســـەد گەنـــج

ئامادەیـــی خۆیـــان دەربـــڕی کـــە بـــۆ مـــردن لەگـــەڵ مـــەلا مســـتەفا بمێننـــەوە. پێنـــج ســـەد تـــا پێنـــج ســـەد و پەنجـــا کـــەس لەگـــەڵ مـــەلا مســـتەفا خـــوا حافیزیـــان لـــە خـــودان و کەســـوکارەکانیان کـــرد و لێیـــان جیابوونـــەوە. ئـــەو دیمەنـــە نـــاخ هەژێـــن و تراژیـــدی بـــوو، پـــڕ بـــوو لەخـــەم و ئـــازار، دایـــک کوڕەکـــەی لـــە ئامێـــز دەگـــرت و بـــە هـــاوار و فرمێســـکەوە بەڕێـــی دەکـــرد، بەهەمـــان شـــێوە بـــاوک منداڵەکانـــی لەبـــاوەش دەگـــرت و بـــۆ هەتـــا هەتایـــە خـــوا حافیـــزی لـــێ دەکـــردن، گریـــان و هـــاواری منـــداڵ و ئافرەتـــەکان بـــۆ کـــوڕ و بـــاوک و کەســـوکاریان دەگەیشـــتە ئـــاسمان. ئـــەو ســـاتانە وەکـــو ڕۆژی حـــەشر وابـــوون و هەمیشـــە وەکـــو یادەوەریەکـــی تـــاڵ و پـــڕ لـــە ئـــازار لەگەڵیانـــدا ژیـــاوم و هەرگیـــز لەبیـــرم نەکـــردوون.

## دوا گفتوگۆی نێوان مەلا مستەفا و ئەفسەرەکانی لیژنەی ئازادی

لەکاتـــی کشـــانەوەمان بـــەرە و ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان چەنـــد ئەفســـەرێکی کوردمـــان لەگـــەڵ بـــوو، چونکـــە گەنـــج و خوێنـــدەوار بـــوون مـــەلا مســـتەفا زۆر دڵـــی پێیـــان خـــۆش بـــوو؛ ڕێـــزی لـــێ دەگرتـــن و هەمیشـــە ڕێنمایـــی بەئێمـــە دەدا کـــە ڕێزیـــان لێبگریـــن و خـــواردن و خواردنەوەیـــان بـــۆ دابیـــن بکەیـــن، لەکاتـــی گەڕانـــەوەش، تـــا ســـەر چەمـــی گادەر لەگـــەڵمان بـــوون.

دووە ئەفســـەری فارســـیش بەنـــاوی (ئەبولحەســـەن تەفرەشـــیان و عەلـــی ئەســـغەر ئیحســـانی) کـــە لـــە ئەفســـەرانی ســـەرهەڵدانی خۆراســـانی ئێـــران بـــوون لەگـــەڵ چەنـــد هاوڕێیەکیـــان لەترســـی

ڕژێمــی شــا ڕایــان کــرد بــووە مەهابــاد، دوای ڕووخانــی کۆمــار ئــەو دوو ئەفســـەرەش لەگـــەڵ ئێمـــە مانـــەوە. بـــەر لـــەوەی ئێمـــە لەخێزانـــەکان جیــا ببینــەوە مــەلا مســتەفا بانگــی مــن و یاســین میکائیــل ســێلکی کــرد و فەرمـــووی: «هەوڵـــدەن کەمێـــک خـــواردن بـــۆ ئەفســـەرەکان پەیـــدا بکـــەن، ئەگـــەر پەیداتـــان کـــرد وەرنـــەوە ئێـــرە و بانگـــی ئەفســـەرەکان بکــەن بــا بێــن لێــرە نانەکەیــان بخــۆن»، مــن و یاســین لەنــاو خێزانــەکان گەڕایـــن کەمێـــک خواردنمـــان پەیـــدا کـــرد و گەڕاینـــەوە لای مـــەلا مســـتەفا. جەنابیـــان فەرمـــووی: «بانگـــی ئەفســـەرەکان بکـــەن بابێنـــە ئێـــرە خواردنەکـــە بخـــۆن»، چوویـــن بەدوایانـــدا و هێنامانـــە لای مـــەلا مســـتەفا، جەنابیـــان بەگەرمـــی بەخێرهاتنـــی لێکـــردن و فەرمـــووی: «زانیــم برســیتانە بۆیــە نــاردم نانتــان بــۆ پەیــدا بکــەن»، نانەکەمــان لەبەرەمیانــدا دانــا، لەگــەڵ نــان خواردنــدا مــەلا مســتەفا دەســتی بەقســەکردن کــرد و فەرمــووی: «خــودان لەگــەڵ خێزانــەکان خــۆی ڕادەســتی حکومەتــی عێــراق دەکاتــەوە، منیــش لەگــەڵ کۆمەڵێــک پێشـــمەرگە دەمێنمـــەوە و درێـــژە بەخەبـــات دەدەم، پێـــم خۆشـــە بزانـــم ئێـــوە نیازتـــان چیـــەو چ دەکـــەن»؟ ئەفســـەرەکان لەوەڵامـــدا گوتیــان: «ئێمــە توانــای ئەوەمــان نییــە وەکــو ئێــوە بەرگــەی هەمــوو ناخۆشــیەک بگریــن، بۆیــە بڕیارمانــداوە خۆمــان ڕادەســت بکەینــەوە»، مـــەلا مســـتەفا ڕووی تێکـــردن و فەرمـــووی: «حکومەتـــی عێـــراق ســـتەمکارە لەســـێدارەتان دەدات؛ بۆیـــە تکاتـــان لـــێ دەکـــەم خۆتـــان ڕادەســـت مەکـــەن و لەگـــەڵ ئێمـــە وەرن، بەڵێنتـــان پـــێ دەدەم مـــردن و ژیــنمان پێکــەوە دەبێــت». دواتــر بــە فارســی هەمــان قســەکانی بــۆ دوو ئەفســـەرە فارســـەکەش دووبـــارە کـــردەوە، (عـــزت عەبدولعەزیـــز

و خەیـــرولّا عەبدولکەریـــم و مســـتەفا خۆشـــناو محەمـــەد قودســـی و ئەفســـەرە ئێرانییـــەکان) گوتیـــان: «زۆر سوپاســـی هەڵوێســـتی جەنابتـــان دەکەیـــن، هیـــچ گومانێـــکمان لـــە دڵســـۆزی و خەمخـــۆری جەنابتـــان نییـــە، بـــەڵام دەزانیـــن دەبینـــە بارێکـــی قـــورس بەســـەر ئێـــوە و ناتوانیـــن وەکـــو ئێـــوە بەرگـــەی ســـەرماو برســـێتی و تاڵـــی و زەحمەتیەکانـــی خەباتـــی شـــاخ بگریـــن، لەجیاتـــی ئـــەوەی لەبرســـان بمریـــن بـــا لەســـێدارە بدرێیـــن»، تەنیـــا (میرحـــاج ئاکرەیـــی و عەبدولـــڕەحمان موفتـــی) ڕازی بـــوون کـــە لەگـــەڵمان بمێننـــەوە، بـــەم شـــێوەیە ئەوانیـــش خواحافیزیـــان لەمـــەلا مســـتەفا کـــرد و بـــەرەو نـــاو خاکـــی عێـــراق بەڕێکەوتـــن. مخابـــن هەرچواریـــان لەســـێدارەدران. عێـــراق ئەفســـەرە ئێرانییەکانـــی تەســـلیم بـــە ئێـــران کردبوویـــەوە، لەســـاڵی ( ١٩٧٥ )کـــە دووبـــارە ئـــاوارەی ئێـــران بووینـــەوە لەژیانـــدا مابـــوون ئێمـــەی دۆزیـــەوە و ســـەردانیان کردیـــن، هەردووکیـــان وەفـــادار بـــوون لـــە نوســـینەوەی یاداشـــەکانیاندا بـــە ئەمانەتـــەوە ڕاســـتی ڕووداوەکانـــی گێڕاوەتـــەوە و وەکـــو قارەمانێکـــی ئەفســـانەیی باســـیان لـــە ڕۆڵ و پێگـــەی مـــەلا مســـتەفا کـــردووە. ئەبولحەســـەن تەفرەشـــیان لەکتێبەکەیـــدا بەنـــاوی قیامـــی ئەفســـەرانی خۆراســـان دەڵێـــت: یەکەمجـــار کـــە لـــە شـــنۆ مـــەلا مســـتەفا بارزانیـــم بینـــی وەکـــو پەیامبەرێـــک لەنـــاو جەنگاوەرەکانیـــدا وەســـتا بـــوو. فیشـــەکی بەســـەردا دابـــەش دەکـــردن، لێـــی نزیـــک بوومـــەوە و خـــۆم پـــێ ناســـاند، لـــە وەڵامـــدا گوتـــی: «مـــن جگـــە لـــەم بزنـــەوەی بەشـــانمەوەیە هیچـــی دیکـــەم نییـــە، مـــن خزمەتـــکاری ئەمریـــکا و ڕووس و هیـــچ وڵاتێـــک نیـــم، مـــن خزمەتـــکاری کـــوردم و لەپێنـــاو ڕزگاری کـــورد و کوردســـتان خەبـــات دەکـــەم. تـــا هێـــزم وەبـــەردا

مابێــت ئــەم بڕنــەوە دانانێــم و دەســت لەخەبــات هەڵناگــرم. ئێــوە ئەگــەر بەحالــی مــن ڕازیــن و توانــای ئەوەتــان هەیــە وەکــو ئێمــە بەرگــەی ســەرماو برســێتی و مــردن بگــرن، ئــەوە بــرای ئێمــەن و بەخێــر بێــن

# بەشی سێیەم

# هەنگاوە بەراییەکانی بەرەو هەرمان

## قۆناغێکی دژوار و پڕ لەهەوراز و نشێو

خێزانەکانمان چەمی گادەریان بەرەو خاکی عێراق بەجێ هێشت، دوای ئەوەی کە دڵنیا بووین لەوەی بەسەلامەتی گەیشتنە ناو خاکی عێراق، مەلا مستەفا دووبارە هەموومانی کۆکردەوە، چووە سەربەردێکی مەزن و قسەی بۆ کردین و فەرمووی

«برایان ئەوە خودان لەگەڵ خێزانەکان گەیشتە نێو خاکی عێراق، بۆئەوەی نەبینە ئامانجی فڕۆکەکانی عێراق و ئێران پێویستە ئێمەش هەر ئیستا بەڕێ بکەوین. بەڵام چەند ئامۆژگاری و داوایەکی برایانەم لەهەمووتان هەیە، لەسەر ڕاسپاردەی خودان ئێمە ماینەوە، مانەوەمان لەپێناو ئەوەیە درێژە بەڕێگای شەهیدانمان بدەین و ڕێگاکەمان قورس و دژوار و پڕ لە هەوراز و نشێوە، دڵنیام لە هەموو ڕوویەکەوە لە قوناغەکانی ڕابردووی خەباتمان زەحمەتتر و دژوارتر دەبێت، بۆیە بەرلەوەی لە سنوور دوور بکەوینەوە تکایە باش بیر بکەنەوە ئەوەی توانای هەڵگرتنی ئەم بارە قورسەی نەبێت با هەر لێرە لێمان جیا ببێتەوە و بگەڕێتەوە ناو خێزانەکان و خۆی ڕادەست بکات. جگە لەمەش تکای من لەئێوە ئەوەیە ئەوەی دێت ئەگەر لەبرسان بمرێت نابێت نانێک بەزۆری لەخەڵک وەربگرێت و بۆ هەر ناوچەیەک بچین پێویستە وەکو خوشک و برای خۆتان مامەڵە لەگەڵ خەڵک بکەن، پێویستە گوێڕایەڵی فەرماندە و بەرپرسەکانتان بن، ئەگەر نانێکتان پەیدا کرد پێویستە بەیەکسانی و دادپەروەری لە

نێــوان خۆتانــدا دابەشــی بکــەن، لەکاتــی شــەڕ و پێکدادانــدا لەگــەڵ دوژمــن پێویســتە خۆتــان لەســەر یــەک بــە کوشــت بــدەن و بەهیــچ شــێوەیەک قبــووڵ ناکرێــت یــەکتر بەجێبێڵــن، ئەگــەر ســەربازی دوژمنتــان بەدیــل گــرت پێویســتە بەڕێــزەوە مامەڵــەی لەگەڵــدا بکــەن. ئەمانــە هەمــووی ڕاســپاردەی خودانــی بارزانــن بــۆ مــن، بۆیــە لەســەریان دەوەســتم و جێبەجێیــان دەکــەم و هەرکەســێک ســەرپێچی لــەم ڕاســپاردانە بــکات بەتوونــدی ســزا دەدرێــت، ڕاســتە هەمووتــان بــۆ مــن وەکــو برایەکــی ئازیــزن و زۆربەتــان کــوڕ و بــراو نــەوەی شــەهیدانن، بــەڵام دەبێــت بزانــن پاراســتنی بەهاکانــی بــارزان و بەرژەوەنــدی شــۆڕش لەهەموومــان گرنــگترن و دەبێــت پابەنــد بیــن پێیانــەوە، چونکــە هێــز و ســەرکەوتن و مانەوەمــان بەنــدە بــەوەی چەنــد پابەنــدی ئــەو بەهــا بەرزانــە دەبیــن، بۆیــە دووبــارە تکاتــان لــێ دەکــەم ئــەوەی پابەنــد نەبێــت، بــا لێــرە بگەڕێتــەوە و هــەر وەکــو برایــەک دەمێنێتــەوە«

دوای ئــەم قســانەی مــەلا مســتەفا هەموومــان پێکــەوە بەڵێــنمان بەجەنابیانــدا کــە بــۆ مــردن دەمێنینــەوە و پابەنــدی ڕێنمایــی و ڕاســپاردەکانی جەنابیشــیان دەبیــن. دوای ئەمــە مــەلا مســتەفا وەکــو ئامــادەکاری بــۆ بەرێکەوتــن و خۆپــاراستن لەهێــرش و پەلامــاری دوژمــن هێزەکــەی بــۆ ســەر پێنــج دەســتە دابــەش کــرد و بــۆ هــەر دەســتەیەکیش فەرماندەیەکــی دیــاری کــرد کــە ئەمانــە بــوون: (شــێخ ســلێمان بارزانــی، ئەســعەد خۆشــەوی، شــەهید محەمــەد ئەمیــن میرخــان، مامنــد مەســیح و مســتۆ مێــرۆزی). بــەم شــێوەیە

لــە ڕێکەوتــی ١١ــــی نیســانی ١٩٤٧ لــە چەمــی گادەرەوە بەڕێــگای ســەری نازدارەداغــدا بــەرەو گەلــی خواکــورک بەڕێکەوتیــن، بــۆ درەنگانــی ئێــوارە گەیشــتینە گونــدی موســڵوک. چەنــد خێزانێکــی شــێخزادەکان لــەو ناوچەیــە هەبــوون. پەیوەنــدی شــێخزادەکان و بنەماڵــەی بــارزان هــەر ئــەوکات بەهێــز بــوو. مــەلا مســتەفا فەرمانــی پێکردیــن چەنــد پێشــمەرگەیەک بچنــە لایــان و پێیــان بڵێــن مــەلا مســتەفا لێرەیــە ئەگــەر بکرێــت هەنــدێ ئــارد بەپــارە یــان وەکــو هــاوکاری بمــان دەنــێ. چەنــد پێشــمەرگەیەک فەرمانەکەیــان بەجێگەیانــد. خێزانــەکان دڵســۆزانە هاتنــە پێشــەوە و بەشــی چەنــد ڕۆژێــک ئاردیــان پێدایــن. ڕۆژانــە خۆمــان ئاردەکەمــان دەکــردە نــان و بەســەر پێشــمەرگەکاندا دابــەشمان دەکــرد. بەیانــی ڕۆژی دواتــر لــە موســڵوک بەڕێکەوتیــن بــەرەو ســنوورەکانی تورکیــا و بەهــاوکاری گوندەکانــی گــەردی کــە لەنــاو ســنووری تورکیــادان بــۆ چەنــد ڕۆژێــک لەسێگۆشــەی ســنوور ماینــەوە. ڕۆژی ١٩نیســان لەگونــدی دەریــا ســور و بەنــاو خاکــی تورکیــادا پەڕینــەوە بــۆ دەڤــەری بــارزان و گەیشــتینە گونــدی زێــت. لــەوێ ژماریــەک پێشــمەرگە کەوتنــە کەمینێکــی جــاش و پۆلیــس، پێشــمەرگە وەڵامیاندایــەوە و شــەڕێکی توونــد دروســت بــوو، هێــزی دوژمــن لەناوچەکــە ڕایانکــرد، لەئەنجامــی شــەڕەکەدا پێشــمەرگەیەک بەنــاوی تێلــی عەبدولکەریــم کەلێتــی شــەهید بــوو پۆلیســێکیش کــوژرا و جاشــیکیش بەدیلگیــرا. لــە زێــت بــۆ هەڵســەنگادنی بــارودۆخ و دیاریکردنــی ڕێوشــوێنی پێویســت بــۆ مانەوەمــان لــەو ناوچەیــە مــەلا مســتەفا لەگــەڵ فەرماندەکانــی پێشــمەرگە کۆبوویــەوە، دوای وەرگرتنــی ڕاوســەرنجی ئامادەبــووان

بڕیاری پێویست لەبارەی هەنگاوەکانی داهاتوو درا کە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو. بەهۆی ئەو شەڕەی لە نێوان هێزەکانی ئێمە و حکومەت لە زێت دروست بوو، پێشبینی دەکرا فڕۆکەی عێراق و تورکیا هێرش بکەنە سەرمان، بۆیە بڕیار درا گوندی زێت بەجێبێڵین و لە سنووری تورکیا دوور بکەوینەوە. مەلا مستەفا لەگەڵ هێزی سەرەکی بچێتە گوندی ئەرگوش لەوێ جێگیر بێت، ئەسعەد خۆشەویش لەگەڵ هێزێک لە نێوان سێلکێ و شێروان مەزن جێگیر بێت و چاودێری جموجۆڵی هێزەکانی حکومەت بکات و هەتا بۆیان بکرێت خۆیان لەپێکدادان لەگەڵ هێزەکانی حکومەت بەدوور بگرن. پەیامێکیش بۆ حکومەت ڕەوانە بکرێت ئەگەر حکومەت ئامادە بێت خودانی بارزان و خێزانەکان بگەڕێنێتەوە ناوچەکە ئەوە ئێمەش بۆ گفتوگۆ ئامادەین. دوای تەواو بوونی کۆبوونەوەکە هەموو ئەو خاڵانەی بڕیاریان لەبارەوە درابوو دەست بەجێبەجێ کران. مەلا مستەفا لەگەڵ هێزی سەرەکی بەرەو ئەرگوش بەڕێکەوت، پەیام بۆ حکومەت ڕەوانەکرا و ئەسعەد خۆشەویش بۆ شوێنی دیاری کراوی خۆی بەڕێکەوت. من یەکێک بووم لەو هێزەی لەگەڵ ئەسعەد خۆشەویدا بووین. ئێمە لەبەرزاییەکانی ڕێگای نێوان سێلکێ شێروان جێگیر بووین. نێردراومان ناردە گوندەکانی سێلکێ و لێڕاو ئیدلبێ و پێندرو ئاگادارمان کردنەوە کە ئێمە لێرەین ئەگەر بۆیان بکرێت و لەتوانایاندا بێت هەندێ نانمان بۆ بنێرن. خەڵکەکە بەو هەواڵە زۆر خۆشحاڵبوون و دڵسۆزانە و مەردانە دەستیان بە کۆکردنەوەی خواردن کرد و بۆیان ڕەوانە کردین. بۆ چەند ڕۆژێک

لــە شــوێنی خۆمــان ماینــەوە و هەســتمان بەهیــچ جووڵەیەکــی حکومــەت نەکــرد. لــەڕۆژی ٢٣ی نیســان ١٩٤٧ لەڕێــگای معــاون عەلــی والــی بــەگ و براهیــم هوســتانییەوە حکومــەت وەڵامــی پەیامەکــەی مــەلا مســتەفای دایــەوە کــە بــەم شــێوەیە بــوو: پێویســتە بــێ قەیــد و شــەرت مــەلا مســتەفا و جەماعەتەکــەی خۆیــان ڕادەســت بکــەن، ئەگەرنــا لەڕێــگای هێــزەوە لەناویــان دەبەیــن. مــەلا مســتەفاش وەڵامــی بــۆ حکومــەت نــاردەوە و پێــی ڕاگەیانــدن تــا یــەک کــەسمان مابێــت خۆمــان ڕادەســت ناکەیــن و درێــژە بەخەبــات دەدەیــن، تــا دوا هەناســەو دوا دڵۆپــی خوێــن بەرگــری لەخۆمــان و خــاک و نەتەوەکەمــان دەکەیــن و هیــچ هێزێکیــش نییــە ئــەو ئیرادەیەمــان لــێ زەوت بــکات. جگــە لەمــە نێردراوەکانــی حکومــەت زانیاریــان لەبــارەی چارەنووســی خــودان و خێزانەکانیــش دایــە مــەلا مســتەفا و پێیــان ڕاگەیانــد کــە حکومــەت وەکــو دیلــی شــەڕ مامەڵەیــان لەگەڵــدا دەکات، هەموویــان لــە دیانــا و لــە کەمپێکــدا کۆکراونەتــەوە[١١]. دەوری کەمپەکــەش تەلەبەنــد کــراوە و بەهێــز دەورەدراون. دوو ڕۆژ دوای گەڕانــەوەی نێــردراوەکان، حکومــەت لــە هەمــوو لایەکــەوە هێــزی بــەرەو ناوچــەی مــزوری بــاڵا جووڵانــد. هێزێــک لــە میرگەســۆر و شــێروانەوە بــەرەو ســێلکێ، هێزێــک لــە ئامێــدی و ناوچــەی ڕێکانــەوە بــەرەو شــیڤێ و بەنــان، هێزێکیــش لەچیــای پیرســەوە بــەرەو بــارزان و چیــای شــیرین. لەســەر داوای حکومەتــی عێــراق تورکیــاش هێــزی هێنایــە نزیــک زێــت و بێــڕۆخ. هێزەکانــی حکومــەت لــە جــاش و ســەرباز و پۆلیــس پێکهاتبــوون، جاشــەکان ڕۆڵــی ســەرەکیان هەبــوو. لەبــەرەی شــێروان بــۆ ســێلکێ هێزەکــەی ئێمــە ڕووبــەڕووی هێــزی دوژمــن

بوویـەوە و توانـیمان هێرشـی دوژمـن ڕابگریـن. ژمارەیەکـی زۆر جـاش و سـەرباز کـوژران و برینداربـوون، یەکێـک لـە بریـندارەکان کەسـێکی خائیـن بـوو بەنـاوی محەمـەد ئەمیـن شـیقی کـە خەڵکـی ناوچەکـە بـوو بەهـۆی برینەکەیـەوە چاوێکـی لەدەسـتدا. زیانـی ئێمـەش دوو شـەهید و چەنـد بریندارێـک بـوون. هێزەکانـی دوژمـن بەهـاوکاری جاشـەکان بەسـەر چیـا شـیرینەوە گەیشـتنە هاوینەهـەواری هـۆرێ و لەوێشـەوە بەسـەر لوتکـەی موسـەکا و چیـای نـزاری سـێلکێ سـەرکەوتن. ئـەوە مەترسـیەکی زۆری لەسـەر ئێمـە دروسـت کـرد، ئەگـەری ئـەوە هەبـوو بتوانـن ئێمـە لەهێـزی سـەرەکی دابـڕن کـە لەگونـدی ئەرگـوش بـوون. بۆیـە لەسـەر بڕیـاری مـەلا مسـتەفا ئێمـەش بـەرەو ئەرگـوش کشـاینەوە، هەروەهـا لەبـەرەی دەڤـەری ڕێکانیانیـش بەچاوسـاغی جـاش دوژمـن هەندێـک شـوێنی داگیـر کـرد.

## بڕیاری یەکلا کەرەوە و مێژوویی

یەکێـک لەتایبەتمەندیەکانـی مـەلا مسـتەفا ئـەوە بـوو بـۆ هـەر کارێکـی گرنـگ و چارەنووسسـاز هەمیشـە ڕاوێـژی بـە فەرمانـدە و کەسـە خـاوەن ئەزموونـەکان دەکـرد و ڕاوسـەرنجیانی وەردەگـرت و ئینجـا بڕیـاری دەدا. تەنانـەت گوێـم لـێ بـووە زۆر جـار بۆچوونـی چێشـتلێنەر و پاسـەوانەکانی لەبـارەی ڕووداو و پێشـهاتەکان وەردەگـرت. بـەم پێیـە لـە ئەرگـوش بـۆ هەڵسـەنگادنی بـارودۆخ و دیاریکردنـی ڕێوشـوێنی پێویسـت بـۆ هەنـگاوی داهاتوومـان، لـەڕۆژی ( ٦ی گوڵانـی ١٩٤٧) دووبـارە لەگـەڵ هەمـوو فەرماندەکان کۆبوویـەوە و دوای وەرگرتنـی

ڕاو سـەرنج و بۆچوونـی هەمـوو ئامادەبـووان گەیشـتە ئـەو قەناعەتـەی کـە مانـەوەی ئێمـە لـەو ناوچـە تەسـکەدا بەتایبـەت کـە لەلایـەن هێـزی عێـراق و تورکیـا بەچـڕی دەورە دراوە، شـتێکی مەحاڵـە و وەکـو کارێکـی خۆکـوژی وایـە، بۆیـە لەپێنـاو پاراسـتنی ناسـنامەی کـورد و درێـژەدان بـە خەبـات بڕیـاری یەکلاکـەرەوە درا کـە بـەرەو یەکێتـی سـۆڤیەت بەڕێبکەویـن.

دوای کۆبوونەوەکـە بڕیارەکـە بـە هەمـوو هێزەکـە ڕاگەیـێنراو ئـاگادار کرایـن کـە ئامـادەکاری بکەیـن بـۆ دەسـتپێکردنی ڕێـرەوە مێژوویەکـە، ئامادەکاریـەکان و کۆکردنـەوەی هێـزەکان چەنـد ڕۆژێکیـان خایانـد، لـەڕۆژی (١٩٤٧/٥/١٩) هێـزەکان ئەرگوشـیان بـەرەو دەڤـەری هەرکـی بنەجـی بەجێهێشـت. دەسـتەی مسـتۆ مێـرۆزی لەپێشـەوەی هێزەکـە بەڕێکـرا، دوای ئەویـش هێزەکانـی دیکـە، دەسـتەی ئەسـعەد خۆشـەویش لـەدوای هەمـووان بەڕێکـەوت، ئەرکـی ئـەو دەسـتەیە ئەوەبـوو ئەگـەر کەسـێک لەڕێـگادا بەجـێما یـان پەکیکـەوت هـاوکاری بکـەن تـا بەجـێ نەمێنێـت. ڕۆژی (١٩٤٧/٥/٢٢) گەیشـتینە دەڤـەری هەرکـی بنەجـێ، حکومـەت لەڕێـگای کەسـانی خائینـەوە زانیـاری پێگەیشـت کـە مـەلا مسـتەفا و هێزەکانـی لەگونـدی درێ و باسـیان جێگیربـوون، بۆیـە ڕۆژی (١٩٤٧/٥/٢٣) زیاتـر لـە دە فڕۆکـەی جەنگـی هێرشـێکی بەربڵاویـان کـردە سـەر ناوچەکـە و بـە چـڕی بۆردومانیـان کـرد، لەئەنجامـی بۆردومانەکـەدا دوو پێشـمەرگە بەناوەکانـی تەمـۆ مسـتەفا بناڤـی و تاهـا عزیـز سـپینداری شـەهید بـوون و چـواردە پێشـمەرگەش برینـدار بـوون. ئـەو

برینداران‌ــەی برینەکانیــان ســەخت بــوو ڕادەســتی موختــاری گونــدی درێ کــران تــا ڕادەســتی حکومــەت بکاتــەوە. بــەو هیوایــەی بتوانــن کۆتایــیمان پــێ بێنــن تورکیــا و عێــراق هەمــوو ڕێگاکانیــان کــونترۆڵ کردبــوو، تاکــە ڕێــگا بــۆ دەربــاز بــوون لەناوچەکــە ڕێــگای چوارچەلــی هەرکیــان و تەســتی بێــداق[١٢] بــوو، ئــەو ڕێگایــەش لەهەمــوو ڕوویەکــەوە دژوار و عاســێ بــوو. جگــە لــەوەی چیایەکــی ڕژد و بــەرزە چــوار وەرزی ســاڵ بــە بەفــر داپــۆشراوە، بــەم پێیــە حکومەتــی عێــراق و تورکیــا قــەد پێشــبینی ئەوەیــان نەکــرد بــوو کــە ئێمــە خۆمــان لــەو ڕێگایــە بدەیــن

بــۆ تەواوکردنــی ئامــادەکاری زیاتــر و پەیداکردنــی خــواردن، چەنــد ڕۆژێــک لەگوندەکانــی هەرکــی بنەجــێ مانیــەوە، لەڕاســتیدا خەڵکــی ئــەو گوندانــە دڵســۆزانە هاوکاربــوون، هــەم خواردنیــان بــۆ ئامــادە کردیــن هەمیــش ئامادەییــان دەربــڕی کــە لەگــەڵمان بێــن تــا تەســتی بێــداو بەجێدێڵیــن. بــەم شــێوەیە لــەڕۆژی ٢٥ی گــوڵان گونــدی بێــداو کــە دوا گونــدی هەرکــی بنەجیــە بــەرەو تەســتی بێــداو بەجــێمان هێشــت. تەســتی بێــداو و چوارچەلــی هەرکیــا وەکــو ئــەوە وابــوو تــازە ســەرەتای وەرزی زســتان بێــت، بەفەرکــە بەتــەواوی ڕەق ببوویــەوە. بۆیــە بەســەردا ڕۆیــشتن زۆر ئەســتەم بــوو، هەرکەســێک پێــی خلیســکابا تــا بنــی چیایەکــە ڕانەدەوەســتا، لەبەرئــەوەی ئێمــە ژمارەیــەک بریندارمــان لەگەڵــدا بــوو ئەمــە زۆر مەترســیدار بــوو، بۆیــە بــۆ مســۆگەرکردنی ســەلامەتی هەموومــان بەبــاش زانــرا ئــەو پێشــمەرگانەی تونایــان باشــە وەپێــش بکــەون و بەســەرەنیزە و خەنجــەر

و قۆنداخــە تفەنــگ لەســەر بەفرەکــە شــوێنی پــێ هەڵقۆڵــن تــا وەکــو پێلــەکان پێــی لەســەر دانێیــن. ئەمــە کاتێکــی زۆری بــرد و زۆر پێیــەوە مانــدوو بوویــن، بــەڵام لەبەرئــەوەی نەدەبــوو بەشــەو لەنــاو ئــەو بەفــرەدا بمێنینــەوە، کــوڵمان نــەداو بــەردەوام بوویــن لــەڕێ ڕۆیــشتن، ســەر ئەنجــام دوای دە کاتژمێــر توانــیمان ئــەو ڕێــگا ســەختە ببڕیــن و بەتەســتی بێــداو و چوارچەلــی هەرکیانــدا ســەرکەوتین و گەیشــتینە نــاو خاکــی تورکیــا. بــۆ درەنگانــی ئێــوارەی هەمــان ڕۆژ گەیشــتینە گونــدی بایــێ کــە یەکــەم گونــدی ناوچەکــە بــوو، خەڵکــی گونــد بەگەرمــی پێشــوازیان لێکردیــن و شــوێنی حەوانــەوە و خــواردن و خواردنەوەیــان بــۆ دابیــن کردیــن، مــەلا مستەفا داوای لــە موختــار و ڕیــش ســپیانی گونــد کــرد کــە هاوکارمــان بــن تــا بتوانیــن لەنزیکتریــن ڕێــگاوە بگەینــە نــاو خاکــی ئێــران، ئەوانیــش گوتیــان: ســوپای تورکیــا هەمــوو ڕێگاکانیــان کــۆنترۆڵ کــردوە، بــەڵام خەمتــان نەبێــت ئێمــە بەتــەواوی شــارەزایی ناوچەکەیــن و دەتوانیــن بەڕێگایەکــی وادا دەربازتــان بکەیــن کەهیــچ مەترســیەکی لەســەر نەبێــت، ئەویــش ڕێــگای زینوێــی ( ئاســنگەرانە ) کــە دەکەوێتــە نێــوان گەڤــەرو شــەمزینان، ڕێگاکــە شــاخاویە و هیــچ هێزێکــی حکومەتــی لــێ نییــە. بەرەبەیانــی ڕۆژی دواتــر ٢٦ی گــوڵان موختــاری گونــدی بایــێ وەپێــشمان کــەوت و بەڕێکەوتیــن و بــۆ درەنگانــی ئێــوارە گەیشــتینە نێــوان گەڤــەڕ و شــەمزینان، ناوچەکــە ناوچەیەکــی شــاخاوی و ســەخت بــوو، هیــچ گوندێکیــش لێیــەوە نزیــک نەبــوو، بۆیــە شــوێنێکی گونجــاو بــوو تــا بتوانیــن کەمێــک پشــوو بدەیــن، فەرمــان بەهێــزەکان دران کــە بــۆ پشــوودان بــوەستن، شــوێنەکە لوتکــەی چیایێکــی بــەرز بــوو،

کاتیــش دەمــەو ئێــوارە بــوو، خــۆر هێــدی هێــدی لەئــاوا بــوون نزیــک دەبوویــەوە. ئەســعەد خۆشــەوی بانگــی کــردم گوتــی: تەیمــەز مــەلا مســتەفا بەتەنیــا کەمێــک دوور کەتووتــەوە بــڕۆ بەدوایــداو چــاوت لــێ بێــت، گوتــم بــۆ کام لا چــوو؟ هەندێــک بــەردی گــەورە دیــار بــوون، دەســتی بــۆ لای بــەردەکان درێــژ کــرد و گوتــی: بــۆ لای ئــەو بەردانــە چــوو، مــن یەکســەر بــەرەو شــوێنەکە ڕۆیشــتم، بینیــم مــەلا مســتەفا لەســەر بەردێکــی مــەزن بەبــێ دەنگــی دانیشــتووە و ڕووی کردووتــە ناوچــەی بــارزان، شــوێنەکە هێنــدە بــەرز بــوو لەوێــوە لوتکــەی چیــای کــوڕی هــۆرێ و بوتیــن دیــار بــوون کــە دوو چیــای بــەرزی دەڤــەری بارزانــن. بۆئــەوەی هەســت بــە بوونــی مــن نــەکات هیــچ جووڵەیەکــم نەکــرد، دوای چەنــد خولەکێــک هەســتایە ســەر پــێ و ڕووی کــردە لای ئێمــە، کاتێــک چــاوی بەمــن کــەوت یەکســەر فەرمــووی: «تەیمــەز ئــەوە تــوو لێــرەی»؟! منیــش گوتــم بەڵــێ ئەزبەنــی چەنــد خولەکێکــە لێــرەم؛ بــەڵام نــەم ویســت هەســت بەبوونــی مــن بکەیــت، دواتــر فەرمــووی بەســەر بەردەکــە ســەرکەوە و وەرە لام دانیشــە، کاتێــک بەســەر بەردەکــە ســەرکەوتم، بینیــم چاوەکانــی جەنابیــان ســوور هەڵگــەڕاون و فرمێســک لەچاوەکانــی دەهاتنــە خــوارەوە! کــە ئــەو دیمەنــەم بینــی دڵــم پــڕ بــوو لــەژان و خۆمــم پــێ کــۆنترۆڵ نەکــراو دەســتم بەگریــان کــرد و دەنگــم بــەرز بوویــەوە یەکســەر جەنابیــان منــی لەئامێــز گرتــوو فەرمــوی: «تەیمــەز مەگریــێ هیــچ ڕووی نــەداوە هــۆکاری فرمێســکەکانی مــن ئــەوە بــوو کــە لەگــەڵ خــودای خۆمــدا لەپەیوەنــدی و خەڵوەتێکــی ڕوحیــدا بــووم. کەمێــک گەڕامــەوە دواوە و ئــەو هەڤاڵــە قارەمانانــەم هاتــەوە

یـاد کـە ڕۆژگارێـک بەتەنیشـت ئێمـەوە بـوون و سـەربەرزانە گیانـی خۆیـان کـردە قوربانـی ڕێـگای حـەق و عەدالـەت». ئینجـا وەکـو ئاماژەیـەک بـۆ دەڤـەری بـارزان دەسـتی بـۆ لای خـۆر ئاوابـوون درێـژ کـرد و فەرمـووی: «تەیمـەز ئـەو چیایانـەی دوور بـەدوور لێمانـەوە دیـارن ڕۆژگارێـك شـوێنی حەوانـەی شـەهید خەلیـل خۆشـەوی و ئەحمـەد نـادرو ئارەبـی باوکـت و هەڤاڵەکانیـان بـوون، داروبـەردی ئـەو چیایانـە شـاهیدی بـۆ ئازایەتـی و قارەمانێتـی و جوامێـری ئـەو مێرخاسـانە دەدەن، هەمـوو هێـزی عێراقـی و تورکـی بەپشـتیوانی هێـزی ئاسمانـی بەریتانیـا نەیانتوانـی زەفەریـان پـێ ببـەن، بـەڵام مخابـن کـوردی خائیـن و وڵاتفـرۆش بوونـە چاوسـاخی دوژمـن و لەنـاو ئەشـکەوتێک گەمارۆیانـدان، تـادوا هەناسـە و دوا دڵۆپـی خوێـن بەرگریـان کـرد و بەسـەربەرزی شـەهید بـوون. ئێمـە درێـژە پێـدەری ڕێبـازی ئەوانیـن، شـێخ عەبدولسـەلام دامەزرێنـەری ئـەو ڕێبازەیـە و دوای ئەویـش خودانـی بـارزان بەردەوامـی پـێ داوە«. دواتـر فەرمـووی: «تەیمـەز دەزانـم هەمووتـان مانـدوو و شـەکەتن، سـەرما و برسـێتی تەنگـی پـێ هەڵچنیـوون و لەخەمـی کەسـوکارتاندان، بـەڵام خەمـی مـن لەخەمـی هەمووتـان گەورەتـرە، خەمـی مـن خەمـی هەمـوو کـوردە، خەمـی خودانـی بـارزان و هەمـوو ئـەو ژن و منداڵانەیـە کـە لەناچـاری خۆیـان ڕادەسـتی دوژمـن کـردووە و کەسـیش نازانێـت چیـان بەسـەر دێـت. هەمـوو ئەمانـە بارێکـی قورسـن بەسـەر شـانمەوە، بـەڵام ئـەوە قـەدەری ئێمەیـە کـە ئـەو بـارە قورسـە هەڵگریـن، بۆیـە دەبێـت وەفاداربیـن بـەو بەڵێنـەی بـۆ درێـژەدان بەڕێـگای شـەهیدان بەخودانـی بـارزان و هەمـوو کوردمـان داوە، دەبێـت وەفاداربیـن بـەو

بەڵێنــەی بــۆ پاراســتنی ئــاڵای کوردســتان بەقــازی و شــەهیدانمان داوە. ئاخــر چارەنووســی هەمــوو کــورد بەنــدە بــەم ڕێــرەوەی ئێمــەوە، ئەگــەر تێیــدا ســەرکەوتین ئــەوەی دەتوانیــن کێشــەی کــورد وەکــو کێشــەیەکی ڕەوا بەهەمــوو جیهــان بناســێنین و درێــژەش بەخەبــات بدەیــن، مــن دڵنیــام بەخۆراگــری و کۆڵنەدانــی ئێــوە لەئاســت ئــەو چاوەڕوانییــەدا دەبیــن کــە خودانــی بــارزان و هەمــوو کــورد لەئێمــە هەیانــە». دوای ئــەم قســانە ڕووی کــردە لای خــۆر ئاوابــوون و فەرمــوی «تەیمــەز دونیــا خەریکــە تاریــک دەبێــت، بابچینــەوە لای هەڤاڵانمــان»

دوای پشــودانێکی کــورت لەســەر داوای موختــار بەڕێکەوتیــن و بــۆ ئێــوارەی (٥/٢٧/ ١٩٤٧) گەیشــتینە ســنووری ئێــران، لــەوێ موختــار ماڵئاوایــی لێکردیــن و گەڕایــەوە، مــەلا مســتەفا زۆر سوپاســی موختــاری کــرد و دەبانچەیەکــی وەکــو دیــاری پێــداو فەرمــووی: «لــەوە زیاتــر هیچــم نییــە کــە شــایانی زەحمــەت و ماندووبوونــی ئێــوە بێــت، ئــەم دەمانچەیــە وەکــو دیــاری لێــم وەگــرە». موختاریــش لەوەڵامــدا گوتــی: ئەزبەنــی جەنابتــان لەپێنــاو ئێمــە و هەمــوو کــورد ئــەم ڕێــگا دژوارەتــان هەڵبــژاردووە، بۆیــە ئەرکــی ئێمەشــە هــاوکار و پشــتیوانتان بیــن، خوزگــە شــانازی ئــەوەم هەبوایــە منیــش یەکێــک بــام لــەو قارەمانانــەی کــە لەگــەڵ جەنابتانــدان، بــەڵام دیــارە قــەدەر ئــەو شــانازیە مەزنــەی بەمــن نەبەخشــیوە.

# دووبارە گەیشتینەوە ناو خاکی ئێران

دوای ئـــەوەی موختـــار ئێمـــەی بەجێهێشـــت ئێمـــەش بـــەرەو نـــاو خاکـــی ئێـــران بەڕێکەوتیـــن و نزیـــک بووینـــەوە لەگونـــدی جێرمـــێ. بـــەر لـــەوەی بچینـــە نـــاو گوندەکـــە مـــەلا مســـتەفا فەرمـــووی: «بۆئـــەوەی خەڵکەکـــە تۆشـــی تـــرس و دڵـــە ڕاوکـــێ نەبـــن دوو کـــەس بڕۆنـــە نـــاو گوندەکـــە و ئاگاداریـــان بکەنـــەوە کـــە ئێمـــە لێرەیـــن و پێیـــان بڵێـــن ئێمـــە بـــرای ئێوەیـــن و ئەگـــەر دەرفەتمـــان بدەنـــێ دێینـــە نـــاو گوندەکەتـــان و مێوانتـــان دەبیـــن، ئەگەریـــش پێتـــان خـــۆش نییـــە ئـــەوە ڕێـــگای خۆمـــان دەگرینـــە بـــەر و تێدەپەڕیـــن». دوو پێشـــمەرگە فەرمانەکەیـــان بەجێگەیانـــد و گەڕانـــەوە. گوتیـــان خەڵکـــی گونـــد ئامادەییـــان دەربـــڕی کـــە لـــە هەمـــوو ڕوویەکـــەوە هاوکارمـــان بـــن. مـــەلا مســـتەفا فەرمانیـــدا بـــەرەو نـــاو گونـــد بکەوینـــەڕێ، کاتێـــک نزیـــک بووینـــەوە موختـــاری گونـــد و چەنـــد ڕیـــش ســـپیەک هاتبوونـــە پێشـــوازیمان و هەندێـــک نانیشـــیان بـــۆ هێنـــا بوویـــن. مـــەلا مســـتەفا بـــەر لـــە هەمـــووان گەیشـــتە لایـــان، دوای ئەحـــواڵ پرســـی داوای لێکـــردن کـــە ئـــەو نانـــەی هێناویانـــە بدەنـــە دەســـت جەنابیـــان تـــا بـــۆ دەســـتەی دواوە ببـــات کـــە برینداریـــان لەگەڵـــە، ئەوانیـــش مـــەلا مســـتەفایان نەناســـی، بۆیـــە لـــە وەڵامـــدا گوتیـــان: ئـــەم نانەمـــان بـــۆ مـــەلا مســـتەفا هێنـــاوە تـــا ئـــەو نەیخـــوات بەکەســـی دیکـــە نـــا دەیـــن! مـــەلا مســـتەفاش لەوەڵامـــدا فەرمـــووی: «مـــن مـــەلا مســـتەفام، ئـــەوە بـــۆ ئـــەوان جێـــی سەرســـوڕمان بـــوو، ســـەرەتا بڕوایـــان نەکـــرد و گوتیـــان دیـــارە ئێـــوە متمانەتـــان بەئێمـــە نییـــە، پشـــت ڕاســـتبن ئێمـــە بەڕاســـتگۆیی مامەڵەتـــان لەگـــەڵ دەکەیـــن

و هیــچ نیازێکــی خــراپمان نییــە، بۆیــە تــکا دەکەیــن متمانەمــان پــێ بکــەن و بمــان بەنــە لای مــەلا مســتەفا، دووبــارە مــەلا مســتەفا گوتــی «بــڕوا بکــەن مــن مــەلا مســتەفام»! دیســان ئــەوان گوتیــان ئاخــر ئێمــە پــێمان وابــوو مــەلا مســتەفا جــل و بەرگێکــی خاوێنــی لەبەردایــە و ئێســتا بــە ســواری ئەســپێکەوە بــە بەردەمــی ئێمــە تــێ دەپەڕێــت، کەچــی دەبینیــن جلوبەرگــی جەنابتــان لەهــی هەمــووان خــراپترە و بەبــێ پاســەوانیش وەپێــش هەمــووان کەوتــووی، و ئامادەشــی نــان بــۆ ئەوانــەی دواوە ببەیــت!

دوای ئــەوەی کــە بڕوایــان کــرد ئــەوە مــەلا مســتەفا خۆیەتــی لەخۆشــیان شاگەشــکە بــوون و بەڕێــزەوە بەخێرهاتنیــان لــێ کــرد

دوای گەیشــتنی هەمــوو هێزەکــە بــەرەو نــاو گونــد بــەڕێ کەوتیــن. لەلایــەن هەمــوو خەڵکــی گونــدەوە بەگەرمــی پێشــوازی کرایــن و میوانداریــان کردیــن و زۆریــش هەوڵیانــدا شــەو لایــان بمێنینــەوە، بــەڵام دوای پشــوودانێکی کــورت ئــەو گوندەمــان بەجــێ هێشــت و بــەرەو ناوچــەی ملگەڤــەڕ بــەڕێ کەوتیــن، بــۆ بەیانــی ڕۆژی دواتــر گەیشــتینە گونــدێ ئەمبــێ و دەربەنــد و تلــوی، ئەمانــە گوندەکانــی هەویــرک و بــوون کــە پێــشتر خیانەتــی لــە ئێمــە کــرد بــوو، باجــی خیانەتەکەشــی وەرگــرت، دیــارە هەواڵــی ئــەوە بەناوچەکــە گەیشــت بــوو کــە مــەلا مســتەفا لەســێ گوشــەی ســنووری ماوەتــەوە و درێــژە بەشــۆڕش دەدات. بۆیــە هەمــوو ئاغــاو دەربەگەکانــی ئــەو ناوچەیــە لەترســی تۆڵەکردنــەوە ناوچەکەیــان بەجێهێشــتبوو. تەنیــا خەڵکــی ئاســایی لــە گونــدەکان مابوونــەوە. بەرلــەوەی ئێمــە بچینــە نــاو

گونـدەکان مـەلا مسـتەفا فەرمانـی پێکردیـن کـە نابێـت ئـازاری کـەس بدەیـن، چونکـە ئەوانـەی لەگونـدەکان مـاون خەڵکـی بـێ تاوانـن و دەبێـت وەکـو خوشـک و بـرای خۆمـان مامەڵەیـان لەگەڵـدا بکەیـن. زۆربـەی خەڵکـی ئـەو گوندانـە هەرکـی بـوون، لەبەرئـەوەی خزمایەتیـان لەگـەڵ ئەسـعەد خۆشـەوی هەبـوو زۆر بـاش بـوون لەگـەڵ ئێمـە و لـەڕووی ئامادەکـردن و کۆکردنـەوەی خواردنـدا زۆر هاوکارمـان بـوون. ئەمـە دەرفەتـی ئـەوەی پـێ بەخشـین بـۆ چەنـد ڕۆژێـک لـەو گوندانـە بمێنینـەوە و پشـوو بدەیـن. هـەر لـە گونـدی ئەمبـێ مـەلا مسـتەفا جارێکـی دیکـە هەمـوو فەرماندەکانـی بانـگ کـرد و لەگەڵیـان کۆبوویـەوە. لـە کۆبوونەوەکـەدا فەرمـووی قۆناغـی داهاتوومـان لـەوەی ڕابـورد و زۆر دژوارتـر دەبێـت، ئێـران هەمـوو هەوڵێـک دەدات ڕێگـریمان لـێ بـکات نەگەینـە سـنووری ڕووسـیا. لەبەرئـەوەی فیشـەک و تەقەمەنـیمان کـەم بۆتـەوە، تـا ئێسـتا هەمـوو هەوڵێـکمان بـۆ ئـەوە بـووە لەگـەڵ سـوپای ئێـران تووشـی پێکـدادان نەبیـن، بـەڵام لەمـە بـەدواوە سەداسـەد ڕووبـەڕوو بوونـەوەی دژوار و سـەختمان لەگـەڵ سـوپای ئێـران دەبێـت. بۆیـە پێویسـتە زیاتـر هێزەکانمـان ڕێـک بخەینـەوە و دەسـت بەفیشـەکەوە بگـرن. هیـچ گولەیـەک بـە خۆڕایـی نەتەقێنـن و لەڕێـگا ڕۆیشـتندا بەتـەواوی پابەنـدی ئـەو پلانەبـن کـە دادەڕێژیـن

## پەیامێکی نوێی ئێران بۆ مەلا مستەفا

هـــەواڵ گەیشـــتە حکومەتـــی ئێـــران کـــە مـــەلا مســـتەفا و پێشـــمەرگەکانی گەڕاونەتـــەوە نێـــو خاکـــی ئێـــران و لـــە گوندەکانـــی تلگەڤـــەڕ جێگیـــر بـــوون، بۆیـــە یەکســـەر هەمـــوو ئاغـــا و ســـەرۆک هۆزەکانـــی ناوچەکـــەی کوکـــردەوە و داوای لێکـــردن یارمەتـــی بـــدەن بـــۆ دووبـــارە وەدەرنانـــی بارزانییـــەکان. هەمـــوو ســـەرۆک هـــۆزەکان ئامادەییـــان دەربـــڕی بـــۆ هاوکاریکردنـــی حکومـــەت، بـــەڵام بـــەر لـــەوەی هیـــچ کردەوەیەکـــی ســـەربازی دژی ئێمـــە ئەنجـــام بـــدات لەڕێـــگای ڕەشـــید بەگـــی بەگـــزادەوە پەیامێکـــی بـــۆ مـــەلا مســـتەفا نـــارد پەیامەکـــە بـــەم شـــێوەیە بـــوو هـــۆکاری گەڕانەوەتـــان بـــۆ نێـــو خاکـــی ئێـــران چیـــە؟ دەســـت بەجـــێ خاکـــی ئێـــران بەجێبێڵـــن ئەگەرنـــا لەڕێـــگای هێـــزەوە وەدەرتـــان دەنێیـــن. ڕەشـــید بـــەگ پەیامەکـــەی گەیانـــد و داواشـــی لـــە مـــەلا مســـتەفا کـــرد وەڵامـــی پەیامەکـــە بداتـــەوە. لەوەڵامـــدا مـــەلا مســـتەفا فەرمـــووی: :ڕەشـــید بـــەگ تـــۆ بگەڕێـــوە و بـــە حکومـــەت بڵـــێ دوای چەنـــد ڕۆژێکـــی دیکـــە وەڵامیـــان دەدەمـــەوە. ئەمـــە بـــۆ ئـــەوە بـــوو بـــەر لـــەوەی ئێـــران دژی ئێمـــە دەســـت بـــە ئۆپراســـیۆنی ســـەربازی بـــکات بتوانیـــن لەناوچەکـــە دوور بکەوینـــەوە. دوای گەڕانـــەوەی ڕەشـــید بـــەگ و لـــە ئێـــوارەی ڕۆژی (١٩٤٧/٥/٣١ ) گونـــدی ئەمبـــێمان بـــەرەو گونـــدی ماوانـــا بەجێهێشـــت، لـــەو گوندانـــە چەنـــد کەســـێک وەگـــەڵ ئێمـــە کەوتـــن و گوتیـــان لەگەڵتـــان دێیـــن و مـــردن و ژیـــنمان لەگـــەڵ ئێـــوە دەبێـــت، یەکێکیـــان نـــاوی خـــودادا حەســـەن و یەکێکیـــش نـــاوی لاوکـــۆ بـــوو ئەوانـــی دیکـــە ناوەکانیانـــم

لەبیــر نەمــاوە، پەیوەنــدی کردنیــان بــە ئێمــەوە زۆر ســود بەخــش بــوو. چونکــە خەڵکــی ناوچەکــە بــوون شــارەزایەکی باشــیان لــە جوگرافیــای ناوچەکــەدا هەبــوو بۆیــە وەکــو ڕێبــەر وەپێــش ئێمــە کەوتــن. ئێــوارەی ڕۆژی دواتــر دەڤــەری تلگەڤەرمــان دەربــاز کــرد و لــە ڕێــگای گەلــی (درێــوە) گەیشــتینە دەڤــەری شــکاکان، یەکــەم گونــد کــە گەیشــتینێ گوندەکانــی (خانکــێ و دۆســتان و جونــی) بــوون. ئەمانــە گوندەکانــی ســمکۆی شــکاک بــوون خەڵکــی ئــەو گوندانــە و بەتایبەتیــش کەســوکاری ســمکۆی شــکاک زۆر بەگەرمــی پێشــوازیان لەئێمــە کــرد و ئێمەیــان بەســەر ئــەو گوندانــەدا دابــەش کــرد و لــە هەمــوو ڕوویەکــەوە هاوکاریــان کردیــن. لــەم گوندانــەش ژماریــەک گەنــج پەیوەندیــان بەئێمــەوە کــرد و وەگــەڵ ئێمــە کەوتــن وەکــو (بێجــان و تەیمــور) و چەنــد کەســیکی دیکــە. لەڕاســتیدا پێشــوازی و هــاوکاری خزمــان و کەســوکاری ســمکۆی شــکاک و ناوچەکەیــان بــێ وێنــە بــوو، هەڵۆیســتی نەتەوەییــان بــەرز بــوو، خەڵکێکــی وشــیار و کوردپــەروەر بــوون. ئــەو هەڵوێســتەی ئــەوان قــەد لەبیــر ناکەیــن و هــەر بەڕێــز و بــەرزی دەمێنێتــەوە. بەهــۆی ئــەو هەڵوێســتەوە توانــیمان ســێ ڕۆژ لەناوچەکەیــان بمێنینــەوە و پشــوویەکی باشمانــدا.

# پیلانی حکومەتی ئێران بۆ مانەوەمان لەدەڤەری شاکاکان

لەئیوارەی ( ١٩٤٧/٦/٤ ) زانیاری گەیشتە مەلا مستەفا کە ئێران هێزێکی زۆری کۆکردووەتەوە و نیازی هێرشکردنی هەیە بۆ سەر ناوچەکە، بۆیە بڕیاردرا بەزووترین کات ناوچەکە بەجێبێڵین، بۆ دەرباز بوون لەو ناوچەیە دۆڵی (قوتور) هەبوو ئەو دۆڵە هێزێکی زۆری ئێرانی تێدا بوو، لەبەرئەوە دەرباز بوون بەو دۆڵەدا شتێکی ئەستەم بوو، بیر لەوە کرایەوە ڕێگایەکی دیکە بدۆزینەوە

دوا گوندی شکاکەکان گوندی (بڕوشخۆڕان) بوو مەلای ئەو گوندە کە ناوی خەلیفە سادق بوو سیخوڕی حکومەتی ئێران بوو، ئێران پیلانی بۆ داڕشت بوو کە قەناعەت بە مەلا مستەفا بێنێت لە ناوچەکەیان بمێنێتەوە، ئەوەش بۆ ئەوە بوو تا دەرفەتی ئەوەی هەبێت هێزی پێویست کۆبکاتەوە و لە هەموو لایەکەوە گەمارۆمان بدات. بەم نییەتە مەلا خەلیفە سادق هاتە لای مەلا مستەفا و وەکو کەسێکی دڵسۆز خۆی پێناساند و ئامادەیی ئەوەی دەربڕی کە لەهەموو لایەکەوە هاوکاریمان بکات، هەروەها گوتی: ئاگادار کرام بۆ ڕێگری کردن لەئێوە ئێران هێزێکی زۆری هێناوەتە ئەم ناوچەیەو هەموو ڕێگاکانی کۆنترۆڵ کردووە و هیچ ڕێگایەک نەماوەتەوە کە ئێوە بتوانن لێیەوە دەرباز بن، ئەوە بۆ من شتێکی ناخۆش بوو بۆیە بیرم کردەوە کە لەو بارەوە هاوکاریتان بکەم و ڕێگایەک بۆ ڕزگاربونتان لەم بارودۆخەدا بدۆزمەوە، تاکە ڕێگاش ئەوە بوو سەردانی بەرپرسانی ئێرانم کردوو قەناعەتم پێ هێناون هێرش نەکەنە سەر ئێوە ئەوانیش گوتیان ئەگەر زیان بە بەرژەوەندیەکانی ئێمە نەگەینن با لە ناوچەکەی ئێوە بمێننەوە، لەڕووی ئازوقە و خواردنیش هاوکاریان دەکەین و نەخۆش

و بریندارەکانیشان چارەسەر دەکەین، ئێستا هاتووم ڕای جەنابتان لەم بارەوە بزانم؟! چونکە بەرپرسانی ئێران چاوەڕوانی وەڵامی ئێوەن. مەلا مستەفا گومانی لەقسەکانی خەلیفە سادق کرد. بۆیە یەکسەر فەرمووی: «خەلیفە کەمێک چاوەڕێ کەن وەڵامتان دەدەینەوە». هەر ئەوکات کەسێکی دیکە هاتە لای مەلا مستەفا و پێی ڕاگەیاند کە خەلیفە سادق سیخوڕی حکومەتە و نابێت بڕوای پێ بکەن، هێشتا ئێران هیچ هێزێکی بۆ ئەم ناوە نەناردووە، مەبەستیانە بەم ڕێگایەوە ئێوە دوا بکەون تا دەرفەتیان هەبێت هێزی پێویست کۆبکەنەوە. بەمە ئەو گومانەی مەلا مستەفا لە خەلیەفە سادقی هەبوو بووە ڕاستی. بۆیە بانگی خەلیفە سادقی کرد و فەرمووی: :خەلیفە زۆر سوپاس بۆ دڵسۆزیتان کارێکی باشتان کردووە ئێمە لەسەر داوای ئێوە و حکومەتی ئێران لەم ناوچەیە دەمێنینەوە و هیچ زیانێکیشمان بۆ ئێران نابێت، هەر ئێستا بگەڕێوە و وەڵامی ئێمە پێیان بگەینە». خەلیفە بەدڵخۆشیەوە گەڕایەوە بۆ شاری ماکۆ و پێی وابوو ئەو پلانەی ئێران بۆ ئێمەی داناوە سەریگرتوو توانیان فێل لە مەلا مستەفا بکەن. لەڕاستیدا ئامانجی مەلا مستەفاش لەو وەڵامەدا بۆ خەلیفە سادق هەر ئەوە بوو ئێرانییەکان وا هەست بکەن ئێمە بڕوامان بەخەلیفە کردووە. دوای بەڕێکەوتنی خەلیفە مەلا مستەفا دەست بەجێ فەرمانیدا کە بێ دواکەوتن ئەو ناوچەیە بەجێبێڵین، بۆ دەرباز بوون لە ناوچەکە تەنیا ڕێگای گەلی قۆتور هەبوو، ئەو ڕێگایەش هێزی ئێران لێی جێگیر کرا بوو

واتە دەرباز بوون بەبێ شەڕ لەو گەلیە شتێکی مەحاڵ بوو، ئەمەش لەبەرژەوەندی ئێمەدا نەبوو، چونکە لەلایەکەوە دوا دەکەوتین و ئێران

دەیتوانـی هێزێکـی زیاتـر کۆبکاتـەوە، لەلایەکـی دیکەشـەوە فیشـەک و تەقەمەنـیمان زیاتـر کـەم دەبوویەوە، بۆیـە دوای وەرگرتنی زانیاری پێویسـت لەسـەر جوگرافیـای ناوچەکـە بڕیـاردرا لەگونـدی بڕوشـخۆڕاندا دەربـازی نـاو خاکـی تورکیـا ببیـن تـا گەلی قۆتـوران دەربـاز دەکەیـن ئینجابگەڕێینـەوە نێو خاکـی ئێـران. لـە (١٩٤٧/٦/٤ ) ئـەم پلانەمـان جێبەجـێ کـرد و دەربـازی نێـو خاکـی تورکیـا بوویـن و دوای ئـەوەی کـە دڵنیـا بوویـن لـەوەی گەلـی قۆتوڕمـان جێهـێلاوە دووبـارە گەڕاینـەوە نـاو خاکـی ئێـران و بەرەبەیانـی ڕۆژی دواتـر گەیشـتینە دەڤـەری هـۆزی عەروسـان. ئـەم لادانـە بـۆ نـاو خاکـی تورکیـا و دووبـارە گەڕانـەوە بـۆ نـاو خاکـی ئێـران ڕێـگای ئێمـەی زۆر دوور کـردەوە، بـەڵام وەکـو تاکتیکێکـی سـەربازی سـەرکەوتوانە زۆر سـودی بـۆ ئێمـە هەبـوو. لەلایەکـەوە خۆمـان لەپێکدادانێکـی سـەربازی بـەدوور گـرت و لەلایەکـی دیکەشـەوە بـووە هـۆی سـەر لێشـێوانی ئێرانییـەکان و ناچـار بـوون چاوخشـاندنەوەیەک بـە پلانـە سـەربازیەکانیان بکـەن. دیـارە چاوخشـاندنەوەش بـە پلانی سـەربازی کاتـی دەوێت ئەمـەش لەبەرژەوەندی ئێمـەدا بوو

دوو ڕۆژ لەگوندەکانـی هـۆزی عەروسـان ماینـەوە بەتایبـەت لەگونـدی عەمبـارێ خەڵکـی ئـەو ناوچەیـەش زۆر دڵسـۆز بـوون و هاوکاریـان کردیـن.

دوای وەرگرتنـی زانیـاری پێویسـت لەسـەر جوگرافیـای ناوچەکـەو پەیداکردنـی شـارەزا لـەڕۆژی (١٩٤٧/٦/٨ ) گونـدی عەمبارمـان بەجێهێشـت و بـەرەو ناوچـەی ماکـۆ بەڕێکەوتیـن و بەشـەویش هـەر لەڕێـگادا بوویـن دەسـتەی ئێمـە کـە ئەسـعەد خۆشـەوی لێـی بەرپـرس بـوو بەهـۆی هەڵـەی شـارەزا لەهێـزی سـەرەکیمان دابڕایـن و بەهـۆی ئـەو دابڕانـە

لەپڕ بەسەر هێزێکی ئێرانیدا کەوتین و لەهەموو لایەکەوە تەقە دەستی پێکرد. پێشمەرگەکانمان قارەمانانە ڕووبەڕووی دوژمن بوونەوە و سەرکەوتنمان بەدەستهێنا، پێشمەرگەیەکمان شەهید بوو ژمارەیەک سەربازیشمان بەدیل گرت، دەرفەتمان نەبوو جەنازەی شەهیدەکە بنێژین، بۆیە جەنازەکەمان هەڵگرت و بەردەوام بووین لەڕێ ڕۆیشتن، لەگەڵ خۆرهەلاتن گەیشتینەوە هێزی سەرەکی و یەکمان گرتەوە، سەرەڕای ماندوویەتی و برسێتی و نەخەوتن و شەڕو پێکدادان، هێشتا جەنازەی شەهیدەکەش بەسەر شانمانەوە بوو، مەلا مستەفا بەهەواڵی شەهید بوونی پێشمەرگەکە زۆر دڵ تەنگ بوو فەرمووی: «هەر ئێستا جەنازەکە بنێژن و دواتر دیلەکانی دوژمنیش ئازاد بکەن، بێ یەک و دوو فەرمانەکەمان جێبەجێ کرد»

## شەڕی یەکلاکەرەوە و سەرکەوتنێکی چارەنوسساز

شارەزایەکان مەلا مستەفایان ئاگادار کردەوە کە نزیکترین ڕێگا بۆ چەمی ئاراس بەگوندی هاسۆنی نزیک ماکۆدا دەربـاز دەبێت، ئێوارەی ٨/٨ /١٩٤٧ بەرەو گوندی هاسۆن بەڕێکەوتین، مەلا مستەفا پێشبینی کرد کە ڕووبەڕووی شەڕی یەکلاکەرەوە ببینەوە، بۆیە پلانێکی ژیرانەی داڕشت و سەر لەنوێ هێزەکانی ئێمەی ڕێکخستەوە و هەموو هێزەکەی کردە دوو دەستە. دەستەی یەکەم لەلایەن جەنابیانەوە سەرکردایەتی دەکرا کە محەمەد ئەمین میرخان و مستۆ مێرۆزی و مامند مەسیح یارمەتیان دەدا، دەستەی دووەم لەلایەن ئەسعەد خۆشەویەوە سەرکردایەتی

دەکـراو لەلایـەن سـاکو کانییەلنجـی و سـەعید وەلـی بـەگ یارمەتیـان دەدا بـۆ بـەرە بەیانـی ڕۆژی دواتـر گەیشـتینە نزیـک گونـدی (کلیـس کەنـدو ئـاخ داش) و نزیـک بووینـەوە لەچیـای سۆسـۆز و دەشـتی ماکـۆ. دوژمـن بـەو هیوایـەی بتوانێـت ڕێگـریمان لـێ بـکات و نەگەینـە ڕووبـاری ئـاراس هێزێکـی زۆری بەپاڵپشـتی تانـک و زرێپـۆش لەچیـای سۆسـۆز و دەشـتی ماکـۆ جێگیـر کـرد بـوو.

واتـە ئـەو ڕێگایـەی کـە پێویسـت بـوو ئێمـە لێیـەوە بچینـە گونـدی (هاسـۆن ) لەلایـەن هێزەکانـی ئێرانـەوە بەتـەواوی کـۆنترۆڵ کـرا بـوو، هیـچ دەرفەتێکیـش بـۆ گەڕانـەوە یـان گۆڕینـی ڕێگاکـە لەبـەردەم ئێمـەدا نەبـوو، بۆیـە بڕیـاردرا هێـرش بکەینـە سـەر هێزەکانـی دوژمـن و بەهێـز ڕێگاکـە بکەینـەوە. بـۆ پشـکنین و وەرگرتنـی زانیـاری لەسـەر شـێوازی جێگیربوونـی هێزەکانـی ئێـران، مـەلا مسـتەفا لەگـەڵ چەنـد پێشـمەرگەیەک خۆیـان لەسـەنگەرەکانیان نزیـک کـردەوە و دوای ئـەوەی زانیـاری پێویسـتیان لەسـەر واقـع و شـێوازی جێگیربوونـی هێزەکانـی ئێرانیـان دەسـکەوت گەڕانـەوە لای ئێمـە و بڕیـاری هێرشـکردنیاندا، بەگوێـرەی ئـەو پلانـەی داڕێـژرا بـوو بەرەبەیانـی ١٩٤٧/٦/٩ هێـرشمان کـردە سـەر هێزەکانـی دوژمـن لەچیـای سۆسـۆز و دەشـتی ماکـۆ، هێـز و چەکـی ئێمـە بەهیـچ شـێوەیەک لەگـەڵ هێـزو چەکـی دوژمـن بـەراورد نەدەکـرا، بـەڵام بەبیروباوەڕێکـی بەهێـزەوە شـەڕی مـان و نەمانمـان کـرد، بەڵێـنمان بەیـەکتر دابـوو یـان لـەو شـەڕەدا سـەر دەکەویـن یـان هەموومـان پێکـەوە دەمریـن.

بەم گیان و هەستە بەرزەوە ڕووبەڕووی دوژمن بووینەوە و تا ڕۆژی ٦/١١ شەڕ بەردەوام بوو، ئەو قارەمانێتی و ئازایەتی و جوامێرییەی پێشمەرگە لەو شەڕەدا نواندی، بڕوا ناکەم لەمێژووی هیچ نەتەوەیەکدا شتی وای ڕوویدا بێت. پێشمەرگە بێ ئەوەی باکی بەمردن هەبێت و حساب بۆ گولەی دوژمن بکات وەکو شێرو پڵنگ هەڵمەتیان دەبردە سەر دوژمن و بەسەر تانک و زرێپۆشەکانی سەردەکەوتن و سەربازو ئەفسەرەکانی سوپای ئێرانی بەدیل دەگرت. شەهید حاجی گویزی لەنزیک من بەگولەی دوژمن پێکاو بەسەختی بریندار بوو، من و پێشمەرگەیەکی دیکە بەهانایەوە چووین تا برینەکانی ببەستین و تۆشی خوێن بەربوون نەبێت، بەڵام ئەو وەکو مرۆڤێکی ورەبەرز و خاوەن ئیرادە دەنگی بەرز کردەوە و گوتی: واز لەمن بێنن من باشم، بەهۆی منەوە لە هەڵمەت بردن بۆ سەر دوژمن دوا نەکەون، بەردەوام بن و دوژمن لەناو بەرن، من نامرم تا سەرکەوتنی ئێوە بەچاوی خۆم نەبینم، بەناچاری لەپاڵ بەردێک بەجێمان هێشت، دوای ئەوەی بەسەر دوژمندا سەرکەوتین و شەڕ کۆتایی هات بە پەلە گەڕامەوە لای شەهید حاجی مخابن گیانی وەبەردا نەمابوو بەهۆی سەختی برینەکەی شەهید ببوو، بەم شێوەیە و دوای فیداکاریەکی مەزن و بێوێنە بەسەر سوپای ئێراندا سەرکەوتین و توانیمان پردی ستراتیژی ماکۆ کە دەکەوێتە سەر ڕووباری زەنگی کۆنترۆڵ بکەین. درەنگانی ئێوارە لە پردەکە دەرباز بووین و بەرەبەیانی (١٩٤٧/٦/١٢ ) گەیشتینە گوندی (هاسۆن) لەو شەڕەدا سەدان سەربازی دوژمن

کـوژران و نزیکـەی سـێ سـەد سـەربازیش بەدیلگیـران دوای پەڕینـەوە لـە پردەکـە هەمـوو دیلەکانمـان ئـازاد کـرد و چـەک و ئازوقەیەکـی زۆر کەوتــە دەســتی ئێمــە ژمارەیەکــی زۆر ئێــسترو ئەســپیشمان وەکـو دەسـکەوت کەوتـە دەسـت ئەمـە بـۆ گواسـتنەوەی برینـدار و نەخۆشـەکان زۆر سـودی هەبـوو. زیانـی ئێمـە لەشـەڕەکەدا چـوار شـەهید بـوون بـەم ناوانـە: حاجـی گویـزی، محەمـەد مـەلا محەمـەد مێرگەسـۆری، سـاڵح لێـڕی، مـەل لێـڕی. چـواردە پێشـمەرگەش برینـدار بـوون.

## مانەوەمان لەناو هۆزی جەلالی و خەیانەتی عومەر ئاغا

گونـدی هاسـۆن کـە دەکەوێتـە باکـووری ماکـۆ سـەر بەهـۆزی جەلالیـە، پێـش ئـەوەی ئێمـە بگەینـە گوندەکـە خەڵـک چۆڵـی کـرد بـوو، تەنیـا چەنـد کەسـێکی کـەم مابوونـەوە، تـا ئێـوارەی ڕۆژی دواتـر لەنـاو گوندەکـە پشـووماندا لەپـڕ فرۆکـەی ئێرانـی لـە ئاسمانـی گوندەکــە دەرکەوتــن و بۆردومانــی گوندەکەیــان کــرد، سـوپاس بـۆ خـوا هیـچ زیانێـکمان بـەر نەکـەوت، ئـەوە ئامـاژە بـوو بۆئـەوەی کـە لەبـارەی مانەوەمـان لـەو گونـدە زانیـاری بەئێـران گەیشـتووە بـەم پێیـە مانەوەمـان لەگوندەکـە مەترسـیدار بـوو. بـۆ درێـژەدان بەڕێـگا پێویسـتیمان بەشـارەزایەک بـوو بـۆ ئـەم مەبەسـتە ناردمـان بـەدوای ئـەو چەنـد کەسـەی لەگوندەکـە مابوونـەوە یەکێـک لـەوان زانیـاری پێدایـن کـە ماڵـی عومـەر ئاغـای سـەرۆکی هـۆزی جەلالـی لەکوێسـتانێکی نزیـک گوندەکەیـە و ئامـادەی دەربـڕی تـا ئـەوێ

لەگـەڵمان بێـت لەگـەڵ ڕۆژئاوابـوون بـەرەو زۆزانەکانـی عومـەر ئاغـا بەڕێکەوتیـن و دوای دوو کاتژمێـر گەیشـتین، عومـەر ئاغـا بەڕواڵـەت پێشـوازییەکی گەرمـی لێکردیـن و گوتـی: مانەوەتـان لەنـاو زۆزانـەکان هـەم بـۆ ئێـوە و هەمیـش بـۆ ئێمـە مەترسـیدارە ئەگەرێکـی زۆرە فڕۆکـە بۆردومانـی بـکات بۆیـە شـوێنێک لێـرەوە نزیکـە و گونجـاوە بـۆ مانەوەتـان، لـەوێ جێگیـر بن و منیـش ئـەوەی پێویسـتە بۆتـان دەنێـرم و هاوکارتـان دەبـم، هەتـا ئەگـەر ڕووسـیا ڕێـگای پێنـەدان بچنـە نـاو خاکەکـەی ئـەوێ شـوێنێکی گونجـاوە بـۆ مانـەوە و دەتوانـن درێـژە بەشـۆڕش بـدەن، ئێمـەش بارودۆخـی ئابـوریمان زۆر باشـە و لەهەمـوو ڕوویەکـەوە هاوکارتـان دەبیـن، قسـەو داواکـەی ئاغـا لۆژیکـی بـوو بۆیـە دوای پشـوودانێکی کـورت بـەرەو ئـەو شـوێنە بەڕێکەوتیـن کـە ئاغـا دەستنیشـانی کـرد بـوو، شـوێنەکە لـە دامێنـی چیایـەک بـوو بەنـاوی چیایـی (کـڕە) بڕیـار وابـوو لەگـەڵ خۆرهەڵاتـن عومـەر ئاغـا خواردنمـان بـۆ ڕەوانـە بـکات، تـا نزیـک نیـوەڕۆ چـاوەڕێ بوویـن نەکـەس هـات و نـە هیـچ هەواڵیکیـش لـە خـواردن و عومـەر ئاغـاوە پـێمان گەیشـت، ئەمـە جێـی گومـان بـوو بۆیـە مـەلا مسـتەفا ئەسـعەد خۆشـەوی ئـاگادار کـردەوە کـە چەنـد پێشـمەرگەیەک بنێرێـت تـا شـتێک لەبـارەی عومـەر ئاغـا و دواکەوتنـی خـواردن بزانـن و دوپاتـی کـردەوە کـە بەوشـیاری و چـاو کراوەیـی بچـن نـەوەک فێڵێـک لەئـارادا بێـت. مـن و شـەهید سـلێمان لاچ و سـێ پێشـمەرگەی دیکـە چوویـن، کاتێـک لەکوێسـتانەکانی عومـەر ئاغـا نزیـک بووینـەوە مـن و سـلێمان لاچ چووینـە نـاو زۆزانەکـە و هـەر سـێ پێشـمەرگەکەی دیکـەشمان لەپشـت زۆزانەکـە بەجێهێشـت

تــا پاســەوانیمان بکــەن، کــە گەیشــتینە نــاو زۆزانەکــە بینــیمان کەســی لــێ نەمــاوە و هەمــوو ڕەشماڵــەکان گەڕایــن و تەنیــا دوو کــەسمان لەنــاو شــوێنی مــەڕو ماڵاتــدا دۆزیــەوە، کــە ئێمەیــان بینــی زۆر ترســان و گوتیــان ئێمــە هەژاریــن و هیــچ تاوانێــکمان نییــە تکایــە ئازارمــان نــەدەن هەمــوو ڕاســتیەکەتان پــێ دەڵێیــن، ئێمــەش گوتمــان باشــە پــێمان بڵێــن چــی ڕوویــداوە؟! ئەوانیــش گوتیــان عومــەر ئاغــا خیانەتــی لــە ئێــوە کــردووە لەلایــەک بەڵێنــی هــاوکاری پێــدان و لەلایەکــی دیکەشــەوە هەواڵــی بــۆ ئێــران نــاردووە کــە ئێــوە لێــرەن. بۆئــەوەی زیانیــان بــەر نەکــەوێ دوێنــێ شــەو دوای ڕۆیشــتنی ئێــوە ئــەو لەگــەڵ خێــزان و کەســوکاری ئێــرەی بەجێهێشــت و چــووە ماکــۆ. کــە وایــان گــوت ئێمــە بــێ دواکەوتــن گەڕاینــەوە لای مــەلا مســتەفا و بارودۆخەکەمــان ڕوون کــردەوە. ئەمــە ئێمــەی خســتە بارودۆخێکــی دژوارەوە هەموومــان شــەکەت و مانــدو بوویــن و چەنــد شــەوێک بــوو نەخــەوت بوویــن هیــچ خواردنێکیــشمان پــێ نەمــا بــوو، بەهــۆی خیانەتــی عومــەر ئاغــاوە مەترســی هێــرش و پەلامــاری ســەربازی و فڕۆکــەش دروســت بــوو، بــۆ دوورکەوتنــەوە لــەو مەترســیە جدیــە بڕیــاردرا بــێ دواکەوتــن ناوچەکــە بەجێبێڵیــن. بــەو برســێتی و مانــدوو بوونــە ملــی ڕێگامــان گرتــە بــەرو بــەرە و ئــاراس بەڕێکەوتیــن دوای ئــەوەی کەمێــک لەشــوێنەکە دوور کەوتینــەوە فڕۆکــە لــە ئاسمانــی ناوچەکــەدا دەرکەوتــن و ئــەو شــوێنەی کــە عومــەر ئاغــا بــۆ ئێمــەی دیــاری کــرد بــوو بەچــڕی بۆردومــان کــرا

هــەر چەنــدە زۆرمــان نەمــا بــوو بــۆ ئــاراس، بــەڵام نەخەوتــن

و برسـێتی و مانـدوو بـوون تەنگـی پـێ هەڵچنیوویـن بەشـێکی زۆر لەپێشـمەرگەکان بـە ئەسـتەم توانـای ڕێ ڕۆیشـتنیان مابـوو، مـەلا مسـتەفا کـە بەتەمـەن لەهەموومـان گەورەتـر بـوو بۆئـەوەی ورەمـان بـەرز کاتـەوە بەشـێوەک خـۆی دەردەخسـت کـە هیـچ مانـدوو بـوون و برسـێتی پێـوە دیـار نەبێـت بەوپـەڕی هێـزو ئیـرادەوە لـەدواوە خـۆی دەگەیانـدە پێشـی پێشـەوە و دواتـر دەگەڕایـەوە دواوە و هەمـوو پێشـمەرگەکانی بەسـەر دەکـردەوە دەگەیشـتە لای هـەر جەماعەتێـک دەی فەرمـوو: «ئێـوە هەڵگـری پەیامـی مەزلومیەتـی نەتـەوەی کـوردن ئێـوە لەپێنـاو گەیاندنـی ئـەو پەیامـە ڕووبـەڕووی سـوپای سـێ دەوڵەتـی داگیرکـەر بوونەتـەوە، نەبرسـێتی و نەسـەرما و نەهیـچ هێزێـک نەیتوانـی بەسـەر ئازایەتـی و خوڕاگـری ئێـوەدا زاڵ بێـت، ڕێگایەکـی وامـان لەبەردەمـدا نەمـاوە و دڵنیـام بەخۆڕاگـری و قارەمانێتـی ئێـوە ئـەو ڕێـگا کەمـەی مـاوە دەربڕیـن و بەسـەربەرزیەوە لەئـاوی ئـاراس دەربـاز دەبیـن». لەگـەڵ بیسـتنی ئـەم قسـانەی مـەلا مسـتەفا ورەمـان بـەرز دەبوویـەوە و هێزێکـی نـوێمان دەهاتـەوە بـەر و ئێمـەی هانـدەدا درێـژە بەڕێـگا ڕۆیـشتن بدەیـن. بـۆ بەیانـی (١٩٤٧ /٦/١٥) گەیشـتینە گونـدی (سـوکتێل) کـە دوا گونـدی ئێـران بـوو لـەو نـاوە، چونکـە گوندەکـە سـەر بەعەشـیرەتی عومـەر ئاغـا بـوو بـەر لـەوەی ئێمـە بگەیـن چـۆڵ کـرا بـوو کەسـی لێنەبـوو دوای پشـوودانێکی کـورت بـەردەوام بوویـن لەڕێـگا ڕۆیـشتن و بـۆ ئێـوارە گەیشـتینە سـەر چەمـی ئـاراس.

## سێ ڕۆژ چاوەڕوانی بۆ پەڕینەوە لەڕووباری ئاراس

بەگەیشتنمان بۆسەر چەمی ئاراس کۆتایی بەئازار و مەینەتیەکانمان نەهات، بەڵکوو برسێتی زیاتر تەنگی پێ هەڵچنین، نەگوند و نەهیچ ئاوایەک لەو ناوە نەبوو تا پەنای بۆ ببەین و داوای هاوکاری لێ بکەین، بۆیە بۆئەوەی کەمێک لە برسێتیمان بڕەوێنینەوە ناچار بووین پەنا ببەینە بەر خواردنی بنکی هەندێ لەو گژوگیایانەی کە لەو ناوچەیە هەبوون. لەوبەری ڕووبار بە دیوی یەکێتی سۆڤیەتدا گوندێک هەبوو بەناوی( سیراجلو ) بنکەیەکی سەربازی سۆڤیەت لە نزیک گوندەکە دیار بوو، بۆئەوەی ڕووسەکان لەگەیشتنمان ئاگادار بن و دەرفەتمان بدەنێ دەربازی ناو خاکی ئەوان بین، بەیانی (١٩٤٧/٦/١٦) مەلا مستەفا نامەیەکی بۆ بەرپرسانی سەربازگەکە نووسی و دایە دەست میرحاج ئاکرەیی و پێشمەرگەیەک بەناوی داود یوحەنا (لاوکۆ) تا بیگەیننە سەربازگەکە، هەڵبژاردنی لاوکو کە لەگەڵ میرحاج بچێت لەبەر ئەوەبوو پێشتر لە کونسولخانەی ڕووسەکان لە ورمێ کاری کرد بوو تا ڕادەیەکی باش زمانی ڕووسی دەزانی میرحاج و لاوکۆ چالاکانە لە ڕووبارەکە دەرباز بوون و خۆیان گەیاندە سەربازگەکە. بەزگی برسیەوە تا ڕۆژی دواتر هەموومان چاوەڕێی گەڕانەوەیان و ڕەزامەندی ڕووسەکان بووین بۆ دەربازبوونمان، بەڵام هیچ هەواڵێک لەگەڕانەوەیان بەدی نەکرا. بۆئەوەی شتێک لەوان و هەڵوێستی ڕووسەکان بزانین، بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر ٦/١٧ لەسەر بڕیاری مەلا مستەفا شێخ سلێمانیش

لەگــەڵ دوو پێشــمەرگە دەربــازی ئــەو دیــوی ڕووبارەکــە بــوون، دوو ڕۆژە هیــچمان نەخــواردووە و بەهــۆی برســێتیەوە هێزمــان وەبــەر نەمــاوە و خەریکــە لەجووڵــە دەکەویــن، لــەولاش هێــزی زەبەلاحــی ئێرانــی خەریکــە لــێمان نزیــک دەبێتــەوە ئەگــەر برسـێتی نەبوایــە بــاکمان بەهاتنــی هێــزی ئێرانــی نەبــوو، بــەڵام برســێتی بەڕادەیــەک کاریگــەری لەســەر دروســت کردبوویــن توانــای ئەوەمــان نەمــا بــوو بگەینــە بەرزاییــەکان، تــا بــۆ بەرگریکــردن ســەنگەر لەهێــزی ئێرانــی بگریــن. بۆیــە دوای ڕۆیشــتنی شــێخ سـلێمان، مــەلا مســتەفا بانگــی ئەســعەد خۆشــەوی و محەمــەد ئەمیــن میرخانــی کــرد و فەرمــوی: «چەنــد ئێســتر و ئەســپمان لەگەڵــە»؟ ئەوانیــش گوتیــان حــەوت ئێــسترو ئەســپێک، مــەلا مســتەفا فەرمــوی: «ئەگــەر تــا بەیانــی هیــچ هەواڵێــک لەمیرحــاج و لاوکــۆ و شــێخ سـلێمانەوە نەگەیشــت، ئــەوە هێــزی ئێرانــی دەگاتــە ســەرمان بــەم برســێتیەش پێشــمەرگە ناتوانێــت ڕووبــەڕووی دوژمــن بێتــەوە، بۆیــە دەبێــت چارەســەرێک بــۆ برسـێتی بدۆزینــەوە، جگــە لەخواردنــی گوشــتی ئێــسترەکان هیــچ بژاردەیەکــی دیکەمــان نییــە، ئێمــە ناچاریــن بــۆ ڕزگار بــوون لەمــردن و ڕووبــەڕوو بوونــەوەی دوژمــن ئێــسترەکان ســەر ببڕیــن، باســکردن لەســەر ســەربڕینی ئێسترەکان وەکــو بژاردەیــەک بــۆ ڕزگار بووغانــە لەبرســێتی، لەبەرئــەوە نییــە کــە ئێمــە لەمــردن دەترســین یــان مەبەســتمانە خۆمــان لەمــردن ڕزگار بکەیــن، نەخێــر ئێمــە لەمــردن ناترسـین و هەمــوو ســاتێک ئامــادە بوویــن لەپێنــاو کــورد و کوردســتاندا بمریــن، بــەڵام مردنــی بەکۆمەڵــی ئێمــە لەبرســان هیــچ خزمەتێــک بــەو ئامانجــە پیــرۆزە نــاکات کــە خەباتمــان بــۆی کــردووە و خوێنێکــی

زۆرمـــان لەپێناویـــدا بەخشـــیووە، بەڵکـــوو بەپێچەوانـــەوە مردنـــی بەکۆمەڵـــی ئێمـــە لێـــرە ئـــەو ئامانجـــە بەیەکجـــاری لەبـــار دەبـــات و ئـــەو هەمـــوو خوێنـــەی بەخشـــیومانە بەفیـــڕۆ دەڕوات، بۆیـــە بـــە هـــەر شـــێوەیەک بـــووە پێویســـتە خۆمـــان لـــەم بارودۆخـــە دژوارە ڕزگار بکەیـــن و بەســـەربەرزیەوە لـــە ڕووبـــاری ئـــاراس دەربـــاز ببیـــن، بـــەو ڕێگایـــە ئـــەو بەڵێنـــەی بـــە شـــەهیدانمان داوە جێبەجـــێ دەکەیـــن و پەیامـــی مەزلومیەتـــی کوردیـــش بەهەمـــوو جیهـــان دەگەینیـــن، بەپێچەوانـــەوە ئەگـــەر هەموومـــان لێـــرە لـــە برســـان بمریـــن یـــان بەهـــۆی برســـێتیەوە شـــەڕمان پـــێ نەکرێـــت و دوژمـــن بەســـەر ئێمـــەدا ســـەرکەوێت، هەمـــوو هیـــواو ئاواتەکانـــی کـــورد لەنـــاو دەچـــن و ئەســـتەمە جارێکـــی دیکـــە کـــورد بتوانێـــت دەســـت بەشـــۆڕش بکاتـــەوە، بـــەڵام ئەگـــەر ئێمـــە بەســـەر ئالنگاریەکانـــدا ســـەرکەوتین، دوور یـــان نزیـــک بەســـەربەرزی دەگەڕێینـــەوە نـــاو میللەتـــی خۆمـــان و لەپێنـــاو ڕزگاری کوردســـتان دەســـت بەخەبـــات و تێکۆشـــانی شۆڕشـــگێڕانە دەکەینـــەوە. لەبیریـــش مەکـــەن خـــودای مـــەزن بەخشـــندەیە و بەگەورەیـــی خـــۆی دەمـــان بەخشـــێت و لـــێمان ناگرێـــت، بـــێ هیـــوا نەبـــن دڵنیـــام خـــودای مـــەزن بەزەیـــیمان پێـــدا دەبـــات و لـــەم بارودۆخـــە ڕزگارمـــان دەکات و ناچـــار نابیـــن پەنـــا بـــۆ ئـــەو چارەســـەرە نەخـــوازراوە ببەیـــن».

تـــا نزیـــک دەمـــەو ئێـــوارەی هەمـــان ڕۆژ هەموومـــان چاومـــان لەڕێگایـــە و چاوڕێیـــن هەڤاڵانمـــان بگەڕێنـــەوە و هەواڵێکـــی خـــۆشمان بدەنـــێ. لەپـــڕ یەکێـــک دەنگـــی بـــەرز بوویـــەوە و گوتـــی: لـــەو دیـــوی

ڕووبارەکـە سـێ کـەس دیـارن بـەرەو ڕووی ئێمـە دێـن. کـە لـێمان نزیـک بوونـەوە دەرکـەوت شـێخ سـلێمان و ئـەو دوو پێشـمەرگەیە بـوون کـە لەگەڵیـدا بـوو. خۆشـحاڵی هەموومانـی گرتـەوە شـێخ سـلێمان و هـەردوو پێشـمەرگەکە خۆیـان لـە ڕووبارەکـەدا و گەیشـتنەوە لای ئێمـە، چەنـد کیلـو قەسپیشـیان لەگـەڵ خۆیـان هێنـا بـوو، شـێخ سـلێمان گەیشـتە لای مـەلا مسـتەفا و مـوژدەی ئەوەیـدا کـە ڕووسـەکان ڕەزامەندیـان داوە بچینـە نـاو خاکـی ئـەوان و پێیـان ڕاگەیاندویـن هـەر ئێسـتا دەتوانیـن دەربـاز بیـن، هەموومـان لەخۆشـیان شاگەشـکە بوویـن و برسـێتیمان لەبیـر چوویـەوە، مـەلا مسـتەفا بەدەسـتی خـۆی قەسـپەکانی بەسـەر هەمووومـان دابـەش کـرد و هـەر پێشـمەرگەیەک دوو یـان سـێ دانـە قەسـپی وەبـەر کـەوت و فەرمـووی: «بۆئـەوەی هێزتـان پـێ ببەخشـێ بـەر لـەوەی بچنـە نـاو ڕووبارەکـە قەسـپەکان بخـۆن»، ئینجـا فەرمـووی: «کـێ مەلەوانێکـی زیرەکـە»؟ سـەلیم خـان گوتـی: ئەزبەنـی مـن.

ئینجـا جەنابیـان فەرمـووی: «بـڕۆ نـاو ئاوەکـە بزانـە لەکـوێ ئاسـتی ئـاو نزمـە بـا لـەوێ دەربـاز بیـن» سـەلیم خـان چـووە نـاو ڕووبارەکـە و شـوێنێکی دەستنیشـان کـرد و ئینجـا جەنابیـان فەرمـووی: «دەسـتە دەسـتە ڕێـز بـن و دەسـتی یـەکتر بگـرن و دەربـاز بـن و ئەوانـەی مەلەوانـی زیرەکـن چاودێـری بکـەن ئەگـەر کەسـێک ئـاو بـردی هەوڵـی ڕزگارکردنـی بـدەن». بـەو شـێوەیە هـەر ئـەو ئێوارەیـە واتـە ٦/١٧ بـەر لـەوەی هـەوا تاریـک بێـت دەسـت بەپەڕینـەوە لەڕووبارەکـە کـراو بەشـێکی زۆر لەگـەڵ شـێخ سـلێمان دەربـاز بـوون.

دوای تاریکبوونـی هـەوا بەبـاش نەزانـرا کەسـی دیکـە دەربـاز بێـت، بۆیـە بڕیـاردرا ئەوانـەی مـاون ڕۆژی دواتـر دەربـاز بن. ئەوانـەی مابـوون بەیانـی ڕۆژی ٦/١٨ دەربـاز بـوون. دەسـتەی ئێمـە کـە دەسـتەی ئەسـعەد خۆشـەوی بـوو لـە کۆتایـی بوویـن و زۆربەمـان مەلەمـان نەدەزانـی مـەلا مسـتەفاش لەگـەڵ ئێمـە مایـەوە ئەسـعەد زۆر هەوڵـی لەگەڵیـدا دەربـاز بێـت، بـەڵام فەرمـووی: «مـن دوا کـەس دەبـم کـە دەربـاز دەبـم»، دەسـتەی ئێمـە چووینـە نـاو ڕووبارەکـە چەنـد هەنگاوێـک چوویـن لەپـڕ هەڤاڵێـکمان بەنـاوی ڕەمـەزان کوڕانـی ئـاو بـردی هاوارمـان کـرد ڕەمـەزان ئـاو بـردی. مـەلا مسـتەفا بـە پەلـە خـۆی فڕیدایـە نـاو ڕووبارەکـە و بەموعجیـزە ڕەمەزانـی ڕزگار کـرد. سـوپاس بـۆ خـودای مـەزن هەموومـان بەسـەلامەتی دەربـاز بوویـن

# بەشی چوارەم

# پەڕینەوە و دەست پێکردنی مەینەتییەکان

# ئەوەی چاوڕێمان نەدەکرد ڕوویدا

بـەر لـەوەی بچینـە نـاو خاکـی سـۆڤیەت پـێمان وابـوو ڕووسـەکان هەسـتی ئینسـانیان دەجووڵێـت و لەڕوانگـەی مەسـەلەیەکی ئینسـانییەوە پێشـوازیمان لـێ دەکـەن، یـان بـەلای کەمـەوە لـەڕووی بژێـوی ژیانـەوە کۆتایـی بەئـازار و مەینەتیەکانمـان دێـت و چـیتر ئـازار بەدەسـت برسـێتیەوە ناچێژیـن، بـەڵام مخابـن پێشـبینییەکانمان لـەو بـارەوە هەڵـە بـوون ڕووسـەکان نـەک وەکـو پەنابـەر، بەڵکـوو وەکـو دیلـی شـەڕ مامەڵەیـان لەگەڵـدا کردیـن و ئـەوەی چـاوەڕێمان نەدەکـرد ڕوویـدا. دوای گەیشـتنمان و هـەر لـە سـیراجلو جەنابـی مـەلا مسـتەفایان لـە ئێمـە جیـا کـردەوە، ئـەوەش بـۆ هەموومـان ناخۆشتریـن شـت بـوو. ئێمەشـیان بـە ئوتۆمبێلـی سـەربازی گواسـتەوە بـۆ سـەربازگەیەک لەنزیـک (نەخجـەوان)، چـواردەوری سـەربازگەکە تەلەبەنـد کـرا بـوو یەکـەو پارچـە نانێـك و قاپێـک شـۆڕبایان پێدایـن کـە پێـم وابـوو نانـی جـۆ بـوو، ڕۆژی دواتـر چەنـد مەنجەڵێکـی گەورەیـان هێنـاو لەسـەر ئاگریـان دانـان و پـڕ کـران لەئـاو دواتـر گوتیـان: جلەکانتـان داکەنـن و بخەنـە نێـو مەنجەڵەکـە یەکـەو پارچـە سابونێکیشـیان پێدایـن بـۆ خـۆ شـوشتن، پـاش خـۆ شـوشتن دیسـان هەریەکـە و سـەمونێک و قاپێـک شـۆڕبایان پێدایـن، چـل ڕۆژ حـاڵمان بـەو شـێوەیە بـوو جگـە لـەوەی بارودۆخـی ژیانمـان لەهەمـوو ڕوویەکـەوە خـراپ بـوو، دوورخسـتنەوەی مـەلا مسـتەفا سـەد هێنـدەی دیکـە ئێمـەی نیگـەران کـرد بـوو؛ ڕۆژی چـل و یـەك خەبەرمـان بـۆ هـات کـە مـەلا مسـەتەفایان هێناوەتـەوە لامـان، بـەم

هەواڵـە هەرچـی مەینەتـی و ناخۆشـی بـوو لـە بیرمـان کـرد، گـری و شـادی تێکـەڵ بەیـەک بـوون و دڵمان گەشـایەوە و هێزمـان هاتـەوە بـەر، درەنگانـی ئێـوارە مـەلا مسـتەفا گەیشـتەوە لامـان بـەو هۆیـەوە شـەو تـا بەیانـی لـە خۆشـی هاتنـەوەی جەنابیـان نەخەوتیـن. وەکـو هەمیشـە بەورەیەکـی بـەرزەوە قسـەی بـۆ کردیـن و فەرمـووی: «ئێمـە هاتووینەتـە جیهانێـک کـە لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە لـە جیهانـی ئێمـە جیـاوازە، بۆیـە تکاتـان لـێ دەکـەم دەسـت بـە بەهـا نەتەوەیـی و ئەخلاقیەکانتـان و بیروبـاوەڕ و ڕابـوردووی خۆتانـەوە بگـرن و بیانپارێـزن، ئێمـە لەپێنـاو کێشـەی میللەتێکـی ژێردەسـت و خـاک داگیرکـراودا لێرەیـن، پابەنـدی ئـەو بەڵێنـە دەبیـن کـە بەخەڵکـی خۆمـان و هەڤاڵـە شـەهیدەکانمان داوە، ڕاسـتە بارودۆخـی ژیانتـان هێشـتا خراپـە و لەکۆڵەمەرگیـدا دەژیـن، بـەڵام ئـەم ناخۆشـیانەش کۆتایـی دێـن و بارودۆختـان بـاش دەبێـت، هیـوادارم بـێ هیـوا نەبـن و وەکـو هەمیشـە ورەبـەرز و خۆڕاگربـن و ڕۆژێـک دێـت بەسـەربەرزیەوە دەگەڕێینـەوە وڵاتـی خۆمـان.

❋❋❋❋❋❋❋❋

## پەرشوبڵاوکردن و لێک دابڕاندنمان

دوای چـل ڕۆژ و لـە کۆتایـی تەممـوزی (١٩٤٧) ئوتۆمبێلیـان هێنـاو ئێمەیـان بـردە نـاو شـاری نەخجـەوان، لـەوێ ئێمەیـان بـردە ئاپارتمانێکـی دوو نهۆمـی کـە شـێوەی لـە قوتابخانـە دەچـوو؛ شـەو لـەوێ مایـنەوە سـینەمای سـەفەریان بـۆ هێنایـن، فیلمـی شـەڕەکانی خۆیـان لەگـەڵ ئەڵمانیـای نـازی بـۆ نمایـش کردیـن، لەگـەڵ بەرەبەیـان دووبـارە

ئۆتۆمبێلیان هێناو و پەرت و بڵاویان کردین، بۆ کۆمەڵەی شەش کەسی و هەشت کەسی دابەش کراین و لێک جیا کراینەوە. ئێمە دوازدە کەس کە زۆربەمان خەڵکی سێلکی و خزم بووین وەکو عەلی خەلیل، عیسا سوار، شەکر محەمەد، جەوهەر حسێن، ساڵح تاهر، حسن عەبدوڵا، یاسین مکایل، سەلیم حسێن، پیرو چیچۆ، محەمەد نوح سپیندار هەوڵماندا لەگەڵ ئەسعەد خۆشەوی بمێنینەوە، بەڵام ڕووسەکان ڕەتیان کردەوە و زۆر هەوڵیاندا لێکمان جیا بکەنەوە، ئێمە ڕازی نەبووین و داوامان کرد هەر دوازدە کەسەکە لەگەڵ ئەسعەد بمێنینەوە. ڕۆژی دواتر بۆ ئێوارە کە چووین بەشی خۆمان نان وەربگرین، نانیان پێنەداین و گوتیان: تەنیا شەش کەس مافی ئەوەیان هەیە لەم گوندە نان وەرگرن! ئەمە بۆ ئەوە بوو تا ناچار بین گوێڕایەڵی ڕێنمایەکانی ئەوان بین و پابەندبین پێیانەوە، ئێمە ناچار بووین لە نێوان برسێتی و دابڕاندا یەکێکیان هەڵبژێرین، بۆیە ئەسعەد خۆشەوی گوتی: بەم شێوەیە هەموومان برسی دەمێنینەوە، پێویستە شەش کەس لێرە بن و شەشی دیکە بڕۆنە ئەو شوێنەی ئەوان دیاری دەکەن. ڕووسەکانمان ئاگادار کردەوە کە ئێمە ئامادەین بمانگوێزنەوە، من و پێنج هەڤاڵ سواری ئوتۆمبێل بووین و ئێمەیان بردە گوندێکی دیکە، خانویەکی دوو ژووریان بۆ دابین کردین، گوتیان لێرە دەبن ڕۆژانە کار دەکەن و نانی خۆشتان وەردەگرن. بۆ دوو مانگ لەو گوندە ماینەوە، ڕۆژانە دەچووینە سەر کار و کاروباری کشتوکاڵیمان دەکرد و هەموو ئێوارەیەک خواردنی شەش کەسیان پێ دەداین. دوای دوو مانگ گوتیان خۆتان ئامادەکەن دەتان بەینە شوێنێکی

دیکـە، ئێمــەش گوتمــان باشــە، بــەڵام پێویســتە ئــەو شــەش هەڤاڵــەی دیکــەشمان بێنــن و پێکــەوە بمــان بــەن، زۆر هەوڵیانــدا کــە واز لــەو داواکاریــە بێنیــن، بــەڵام ئێمــە ســور بوویــن لەســەر داواکاریەکەمــان، ناچــار بــوون ئەســعەد خۆشــەوی پێنــج هەڤاڵەکــەی هێنایانــە لامــان و هەمووماـنیــان پێکــەوە ســواری ئوتۆمبێلێــک کــرد و بەڕێکەوتیــن، تــا دونیــا تاریـك بــوو هــەر بەڕێوەبوویــن، لــە پــڕ ئۆتۆمبێلەکــە وەســتا منیــش هەســتامە ســەرپێ و ســەیرم کــرد لــە دوورەوە هەندێـك ڕوناکــی دیاربــوون، شــوفێرەکە گوتــی ئوتۆمبێــل لــەکار کەوتــووە شــەش کــەس وەرنــە خــوارەوە و پاڵــی پێوەنێــن، یەکســەر شــەش کــەس هاتینــە خــوارەوە، بــەڵام لەپــڕ شــوفێرەکە ئۆتۆمبێلەکــەی بــە تونــدی لێخــوڕی و دەرچــوو، ئینجــا زانیــم ئــەوە فێــڵ بــوو لــێمان کــرا تــا بــەو شــێوەیە لێــکمان جیــا بکەنــەوە، دوای ماوەیــەک چاوڕوانــی بینــیمان کەســێك بــە پیــر ئێمــەوە دێــت، کــە لــێمان نزیـك کەوتــەوە بەهــەر شــیوازێک بێــت تێــی گەیاندیــن کــە خــەم نەخۆیــن و میوانــی ئەویــن، ئێمــەش لەگەڵیــدا چوویــن بــەرەو ئــەو ڕووناکیــە بــەڕێ کەوتیــن کــە گوندێــک بــوو، کەگەیشــتینە ئــەوێ ئێمــەی بــردە نــاو خانوویەکــی دوو ژووری، هــەر ژوورێــک ســێ تەختــی نۆســتنی لــێ دانــرا بــوو. شــەو لــەو خانــوە ماینــەوە بــۆ بەیانــی هەمــان کابــرا هاتــەوە، قاپێــک ماســت و شــەش نانــی ســەمۆنی بــۆ هێنــا بوویــن و گوتــی: ڕۆژانــە لێــرە کار دەکــەن و هــەر ڕۆژەو شــەش نــان بەبــێ بەرامبــەر لــە نانەواخانــەی گونــد وەردەگــرن. بــەو شــێوەیە بــۆ مــاوەی چــل و پێنــج ڕۆژ لــەو گونــدە بوویــن و دوای ئــەو ماوەیــە جارێکــی دیکــە هەمووماـنیــان کۆکــردەوە و ئێمەیــان بــردە باکــۆی پایتەختــی ئازەربایجــان. ئــەم مامەڵــە خــراپ و

توونــدەی کــە هــەر لەســەر ســنوورەوە تــا باکــۆ لەگــەڵ ئێمــە دەکــرا، دەرئەنجامــی ئــەو ڕق و کینەیــە بــوو کــە باقــرۆف ســەرۆک کۆمــاری ئازەربایجــان بەرامبــەر کــورد و مــەلا مســتەفای هەیبــوو، باقــرۆڤ وەکــو کەســێکی ڕەگەزپەرســت هاوســۆز بــوو لەگــەڵ تورکــەکان و لەژێــر کاریگــەری تورکیــادا بــوو، بۆیــە هێنــدە ڕقــی لــە ئێمــە هەبــوو دژایەتــی دەکردیــن و بەهــۆی ئــەو ڕقــەوە ســێ مانــگ بــوو نــەی هێشــت یــەک ڕۆژ تێــر نــان بخۆیــن و بــەردەوام برســیمان بــوو. بێگومــان بــۆ گەنجێــک کەتەمەنــی لــە نێــوان بیســت بــۆ ســی ســاڵیدایە ئەســتەمە ڕۆژانــە بەنانێــک لەژیــان بــەردەوام بێــت و کاریــش بــکات! بــەڵام لەبەرئــەوەی ئێمــە بــڕوا و متمانەیەکــی بەهێزمــان بــە مــەلا مســتەفا و ڕێبازەکەمــان هەبــوو؛ بەرگــەی ئــەو بارودۆخــە دژوارەشمان گرتــوو بــەردەوام بوویــن لەژیــان.

## ژیانی ئێمە لە باکۆ و دەست پێکردنی ڕاهێنانی سەربازی

لــە کانوونــی یەکەمــی (١٩٤٧) دا لــە باکــۆ ئێمەیان بــردە ســەربازگەیەکی زۆر گــەورە، یەکــەم ڕۆژ ســەری خۆمــان شوشــت و جلەکانمــان فڕێــداو و جلــی ســەربازییان پێدایــن، مــەلا مســتەفاش هاتــە لامــان و فەرمــووی: ئاینــدەی کــورد لەدەســت ئێوەیــە و شۆڕشــی داهاتــووی کــورد لەپینــاو ڕزگاری و ســەربەخۆیی کوردســتان لەســەر دەســتی ئێــوە دەســت پــی دەکاتــەوە، بۆیــە لەڕێــگای مەشــقی ســەربازیەوە فێــری زانســت و تاکتیکــی ســەربازی و خوێنــدن ببن و خۆتــان بــۆ ئــەو قوناغــە ئامــادە بکــەن، ئومێــدەوارم هەمووتــان بڕوانامــەی بــەرز بەدەســت بێنــن

و دوای گەڕانـــەوە بـــۆ کوردســـتان خزمەتـــی خـــاک و نەتەوەکەتـــان بکـەن، تـکام وایـە خۆتـان مانـدو بکـەن و سـود لـەم دەرفەتـە وەر گـرن و شـتی بـاش فێـر بن، متمانەیەکـی تـەواوم بەئێـوە هەیـە کـە لەشۆڕشـی داهاتـووی ڕزگاریخـوازی کوردسـتاندا هـەر یەکێـک لەئێـوە دەبێتـە سـەرکردەیەکی بەتوانـا و ڕۆڵێکـی گرنـگ دەگێڕێـت لەهوشـیارکردنەوەی خەڵکـی ئێمـەو جۆشـدانی خەباتـی نە تە وایە تـی

ئـەم قسـانەی مـەلا مسـتەفا زۆر کاریگەریـی لەسـەر دروسـتکردین و ئێمـەی هانـدا لەڕاهێنانەکانـدا خۆمـان مانـدو بکەیـن و بـە ئومیـدەوە لەئاینـدە بڕوانیـن.

لەسـەرەتای ڕاهێنانەکـەدا هێزەکانـی ئێمەیـان لـە فەوجێـک و چەنـد سریـەو فەسـیلدا ڕێکخسـت، ئەسـعەد خۆشـەوی بـووە ئامر فەوج و سـەعید وەلـی بـەگ و محەمـەد ئەمیـن میرخـان ومامند مەسـیح و مستۆ مێـرۆزی و بوونـە ئامـر سریـەو مـن و ژمارەیـەک هەڤاڵیـس بووینـە ئامر فەسـیل.ڕۆژانە هەشـت کاتژمێـر ڕاهێنانـی سـەربازی و چـوار کاتژمێریـش وانـەی کـوردیمان دەخوێنـد. ماموسـتای وانـە کوردیەکـە میرحـاج و محەمـەد نەجیـب و یـەک دوو هەڤاڵـی کـوردی ئێرانـی بـوون. هـەروەک گوتـم ئاموژگاریەکانـی مـەلا مستەفا هانـدەر بـوون کـە بـە ورەو ئـارەزوەوە دەسـت بەڕاهێنانـەکان بکەیـن، بۆیـە بەئاسـانی و سـەرکەوتوویی قوناغەکانـی ڕاهێنانمـان دەربـاز دەکـرد، ڕۆژانـە مـەلا مستەفا سـەردانی هەمووانـی دەکرد و لـە بارودۆخی ئێمـەی دەکۆڵیـەوە و هـەر داوایـەکمان هەبوایە بۆمانـی جێبەجـێ دەکـرد.

ئەفسـەرانی ڕووسـی زۆر لـێمان ڕازی بـوون. توانـا و هێـزی خۆمـان

لەڕاهێنانەکانــدا بەشــێوەیەک بۆیانمــان ســەلماند کــە پێــی سەرســام بــوون. بــەم شــێوەیە بــۆ مــاوەی حــەوت مانــگ مەشــق و ڕاهێنانــی ســەربازیمان کــرد و بەســەرکەوتووی کۆتایــیمان پێهێنــا

## گواستنەوەمان بۆ ئۆزبەکستان

ماوەیەکــی کــەم بــەر لــەوەی ڕاهێنانــەکان لــە ســەربازگەکەی باکــۆ تــەواو بکەیــن، مــن توشــی نەخۆشــەیەك بــووم کــە ئێســتاش نازانــم ئــەو نەخۆشــیە چــی بــوو، بــۆ چارەســەری منیــان بــردە نەخۆشــخانە و خــەوێنرام، مــەلا مســتەفا زوو زوو ســەردانی دەکــردم و لەبــارەی تەندروســتیمەوە لەگــەڵ دکتــۆرەکان قســەی دەکــرد، دوای چەنــد ڕۆژێــک دوو هەڤاڵــی دیکەشــم بــە ناوەکانــی مەحەمــەد ئاغــای خەلانــی و فەیــزی پێندڕۆیــی تۆشــی هەمــان نەخۆشــی بــوون و هێنایانــە لای مــن و لەهەمــان ژوور خــەوێنران. باقــروف وەکــو کەســێکی ڕەگەزپەرســت ســور بــوو لەســەر چەوساندنەوەمان، بۆیــە مــەلا مســتەفا داوای لــە ڕووســەکان کــرد بمانگوێزنــەوە شــوێنێکی دیکــە، ئــەوە بــوو لــە ئەیلوولــی (١٩٤٨) لەســەر داوای جەنابیــان بڕیــاردرا بمانگوێزنــەوە بــۆ ئۆزبەکســتان، پێــش گواســتنەوەکە جەنابیــان لــە نەخۆشــخانە ســەردانی کردینــەوە و بــە ئێمــەی گــوت: بڕیــار وایــە بمانگوێزنــەوە بــۆ ســەربازگەیەک لــە ئۆزبەکســتان کــە زۆر لێــرەوە دوورە، بۆیــە ناتوانــم وەکــو پێــشتر ســەردانتان بکــەم. پەنــا بەخــوا دوای چاکبوونەوەتــان ڕووســەکان ئێــوەش دەهێننــەوە لای ئێمــە لــە ئۆزبەکســتان. پــاش نزیکــەی بیســت ڕۆژ مــن و مەحەمــەد ئاغــای خەلانــی چــاك بووینــەوە، بەبــێ ئــەوەی فەیــزی

پێندڕۆیـی هەسـت پێبـکات پێیـان گووتیـن فەیـزی وا زوو چـاك نابێتـەوە، بۆیــە ئــەو لێــرە دەمێنێتــەوەو ئێــوە بگەڕێنــەوە لای هەڤاڵەکانتــان، ئێمەیــان بــردەوە ســەربازگەکە و داوامــان کــرد بمــان بەنــە لای هەڤاڵانمــان لەئۆزبەکســتان، ئەوانیــش ســەربازێکیان لەگــەڵ ناردیــن و لــە ڕێگــەی دەریــاوە بــەرەو ئۆزباکســتان بەڕێکەوتیــن و بــۆ ئێــوارەی ڕۆژی دواتــر گەیشــتینە ئــەو ســەربازگەیەی کــە هەڤاڵانمــان لێــی بــوون. بــۆ مــاوەی نــۆ مانگــی دیکــە لــە ئۆزبەکســتان مەشــقی ســەربازیمان بەردەوامــی پێــدرا. لەبەرئــەوەی دوور بوویــن لــە دەســەڵاتی باقرۆفــی ســەرۆک کۆمــاری ئازربایجــان، لــەوێ بــارودۆخمان لــەڕووی دەروونییــەوە بــاشتر بــوو، دەرفەتیــان بــە ئێمــەدا وەکــو ســەردەمی کۆمــاری کوردســتان لەکاتــی مەشــقی ســەربازیدا سرودی ئــەی ڕەقیــب بڵێینــەوە، ئەمــەش بــۆ ئێمــە جێــگای دڵخۆشــی بــوو. دوای نــۆ مانــگ ڕاهێنانــە ســەربازیەکان بــە تــەواوی کۆتاییــان پێهــات و لەئــازاری (١٩٤٩) و دوای کۆتاییهاتنــی ڕاهێنانــەکان دیســان مــەلا مســتەفا لــە ئێمــە جیــا کرایــەوە و دوور خرایــەوە بــۆ دۆرگــەی (چمبــای) وە ئێمــەش پــەرش و بڵاو کرایــن.

## کرێکاری لەپێناو مانەوەدا لەژیان

بەهـۆی کاریگەرییەکانی شـەڕی دووەمی جیهانی ڕووسیا لەبارودۆخێکی خراپـی ئابوریـدا بـوو. بۆیە پێویسـت بوو ئێمـەش لەپێنـاو دابینکردنی بژێوی ژیانـدا کار بکەیـن، بـەم پێیـە بۆئـەوەی کار بکەین دوای تەواوکردنی مەشـقە سـەربازیەکان جارێکـی دیکـە پـەرش و بڵاوکرایـنـەوە و هەرچەنـد کەسـێکیان بـردە شـوێنێک. ئێمـە کـە حـەوت کـەس بوویـن لـە ئوتۆمبێلێکـی زیل سـوار

کرایـن و ئەفسـەرێکی ڕووسـیش بـە نـاوی (شـیرکۆف) لەگـەڵ ئێمەیـان نـارد کـە بەرپـرس بـوو لەجێگیرکـردن و دابەشـکردنمان لەناوچەکـە. دوای یـەك کاتژمێـر ڕۆیـشتن گەیشـتینە گوندێك کە پێیـان دەگوت (بەیـووت) لەو گوندە ژوورێکـی گەورەیـان بـۆ دابینکردبوویـن و ئێمەیـان لـەوێ دانـاو (شـیرکوف) پێـی گوتیـن ئیـوە لێـرە بمێننەوە مـن بەیانـی دەگەڕێمـەوە لاتـان، بەیانی زۆر چـاوەڕێمان کـرد بـەڵام نەهـات، کاتێک دواکـەوت زانـیمان ناهێتـەوە و ئێمە لێـرە دەمێنینـەوە، پیاوێـک لـەو نزیکانە بـوو بانگم کرد هاتە لام و لێم پرسـی دەتوانـی گـەورەی ئـەم گونـدە بەئێمـە بناسـێنی؟ ئەویـش گوتی باشـە بانگی دەکـەم دێتـە لاتـان، دیـار بـوو هەموویان ئاگایـان لەیەکتر بوو، بۆیە ڕۆیشـت و دوای ماوەیەکـی کـەم گەڕایـەوە و پیاوێکـی سـوارچاکی لەگـەڵ بـوو کە بە سـوار ئەسـپێکەوە دەهـات و نـاوی (نیچینـۆف) بـوو گوتـی: ئەمـە گـەورەی گونـدە چیتـان هەیـە پێـی بڵێـن، ئێمـەش گوتمـان ئەفسـەرێک بەنـاوی (شـیرکوف) ئێمـەی هێنایـە ئێـرە و ڕۆیشـت، ئێمـە نازانیـن چـی بکەیـن و بۆ کـوێ بچیـن؟! سـوار چاکەکـەش گوتـی: شـیرکوف ناهێتەوە ئێـرە و ئێـوە لێرە دەمێننـەوە بـۆ یـەک حەفتە پشـوو بدەن؛ تا باش شـارەزایی ئێـرە دەبن دواتر لەگـەڵ ئێمـە دێنـە سـەر کار و دەسـت بـەکار کـردن دەکەن.

دوای هەفتەیـەك کابرایەکـی چوارشـانەی سـمێڵ ڕەش و باڵا بـەرز بەناوی (قـەش شـەربای) هاتـە لامـان و کۆمەڵێـك تـەور و پێمەڕەی لەسەرشـان بوو، پـاش سڵاوکـردن و خۆناسـاندن بـە ئێمـەی گـوت: دەبـێ ئێوە لەگـەڵ من بێن بـۆ سـەر کار، ئێمـەش لەگەڵـی کەوتیـن و چووینـە وێسـتگەی شـەمەندەفەر فارغۆنێکـی شـەمەندەفەر پـڕ بـوو لـە کارتۆنـی دەرمانـی کشـتوکاڵی، کابـرا سـمێل ڕەش گوتـی: ئـەو بـارە خاڵـی کـەن، ئێمـەش هـەر حـەوت کـەس کـە

بەهێـز و گـورج بوویـن بـە ماوەیەکـی کـورت ئـەو بارەمـان هێنـا خـوارەوە، کابـرای ڕووسـی بـەم توانـاو هێـزەی ئێمـە سەرسام بـوو بۆیـە گوتـی: بـۆ وا زوو ئـەو فارغۆنەتـان بەتاڵکـرد؟! پێویسـت بـوو تـا کاتژمێـر هەشـتی ئێـوارە خۆتـان پێـوەی خەریـک بکـەن، ئێمەش گوتمـان شـێوازی کارکردنی ئێمـە بەو شـێوەیەیە.

بـۆ ڕۆژی دواتـر ئێمەیـان بـردە نـاو باغێـک و کاری زەوی کێڵانیـان پـێ کردیـن، بـۆ چەنـد ڕۆژێـک لەسـەر زەوی کـێڵان بـەردەوام بوویـن، کارەکـە زۆر قـوڕس بـوو دەسـتەکانمان توشـی شـەق و بریـنداری بـوون، ڕۆژێـک چووینـە لای (نیچنـوف) دەسـتەکانمان پیشـاندا و پـێمان گـوت: ئـەوە حـاڵ و گوزەرانمانـە و توانـای کار کردنمـان نەمـاوە. یەکسـەر بـەدوای دکتۆرێکیـدا نـارد، دکتۆرەکـە ئافـرەت بـوو، دەسـتەکانمان پیشـاندا و ماڵـی ئاوابێـت تـیماری کردیـن لەکاتـی تیمارکردنـدا گوتـی: ئێـوە کێـن و چ دەکـەن لێـرە؟ منیـش بەسـەرهاتی خۆمـان بـۆ گێڕایـەوە و پێـم گـوت ئەفسـەرێک بەنـاوی (شـیرکوف) ئێمـەی هێنایـە ئێـرەو لێـرەی بەجێهێشـتین ئەویـش گوتـی: شـیرکوف دەناسـم لێـرەوە نزیکـە لـە شـارۆچکەیەک دەژیـت بەنـاوی (سـنترالی) کـە دەکەوێتـە پشـت ئـەو دارسـتانە، مـن و دوو هەڤاڵـی دیکـەم بەمەبەسـتی دۆزینـەوەی (شـیرکوف) بەپـێ بـەرەو شـارۆچکەی سـەنترال بەڕێکەوتیـن. کـە چووینـە نـاو گوندەکـە بەڕێککـەوت حـەوت هەڤاڵـی خۆمـان لـەوێ دۆزیـەوە. زۆر بەگەرمـی یەکترمـان لەئامێـز گرتـوو پێکـەوە خۆشـحاڵ بوویـن، بـە یـەک گەیشـتنەکە بـۆ هەردوولامـان وەکـو ئـەوە وابـوو تـازە لەدایـک بووبیـن، لەخۆشـی بەیـەک گەیشـتنمان پێکەنیـن و

گریانمـان تێکـەڵ بەیـەک بـوو، دەنـگمان بـەرز بوویـەوە و خەڵکێکـی زۆر لـێمان کۆبوونـەوە، دیمەنەکـە هێنـدە تراژیـدی و بەئـازارو غەمبـار بـوو بەشـێکی ئـەو خەڵکـەی لـێمان کۆببوونـەوە دەسـتیان بەگریـان کـرد! دوای ئـارام بوونەوەمـان گوتمـان ئێمـە بـەدوای شـیرکوفدا هاتوویـن، ئەگـەر شـوێنی پـێ دەزانـن بمـان بـەن بـۆ لای ئەوانیـش گوتیـان شـیرکوف لێرەیـە و ئێمەیـان بـردە بـەردەم ماڵـی ئـەو، لـە دەرگامـان دا شـیرکوف دەرگای کـردەوە و کاتێـک چـاوی بەئێمـە کـەوت تۆشـی سەرسـوڕمانی بـوو گوتـی: چـوون گەیشـتنە ئێـرە؟!

ئێمـەش یەکسـەر دەسـتەکانی خۆمـان پـی پێشـانداو پـێمان گـوت ئـەوە حاڵـی ئێمەیـە بەحسـاب پەناهەنـدە و میوانـی ئیوەیـن، کەچـی بـەم شـێویە و وەکـو کۆیلـە کارمـان پـێ دەکـەن تـا نانمـان دەدەنـێ، ئێمـە کوێلاتـی قبـووڵ ناکەیـن و چـیتر ئامادەنیـن لەپێنـاو نانـدا کەرامەتمـان بشـکێنن و کارمـان پـێ بکـەن! ئـەم قسـانە زۆر کاریگەریـان لەسـەر شـیرکوف دروسـت کـرد، بەڕێـزەوە مامەڵـەی لەگەڵـدا کردیـن، چـاو و قـاوەی پێدایـن و دەسـتی دایـە تەلەفـۆن و (چینـوف) گـەورەی گوندەکەمانـی هێنایـە ئـەوێ. کاتێـک گـەورەی گوندەکەمـان هـات شـیرکوف ئامـۆژگاری کـرد کـە بـارودۆخمان بـاشتر بـکات و کـەمتر لـە جـاران کار بکەیـن، دوای ئـەوە لەگـەڵ گـەورەی گونـد گەڕاینـەوە گوندەکەمـان و بـارودۆخمان کەمێـک بـاشتر بـوو.

# خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین

دوای ئەوەی ئەو حەوت هەڤاڵەی شارۆچکەی سەنترالمان دۆزیەوە توانیمان شوێنی حەفتاو پێنج کەسی دیکە لە هەڤاڵەکانمان لە گوندەکانی ئەو دەوروبەرە بدۆزینەوە، زوو زوو سەردانی یەکترمان دەکرد و پێکەوە کۆدەبووینەوە، هەندێک جاریش بەنامە یەکترمان ئاگادار دەکردەوە کە لە فلانە ڕۆژ و فلان کاتژمێر و لە فلان ناونیشان کۆدەبینەوە و چەند جارێک هەموومان پێکەوە چووینە بەر دەرگای دامەزراوە حکومیەکان و خۆپیشاندانی هێمنانەمان ساز کرد و داوامان کرد یان مەلا مستەفا و هەڤاڵەکانمان بهێنەوە لامان یان ئێمە ببەنە لای ئەوان، بەڵام ئەوە سودی نەبوو، بۆیە ناچار بووین شێوازی خۆپیشاندان و ناڕەزایەکانمان بگۆڕین و بڕیارماندا لەپێناو ناچار کردنیان بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکەمان بەدار و بەرد هێرش بکەینەوە سەر دامودەزگا حکومیەکان. ئەوە بوو ڕۆژێک هەموومان کۆبووینەوە کە زیاتر لەهەشتا کەس بووین و چووینە بەردەم بینایەی قایمقامیەتی شارۆچکەی سەنترال و بە دار و بەرد هێرشمان کردە سەری، پۆلیسی ڕووسیش بەدار و بەرد ڕووبەڕوومان بوویەوە، بەڵام ئێمە پاشەکشێمان نەکرد و بەردەوام بووین دواتر قایمقام و هەندێ بەرپرسی دیکە هاتنە لامان و بەڵێنیان پێداین کە دوای یەک مانگی دیکە مەلا مستەفا بهێننە لامان، لەسەر بەڵێنی ئەوان بارودۆخ هێور بوویەوە و ئێمە گەڕاینەوە شوێنەکانمان. دوای یەک مانگ دەرکەوت بەڵێنەکەیان ڕاست نەبوو، بۆیە دووبارە هەمووومان چوینەوە بەردەمی قایمقامیەتی سەنتەرال و بە دار

و بـەرد هێـرشمان دەسـت پێکـردەوە، ئەمجـارە دۆخەکـە زۆر ئاڵـۆز بـوو هەڤاڵێـکمان بەردێکـی لەسـەری پۆلیسـێک داو کوشـتی، لەسـەر ئـەم ڕووداوە ژمارەیـەک هەڤـاڵمان خرانـە زیندانـەوە و بـۆ ماوەیەکـی درێـژ لـە زیندانـدا مانـەوە و کـۆت و بەندەکانیشـیان لەسـەر ئێمـە توونـدتـر کـرد، بـەو هیوایـەی ناچارمـان بکـەن دەسـت لەخۆپیشـاندان هەڵگریـن گـەورەی هەمـوو گوندەکانیـان ئـاگادار کـردەوە و پێیـان ڕاگەیانـد ئـەو ڕۆژانـەی دێنـە خۆپیشـاندان بـە بەرسـێتی بیـان هێڵنـەوە و نانیـان نەدەنـێ! بـەڵام ئێمـە تەسـلیم نەبوویـن و بـۆ ماوەیەکـی درێـژ درێژەمـان بەخۆپیشـاندانەکاندا. بۆئـەوەی برسـی نەمێنینـەوە حەفتـەی چـوار ڕۆژ کارمـان دەکـرد و سـێ ڕۆژیـش دەچووینـەوە بـەردەم دامـەزراوە حکومیـەکان و پێداگـریمان لەسـەر داواکاریەکانمـان و ئازادکردنـی هەڤاڵانمـان دەکـرد، دوای سـێ سـاڵ هەڤاڵەکانمـان ئـازاد کـران. بـەڵام داواکاری ئێمـە بۆئـەوەی ئێمـە و مـەلا مسـتەفا بەیـەك بگەینـەوە جێبەجـێ نەکـرا. بـەم شـێوەیە سـێ سـاڵی پـڕ لەئـازار و مەینەتـی و ژیانێکـی سـەخت و دژوارمـان بـەڕێ کـرد، ئـەو هەمـوو ئـازار و نەخۆشـیانەی ئێمـە لـەو سـێ سـاڵەدا دیـتمان بـڕوا ناکـەم هیـچ مرۆڤێـک بتوانێـت چەنـد ڕۆژێکیـش بەرگـەی بارودۆخێکـی لـەو شـێوەیە بگرێـت، بـەڵام لەبەرئـەوەی بـڕوا و متمانەیەکـی بەهێزمـان بـە مـەلا مسـتەفا و ڕێبازەکەمـان و کێشـەی ڕەوای میللەتەکەمـان هەبـوو خۆڕاگرانـە بەرگـەی هەمـوو ناخۆشـیەکمان گـرت و بـەردەوام بوویـن لەژیـان و داواکارییـە ڕەواکانمـان، هەڵبـەت ئەمـە واقعـی ژیانـی هەمـوو هەڤاڵانمـان بـوو، دوای ئـەوەی کـە بەیـەک گەیشـتینەوە بۆیـان بـاس کردیـن ئەوانیـش بەهەمـان

شـــێوەی ئێمـــە لەژیانێکـــی پـــڕ لەئـــازار و کۆڵەمەرگیـــدا بـــوون و بەهەمـــان شـــێوەی ئێمـــە خوپیشـــاندان و ناڕەزاییـــان ئەنجـــام دابـــوو.

## ڕووسەکان ناچار بوون داواکاریەکەمان جێبەجێ بکەن

تـــا ئەیلوولـــی ١٩٥١ ئەمـــە واقعـــی ژیانـــی ئێمـــە بـــوو، لـــەو ماوەیـــەدا مـــەلا مســـتەفا بـــەردەوام هەوڵـــی دابـــوو کـــە هەموومـــان کۆبکاتـــەوە، لـــەو بـــارەوە نامەیەکـــی بـــۆ جۆزیـــف ســـتالین نـــارد بـــوو لەنامەکـــەدا دوپاتـــی کردبوویـــەوە کـــە ئێمـــە لەپێنـــاو گەیاندنـــی دەنگـــی مەزلومیەتـــی میللەتـــی کـــورد و بەدەســـتهێنانی پشـــتیوانی بـــۆ کێشـــە ڕەواکـــەی پەنامـــان بـــۆ ســـوڤیەت هێنـــاوە، بـــەڵام بەداخـــەوە دەوڵەتـــی ســـوڤیەت بەشـــێوازێکی نـــاڕەوا مامەڵـــەی لەگـــەڵ ئێمـــەدا کـــردووە و هەموومـــان لەیـــەک دابڕانـــدووە. دوای نامەکـــەی مـــەلا مســـتەفا بـــۆ ســـتالین و خۆپیشـــاندن و ناڕەزایـــی بەردەوامـــی ئێمـــە، نامەیـــەکمان لـــە مـــەلا مســـتەفاوە پێگەیشـــت، هەتـــا ئێســـتاش نازانـــم ئـــەو نامـــە بـــە چ ڕێگایـــەک گەیشـــت و کـــێ هێنـــای! مـــەلا مســـتەفا لەنامەکەیـــدا ئـــاگاداری کردبووینـــەوە کـــە دە ڕۆژی دیکـــە دێتـــە لامـــان، ئـــەم هەواڵـــە دووبـــارە خۆشـــی و شـــادی بـــێ ســـنووری گەڕانـــدەوە ناومـــان و هەمـــوو ئـــازار و مەینەتیەکانمـــان لەبیـــر کـــرد، ئێمـــە ئـــەو حـــەوت کەســـەی پێکـــەوە بوویـــن وەکـــو پاداشـــتی کارکـــردن گوێرەکەیـــەکمان وەرگرتبـــوو، لەخۆشـــی نامەکـــەی مـــەلا مســـتەفا گوێرەکەکەمـــان ســـەر بـــڕی و ئـــەو حەفتـــاو پێنـــج هەڤاڵـــەی لەگوندەکانـــی دەوروبـــەری ســـەنتراڵ بـــوون مێوانمـــان کـــردن و پێکـــەوە ئاهەنگـــی خۆشـــیمان گێـــڕا، هێشـــتا

ئاهەنگەکەمـــان تـــەواو نەبـــوو قایمقامـــی ســـەنترال هاتـــە لامـــان و گوتـــی: دوای حەفتەیەکـــی دیکـــە لێـــرە دەگوازرێنـــەوە بـــۆ شـــوێنێکی دیکـــە، ئێمـــەش گوتمـــان پێـــش دوو ڕۆژ ئێمـــە ئەوەمـــان زانیـــوە و بـــەو بوونـــەوەش ئاهەنـــگمان گێـــڕاوە، قایمقـــام توشـــی سەرســـووڕمانی بـــوو؛ گوتـــی چـــوون ئەوەتـــان زانیـــوە؟! ئێمـــەش گوتمـــان مـــەلا مســـتەفا نامـــەی بـــۆ ناردوویـــن. دوای ئاهەنگەکـــە هـــەر یەکـــە و گەڕایـــەوە شـــوێنی خـــۆی، پێـــش ئـــەوەی یـــەکتر بەجێبێلیـــن بڕیارمانـــدا هـــەر کەســـێک شـــتێکی هەبێـــت و کـــۆی کردبێتـــەوە ئەگـــەر بەنرخێکـــی کەمیـــش بێـــت بفرۆشـــێت تـــا دوای ئـــەوەی بەیـــەک دەگەینـــەوە یارمەتـــی مـــەلا مســـتەفاو هەڤاڵانمـــان بدەیـــن. لەکاتـــی دیاریکـــراودا ڕووســـەکان ئوتۆمبێلیـــان هێنـــا بـــۆ گواســـتنەوەمان و بەڕێکەوتیـــن.

مـن و شـێخ یەزدیـن و مەحەمـەد ڕەشـید و مەحەمـەد جنـدی و ڕشـید محـۆو، مەحەمـەد نـوح و سـەلیم ڕەشـید لەیـەک ئوتۆمبێلـدا بوویـن. دوای دوو کاتژمێـر و نیـو ئێمەیـان بـردە شـوێنێك کـە پێیـان دەگـووت (ڤریفیسـکی شوسـکی) بەشـێک لـە هەڤاڵانمـان کەوتبوونـە شوسـکی و بەشێک کەوتینـە ڤریفیسـکی و ژمارەیەکیـش کەوتنـە تاشـکەند، هەمووەمـان لـەو شـارانە بـە دیـداری یـەکتر شـادبووینەوە شـادبوونەوەیەک کـە گریـان و شـادی تێکـەڵ بـە یـەک بـوو، دیمەنەکانـی ئـەو ڕۆژە هەمیشـە لەنـاو یادەوەریەکانمـدا دەزرینگێنـەوە و قـەد لەبیـرم نەکـردوون، ئاخـر ئـەو ڕۆژە بـۆ ئێمـەی هـەژار و ئـاوارە و بێکـەس و بێخـودان وەکـو لەدایـک بوونێکـی نـوێ بـوو، دوای دابڕانێکـی چەنـد سـاڵە سـەرۆک و ڕابەرمـان مـەلا مسـتەفا و ئـەو هەڤاڵـە ئازیزانەمـان

دیتــەوە کــە دەیــان هــەوراز و نشــێوی ســەخت و دژوارمــان پێکــەوە بــڕی بــوو، هەمیشــە ئامــادە بوویــن لەپێنــاو یــەکتردا بمریــن و دەیــان جــار پێکــەوە بەموعجیــزە لــە مــردن ڕزگارمــان بــوو

دوای ئــەو دابڕانــە دوور و درێــژە کــە چــاوم بــە مــەلا مســتەفا کەوتــەوە؛ پێــم وابــوو ئــەوە خەونــە و قــەد بــڕوام نەدەکــرد، زۆر هەوڵمــدا قەناعــەت بەخــۆم بێنــم کــە ڕاســتیە و خــەون نییــە، بــەڵام دیســانیش بــڕوام نەدەهــات و هــەر خــۆم بەخــۆم دەگــوت: نەخێــر ئــەوە خەونــە مەحاڵــە جارێکــی دیکــە مــەلا مســتەفا ببینمــەوە، لــەو خەیاڵانــەدا بــووم مــەلا مســتەفا گەیشــتە لای مــن و منــی لــە ئامێــز گــرت، بــەڵام دەســت و پێکانــم خــاو ببــوون و وەکــو ئــەوەی لــەکار کــەوتبن نەمتوانــی هیــچ جووڵەیــەک بکــەم، کاتێــک مــەلا مســتەفا هەســتی کــرد مــن لەبارودۆخێکــی خراپــی دەروونیــدام پێــی وابــوو نەســاخم بۆیــە کەمێــک منــی هەژانــدو فەرمــووی: «تەیمــەز خێــرە ئــەوە نەخۆشــی»؟! لەگــەڵ ئــەم قســانەی جەنابیــان کەمێــک هاتمــەوە ســەر خــۆم و گوتــم: نەخێــر ئەزبەنــی نەخــۆش نیــم، بــەڵام لەخۆشــیان خەریکــە دەبورێمــەوە، ئینجــا فەرمــووی: «تەیمــەز تــۆ و هەڤاڵەکانــت وەکــو شــێر لەبــەرەی ســەقز و دەشــتی ماکــۆ و دەیــان شــوێنی دیکــە وەکــو چیایەکــی خوڕاگــر ڕووبــەڕووی دوژمــن دەبوونــەوە و ڕۆژی ســەد جــار ئامــادە بــوون لەپێنــاو کــورد و کوردســتاندا بمــرن متمانــەم پێتانــە لێــرەش بەهەمــان گیــان و هەســتی بــەرزەوە بمێننــەوە و خوراگــر بــن، ڕۆژە ناخــۆش و پــڕ لەمەینەتیــەکان کۆتاییــان پێهــات«، منیــش گوتــم: بەلــێ ئەزبەنــی مــن و هەڤاڵانــم هەمــان ئــەو

کەسانەین و قەد لەمردن ناترسین و توانای ئەوەمان هەیە بەرگەی هەموو ناخۆشیەک بگرین، بەڵام دابڕان لە جەنابتان بۆ من و هەڤاڵەکانم هێندە بەئازارە کە ناتوانین چیتر بەرگەی بگرین، ئینجا جەنابیان فەرمووی: «پێم گوتی ئەو ڕۆژانە دەرباز بوون و پێکەوە دەمێنینەوەو بەسەر بەرزیش دەگەڕێینەوە»، دواترهەموو هەڤاڵەکانمانی یەکە بەیەکە لەئامێز گرت و قسەی بۆ کردن و ئینجا وتارێکی کورتی ئاراستەی هەمووومان کرد و فەرمووی

«خۆڕاگربن ئێوە هەڵگری پەیامی مەزلومیەتی میللەتێکی ژێر دەست و خاک داگیرکراون، هەموو کوردێک چاوی لە ئێمەیە و بە ئومێدەوە لێمان دەڕوانن، دڵنیام لە ئایندەیەکی نزیکدا بەسەر بەرزیەوە دەگەڕێینەوە نیشتمانەکەمان، زانیومە بەشێک لە ئێوە ژیانی هاوسەریتان پێکهێناوە، من ئەوەم پێ خۆش نەبوو. بەڵام مادام وەکو مافێکی ڕەوا ممارسەی ئەو مافەتان کردووە هیوادارم ئەمە نەبێتە هۆی لاوازبوونی هەست و ڕوحی نەتەوایەتیتان و توانەوە لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا، لەبیر نەکەن کۆمەڵگای ئێرە لە هەموو ڕوویەکەوە لە کۆمەڵگای ئێمە جیاوازە، نابێت لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا بتوێینەوە و پێویستە لەڕووی بیروباوەڕ و فەرهەنگ و کولتوورەوە تایبەتمەندیەکانی خۆمان بپارێزین و دەستیان پێوە بگرین، چونکە مانەوەمان بەندە بەوەی چەند دەتوانین بەها نەتەوەیی و دینی و ئەخلاقیەکانمان بپارێزین، داوام لە ڕووسەکان کردووە دەرفەتی خوێندن بۆ هەمووتان فەراهەم بکەن،

ئەوانیش بەڵێنیان داوە داواکەم لەو بارەوە جێبەجێ بکەن. تکام وایە هەمووتان لەو دەرفەتە سود وەرگرن و هەوڵبدەن فێری خوێندەواری بن و بڕوانامەی بەرز بەدەست بێنن، چونکە بەو شێوەیە هەم ئەو بەڵێنە بەجێ دێنین کە بە شەهیدەکانمان داوە هەمیش دوای گەڕانەوە لەئاست چاوەڕوانییەکانی میللەتی کورد دەبین و دەتوانین خزمەتی خاک و نەتەوەکەمان بکەین

## درێژەدان بە خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامە

دوای ئەوەی هەموومان بەیەک گەیشتینەوە، بارودۆخی ژیانمان لەهەموو ڕوویەکەوە باشتر بوو. بەهەوڵ و ماندوبوونی مەلا مستەفا ڕووسەکان دەرفەتیان پێدایین بخوێنین و بۆ هەمووشمان موچەیەکی کەم بڕایەوە. دەستمان بە خوێندن کرد و دوای تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی و فێربوونی نووسین بەزمانی ڕووسی ناوی من لەبەشی خوێندنی کشتوکاڵی هاتەوە، بۆ تەواوکردنی ئەو قۆناغەی خوێندن من و چەند هەڤاڵێک کە نزیک سی کەسێک دەبووین پێوست بوو لە هەڤاڵەکانمان دوور بکەوینەوە، بۆیە لەپێناو ئەوەی دووبارە لە یەکتر دانەبڕیین سەرەتا ڕەتمان کردەوە لەو بەشە بخوێنین، دواتر چووینە خزمەت مەلا مستەفا و پێمان گوت: ئەزبەنی ناومان لە بەشی کشتوکاڵی هاتۆتەوە و پێمان دەڵێن بۆ خوێندن لەو بەشە دەبێت بچینە شوێنێکی دوور لە ئێرە ئێمەش ناتوانین دووبارە لەجەنابتان و هەڤاڵەکانمان جیا ببینەوە بۆیە واز لە خوێندن دێنین! مەلا مستەفا فەرمووی:

«هوشـــیار بـــن هەڵەیەکـــی وا نەکـــەن نابێـــت بەهیـــچ هوکارێـــک لەخوێنـــدن دابـبڕدرێـــن مـــن نـــاوی ئێـــوەم لـــەو بەشـــە دیـــاری کـــردووە و لەگـــەڵ ڕووســـەکان هەوڵمـــداوە هـــەر چەنـــد هەڤاڵێـــک لـــە بەشـــێک بخوێنـــن و شـــارەزایی لـــە بوارێکـــدا بەدەســـت بێنـــن، ئەمـــە بـــۆ ئەوەیـــە کاتـــێ گەڕاینـــەوە وڵاتـــی خۆمـــان بتوانیـــن لەهەمـــوو بوارەکانـــدا خزمەتـــی خەڵـــک و خاکـــی خۆمـــان بکەیـــن، کەواتـــە بگەڕێنـــەوە شـــوێنی خۆتـــان و دەســـت بەخوێنـــدن بکـــەن ئـــەوەی لـــە خوێنـــدن دابـبڕێـــت چـــیتر وەکـــو هەڤاڵێکـــی دڵســـۆز لێـــی ناڕوانـــم، ئـــەوەی بەردەوامیـــش دەبێـــت لـــە خوێنـــدن هەڤاڵـــی ئازیـــزی منـــە و بـــەردەوام ســـەردانی دەکـــەم و لەگەڵـــی دەبـــم». ئـــەم قســـانەی جەنابیـــان ئێمـــەی هانـــدا خوێنـــدن بـــەردەوام بکەیـــن و لێـــی دانەبڕێیـــن، بـــەم شـــێوەیە توانیـــوم دیبلـــوم لەبـــواری کشـــتوکاڵیدا بەدەســـت بێنـــم.

## باوکم گوتی: دەبیە عاشقی کچێکی چاو شین و قژ زەرد!

لەســـاڵی ١٩٤٢و کـــە لـــە گوندەکەمـــان بوویـــن ڕۆژێـــک باوکـــم گوتـــی: کـــوڕم بیـــر لـــە ژنهێنـــان نەکەیتـــەوە، ڕۆژێـــک دێـــت لەســـەر دەریـــای زەرد جلـــی ســـەربازی لەبـــەر دەکەیـــت و دواتریـــش دەبیـــە عاشـــقی کچێکـــی چاوشـــین و قـــژ زەرد! ئـــەوکات گاڵتـــەم بـــەو قســـانەی باوکـــم دەهـــات و پێـــم وابـــوو ئەویـــش هـــەر بـــۆ دڵخۆشـــی و گاڵتەکـــردن ئـــەو قســـانە دەکات. ئاخـــر ئـــەوکات هـــەر نەمدەزانـــی دەریـــای زەرد لـــە کوێیـــە؟! تـــا بـــڕوا بکـــەم ڕۆژێـــک لـــەوێ جلـــی ســـەربازی لەبـــەر دەکـــەم و پاشـــانیش دەبمـــە عاشـــقی کچێکـــی چاوشـــین و قـــژ زەرد! ســـاڵانێکێ

زۆر دەربـــاز بـــوون و گەیشـــتمە نـــاو خاکـــی یەکێتـــی ســـۆڤیەت و لەکەناراوەکانـــی دەریـــای زەرد جلـــی ســـەربازیم لەبـــەر کـــردوو دەســـتم بەڕاهێنانـــی ســـەربازی کـــرد، بەرەبەیانێـــک لەگـــەڵ بیســـتنی ســـافیرە کـــە بـــۆ لەخـــەو هەســـتان و خوئامادەکـــردن بـــۆ ڕاهێنانـــی ســـەربازی لـــێ دەدرا، لەپـــڕ ئـــەو قســـانەی باوکـــم هاتـــەوە یـــاد و لـــە دڵـــی خۆمـــدا گوتـــم: ئـــای باوکـــە دوای دە ســـاڵ قســـەکانت هاتنـــە دی، ئـــەوە مـــن لەســـەر دەریـــای زەردم و خەریکـــی ڕاهێنانـــی ســـەربازیم، دڵنیـــام هەروەکـــو ئاماژەتـــان پێکـــرد بـــوو کچێکـــی چاوشـــین و قـــژ زەردیـــش دەبێتـــە نەســـیبم و عاشـــقی دەبـــم!

لەکاتـــی خوێنـــدن قســـەی باوکـــم لەبـــارەی ئـــەوەی کـــە دەبمـــە عاشـــقی کچێکـــی چـــاو شـــین و قـــژ زەردیـــش هاتـــە دی! مـــن تەمەنـــم لـــە نێـــوان بیســـت و شـــەش بـــۆ بیســـت و حـــەوت ســـاڵان بـــوو لەڕێـــگای خوێنـــدن و قوتابخانـــەوە پەیوەنـــدی خۆشەویســـتیم لەگـــەڵ کچێکـــی ڕووســـی پەیـــدا کـــرد کـــە نـــاوی (ڤالانتینـــا ) بـــوو، ســـەرەتای دروســـتبوونی پەیوەندیەکـــەش بـــەو شـــێوەیە بـــوو: دوای دەوامـــی قوتابخانـــە بـــە پاســـێک دەگەڕامـــەوە ماڵـــەوە، کچێکـــی چاوشـــین و قـــژ زەرد و بـــاڵا بـــەرز لەگـــەڵ مـــن ســـواری پاســـەکە بـــوو بەڕادەیـــەک جـــوان بـــوو وەســـفی ناکرێـــت، زۆر ســـەرنجی منـــی بـــەلای خۆیـــدا ڕاکێشـــا، بـــەڵام دەرفـــەت نەبـــوو لەنـــاو پاســـەکەدا قســـەی لەگـــەڵ بکـــەم و هەســـتی خۆمـــی بـــۆ دهرببـــڕم، جوانییەکـــەی هەمـــوو هەســـت و ســـۆزی منـــی بـــۆ لای خـــۆی ڕاکێشـــا و لـــەو خەیاڵـــەدا بـــووم چـــۆن بتوانـــم قســـەی لەگـــەڵ بکـــەم، لەپـــڕ پاســـەکە لەشـــوێنێک وەســـتاو کچەکـــەش یەکســـەر

هەستایە سەر پێی و دابەزی.

دابەزینی کچەکە وەکو ئەوە وابوو کەسێک پەنجە لەسەر سینگم دانێت و دڵم دەربێنێت! بۆیە خۆم پێ نەگیراو یەکسەر بەدوای کچەکەدا چوومە خوارەوە و بەدوایدا ڕۆیشتم، زۆر هەوڵمدا قسەی لەگەڵدا بکەم، بەڵام نەمتوانی، دوو سێ جار کچەکە ئاوڕی دایەوە و بەوردی سەرنجی منی دەدا. دیار بوو هەستی بەوە کرد بوو من بەدوای ئەودا دەڕۆم. گەیشتینە بەردەم دەرگایماڵی کچەکە ئەو دەرگاکەی کردەوە و منیش وەستام، کاتێک دەرگاکەی کردەوە نەچووە ژوورەوە و بۆ چەند ساتێک بەوردی سەیری منی کرد و ئینجا چووە ژوورەوە و دەرگاکەی داخست. من چەند مەترێک دوور لە دەرگاکەیان لە شوێنی خۆم مامەوە. دوای چەند خولەکێک دووبارە کچەکە دەرگاکەی کردەوە و بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکات بەوردی و بۆ دوو سێ خولەک سەیری کردم و دواتر دەرگاکەی داخستەوە و چووە ژوورەوە، گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە چۆن من کەوتوومەتە داوی خۆشەویستی ئەو، ئەویش هەمان هەستی بۆ من هەیە.بۆیە بێ ترس چوومە بەردەم دەرگاکە و لێمدا، یەکسەر کچەکە دەرگای کردەوە و گوتی: خێرە؟! منیش گوتم: بەڵێ خێرە، مۆڵەتم پێ دەدەیت بێمە ژوورەوە پێکەوە قاوەیەک بخۆینەوە! ئەویش یەکسەر گوتی: فەرموو، چوومە ژوورەوە و بەدەم قاوە خواردنەوە دڵی خۆم بۆی کردەوە و هەست و سۆزی پڕ لەخۆشەویستی خۆم بۆی دەربڕی. کچەکە خوێندەوار و ئەندازیاری بواری کشتوکاڵی بوو، بۆیە سەرەتا هیچ

وەڵامێکــی یەکلاکــەرەوەی نەدایــەوە و گوتــی: ڕوخســەت هەیــە چەنــد پرســیارێک بکــەم؟ منیــش گوتــم فەرمــوو

ئینجـا ئـەو پرسـیاری کـرد و گوتـی: خەڵکـی چ وڵاتێکـی؟ بـۆ لێـرەی؟ چـۆن لەژیانـی هاوسـەری دەڕوانـی؟ تـا چەنـد بـڕوات بـە یەکسـانی پیـاو ئافـرەت هەیـە؟ ئـەو هۆکارانـە چیـن کـە هانیـدای ببیـە عاشـقی مــن؟! مــن وەڵامــی هەمــوو پرســیارەکانیم بەڕاســتگۆیی دایــەوە و لەبـارەی ژیانـی خـۆم و کۆمەڵـگای کوردسـتانی و بەتایبەتیـش ناوچـەی بـارزان و ئـەو هەمـوو کارەسـات و مـاڵ وێرانییـەی بەهـۆی خەبـات و تێکۆشــانی نەتەوەیــی بەســەرمان هاتــووە بەفراوانــی بــۆم بــاس کـرد و ڕوونکردنـەوەم پێـدا، هەروەهـا دووپاتـم کـردەوە کـە هـەر کاتێـک دەرفەتـم بـۆ ڕەخسـا دەگەڕێمـەوە وڵاتەکـەم و ڕەنگـە بـۆ چەندیـن جـاری دیکـەش توشـی هەمـان کارەسـات و ئاوارەیـی ببـم، چونکــە مــن شۆڕشــگێڕێکی ڕێــگای ڕزگاری و ســەربەخۆییم و ڕەنگــە بـەو هۆیـەوە بکوژرێـم یـان بەسـاڵان لێـت دووربکەومـەوە. ئـەو بـەو ڕاسـتگۆیی و ڕاشـکاویەی مـن زۆر خۆشـحاڵ بـوو؛ گوتـی: قـەد چاوڕێـم نەدەکــرد ڕۆژێــک لــەڕۆژان گەنجێــک بــەم تایبەتمەندیــە بەرزانــە ببێتــە نەســیبم.

بــەم شــێوەیە پەیوەنــدی خۆشەویســتی مــن و کچەکــە لەســەر بنەمــای لێکتێگەیــشتن و بەڕاســتگۆیی و بەگەرمــی دەســتی پێکــرد و بــەردەوام بــوو، مــن بەســەرهاتی چوونێتــی ئاشــنا بــوون بـۆ هەڤاڵەکانـم بـاس کـرد، لـە ڕێـگای ئەوانـەوە زانیـاری بـە مـەلا مســتەفا گەیشــت کــە تەیمــەز ئاشــقی کچێــک بــووە، ڕۆژێــک لەپــڕ

مـەلا مسـتەفا سـەردانی کردیـن و دوای پشـوودان و ئەحـواڵ پرسـی فەرمـووی: تەیمـەز زانیاریـم پێگەیشـتووە کـە بوویتـە عاشـق! منیـش گوتـم: بەڵـێ ئەزبەنـی ئینجـا فەرمـووی: «تەیمـەز وەکـو گەنجێـک مافێکـی ڕەوایـە کـە ژیانـی هاوسـەری پێـک بێنێـت، بـەڵام ئەگـەر لـەم کۆمەڵگایـەدا ژن بێنێـت وەکـو شۆڕشـگێڕێک هەسـتی کوردبوونتـان لاواز دەبێـت، ئەگـەر ببیـە بـاوک و خـوا منداڵـی پێـدای ڕەنگـە هەمـوو سـۆز و خۆشەویسـتی تـۆ بـۆ مـاڵ و منداڵەکانـت بچێـت و مـن و کوردسـتانیش لەبیـر دەکەیـت»! منیـش گوتـم: ئەزبەنـی هیـچ شـتێک نەهەسـتی نەتەوەیـم لاواز دەکات و نەدەبێتـە هـۆی ئـەوە جەنابتـان و نیشـتمانەکەم لەیـاد بکـەم، مـن لەپێنـاو کوردسـتان و جەنابتـان دایـک و بـراو خوشـک و هەمـوو کەسـوکارم بەجێهێشـتووە بۆیـە دڵنیابـە تەنیـا مـردن مـن و جەنابتـان و کوردسـتان لێکجیـا دەکاتـەوە هـەر ئێسـتا بەڵێنـت پـێ دەدەم دەسـت بـەرداری کچەکـە دەبـم و ژن ناهێنـم.

لەگـەڵ ئـەم قسـانەم بابەتەکـەی گـۆڕی و فەرمـووی: «هەسـتە پێکـەوە سـەردانی عەلـی خەلیـل دەکەیـن و شـەویش لای ئـەو دەمێنینـەوە»، لەگـەڵ جەنابیـان سـەردانی عەلـیمان کـرد و شـەو لـەوێ بووین. بـەدوای ژمارەیـەک هەڤاڵـی دیکەشـیدا نـارد و ئەوانیـش هاتنـە لامـان. شـەوێکی زۆر خۆشـبوو، بەدرێژایـی شـەو جەنابیـان قسـەی بـۆ کردیـن و سـەرەتای قسـەکانی هەمـووی ئامـۆژگاری بـوو بـۆ ئێمـە، هەوڵـی دەدا ورەمـان بـەرز بێـت و دڵنیایـی دەدا کـە ڕۆژێـک دێـت و بـە سـەربەرزی دەگەڕێینـەوە، دیسـان لـە ڕێـگای

گێڕانـەوەی فەرمودەکانـی خودانـی بـارزان هەوڵـی دەدا پارێـزگاری لـە فەرهەنـگ و بیروباوەڕەکانمـان و بەهـا نەتەوەیـی و دینییەکانمـان بکەیـن و پابەنـد بیـن پێیانـەوە، دیـار بـوو هێشـتا زۆر داغبـار بـوو بەهەوڵـی لەسـێدارەدانی پێشـەوا قـازی و چـوار ئەفسـەرەکەی لێژنـەی ئـازادی، لـەم بـارەوە فەرمـووی: «مانـەوەی قـازی بـۆ کـورد زۆر گرنـگ بـوو بۆیـە زۆر هەوڵـم لەگەڵیـدا کـە لەگـەڵمان بێـت و خـۆی ڕادەسـتی ئێرانییـەکان نـەکات و لەگـەڵمان بێـت، بـەڵام بەداخـەوە ئـەو لەپێنـاو ئـەوەی خەڵکـی مەهابـاد تووشـی کارەسـات نەبێـت خـۆی کـردە قوربانـی»، دیسـان لەبـارەی چـوار ئەفسـەرەکەی لێژنـەی ئازادیـەوە فەرمـووی: «ئـەوان گەنـج و خوێنـدەوار بـوون مانەوەیـان لەگـەڵ ئێمـە خزمەتێکـی باشـی بـە کـورد دەکـرد، بۆیـە زۆر هەوڵـم لەگـەڵ ئەوانیشـدا کـە لەگـەڵمان بمێننـەوە بەداخـەوە ئەوانیـش متمانەیـان بەدەوڵەتـی عێـراق کـرد و خۆیـان ڕادەسـت کـردەوە و لەسـێدارە دران».

بەهەمـان شـێوە زۆر نیگەرانـی بارودۆخـی خودانـی بـارزان و هەمـوو ئەوانـە بـوو کـە لەگـەڵ خـودان خۆیـان ڕادەسـتی حکومەتـی عێـراق کـرد بـوو، دواتـر باسـی لـە بارودۆخـی ئێمـە کـرد و فەرمـووی: «بەهـەر شـێوەیەک بـووە بـۆ دیـداری بەرپرسـانی سـۆڤیەت بـەم نزیکانـە هەوڵـدەدەم خـۆم بگەینمـە مۆسـکۆ». بەیانـی بـەر لـەوەی بەجـێمان بێڵێـت ڕووی کـردە عەلـی و فەرمـووی: «عەلـی زانیوتـە تەیمـەز بووتـە عاشـق»، عەلیـش گوتـی: بەڵـێ ئەزبەنـی منیـش شـتێکی وام بیسـتووە ئینجـا جەنابیـان دەسـتی گرتـم و فەرمـووی:

«تەیمــەز مــادام ئــەو کچــەت بــەدڵ خۆشــدەوێ و لێــی ڕازی و بەڵێنیشــت پێــداوە ژیانــی هاوســەری لەگــەڵ پێکبێنــی، بەڵێنەکــەت بەجێدەگەینــی و دەســت بــەرداری نابیــت»، ئینجــا بەپێکەنینــەوە فەرمــووی: «بــەڵام ئێمــەت لەیــاد بێــت و لەبیرمــان نەکەیــت»، دوای ڕەزامەنــدی جەنابیــان هاوســەرگیرم لەگــەڵ کچەکــە کــرد و ژیانــی خێزانیــم پێکهێنــا، نەســیب وابــوو خــوای مــەزن هیــچ منداڵێکــی پــێ نەدایــن. دوای ئــەوەی کــە بڕیــاری گەڕانەوەمــان دا، زۆر هەوڵــم لەگەڵیــدا لەگەڵــم بێتــەوە کوردســتان، بــەڵام ئــەو ڕازی نەبــوو هۆکاریــش ئــەوە بــوو گوتــی: مــن بەرگــەی واقعــی ژیانــی ئێــوە ناگــرم بۆیــە نامــەوێ ببمــە بــار بەســەر شــانی تــۆوە

❊❊❊❊❊❊❊❊

## سەردانی مەلا مستەفا بۆ مۆسکۆ

هــەر وەک پێــشتر ئامــاژەم پێکــرد مــەلا مســتەفا لەپێنــاو گەیاندنــی دەنگــی مەزڵومیەتــی میللەتــی کــورد و ڕزگارکردنمــان لــەو بارودۆخــە خراپــەی ئێمــە لــە ئۆزبەکســتان و ئازەربایجــان تێــدا بوویــن ســەردانی مۆســکۆی کــرد، ســەردانەکە لەســاڵی ١٩٥٣ و دوای مردنــی ســتالین و هاتنــە ســەرکاری نیکتــا خرۆشــۆف بــوو. پــاش ســتالین خرۆشــۆف بــووە ســەرۆکی حزبــی کۆمۆنیســتی ڕووســیا و ســەرۆکی ســۆڤیەت. ســەردانی مــەلا مســتەفا ماوەیەکــی درێــژی خایانــد، دوای گەڕانــەوەی جەنابیــان هەموومــان بــۆ بەخێرهێنانــەوە ســەردانیمان کــرد، جەنابیــان چوونێتــی ســەردانی خۆیــان و چاوپێکەوتــن لەگــەڵ ماڵوتوفــی وەزیــری دەرەوەی ڕووســیا و خرۆشــۆفی ســەرۆکی ڕووســیای بــۆ ئێمــە گێڕایــەوە و

فەرمـووی: «مـن چوومـە بـەردەم کوشـکی کرملیـن و لـە پرسـگە خـۆم پـێ ناسـاند، گوتیـان تـۆ کێـی و بـۆ لێـرەی»؟!

منیــش گوتــم: «مــن مــەلا مســتەفای بارزانیــم، هاتــووم دەنگــی مەزڵومیەتــی میللەتــی کــورد بەبەرپرســانی ســۆڤیەت بگەینــم. داواکارییەکــەی منیــان گەیانــدە ســەرەوەی خۆیــان، دیــارە ئــەوە بــۆ ئــەوان شــتێکی سەرســوڕهێنەر بــوو. بۆیــە یەکســەر منیــان بــۆ هوتێلێــک گواســتەوە، لەهوتێــل ســێ جــار هەنــدێ ئەفســەری پایەبــەرز هاتنــە لام و زۆر پرســیاریان لــێ کــردم، منیــش وەڵامــی هەمــوو پرســیارەکانی ئەوانــم دایــەوە و هەمیشــەش ئــەوەم دووپــات دەکــردەوە کــە مــن نوێنەرایەتــی میللەتــی کــورد دەکــەم و هاتــووم تــا لەپێنــاو بەدیهێنانــی مافەکانــی میللەتەکــەم پشــتیوانی گــەل و حکومەتــی ســۆڤیەت بەدەســت بێنــم، ڕۆژی چــوارەم بەڕێــزەوە منیــان بــردە لای ماڵوتوفــی وەزیــری دەرەوەی ڕووســیا، وەزیــر داوای کــرد ڕوونکردنــەوە لەســەر بارودۆخــی کــورد بەگشــتی بــدەم، منیــش واقعــی ئــەو زوڵــم و ســتەمەی لەســەر کــورد هەیــە بــۆم ڕوونکــردەوە، دواتــر باســی کۆمــاری کوردســتان و چۆنیەتــی ڕووخانــی کۆمــاری کوردســتانم بــۆ کــرد و دووپاتــم کــردەوە کــە هــۆکاری لەناوچوونــی کۆمــار و لەســێدارەدانی قــازی ئــەوە بــوو کــە ســۆڤیەت دەســتی لەپشــتیوانی کــورد هەڵگــرت، هــەر بــەو هۆیــەوە ئێمــەش ناچــار بوویــن پەنــا بــۆ وڵاتــی ســۆڤیەت بێنیــن، هاتــنمان لەبەرئــەوە نییــە کــە ئێمــە لەمــردن ترســابین یــان لەبرســان هاتبیــن نەخێــر ئێمــە بــۆ بەدەســتهێنانی پشــتیوانی هاتوویــن، تــا لــەو ڕێگایــەوە میللەتەکەمــان لەدەســت

زوڵم و ستەمی تورکیا و عێراق و ئێران ڕزگار بکەین، ئێمە هیوایەکی زۆرمان بەگەل و حکومەتی لینین هەبوو، بەڵام بەداخەوە کە گەیشتینە ناو خاکی ئێوە وا دەرنەچوو، ماوەی شەش ساڵە لە ئۆزبەکستان و ئازەرباجیان وەکو کۆیلە مامەڵەمان لەگەڵ دەکرێت، جگە لە چەند خولێکی سەربازی لەماوەی ئەو شەش ساڵەدا هەر خەریکی کارکردن بووین، ئەگەر ئێستا ئێمە بگەڕێینەوە وڵاتەکەمان و دەستەکانی خۆمان پیشانی خەڵکی خۆمان بدەین کە بەهۆی کارکردنەوە قلیشاون، هیچ ئابڕۆیەک بۆ گەل و حکومەتی سۆڤیەت نامێنێت، لەگەڵ ئەم قسانەم ماڵوتوف هەستایە سەر پێ و داوای لێبوردنی کرد و گوتی: داوای چ دەکەیت؟! منیش گوتم: «ئێمە نوێنەرایەتی میللەتێکی خاک داگیرکراو و ژێر دەست دەکەین، داوای من لە حکومەتی مەزنی سۆڤیەت ئەوەیە ئەو زوڵمەی لەسەر کورد هەیە هەڵگرێت، داوای دیکەم ئەوەیە بارودۆخی هەڤاڵانم باش بکات و دەرفەتیان پێ بدات تا بتوانن خوێندن تەواو بکەن، ئەمەش بۆ ئەوەیە کاتێک دەگەڕێینەوە وڵاتەکەمان بتوانین خزمەتی خەڵک و نیشتمانەکەمان بکەین». ماڵوتۆف هیچ بەڵێنێکی نەدا، تەنیا گوتی: بۆ ماوەیەک وەکو میوان لامان دەمێنییەوە، دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکە منیان گەڕاندەوە هوتێلەکە، پاش سێ ڕۆژ منیان بردە کۆشکی کرملین و چاوم بە خرۆشۆف کەوت، بەهەمان شێوەی ماڵوتوف قسەم بۆ خرۆشۆفیش کرد. بەڵێنیان داوە پشتیوانی لە کورد بکەن و دەرفەتی تەواوکردنی خوێندنیش بۆ هەمووتان فەراهەم بکەن، ئێستا من چاوەڕوانی ئەو

بەڵێنـەم کـە بەمنیـان داوە، بەهەمـان شـێوە لـەو ماوەیـەدا کونسـوڵ و نوێنەرایەتـی بەشـێک لەوڵاتانـی جیهانیشـم بینـوە و داوام لێکـردوون لەپێنـاو بەدەسـتهێنانی پشـتیوانی ئـازار و مەینەتیەکانـی کـورد بگەیننـە وڵاتەکانیـان».

❊❊❊❊❊❊❊

## گواستنەوەمان لە ئۆزبەکستان بۆ مۆسکۆ

دوای چەنـد ڕۆژێکـی کـەم لەگەڕانـەوەی مـەلا مسـتەفا بڕیـاری گواسـتنەوەمان لەئۆزبەکسـتان بـۆ مۆسـکۆ گەیشـتە حکومەتـی ئۆزبەکسـتان، زۆربەمـان کوکرایـنـەوە و بـە پـاس ئێمەیـان گواسـتەوە بـۆ مۆسـکۆ لـەوێ بەسـەر شـارۆچکەکانی دەوروبـەری مۆسـکۆ و ناوخـۆی شـاری مۆسـکۆدا دابـەش کرایـن، مـن و چەنـد هەڤاڵێـک کەوتینـە شـارۆچکەیەک بەنـاوی (قاسـمویان) دەرفەتیـان بـە ئێمـەدا لـە خوێنـدن بـەردەوام بیـن و کاری ئـازاد بکەیـن، بەمـە ژیانمـان لەهەمـوو ڕوویەکـەوە بـاشتر بـوو. بـۆ مـاوەی شـەش سـاڵ لەوێـش مایـنـەوە. لەمـاوەی ئـەو شـەش سـاڵەدا بەردەوامیـم بـە خوێندنـدا و بـۆ پەیداکردنـی شـارەزایش لەهەنـدێ بـواردا بەشـداری چەنـد خولێکـی فێـر بـوون بـووم. لـەوێ هیـچ کـۆت و بەندێـک لەسـەرمان نەبـوو لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە ئـازاد بوویـن بەشـی هـەرە زۆری هەڤاڵانمـان ژنیـان هێنـاو بوونـە خاوەنـی مـاڵ و منـداڵ. لەبەرئـەوەی زۆربەمـان گەنـج بوویـن مـەلا مسـتەفا خەمـی ئـەوەی هەبـوو کـە بکەوینـە ژێـر کاریگـەری هەسـت و سـۆزی ژن و منـداڵ و لەنـاو کۆمەڵـگای ڕووسـیدا بتوێینـەوە و هیـچ هۆگرییـەکمان بـۆ خـاک

نیشـــتمانەکەمان نەمێنێـــت، لـــەم ســـونگەیەوە جەنابیـــان زوو زوو ســـەردانی هەمـــوو هەڤاڵانـــی ئێمـــەی دەکـــرد و هانـــی دەدان و داوای لـــێ دەکـــردن دەســـت بـــە فەرهەنـــگ و کولتـــوور و بیروباوەڕەکانمانـــەوە بگریـــن و پابەنـــد بیـــن پێیانـــەوە. بێگومـــان بـــە لەبەرچاوگرتنـــی بارودۆخـــی ســـەختی ژیانمـــان و تێکەڵبـــوون لەگـــەڵ کۆمەڵگایـــەک کـــە لەهیـــچ ڕوویەکـــەوە لەگـــەڵ واقعـــی کۆمەڵـــگای ئێمـــە بـــەراورد نەدەکـــرا ئەمـــە کارێکـــی وا ئاســـان نەبـــوو، بـــەڵام ســـوپاس بـــۆ خـــودای مـــەزن بەهـــۆی ئـــەو پـــەروەردە فکـــری و عەقائیدیـــەی لەســـەر دەســـتی خودانـــی بـــارزان پێگەیشـــت بوویـــن، هیـــچ شـــتێک نەیتوانـــی کار لەســـەر بیروباوەڕەکانمـــان بـــکات و لەئاســـت ئـــەو چاوەڕوانییـــەدا بوویـــن کـــە مـــەلا مســـتەفا لەئێمـــەی هەبـــوو، لەهەمـــوو ڕوویەکـــەوە خۆمـــان پاراســـت و دەســـتمان بەفەرهەنـــگ و بیروباوەڕەکانمانـــەوە گـــرت و پابەنـــد بوویـــن بـــە بەهاکانـــی بارزانـــەوە، ســـەرەڕای ئـــەوەی دوازدە ســـاڵ لـــەو واقعـــە دژوارەدا مانـــەوە لـــەڕووی بیروبـــاوەڕی سیاســـی و فکریـــەوە یـــەک کەســـیش لەئێمـــە لەفەلســـەفەی فکـــری ڕێبـــازی مـــەلا مســـتەفا لا نـــەداو نەبـــووە مارکســـی، ئەمـــە لەخۆیـــدا شـــانازیەکی مەزنـــەو ئاماژەیـــە بـــۆ ئـــەو ڕاســـتیەی کـــە خۆشەویســـتیمان بـــۆ کوردســـتان و مـــەلا مســـتەفا بەڕادەیـــەک بەهێـــز بـــووە کـــە تێکـــەڵ بـــە دەمارەکانـــی خوێـــنمان بـــووە

# بەشی پێنجەم

# خۆ ئامادەکردن بۆ گەڕانەوە

# بیستنی هەواڵی شۆڕشی ١٤ی تەمموز

لەڕێـگا ڕاگەیاندنەکانـی ڕووسـیاوە گوێبیسـتی ئـەوە بووین کـە لـە بەغــدا کودەتــای ســەربازی دژی دەســەڵاتی مەلەکــی کــراوە، ئــەوە بــۆ ئێمەمانــان وەکــو خەونێــک بــوو بــەو هەواڵــە شاگەشــکە بوویــن، بۆئــەوەی لــە وردەکاری هەواڵەکــە ئــاگادار بیــن هەموومــان بەپەلــە خۆمـان گەیانـدە لای مـەلا مستەفا کـە لەناوخـۆی مۆسـکۆ دادەنیشـت، تــا مــن و ئــەو هەڤاڵانــەی لەگەڵمبــوون گەیشــتین بەشــێکی زۆری هەڤاڵانمــان بــەر لەئێمــە گەیشــتبوون، شــوێنی هەموومــان لــەژوورەوە نەبــوو، بۆئــەوەی بتوانێــت چــاوی بەهەموومــان بکەوێــت؛ جەنابیــان هاتــە دەرەوەی خانووەکــە و لەســەر شــەقام قســەی بــۆ هەموومــان کــردوو فەرمــووی: «هــەر وەک لەڕێــگای ڕاگەیاندنەکانــەوە بیســتووتانە لەبەغــدا کودەتــای ســەربازی دژی دەســەڵاتی ســتەمکاری مەلەکــی ئەنجـام دراوە، ئـەوەی تـا ئێسـتا ڕوون بۆتـەوە نـوری سـەعید کـوژراوە و چارەنووســی مەلیکیــش هێشــتا دیــار نییــە؛ مــن بــە وردی چاودێــری بارودۆخەکــە دەکــەم و لەگــەڵ ڕووســەکان لەهەماهەنگیــدام، ئەگــەر ڕوئیــای شۆڕشــگێران بۆمــان ڕوونبوویــەوە و هەســتمان بــەوە کــرد کــە خاوەنــی ڕوحێکــی شۆڕشــگێڕانە و نیشــتمانییانەن و بڕوایــان بەپرەنســپەکانی پێکەوەژیانــی ئاشــتیانە هەیــە و مەبەســتیانە لــەو ڕێگایــەوە گۆڕانێکــی بنەڕەتــی لەسیســتەمی حوکمڕانــی عێراقــدا دروســت بکــەن، لــە هەموشــیان گرنــگتر ئامادەیــی ئەوەیــان تێــدا بێــت تایبەتمەندیەکانــی کــورد وەکــو نەتەوەیەکــی خــاوەن مــاف لەبەرچــاو بگــرن، ئێمــەش پشــتیوانی خۆمــان بۆیــان دەردەبڕیــن

و ئامــادە دەبیــن بــۆ هەمــوو هاوکارییــەک. لــەم ســۆنگەوە دوای هەڵســەنگاندنی بارودۆخەکــە بەگشــتی و ڕاگوڕینــەوە لەگــەڵ ڕووســەکان لەســەر بنەمــای ڕەچاوکردنــی بەرژەوەندیەکانــی کــورد هەڵوێســتی خۆمــان یــەکلا دەکەینــەوە، بەگشــتی مــن گەشــبینم بەڕووداوەکــە و پێشــبینی دەکــەم بەقازانجــی کــورد تــەواو بێــت، بۆیــە زۆر پێویســتە بــە وریاییــەوە مامەڵــە لەگــەڵ دۆخەکــە بکەیــن؛ دڵنیابــن ئــەوەی لەبەرژەوەنــدی کورددایــە ئێمــە ئــەوە دەکەیــن، چــاوڕێ بــن تــا ئاگادارتــان دەکەمــەوە».

بــەم شــێوەیە هەموومــان بەدڵخۆشــیەکی زۆرەوە گەڕاینــەوە مــاڵ و شــوێنەکانمان و ســات بــە ســات چــاوەڕێ بوویــن مــەلا مستەفا موژدەیەکــی خــۆشمان لەبــارەی گەڕانــەوە بــۆ وڵات پــێ بــدات. دوای حەوتەیــەک ئــاگاداری کردینــەوە کــە پەیوەنــدی بــە عەبدولکەریــم قاســم ســەرۆکی شۆڕشــگێڕانەوە کــردووە و پشــتیوانی بــۆی دەربڕیــوە، ئەویــش داوای لێکــردووم کــە بگەڕێمــەوە وڵات تــا لــە نزیکــەوە گفتوگــۆ لەبــارەی پرســی کــوردەوە بکەیــن، بــۆ ئــەو مەبەســتە مــن و ئەســعەد خۆشــەوی و میرحــاج ئاکرەیــی دەگەڕێینــەوە عێــراق و لەبــارەی کێشــەی کــورد و چۆنیەتــی گەڕانەوەمــان بــۆ وڵات لەگــەڵ عەبدولکەریــم قاســم گفتوگــۆ دەکەیــن، ئەگــەر لێکتێگەیــشتن لــەو بارەیــەوە دروســت بــوو ئــەوە مــن لــەوێ دەمێنمــەوە و میرحــاج و ئەســعەدیش دەگەڕێنــەوە لاتــان، تــا لێــرە ڕێوشــوێنی پێویســت بــۆ گەڕانەوەتــان بگرنەبــەر، بــەڵام تــا گەڕانــەوەی ئــەوان ئێــوە لەســەر درێــژەدان بەخوێنــدن بــەردەوام بــن و دڵنیابــن یــان هەمووتــان

بەســەربەرزی دەگەڕێنــەوە یــان مــن دەگەڕێمــەوە لاتــان و هەرگیــز بەجێتــان ناهێڵــم. ئــەم پەیامــەی جەنابیــان لەلایەکــەوە خۆشــی و شــادی لەناومانــدا دروســت کــرد و لەلایەکــی دیکەشــەوە نیگــەران بوویــن لــەوەی بــەو هۆیــەوە مــەلا مســتەفا کێشــەیەکی بــۆ دروســت بێــت و نەتوانێــت بگەڕێتــەوە لامــان.

## بەڕێکەوتنی مەلا مستەفا بەرەو عێراق

لــەڕۆژی (١٩٥٨/٨/٢١)مــەلا مســتەفا و ئەســعەد خۆشــەوی و میرحــاج لــە مۆســکۆ بــەرەو بەغــدا بەڕێکەوتــن؛ ســەرەتا ســەردانی وڵاتــی مــیسری کــرد و لەگــەڵ ســەرۆک جەمــاڵ عەبدولنــاسر کۆبوویــەوە و داوای لێکــرد کــە هانــی عەبدولکەریــم بــدات بــۆ چارەســەری ئاشــتیانەی کێشــەی کــورد، جەمــال عەبدولناسریــش بەڵێنــی پشــتیوانی و هــاوکاری لــەو بــارەوە بەمــەلا مســتەفا دابــوو. دوای کۆبوونــەوە لەگــەڵ جەمــال عەبدولنــاسر مــەلا مســتەفا گەیشــتە بەغــداو لەلایــەن عەبدولکەریــم قاســمەوە بەگەرمــی پێشــوازی لێکــرا. دوای ئــەوەی گەیشــتە ئــەو بــاوەڕەی کــە عەبدولکەریــم قاســم ئامادەیــی تێدایــە چارەســەری ئاشــتیانەی پرســی کــورد بــکات بڕیاریــدا لەبەغــدا بمێنێتــەوە و فەرمانــی بــە ئەســعەد و میرحاجیــش کــرد بگەڕێنــەوە لای ئێمــە لەمۆســکۆ. دوای نزیکــە ســێ مانــگ ئەســعەد و میرحــاج گەڕانــەوە مۆســکۆو پێیــان ڕاگەیاندیــن کــە لەبــارەی چارەســەری پرســی کــورد لێکتێگەیــشتن لــە نێــوان مــەلا مســتەفا و عەبدولکەریــم قاســمدا دروســت بــووە و ئامادەیــە لەدەســتوردا دان بەکــورددا بنێــت وەکــو

نەتـــەوەی دووەم و خـــاوەن مـــاف لەعێراقـــدا، لەســـەر ئـــەو بنەمایـــە مـــەلا مســـتەفا لەبەغـــدا مایـــەوە و ئێمەشـــی ناردوەتـــەوە تـــا ڕێوشـــوێنی پێویســـت بـــۆ گەڕانەوەتـــان وەربگریـــن. ئـــەوە بـــۆ ئێمـــە موژدەیەکـــی خـــۆش بـــوو وەکـــو ئـــەوە وابـــوو تـــازە لەدایـــک ببیـــن، لـــەوەش خـــۆشتر ئـــەوە بـــوو هەواڵـــی ئـــەوەی پێدایـــن کـــە خودانـــی بـــارزان و هەمـــوو بارزانییـــەکان کـــە دوازدە ســـاڵ بـــوو زیندانـــی کـــرا بـــوون ئـــازاد کـــراون و گەڕاونەتـــەوە دەڤـــەری بـــارزان. دیســـان لەبـــارەی بارودۆخـــی خـــزم و کەســـوکاری هەموومـــان هەواڵـــی خۆشـــیان پـــێ بـــوو.

❊❊❊❊❊❊❊

## گەڕانەوەمان بۆ عێراق

ئەســعەد و میرحــاج ئێمەیــان ئــاگادار کــردەوە کــە هێــدی هێــدی خۆمــان بــۆ گەڕانــەوەی عێــراق ئامــادە بکەیــن، بــۆ مــن و هەڤاڵەکانــم ئەمـــە مـــوژدەی ژیانەوەیەکـــی نـــوێ بـــوو، بـــەڵام کـــە گەیشـــتمەوە مـــاڵ یەکســـەر توشـــی خـــەم و ئازارێکـــی دەروونـــی مـــەزن بـــووم! ئـــەوەش لەبەرئـــەوە بـــوو دەمزانـــی هاوســـەرە ڕووســـیکەم کـــە زۆر یەکترمـــان خـــۆش دەویســـت لەگەڵـــم ناهێتـــەوە. کاتێـــک گەیشـــتمەوە مـــاڵ ئـــەو لەمـــاڵ نەبـــوو، بۆیـــە بـــەر لـــەوەی بگەڕێتـــەوە مـــاڵ زۆر بیـــرم کـــردەوە چـــۆن ئـــەو باســـەی لەگـــەڵ بکەمـــەوە؟! لـــەو خەیاڵانـــەدا بـــووم یەکســـەر خـــۆی کـــرد بـــەژووردا و وەکـــو هەمیشـــە بەڕوویەکـــی گەشـــەوە بەخێرهاتنـــەوەی لێکـــردم و لـــە تەندروســـتی پرســـیم، هـــەر وەک گوتـــم بارودۆخـــی دەروونیـــم بـــاش نەبـــوو نەمتوانـــی وەکـــو جـــاران بەســـۆز و خۆشەویســـتیەوە وەڵامـــی بدەمـــەوە، لەبەرئـــەوەی

ئافرەتێکی لێزان و بەتوانا بوو یەکسەر هەستی بەوە کرد کە شتێک هەیە، بەڵام خۆی تێکنەدا و هەوڵیدا بەقسە خۆشەکانی نیگەرانییەکانم بڕەوێنێتەوە، قاوەیەکی بەتامی دروست کرد و داوای لێکردم وەکو هەمیشە پێکەوە قاوە بخۆینەوە، بەدەم قاوە خواردنەوە گوتی: هەست دەکەم تەندروستیت باش نییە، بانگی دکتۆر دەکەم با بێت چارەسەرت بۆ بکات منیش گوتم: نەخێر من باشم دواتر گوتی: کەواتە پێم بڵێ چی ڕوویداوە بۆ نیگەران دیاری؟! منیش یەکسەر وڵامم دایەوە گوتم: ئاگادار کراوم کە خۆم بۆ گەڕانەوەی وڵاتەکەم ئامادە بکەم، دەزانم تۆش لەگەڵم ناهێی، ئەمەش بۆ من خەمێکی گەورەیە، بەڵام ناچارم لە نێوان خۆشەویستەکەم و کوردستاندا کە وڵاتمە یەکێکیان هەڵبژێرم. ئینجا ئەو بێ ئەوەی خۆی تێک بدات و بەڕوویەکی خۆش و هەستێکی بەرزی مرۆڤانەوە گوتی: بژاردەکە لە دەست خۆتانە کامیان هەڵدەبژێری؟! منیش یەکسەر گوتم کوردستان وەکو وڵات!

کە ئەو قسەیەم کرد یەکسەر فرمێسک بەچاوەکانیدا هاتنە خوارەوە و بۆ چەند ساتێک بێ دەنگ بوو، ئینجا گوتی: ئازیزەکەم بە لەدەستدانی تۆ، من ڕاستگوترین و مەزنترین مرۆڤ لەدەست دەدەم، بەڵام شانازیش بەوە دەکەم کە هاوسەری ژیانم کەسێک بووە ئامادە نییە خۆشەویستی وڵاتەکەی بەهیچ شتێکی دیکە بگۆڕێتەوە، هەر لە یەکەم ساتی بە یەکگەیشتنمان تۆ وەکو کەسێکی ڕاستگۆ و خاوەن ویژدان و مرۆڤ دۆست ڕاستگۆیانە هەموو شتێکت بۆ باس کردم، ئێستاش بڕیاری

گەڕانەوەتـــان بڕیارێکـــی دروســـت و بەرپرســـیارانەیە، کەسـێکی وەکـــو تــۆ کــە جەنــگاوەری ڕێــگای ڕزگاری و ســەربەخۆییە هــەر ئــەوەی لــێ چــاوەڕی دەکرێــت کــە تــۆ بڕیــارت لــێ داوە، مــن دڵنیــام کــە ناتوانــم بەرگــەی ئــەو هەمــوو ئــازار و مەینەتیانــە بگــرم کــە دێنــە ڕێــی جەنگاوەرێکــی وەکــو تــۆ، بۆیــە داوای لێبوردنتــان لــێ دەکــەم کــە ناتوانــم لەگەڵتــان بێــم. بۆئــەوەی ڕابوردومــان ببێتــە یادەوەریەکــی شــیرین دڵنیاتــان دەکــەم تــا دوا ســات کــە لەنــاو خاکــی ســۆڤیەتدای وەکــو پێــشتر و بەهەمــان ســۆز و خۆشەویســتیەوە لەگەڵتــان دەمێنمــەوە و بەدڵێکــی خــۆش و پــڕ لــە وەفاداریــەوە بەڕێتــان دەکــەم. دوای ئەمــە دەســتمان بەئامــادەکاری کــرد بــۆ گەڕانــەوە، مــەلا مســتەفا لەناوخــۆی عێراقــەوە هەمــوو ئامادەکاریەکــی بــۆ گەڕانــەوەی ئێمــە کــرد، ئامادەکاریــەکان چەنــد مانگێکیــان خایانــد. لەچوارچێــوەی ئــەو ئامادەکاریانــەدا لــە ڕۆژی ( ١٩٥٩/٣/٢٥ ) بــەرەو شــاری (ئۆدیســا) بەڕێکەوتیــن کــە دەکەوێتــە ســەر دەریــای ڕەش، بەشـێکی زۆری هەڤاڵانمـان کـە لـە کۆمارەکانـی دیکـەی ڕووسـیا بـوون ئەوانیــش گەیشــتنە ئــەوێ و یــەکمان گرتــەوە. ڕۆژی (٣٠ نیســانی ١٩٥٩) ســواری کەشــتی (کرۆزیــا) بوویــن کــە لەلایــەن حکومەتــی ڕووســیاوە بۆمــان ئامــادە کــرا بــوو بــە ژن و منداڵــەوە ژمارەمــان (٧٨٤) کــەس بــوو، لەکــۆی (٥٠٢) کــەس کــە گەیشــت بووینــە ڕووســیا تەنیــا دوو هەڤــاڵمان لــەوێ مانــەوە و نەگەڕانــەوە، بەداخــەوە چەنــد هەڤاڵێکیــشمان وەفاتیــان کــرد بــوو، هاوســەرەکەم تــا ئــەو ســاتەی بەســەر کەشــتیەکەدا ســەرکەوتم لەگەڵــم بــوو. دوا قســەی بــۆ مــن ئــەوە بــوو گوتــی: نەتــەوەی بــێ دەوڵــەت وەکــو ئــەو ڕانــە مــەڕە

وایــە کــە بــێ شــوان لــە دارســتانێکی پــڕ لەگیانــداری دڕنــدە بــەڕەڵا دەکرێــت، بۆیــە تــکام وایــە لەپێنــاو ئــەوەی بتوانــن ژیانێکــی ســەربەرز و بەکەرامــەت بــۆ نەوەکانــی داهاتووتــان مســۆگەر بکــەن دەســت لەخەبــات و قوربانیــدان هەلنەگــرن، ســەربەخۆیی وڵات پێویســتی بەقوربانیدانــە، ئەگــەر نەتــەوەی کــورد یــەک ملیــون بێــت پێویســتە نیــوەی ئــەو ژمارەیــە لەپێنــاو ســەربەخۆیی کوردســتاندا خــۆی بکاتــە قوربانــی، چونکــە تــا نەبنــە خاوەنــی دەوڵەتێکــی ســەربەخۆ ناتوانــن وەکــو نەتەوەیەکــی ئــازاد و خــاوەن مــاف مانەوەتــان مســوگەر بکــەن.

## مەلا مستەفا بۆ پێشوازی ئێمە هاتبووە بەسرا

لــە شــازدەی نیســاندا گەیشــتینە بەنــدەری بــەسرا، هــەر لەنــاو کەشــتیەکەدا نامەیەکــم بــۆ ڤالانتینــای خێزانــم نووســی و دامــە دەســت خزمەتگوزارێکــی نێــو کەشــتیەکە و تــکام لێکــرد نامەکــەم بــۆ بگەینێتــە جــێ، لەنامەکــەدا بــۆم نووســی ئازیــزم ( ڤالانتینــا) بەســەلامەتی گەیشــتمە نێــو خاکــی وڵاتەکــەم، هەرگیــز ئــەو ســۆز و میهرەبانییــە لەبیــر ناکــەم کــە بەرامبــەر منتــان هەبــوو، دڵنیــام بــەو دڵــە گەورەیــەی هەتانــە لێــم دەبوریــت و گەردەنــم ئــازا دەکەیــت، بمێنــن بەخێــرو خۆشــی لەگــەڵ گەیشــتنمان مــەلا مســتەفا لەگــەڵ ژمارەیــەک بەرپرســی بــاڵای عێــراق و ســەرکردایەتی پارتــی بــۆ پێشــوازی هاتبوونــە بــەسرا. بــەر لــەوەی لەکەشــتیەکە دابەزیــن مــەلا مســتەفا ســەرکەوتە ســەر کەشــتیەکە و بــە گەرمــی بەخێرهاتنــی

کردیـــن. لـــە بـــەسرا خەڵکێکـــی زۆر لـــە کـــورد و عـــەرەب هاتبوونـــە پێشـــوازیمان و بـــە چەپڵەڕێـــزان و بـــە دروشـــمی کـــورد و عـــەرەب برانـــە پێشـــوازیان لێکردیـــن، دوای بینینـــی ئـــەو دیمەنـــە ئـــەو قسانەی مـــەلا مســـتەفام هاتـــەوە یـــاد کـــە هەمیشـــە دەی فەرمـــوو: «ڕۆژێـــک دێـــت بەســـەربەرزی دەگەڕێینـــەوە وڵات و وەکـــو قارەمانـــی نیشـــتمانی پێشـــوازیتان لـــێ دەکرێـــت». دوای پشـــودانێکی کـــورت لـــە بـــەسرا ســـواری شـــەمەندەفەر بوویـــن و مـــەلا مســـتەفاش لەگـــەڵ ئێمـــە بـــوو، بـــە درێژایـــی ڕێـــگا خەڵکـــی بـــە گەرمـــی پێشـــوازیان لـــێ دەکردیـــن، ئـــەو دیمەنانـــە بـــۆ ئێمـــە پـــڕ بـــوون لـــە خۆشـــی و شـــادی و هەرگیـــز لەبیـــر ناکرێـــن. ئێوارەیەکـــی درەنـــگ گەیشـــتینە بەغـــدا لـــەوێ خەڵکێکـــی زۆر لـــە کـــورد و عـــەرەب هاتبوونـــە پێشـــوازی و قەرەباڵغیەکـــی زۆر هەبـــوو، بۆیـــە دوو کاتژمێـــر لـــەوێ مانیـــەوە. مـــەلا مســـتەفا لـــەوێ لـــە ئێمـــە جیـــا بوویـــەوە و لەبەغـــدا مایـــەوە، دواتـــر بـــەرەو کەرکـــووک بەڕێکەوتیـــن لەوێـــش پێشـــوازیەکی بـــێ وێنـــە بـــوو. بەرەبەیانـــی ١٧ نیســـان گەیشـــتینە شـــاری هەولێـــر، لـــە هەولێـــر جگـــە لـــە خـــزم و کەســـوکارەکانمان هەمـــوو چیـــن و توێژەکانـــی خەڵکـــی هەولێریـــش هاتبوونـــە پێشـــوازیمان کـــە لـــە شـــەمەندەفەر دابەزیـــم یەکســـەر خاکـــی کوردســـتانم مـــاچ کـــرد، هەموومـــان فرمێســـکی شـــادیمان دەبارانـــد. دەنگـــی خـــزم و کەســـوکارەکانمان بـــەرز دەبـــووەوە، یـــەک بانگـــی باوکـــی دەکـــرد و یەکێکـــی دیکـــە بانگـــی کـــوڕ و براکـــەی دەکـــرد، هیـــچ زمانێـــک ناتوانێـــت پێناســـەی ئـــەو ســـاتانە بـــکات، دیمەنەکـــە هـــەم ئازاربەخـــش و هەمیـــش پـــڕ بـــوو لەخۆشـــی و شـــادی. لـــەوێ چـــاوم بـــە براکانـــم کـــەوت و بەگەرمـــی یەکترمـــان لەئامێـــز گـــرت. لـــە هەولێـــر بەپـــاس بـــەرەو

شـەقلاوە بەڕیکەوتیـن. خودانـی بـارزان بـۆ بەخێرهێنانـەوە تەشریفـی هێنابـووە شـەقڵاوە.هەموومان ڕێـز بوویـن و جەنابیـان بـە بـەردەم هەمووانـدا تێپـەڕی و ئەحواڵپرسـی و بەخێرهاتنـەوەی لێکردیـن، ئەمـە بـۆ هەمووەمـان سـەربەرزی و شـانازیەکی مـەزن بوو.کاتێـک چاومـان بـە خـودان کـەوت ئارامـی و شـادی و دڵخۆشـیەکی زۆر ڕووی تێکردیـن، لەخۆشـیان هەمووەمـان فرمێسـکمان دەباراند. دوای ئـەوە بـەرەو دەڤـەری بـارزان بەڕێکەوتیـن و لـە مێرگەسـۆر لێکجیابووینـەوە و هەریەکـەو بـۆ گونـدی خـۆی بـەڕێ کـرا.

❊❊❊❊❊❊❊

## ئەو دیمەنەی هەرگیز لەبیری ناکەم

ئـەو کاتـەی لـە ڕووسـیا گەڕاینـەوە بارودۆخـی ژیـان بەگشـتی وەکـو ئێسـتا نەبـوو، نـەک تەنیـا ئامێـری پەیوەندیکـردن بەڵکـوو ڕێگاوبانیـش نەبـوون، لـە مێرگەسـۆرەوە بەپێیـان بـەرەو دەڤـەری مـزۆری بـاڵا بەڕێکەوتیـن، دوای دانـە ڕۆژێـک ڕۆیـشتن گەیشـتنە ناوچەکەمـان، خەڵکـی هـەردوو گونـدی سـێلکێ و گویـزێ کـە بەتەنیشـت یەکـەوەن بـە ژن و پیـاو و منداڵـەوە چەنـد کیلۆمەترێـک بەپـێ هاتبوونـە پێشـوازیمان، کاتێـک دایکـم چـاوی بەمـن کـەوت لـە خۆشـیان بورایـەوە، یـەک بـە یەکـی خەڵکەکـە ئێمـەی لەئامێـز دەگـرت و بەخێرهاتنەوەیـان لـێ دەکردیـن. دیمەنێـک کـە هەرگیـز لەبیـری ناکـەم هـاواری پـڕ لەئـازاری بـاوک و دایکـی حاجـی گویـزی بـوو، بەرلـەوەی لـە ڕووبـاری ئـاراس دەرباز ببیـن حاجـی گویـزی لـە داسـتانە مەزنەکـەی دەشـتی ماکـۆ شـەهید بـوو، دایـک و باوکـی

بــۆ لەئامێــز گرتنــی کوڕەکەیــان هاتبوونــە پێشــوازیمان، کاتێــک بینیـان کوڕەکەیـان لەگـەڵمان نییـە هاواریـان دەکـرد کـوا حاجـی بـۆ لەگەڵتـان نییـە؟! هەمووەمـان مـات و بـێ دەنـگ بوویـن کـەسمان توانـای ئـەوەی نەبـوو لـەو سـاتەدا کـە هەمـووان لەخۆشـی و شـادیدا بـوون هەواڵـی شـەهیدبوونی حاجییـان پـێ ڕابگەیەنیـن. ئەسعەد خۆشـەوی کـە پیاوێکـی زانـاو بلیمـەت بـوو خـۆی لـە باوکـی حاجـی نزیـک کـردەوە و پێـی گـوت: ئـەو بەڵێنـەی حاجـی بەخودانـی بارزانــی دابــوو بەســەربەرزیەوە بەجێیگەیانــد، لەپێنــاو مانــەوە و ســەلامەتی مــەلا مســتەفا و هەڤاڵەکانــی خــۆی کــردە قوربانــی و شــەهید بــوو، تکایــە لەجیاتــی حاجــی هەمووەمــان بەکــوڕی خـۆت بزانـە لەگـەڵ ئـەم قسـانە باوکـی حاجـی ئـارام بوویـەوە و یەکەیەکـەی ئێمـە لەئامێـز گـرت و سـەری دەخسـتە سـەر سـنگمان و دەی گـوت: بۆنـی حاجـی لەهەمووتـان دێـت هەمووتـان بـۆ مـن وەکـو حاجیـن و شـانازیتان پێـوە دەکـەم.

## لەڕواندز بوومە فەرمانبەر

لــە یەکێتــی ســۆڤیەت جگــە لــە تەواوکردنــی کۆلێــژی ســەربازی دیبلۆمــم لــە بــواری کشــتوکاڵیدا بــە دەســتهێنا بۆیــە دوای گەڕانەوەمــان بــۆ عێــراق لــە بەهــاری (١٩٦٠) مــن و پێنــج هەڤاڵــی دیکــەم بەناوەکانــی شــەهید محەمــەد ئەمیــن میرخـان و سـاڵح تاهـر سـێلکی و حـەد و کورکەیـی و محەمـەد ئەمیــن بێستریانەیــی و محەمــەد عوزێــر کــە ئەوانیــش وەکــو مــن شــارەزایی بــواری کشــتوکاڵی بــوون وەکــو فەرمانبــەر لــە

ڕوانـــدوز دامەزرایـــن. ئـــەوکات موچەمـــان دوازدە دینـــار بـــوو ئەمـــە بـــۆ ئـــەوکات پارەیەکـــی زۆر بـــوو، لـــەو ماوەیـــەی وەکـــو فەرمانبـــەر لـــە ڕوانـــدوز کارمـــان دەکـــرد لـــە ڕێـــگای ئـــەو زانســـتەی لـــە بـــواری کشـــتوکاڵیدا لەســـۆڤیەت بەدەســـتمان هێنابـــوو زۆر دڵســـۆزانە خزمەتـــی خەڵکـــی ناوچەکەمـــان کـــرد، مخابـــن ئەمـــە زۆری نەخایانـــد عەبدولکەریـــم قاســـم لـــەو بەڵێنانـــەی بـــە مـــەلا مســـتەفای دابـــوو بـــۆ چارەســـەرکردنی پرســـی کـــورد هێـــدی هێـــدی خـــۆی دەدزیـــەوە و جێبەجێـــی نەدەکـــردن، بـــەڵام مـــەلا مســـتەفا هـــەر لەبەغـــدا بـــوو هەوڵـــی دەدا قەناعـــەت بەقاســـم بێنێـــت پابەنـــدی بەڵێنەکانـــی بێـــت و جێبەجێیـــان بـــکات. لەســـاڵی (١٩٦١) ئێمـــە وەکـــو فەرمانبـــەر هـــەر لەڕوانـــدوز بوویـــن، لەمێـــژ بـــوو مـــەلا مســـتەفام نەدیتبـــوو بۆیـــە بـــۆ دیـــداری جەنابیـــان ویســـتم ســـەردانی بەغـــدا بکـــەم، دوو ســـێ ڕۆژ پێـــش جەژنـــی نـــەورۆزی ١٩٦١ لـــە ڕوانـــدوز چوومـــە هەولێـــر و لـــە هەولێریـــش ســـواری ئوتۆمبێلـــک بـــووم و بـــەرەو بەغـــدا بەڕێکەوتـــم، ئـــەوکات حکومـــەت ژمارەیـــەک ئەندامـــی پارتـــی لـــە کەرکـــووک و بەغـــدا دەســـتگیر کـــرد بـــوو، ئەمـــە جورێـــک گـــرژی لـــە نێـــوان حکومـــەت و پارتیـــدا دروســـت کـــرد بـــوو، لـــە بازگـــەی کەرکـــووک ـ بەغـــدا داوای ناســـنامەیان لێکـــردم و منیـــش ناســـنامەکەم پێـــدا، یەکســـەر منیـــان لـــە ئۆتۆمبێـــل دابەزانـــد و دەســـتگیریان کـــردم و منیـــان گەڕانـــدەوە هەولێـــر و زیندانیـــان کـــردم لەگرتوخانـــە ژمارەیەکـــی زۆر کـــورد هەبـــوون کـــە هەموویـــان ئەندامـــی پارتـــی بـــوون و لەســـەر چالاکـــی سیاســـی دەســـتگیر کرابـــوون، چەنـــد کەســـێک لێـــم کۆبوونـــەوە و منیـــش خـــۆم پێناســـاندن، دیـــار بـــوو خەڵکـــی زۆر دڵســـۆز بـــوون گوتیـــان: خەمتـــان نەبێـــت لەڕێـــگای ڕێکخســـتنەکانمانەوە

بەپەلــە مــەلا مســتەفا ئــاگادار دەکەینــەوە کــە یەکێــک لــە هەڤاڵەکانــت دەســتگیر کــراوە، شــەو لــە گرتووخانــەی هەولێــر مامــەوە و بــۆ بەیانــی پێیــان گوتــم مــادام فەرمانبــەری حکومەتــی کەفیلێــک بێنــە و بــە کەفالــەت ئازادتــان دەکەیــن. بەڕێککــەوت کەسـێکی خەڵکـی گونـدی ئێمـە بەنـاوی عومـەر میکائیـل کـە هاتبــوو ســەردانی گیراوێــک بــکات لەنــاو حەوشــەی گرتووخانــە بینیــم، عومــەر بــووە کەفیلــی مــن و ئازادیــان کــردم.

❊❊❊❊❊❊❊❊

## مەلا مستەفام لەبەردەم دەرگای گرتووخانەکە بینی!

کاتێــک لــە دەرگای گرتووخانــە هاتمــە دەری بینیــم مــەلا مســتەفا لەبــەردەم دەرگای گرتووخانەکەیــە لێمپرســی ئەزبەنــی بــۆ لێــرەی؟! فەرمــووی: بەیانــی کــە لەبەغــدا بەڕێکەوتــم هەواڵیــان پێــدام کــە تــۆ گیــراوی بۆیــە لێــرە لامــدا تــا پێکــەوە بگەڕێینــەوە بــارزان منیــش گوتــم: ئەزبەنــی نەدەبــوو لەبــەر مــن ئــەو زەحمەتــە بکێشــن و بێنــە ئێــرە لــە وەڵامــدا جەنابیــان فەرمــووی: «تەیمــەز تــۆ و هەڤاڵەکانــت لەبــەر خاتــری مــن و لەپێنــاو ڕزگاری کوردســتان ســەدان کیلۆمەترتــان بەپــێ بــڕی و دەیــان جــار بــە موعجیــزە لــە مــردن ڕزگار بــوون و دوازدە ســاڵ لــە ئاوارەیــی مانــەوە بۆیــە بەرگــەی ئــەوە ناگــرم قارەمانێکـی وەکـو تـۆ بەبـێ هـۆ زیندانـی بکرێـت»، ئینجـا فەرمـووی: «سـواری سـەیارە بـەو لەگـەڵ ئێمـە دەچینـەوە دەڤـەری بـارزان». دوو ئوتۆمبێلــی جێبــی لەگەڵــدا بــوو لــە هەولێــر بــەرەو دەڤــەری بــارزان بەڕێکەوتیــن و لــە ڕێــگادا فەرمــووی: لــەم بارودۆخــەدا نەدەبــوو

بێـی، منیـش گوتـم: ئەزبەنـی چ بـووە مـن ئـاگاداری هیـچ نیـم ئینجـا جەنابیـان فەرمـووی: «قاسـم لـە زۆربـەی بەڵێنەکانـی پەشـیمان بووتـەوە و دەسـتی کـردووە بـە گرتنـی کادر و ئەندامانـی پارتـی لـەو هەمـوو ماوەیـەدا زۆر هەوڵـم لەگەڵـی داوە قەناعەتـی پـێ بکـەم تـا بەڵێنەکانـی جێبەجـێ بـکات و کێشـەی کـورد چارەسـەر بـکات، بـەڵام توشـی غـرور بـووە و ئامـادە نییـە هیـچ هەنگاوێـک بـەرەو چارەسـەرکردنی پرسـی کـورد بهاوێژێـت». قاسـم لـە دوا کۆبوونـەوەدا گوتـی: ئەگـەر دەسـت لـە مەسـەلەی کـورد هەڵگـری ئـەوە ئامـادەم هەمـوو ناوچـەی بـارزان ئـاوەدان بکەمـەوە و موچـەش بـۆ هەمـوو خەڵکەکـەی دەبڕمـەوە[١٣]، منیـش ئـەو داوایـەی ئـەوم بەتوونـدی ڕەتکردووتـەوە و پێـم ڕاگەیانـد خەبـات و قوربانیدانـی ئێمـە بـۆ ئـەوە نەبـووە تـا ئیمتیـاز بـۆ دەڤـەری بـارزان و خەڵکەکـەی وەرگریـن، ئەگـەر ئێمـە شـتێکی لـەو شـێوەیەمان قبـووڵ کردبوایـە ئەوانـەی پێـش تـۆ زیاتریـان بـۆ دەکردیـن، بـەڵام ئامانجـی ئێمـە زۆر لـەوە بەرزتـر و گەورەتـرە ئەویـش چارەسـەرکردنی پرسـی کـوردە وەکـو پرسـی میللەتێکـی خـاوەن مـاف، دوای ئـەم کۆبوونەوەیـە جورێـک گـرژی سـەریهەڵداوە و پێدەچێـت زیاتریـش بێـت، قاسـم بۆئـەوەی گوشـارمان لەسـەر دروسـت بـکات هانـی سـەرۆک هۆزەکانـی دەوروبـەری بارزانـی داوە کـە کێشـەمان بـۆ دروسـت بکـەن، ئـەو پێـی وایـە لـەو ڕێگایـەوە دەتوانێـت ناچارمـان بـکات مسـاومە لەسـەر مافەکانـی کـورد بکەیـن، بـەڵام وەکـو هەمیشـە مردنێکـی سـەربەرزانە هەڵدەبژێریـن و تەسـلیم بـە گوشـارەکانی نابیـن، ئینجـا فەرمـووی: «دوای گەڕانەوەمـان لـە یەکێتـی سـۆڤیەت

چەندیـن کەسـم ڕەوانـەی لای ئـەو سـەرۆک هۆزانـە کـردووە کـە لـە دەوروبـەری بارزانــن و داوام لێکــردوون دەســت لەخیانــەت هەڵگــرن و چــیتر نانــی جاشــایەتی نەخــۆن، تــکام لێکــردوون هــەر نەبــێ لــە نێـوان ئێمـە و دوژمنانـی کـورددا بـێ لایـەن بـن و ئەگـەر کوردایەتیـش نەکــەن چەکــی جاشــایەتیش هەڵنەگــرن، بــەڵام بەڕوونــی هەســتم بـەوە کـردووە کـە دەسـت بـەرداری خیانـەت و نانـی جاشـایەتی نابـن».

دوای ئــەوەی کــە لەگــەڵ مــەلا مســتەفا لــە هەولێــرەوە گەیشــتمەوە دەڤــەری بــارزان، مــن گەڕامــەوە گونــدی ســێلکی و وازم لــە کاری فەرمانبــەری حکومــەت هێنــا و نەگەڕامــەوە ڕوانــدز. لەســەرەتای تەممــوزی ١٩٦١ بەمەبەســتی گەیشــتن بەخزمــەت خودانــی بــارزان چوومــە هاوینەهــەواری هــۆرێ، مــەلا مســتەفاش هــەر لــەوێ بــوو ئــەو کاتــەی لــەوێ بــووم برایــم ئەحمــەد و جــەلال تاڵەبانــی و عومــەر دەبابــە گەیشــتنە هاوینــە هــەواری هــۆرێ[١٤].

هەمیشـە لەدیوانـی خودانـی بارزانـدا هیـچ جیاوازیـەک لـە نێـوان هەژارێــک و دەوڵەمەندێــک یــان ســەرکردەیەکی سیاســی نەبــوو، هەمــووان پێکــەوە و بەتەنیشــت یەکــەوە دادەنیــشتن و خــواردن و خواردنەوەشـیان یـەک بـوو. ئێمـە دانیشـتبووین برایـم و جـەلال و عومەریـش هاتـن، خـودان بـە گەرمـی بەخێرهاتنـی لێکـردن، دواتـر بـاس لـە بـێ بەڵێنییەکانـی قاسـم و ئـەو گرژیانـە کـرا کـە لـە نێـوان پارتـی و حکومەتـدا هەبـوون، دیـارە هـەر ئـەوکات خـودان هەسـتی بـەوە کردبـوو کـە برایـم و جـەلال و جەماعەتەکەیـان نیازیـان بـاش نییـە، بۆیـە ڕووی کـردە برایـم و جـەلال و عومـەر دەبابـە و فەرمـووی:

مـەلا مسـتەفا ماوەیەکـی درێـژ بـوو لـە ئێمـە دوورکەوتبوویـەوە زۆریـش مانـدو بـووە پێمخۆشـە ماوەیـەک لای ئێمـە بمێنێتـەوە و پشـوویەک بـدات، بۆیـە بـۆ ئـەم قۆناغـە و تەواوکردنـی ئامادەکاریـەکان بـۆ شـۆڕش بـا برایـم یـان جـەلال ببێتـە سـەرۆکی پارتـی و ئێمـەش لـەلای خۆمانـەوە پشـتیوان و هـاوکار دەبیـن، لەوەڵامـدا برایـم گوتـی: ئەزبەنـی نەمـن و نەجـەلال و نەسـەدانی وەکـو ئێمـە ناتوانیـن شـوێنی مـەلا مسـتەفا پـڕ بکەینـەوە، ئەگـەر مـەلا مسـتەفا لەگـەڵمان نەبێـت نەکـەس گـوێمان لـێ دەگرێـت و نەهیـچ حسـابێکمان بـۆ دەکرێـت، بەبـێ مـەلا مسـتەفا ئێمـە ناتوانیـن دە کەسـیش کۆبکەینـەوە بۆیـە تـکا دەکەیـن ڕێـگا بـە مـەلا مسـتەفا بـدەن کـە بـەردەوام بێـت لەهەڵگرتنـی ئـەو بەرپرسـیارێتیەی کـە لەسـەر شـانییەتی. لـە وەڵامـی ئـەو قسـانەی برایـم ئەحمـەد دا خـودان فەرمـووی: باشـە بـەڵام لەکاتـی تەنگانـەدا مـەلا مسـتەفا بەجـێ مەهێڵـن و پشـتی تـێ مەکـەن! ئینجـا هەرسـێکیان جـەلال و برایـم و عومـەر دەبابـە گوتیـان: ئەزبەنـی بەڵێنتـان دەدەینـێ وەکـو سـەربازێکی دڵسـۆز گوێڕایەڵـی مـەلا مسـتەفا دەبیـن و تـا دوا هەناسـەش لەگەڵـی دەبیـن. مخابـن پێشـبینی خـودان لـەو بـارەوە ڕاسـت بـوو، ئـەو جەماعەتـە بەڵێنەکەیـان نەبـردە سـەر و لەسـاڵی ١٩٦٦ خیانەتیـان لـە مـەلا مسـتەفا و شۆڕشـی ئەیلـوول کـرد و چوونـە پـال حکومەتـی عێـراق.

# بەشی شەشەم

# قۆناغی شۆڕشی ئەیلوول

# دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول

هەروەک پێشتر ئاماژەم پێکرد مەلا مستەفا زۆر هەوڵی لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم دا کە بەڵێنەکانی لەبارەی چارەسەرکردنی پرسی کورد جێبەجێ بکات، بەڵام عەبدولکەریم خۆی لەو بەڵێنانە دەدزیەوە و ئامادە نەبوو هیچ هەنگاوێک بەئاراستەی چارەسەر کردنی پرسی کورد بهاوێژێت، بەپێچەوانەوە دەستی کرد بەگرتن و ڕاونانی ئەندام و کادرانی پارتی، لەوەش خراپتر سەرۆکهۆزەکانی دەوروبەری بارزانی کۆکردەوە و چەکی پێدان و داوای لێکردن خۆیان بۆ شەڕی پێشمەرگە ئامادە بکەن. لەو سەردەمەدا حکومەتی قاسم یاسایەکی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لەکەرتی کشتوکاڵیدا ڕاگەیاند بوو، ئامانج لە یاساکە ئەوە بوو زوڵم و ستەمی ئاغا و دەرەبەگەکان لەسەر خەڵکی هەژار هەڵبگیرێت، بەڵام پاشگەزبوونەوەی قاسم لەچارەسەرکردنی پرسی کورد ئەو یاسایەشی لەگۆڕنا. سەرۆکهۆزەکان بۆئەوەی یاساکە نەیانگرێتەوە و بەردەوام بن لە زەوتکردنی زەویوزاری خەڵکی هەژار داوایان لە قاسم کرد یاساکە سڕ بکات، قاسمیش بۆئەوەی پشتیوانیان بۆ شەڕی پێشمەرگە بەدەست بێنێت داواکەیانی قبووڵ کرد، لەبەرامبەردا سەرۆکهۆزەکانیش پێشوازیان لەو داوایەی قاسم کرد و ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ چەک هەڵگرتن دژی شۆڕش و پێشمەرگە، لەئەنجامی ئەمەدا لە یازدەی ئەیلوولی (١٩٦١)دا لە چەند شوێنێک شەڕو پێکدادان لە نێوان پێشمەرگە و هێزەکانی حکومەت ڕوویدا، بۆیە ئەو ڕۆژە وەکو ڕۆژی سەرهەڵدانی شۆڕش

دیـاری کـرا.

دیـــارە حکومـــەت پێیوابـــوو بەداگیرکردنـــی بـــارزان دەتوانێـــت بەئاســـانی کۆتایـــی بـــە پێشـــمەرگە و شـــۆڕش بهێنێـــت. بـــەو نییەتـــە هێـــرش و پەلامارەکانـــی خـــۆی لەســـەر هەمـــوو ناوچەکانـــی دیکـــە ڕاگـــرت و هەمـــوو قورسـایی هێـز و چەکەکانـی بـەرەو بـارزان جووڵـە پێکـرد و هێزەکانـی خـۆی لـە دوو بـەرە کۆکـردەوە. بـەرەی یەکـەم لـە ئاکـرێ بـەرەو چیـای پێـرس و بـەرەی دووەم لـە ڕوانـدوز بـۆ مێرگەسـۆر. لەبەرامبـــەردا مـــەلا مســـتەفا هەمـــوو ئامادەکارییەکـــی پێویســـتی بـــۆ بەرگریکـــردن کـــرد بـــوو، حکومـــەت بـــەر لـــەوەی هێرشـــی زەمینـــی دەســـت پـــێ بـــکات لـــە ١٦ی ئەیلوولـــدا هێرشـــێکی فراوانـــی ئاسمانـــی بـــۆ ســـەر گونـــدی بـــارزان و دەوروبـــەری و گونـــدی ســـێلکێ دەســـت پێکـــرد و بەچـــڕی ناوچەکـــەی بۆردمـــان کـــرد، لەگونـــدی ســـێلکێ ئافرەتێـــک بەنـــاوی (زەکیـــا) و منداڵێکـــی ســـاوای شـــەهید بـــوون و ژمارەیـــەک هاووڵاتیـــش برینـــدار بـــوون، دیســـان لەگونـــدی ســـتۆپێی نزیـــک ســـێلکێش هاووڵاتیـــەک بەنـــاوی تاهـــا شـــەهید بـــوو، بەهەمـــان شـــێوە لـــە بـــارزان و چەنـــد شـــوێنێکی دیکـــەش ژمارەیـــەک هاووڵاتـــی شـــەهید و برینـــدار بـــوون. دوای بۆردومانەکـــە هێرشـــی جـــاش و ســـوپا بـــۆ ســـەر بـــارزان دەســـتی پێکـــرد، ئـــەوکات مـــن و براکانـــم لەگـــەڵ عەلـــی خەلیـــل و عیســـا ســـوار لەبـــەرەی پێـــرس بوویـــن، مـــەلا مســـتەفا خـــۆی سەرپەرشـــتی شـــەڕەکەی دەکـــرد، لـــە دۆڵـــی نەهلـــە و پێـــرس و گەلـــی زنتـــا شـــەڕێکی قـــورس و فـــراوان ڕوویـــدا پێشـــمەرگە زۆر ئازایانـــە بەرگـــری کـــرد، هێزەکـــەی ئێمـــە لەگونـــدی کەشـــکای کریستیاننشـــین بـــوو، خەڵکـــی

گوندەکە لەڕووی خواردن و ئازوقەوە زۆر یارمەتیان دەدایـن، تـا ئێوارەی ڕۆژی دواتر شەڕ بەردەوام بوو، لەزۆربەی شوێنەکان هێزەکانی جاش و سوپا تێکشکان و بەرەو دواوە گەڕانەوە، لەو بەرگریەدا فەرماندەی قارەمان مەلا شنی و میرزا ئاغا مێرگەسۆری و خورشید عبدولرەحمان ستوپەیی و یاسین دێزۆیی و مستەفا ئارەب سێلکی و حەبیب ئیسماعیل سێلکی و چەند پێشمەرگەیەکی دیکە شەهید بوون. هەردوو براکەم (بابەکر و قەتران) لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی دیکەش بریندار بوون، چونکە جاشەکان خەڵکی ناوچەکە بوون شارەزایی باشیان لەسەر جوگرافیای مەیدانی شەڕدا هەبوو، بۆیە لەگەڵ تاریکبوونی کەشوهەوا لە نزیک گوندی شەهێ هێزێکی گەورەیان دزەیان کردە پشتەوەی ئێمە و لەگەڵ خۆرهەڵاتن تەقەیان لێکردین، لەگەڵ تەقەی جاشەکان هەستمان بەوە کرد کە گەمارۆ دراوین، هاوکات جاش و سوپا لەبەرەی ڕووبەڕووش دەستیان بەهێرش کردەوە، بارودۆخەکە زۆر سەخت و دژوار بوو، بەڵام لەبەرئەوەی مەلا مستەفا لەگەڵمان بوو ورەمان بەرز بوو، ئازایانە و خوڕاگرانە بەرگریمان کرد، لەسەر فەرمانی مەلا مستەفا شەهید عیسا سوار لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگە هێرشێکی قارەمانانەیان کردە سەر ئەو هێزەی دوژمن کە وەپشت ئێمە کەوتبوو، لەچەند خولەکێکی کەمدا هێزەکانی دوژمن ڕاونران و گەمارۆکەیان تێکشکاند. لەو شەڕەدا ئەسعەد سلێمان دێزۆیی و تەها لاچ سپینداری شەهید بوون و ژمارەیەک پێشمەرگەش بریندار بوون. لەگەڵ ئەو سەرکەوتنە هێرشی دوژمن بەتەواوی وەستێنرا. لەهەمانکاتدا پێشمەرگە

لەبــەرەی مێرگەســۆریش بەســەرکردایەتی محەمــەد ئەمیــن میرخــان هێرشــی جــاش و ســوپای تێکشــکاند. لــە هــەردوو بەرەکــەدا ژمارەیەکــی زۆر پێشــمەرگە شــەهید و برینــدار بــوون، مخابــن نــاوی هەمووانــم لەیــاد نەمــاوە دوای ســەرکەوتنی پێشــمەرگە لەهــەردوو بەرەکــەدا بــۆ ماوەیەکــی کاتــی شــەڕ وەســتێنراو جورێــک گفتوگــۆ هاتــە ئاراوە.

## بڕیارێکی حەکیمانە

بەهــۆی ئــەو گفتوگۆیــەی کــە دوای ســەرکەوتنی پێشــمەرگە لەپێــرس و مێرگەســۆر دروســت بــوو، هێزەکانــی حکومــەت کشــانەوە شــوێنی پێشتریــان و هێزەکانــی پێشــمەرگەش لەبەرزاییەکانــی دۆرێ و بێــداروون جێگیــر بــوون. خودانــی بــارزان هــەر لەســەرەتاوە لەکردەوە و هەڵوێســتی برایــم ئەحمــەد و جــەلال تاڵەبانــی و جەماعەتەکەیــان بەگومــان بــوو، پێیوابــوو جــەلال و برایــم مەبەســتیانە قورســایی شــەڕ بکەوێتــە ســەر دەڤــەری بــارزان. لــەم ســۆنگەوە و بۆئــەوەی قوڕســایی شــەڕ لەســەر دەڤــەری بــارزان لابربدرێــت و ســیناریۆی ســاڵانی ١٩٣٢و ١٩٤٥ دووبــارە نەبێتــەوە و بــارزان وەکــو ئــەو ســەردەمە گەمــارۆ نەدرێــت خــودان و مــەلا مســتەفا پلانێکــی ژیرانــە و حەکیمانەیــان داڕشــت

لەچوارچێــوەی ئــەو پلانــەدا بڕیــاردرا خــودان گفتوگــۆ لەگــەڵ عەبدولکەریــم قاســم بــکات و داوای لــێ بــکات ئەگــەر هێــرش و پەلامــارەکان بــۆ ســەر دەڤــەری بــارزان ڕابگرێــت، ئــەوە مــەلا مســتەفا و پێشــمەرگە لــە دەڤــەری بــارزان دوور دەکەونــەوە. لەپێنــاو ئــەم ئامانجــەدا خــودان بــۆ گفتوگــۆ ســەردانی بەغــدای کــرد و چــاوی

بەعەبدولکەریم قاسم کەوت و پەیامەکەی پێ گەیاند، لە ئەنجامی ئەو سەردانەدا پلانەکەی خودان و مەلا مستەفا سەری گرت و قاسم ئامادەیی دەربڕی هێزەکانی لە دەڤەری بارزان دوور بخاتەوە، لەبەرامبەریشدا مەلا مستەفا لەگەڵ هێزە سەرەکیەکانی پێشمەرگە بچێتە دەڤەری بادینان. لەئەنجامی ئەم پلانە ژیرانەیەدا هەم بارزان لەمەترسیەکان دوورخرایەوە، هەمیش شۆڕش پەلی بۆ ناوچەکانی دیکە هاوێشت بەتایبەتیش دەڤەری بادینان. بەبێ پلانێکی لەم شێوەیە ئەستەم بوو شۆڕش هەموو ناوچەکانی دیکە بگرێتەوە. بەڵام بە حکمەتێکی زۆرەوە پلانەکە جێبەجێکرا

❊❊❊❊❊❊❊❊

## بەڕێکەوتن بەرەو دەڤەری بادینان

لەچوارچێوەی ئەو لێکتێگەیشتنەی لە نێوان خودانی بارزان و عەبدولکەریم قاسمدا دروست بوو لەسەر فەرمانی خودان پێنج سەد پێشمەرگەی بژاردە ئامادە کران کە لەگەڵ مەلا مستەفا بچنە دەڤەری بادینان. ئەوکات ئێمە لەگەڵ مەلا مستەفا لەگوندی دۆرێ بووین، لەوێ مەلا مستەفا هەواڵی بۆ ئەسعەد خۆشەوی نارد کە لەگەڵ هێزەکانی بچێتە گوندی سیدان کە دەکەوێتە سەر ڕووباری شین، ناوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەمی (١٩٦١) ئێمەش لەگەڵ مەلا مستەفا بەرەو هەمان شوێن ڕۆیشتین. لە گوندی سیدان لەگەڵ ئەسعەد خۆشەوی و هەموو هێزەکان یەکمان گرتەوە، جگە لە پێنج سەد پێشمەرگەی بارزانی نزیکەی

چوار سەد پێشمەرگەی ناوچەکانی دیکەش لەگەڵمان بوون وەکو هێزەکانی غازی حاجی مەلو مزۆری و مشیر ئاغای گۆران و مستەفا نێروەیی و سلیم چێیی و عەریف یاسین دۆسکی و مەحمود ئاغا چەمانکی. لە گوندی سیدان مەلا مستەفا هەموومانی کۆکردەوە و فەرمووی: «برایان جارێکی دیکە دوژمن شەڕی بەسەر کورددا سەپاند و پێیوایە لەو ڕێگایەوە دەتوانێت کۆتایی بەکێشەی کورد بێنێت، لەبەرامبەر ئەم شەڕ فرۆشیەدا مافێکی ڕەوای ئێمەیە بەرگری لەخاک و نیشتمانەکەمان بکەین و هەرگیزیش تەسلیم بەئیرادەی دوژمن نابین، هەمووتان برای منن و زۆر سوپاسی ئەو هەڵوێستە بەرزەتان دەکەم کە چەکتان هەڵگرتووە و ئامادەییتان دەربڕیوە بۆ فراوانکردنی شۆڕش و بەرگریکردن لە مافەکانی کورد لەگەڵم بێنە دەڤەری بادینان، بەڵام حەز دەکەم ئەوە بزانن ئەو ڕێگایەی ئێمە دەیگرینەبەر ڕێگایەکی سەخت و دژوارە سروشتی خەباتی شۆڕشگێڕی وایە، ڕەنگە هەموومان بکوژرێین یان لە برسێتی و سەرمادا بمرین بۆیە هەر کەسێک ئامادە بێت ئەم بارە قورسە هەڵبگرێت ئەوە برای ئێمەیە و مردن و ژین پێکەوە دەبین، هەر کەسێکیش توانای نییە با لێرە بگەڕێتەوە و هەر وەکو برایەک دەمێنێتەوە». لە وەڵامدا هەموومان پێکەوە ئامادەیی خۆمان دەربڕی کە بۆ مردن ئامادەین. ئینجا جەنابیان فەرمووی: «کەواتە لەبرسان بمرن نابێت نانێک بە زۆری لە خەڵک وەرگرن، پێویستە هەموو ئافرەتێکی کوردستان بەخوشک و دایک و کچی خۆتان بزانن، پێویستە گوێڕایەڵی بەرپرسانی خۆتان بن و لەقسەیان دەرنەچن،

لەهــەر شــوێنێک دیلــی شــەڕ کەوتــە دەســتتان پێویســتە مامەڵەیەکــی ئینســانی لەگــەڵ بکــەن، هــەر وەک پێمگوتــن هەمووتــان بــرای منــن، بــەڵام بەرژەوەنــدی شــۆڕش و کــورد لــە ســەروی برایەتیەوەیــە، بۆیــە تکاتــان لــێ دەکــەم هەمووتــان پابەنــدی ئــەو خاڵانــە بــن و هــەر کەســێک ســەرپێچیەک بــکات ســزا دەدرێــت». لــەو کاتــەدا حســێن جەرگیــس پێندرۆیــی کــە کەســێکی بەتەمــەن بــوو یەکێــک بــوو لــە هەڤاڵانــی مــەلا مســتەفا بــۆ یەکێتــی ســۆڤیەت، دەنگــی بــەرز کــردەوە و گوتــی: ئەزبەنــی هەمووومــان بــۆ مــردن هاتوویــن و ناگەڕێینــەوە، ئەگــەر جەنابتــان بەهــۆی تەمەنــەوە توانــای ئەوەتــان نییــە لەگــەڵمان بمێنــن ڕێگاتــان لــێ ناگریــن و خۆتــان بگەڕێنــەوە

## خەڵکی دەڤەرەکە پێشوازیەکی گەرمیان لێکردین

لــە ڕۆژی (١٩٦١/١٠/٢٤) هێــزی پێشــمەرگە بەســەرکردایەتی مــەلا مســتەفا لــە گونــدی ســیدان بــەرەو دەڤــەری نێــروە بەڕێکــەوت و بــۆ ڕۆژی دواتــر گەیشــتینە ناوچــەی نێــروە، خەڵکــی ناوچەکــە بەگەرمــی پێشــوازیان لــە مــەلا مســتەفا و پێشــمەرگە کــرد، ڕۆژێــک بــەر لــەوەی ئێمــە بگەینــە ئــەوێ محەمــەد تاهــر نێروەیــی و مــەلا ئەحمــەد دۆتازایــی و نەزمــی نێروەیــی هێزێکــی عێراقیــان چــەک کــرد بــوو، بۆیــە کاتێــک ئێمــە گەیشــتین لەگــەڵ ئــەو پێشــمەرگانەی لەگەڵیانــدا بــوون پەیوەندیــان پێــوە کردیــن، چەنــد ڕۆژێــک لــەوێ مانــەوە و دواتــر بــەرەو ناوچــەی بــەرواری بــاڵا بەڕێکەوتیــن، کۆتایــی مانگــی تشرینــی یەکــەم گەیشــتینە گونــدی تروانــش، خەڵکــی ئــەو

گونــدە و هەمــوو ناوچەکــە بەگەرمــی پێشــوازیان لــە پێشــمەرگە کــرد و ئامادەییــان دەربــڕی بــۆ هەمــوو هاوکاریــەک، ئــەوکات محســن بەگــی بــەرواری لەگــەڵ ژمارەیــەک لــە جاشــەکانی لەناحیــەی کانــی ماســێ بــوو، مــەلا مســتەفا لەپێنــاو ئــەوەی خوێنــی کــورد بەدەســتی کــورد نــەڕژێ موختــاری گونــدی تروانــش کــە نــاوی (خەلیــل ) بــوو ڕەوانــەی لای محســن بــەگ کــرد و داوای لێکــرد شــەڕی پێشــمەرگە نــەکات، محســن بــەگ پێیوابــوو ئــەم هەڵوێســتەی مــەلا مســتەفا لــە لاوازیــە، بۆیــە لەگــەڵ هێزێکــی ســوپا گەمــارۆی گونــدی تروانشــیان داو پێیــان وابــوو بــەو شــێوەیە دەتوانــن ڕێگــری لەهێــزی پێشــمەرگە بکــەن! مــەلا مســتەفا بــۆ جــاری دووەم موختــاری گونــدی تروانشــی ڕاســپارد کــە محســن بــەگ ئــاگادار بکاتــەوە واز لەشــەڕفرۆشتن بێنێــت و بــێ شــەڕ لەناوچەکــە دوور بکەوێتــەوە، لەگــەڵ گەیشــتنی موختــار جــاش و هێزەکانــی دیکــە تەقەیــان لــە خەڵکــی گونــد و پێشــمەرگە کــرد، ئــەوکات لەناچــاری مــەلا مســتەفا فەرمانــی بــە عومــەر ئاغــا دۆلەمــەری و عیســا ســوار کــرد کــە محســن بــەگ و جاشــەکانی تەمبــێ بکــەن و لەســەر ڕێــگای پێشــمەرگە دووری بخەنــەوە، عومــەر ئاغــا و عیســا ســوار لــە دوو لاوە هێرشــیان کــردە ســەر جاشــەکان و لەماوەیەکــی کەمــدا ڕاویاننــان و قــەڵای تروانشــیان لــێ پــاک کــردەوە و تــا نزیــک کانــی ماســێ بەدوایانــدا چــوون.

لەتروانــش بــەرەو گونــدی مایــێ بەڕێکەوتیــن، لەچیایــی گابێــرک دیســان محســن بــەگ و هێزەکانــی حکومــەت ویســتیان ڕێگامــان لــێ بگــرن، بــەڵام دیســان پێشــمەرگە ئازایانــە ڕووبەڕوویــان بوویــەوە و

ڕاویاننـــان، لـــەو شـــەڕەدا ژمارەیەکـــی زۆر پۆلیـــس و جـــاش کـــوژران و چەنـــد پێشـــمەرگەیەکیش شـــەهید بـــوون کـــە خەڵکـــی ناوچـــەی نێـــروە بـــوون، لـــە گونـــدی مایـــێ ئەحمـــەد شـــانە و جەمیلـــە ســـور بامەڕنـــی لەگـــەڵ ژمارەیـــەک پێشـــمەرگە پەیوەندیـــان پێـــوە کردیـــن، لەناوچـــەی بـــەرواری بـــاڵا بەگشـــتی خەڵـــک زۆر هـــاوکار و پشـــتیوانی پێشـــمەرگە بـــوو، لـــە گونـــدی بێدوهـــی نزیـــک مایـــێ مـــەلا مســـتەفا ســـەردانی ماڵـــی توفیـــق بەگـــی بـــەرواری کـــرد و داوای لێکـــرد ئەگـــەر کوردایەتیـــش نـــەکات بـــەلای کەمـــەوە لـــە نێـــوان پێشـــمەرگەو دوژمنـــدا بـــێ لایـــەن بێـــت، تۆفیـــق بـــەگ بەڕواڵـــەت وا خـــۆی نیشـــاندا کـــە هـــاوکاری حکومـــەت نـــاکات، ئـــەم هەڵوێســـتە جێـــگای خۆشـــحاڵی مـــەلا مستەفا بـــوو. هـــەر لـــە گونـــدی بێدوهـــێ محەمـــەد حاجـــی ســـادق گولـــی ســـەردانی مـــەلا مســـتەفای کـــرد و پشـــتیوانی خەڵکـــی عشـــیرەتی گولـــی بـــۆ شـــۆڕش دەربـــڕی و داوای کـــرد پێشـــمەرگە لەناوچەکەیـــان بمێنێتـــەوە و بەڵێنیشـــیدا کـــە ئامـــادەن بـــۆ هەمـــوو هاوکاریـــەک، مـــەلا مســـتەفا زۆر ڕێـــزی لـــەو هەڵوێســـتەی گولیـــەکان گـــرت و سوپاســـی کـــردن، بەهەمـــان شـــێوە عەشـــیرەتی ســـندیش هەڵوێســـتی پشـــتیوانیان بـــۆ شـــۆڕش دەربـــڕی. لەســـەرەتای مانگـــی تشرینـــی دووەم لـــە گونـــدی بیدوهـــێ بـــەرەو ڕۆژئـــاوای چیـــای مەتیـــن بەڕێکەوتیـــن و چووینـــە دەڤـــەری دۆســـکی ژێریـــان و لەگوندەکانـــی بانـــک و ئـــەرزا و کانـــی بەلاڤـــێ و کەڕەگوهـــێ جێگیـــر بوویـــن و بـــۆ مـــاوەی چەنـــد ڕۆژێـــک لـــەوێ ماینـــەوە، خەڵکـــی ئـــەو گوندانـــە زۆر دڵســـۆزانە پشـــتیوانیان دەربـــڕی و هـــاوکاری پێشـــمەرگە و شـــۆڕش بـــوون، گونـــدی ئەرەدنـــا کـــە نزیکبـــوو لـــەو گوندانـــە هێزێکـــی جاشـــەکانی تێـــدا بـــوو، مـــەلا مســـتەفا

فەرمانـــی بـــە عەلـــی خەلیـــل کـــرد کـــە هێزێکـــی پێشـــمەرگە لەگـــەڵ خـــۆی ببـــات و جاشـــەکان دوور بخاتـــەوە، عەلـــی خەلیـــل لەســـەر فەرمانـــی مـــەلا مســـتەفا گوندەکـــەی گەمـــارۆدا و داوای لـــە جاشـــەکان کـــرد خۆیـــان بەدەســـتەوە بـــدەن؛ جاشـــەکان کـــە زانیـــان گەمـــارۆ دروان بـــێ شـــەڕ چەکیـــان دانـــاو خۆیـــان ڕادەســـت کـــرد، ئـــەو کاتـــەی لـــەو گوندانـــە بوویـــن جگـــە لـــەوەی خەڵـــک زۆر هـــاوکاری پێمشـــەرگە بـــوو دەیـــان تێکۆشـــەری ناسراویـــش پەیوەندیـــان بەشۆڕشـــەوە کـــرد، وەکـــو فـــارس کورەمارکـــی، فەیســـەڵ نزارکـــی، عەریـــف دەرویـــش ســـندی، ســـلێمان حاجـــی بـــەدری، عەبدولـــرەحمان دینـــۆ، مـــەلا حەمـــدی، نەعمـــو ســـەمەد، عەلـــی هالـــو، عەلـــی عەلـــی، میرخـــان باوەرکـــی، ڕەمـــەزان گولـــی، ســـەلمان محەمـــەد بامەڕنـــی و شـــەهید وەیســـی بانـــی و دەیانـــی دیکـــەش. دیســـان ژمارەیـــەک خەباتگێـــڕی ئێـــزدی و کریســـتیانیش لەگـــەڵ مەحمـــود ئێـــزدی و هرمـــز مەلـــک چەکـــۆ پەیوەندیـــان بەشۆڕشـــەوە کـــرد.

********

## شەڕی چوم جیهان

لەناوەڕاســـتی مانگـــی تشرینـــی دووەمـــی ١٩٦١ مـــەلا مســـتەفا لەگـــەڵ هێزێکـــی پێشـــمەرگە بـــەرەو ناوچـــەی عەشـــیرەتی ســـلێڤانەی بەڕێککـــەوت، لەگونـــدی چـــوم جیهـــان جێگیـــر بـــوو، دوو تـــا ســـێ ڕۆژ دوای گەیـــشتن یـــان هێزێکـــی زۆری جـــاش و ســـەرباز بـــەرەو گونـــدی چـــوم جیهـــان هاتـــن، پێشـــمەرگە ئازایانـــە ڕووبەڕوویـــان بوونـــەوە و شـــەڕێکی قـــورس و فـــراوان ڕوویـــدا، پێشـــمەرگە قارەمانانـــە بەرگـــری کـــرد و هێـــزی

دوژمن تێکشکاو دەیان لاشەی کوژراوی دوژمن لە مەیدانی شەڕدا بەجێمان، بەم سەرکەوتنە ورەی خەڵکی ناوچەکە بەگشتی بەرز بوویەوە و متمانەیان بەشۆڕش و پێشمەرگە زیاتر بوو؛ خەڵکێکی زیاتریش پەیوەندیان بەڕیزەکانی شۆڕشەوە کرد

لەکۆتایی مانگی تشرینی دووەم مەلا مستەفا بارەگای خۆی لەچوم جیهانەوە گواستەوە بۆ گوندی باڤیان، لەو گوندە مەلا مستەفا بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخ و دانانی ڕێوشوێنی پێویست بۆ قۆناغی داهاتووی شۆڕش هەموو سەرکردە و فەرماندە دیارەکانی پێشمەرگەی کۆکردەوە؛ وەکو ئەسعەد خۆشەوی و محەمەد ئەمین میرخان و حسو دۆلەمەری و عومەر ئاغا و عەلی خەلیل و عیسا سوار و عەلی شەعبان و عارس بیدارونی...هتد، دوای وەرگرتنی بۆچوونی هەموو ئامادەبووان کۆمەڵێک بڕیاری گرنگ دران کە بەم شێوەیە بوون

**یەکەم:** پەیوەندی بە سەرۆک هۆزەکانی ناوچەکە بکرێت کە خۆیان لە شەڕی پێشمەرگە بەدوور بگرن.

**دووەم:** ڕێکخستنەکانی پارتی ئاگادار بکرێن؛ تەنیا ئەو کەسانە بێنە ناو شۆڕش کە مەترسیان لەسەرە.

**سێیەم:** پێشمەرگە خۆی لەشەڕی بەرەیی بپارێزێت و پلانی شەڕی پارتیزانی پەیڕەو بکات.

**چوارەم:** تا وەرزی بەهار مەلا مستەفا وەکو ڕابەری شۆڕش بارەگای خۆی بگوازێتەوە دەڤەری بەرواری باڵا.

**پێنجـەم:** گونـدی گەرماڤـان لەهێزەکانـی حکومـەت و جاشـەکانی پـاک بکرێتـەوە. ئـەم خاڵـە ئێـوارەی هەمـان ڕۆژ جێبەجێکـرا، بەشـێوەیەك پێشـمەرگە بەشـەو هێرشـی کـردە سـەر هێزەکانـی دوژمـن لەگونـدی گەرماڤـان و لـە ماوەیەکـی کەمـدا گوندەکەیـان پـاک کـردەوە و سـەرۆک جاشـەکەش بەنـاوی محەمـەد گەرماڤـی کـوژرا، لـەو شـەڕەدا هـەردوو پێشـمەرگەی قارەمـان نزمـی نێروەیـی و نـەزەت گـەردی شـەهید بـوون.

## تۆمارکردنی داستانی زاوێتە

دوای کۆبوونەوەکـەی گونـدی باڤیـا لەسـەرەتای مانگـی کانوونـی یەکەمـی١٩٦٢ بـارەگای مـەلا مسـتەفا گوازرایـەوە گونـدی گـرد بـەرازی نزیـک سـوارەتوکا، ئەسـعەد خۆشـەویش لەگـەڵ هێزێـک لەگونـدی بیسـفکێ جێگیـر بـوو، ڕۆژانـە مـەلا مسـتەفا لەلایەکـەوە خەریکـی ڕێکخسـتنی هێزەکانـی پێشـمەرگە بـوو، لەلایەکـی دیکەشـەوە بـۆ یەکخسـتنی هەمـوو هێـزو تواناکان لەشۆڕشـدا دیـدار و کۆبوونـەوەی لەگـەڵ سـەرۆک هـۆز و کەسـایەتیە دیارەکانـی ناوچەکـە و ڕێکخسـتنە نهێنییەکانـی پارتـی ئەنجـام دەدا. ئـەوکات ئێمـە لەگـەڵ ئەسـعەد خۆشـەوی لـە گونـدی بێسـفکێ بوویـن. ئەسـعەد لەسـەر ڕاسـپاردەی مـەلا مسـتەفا سـەردانی ژمارەیـەک کەسـایەتی و سـەرۆک هـۆزی ناوچەکـە کـرد و داوای لێکـردن لەپێنـاو نەڕشـتنی خوێنـی کـورد بەدەسـتی کـورد خۆیـان لـە شـەڕی پێشـمەرگە بـەدوور بگـرن. ئـەوکات لەڕێـگای ڕێکخسـتنەکانی پارتـی لـە دهۆکـەوە زانیـاری بـە مـەلا مسـتەفا گەیشـت کـە هێزێکـی

دوژمـن لـەڕۆژی (١٩٦١/١٢/١٢) لـە دهۆکـەوە بـەرەو سەرسـەنگ جووڵـەی پـێ دەکرێـت. مـەلا مسـتەفا بەڕاوێـژ لەگـەڵ سـەرکردە و فەرماندەکانـی پێشـمەرگە نەخشـە و پلانێکـی تۆکمـەی بـۆ ڕێگریکـردن لـەو هێـزەی دوژمـن داڕشـت و بەپێـی ئـەو پلانـە هێزەکانـی پێشـمەرگە لەنـاو گەلـی زاوێتـە کەمینێکـی فراوانیـان بـۆ هێزەکانـی دوژمـن دانـا، هێزەکـەی دوژمـن کـە لەسـەدان سـەرباز و پۆلیسـپێک دەهـات لەکاتـی دیاریکـراودا کەوتـە نـاو کەمینـی پێشـمەرگە، پێشـمەرگە بەسـەرکردایەتی ڕاسـتەوخۆی مـەلا مسـتەفا لەهەمـوو لایەکـەوە هێزەکانـی دوژمنـی ئاگـر بـاران کـرد، لەماوەیەکـی کورتـدا هەمـوو هێزەکـە یـان کـوژران یـان بەدیلگیـران، زیاتـر لەپێنـج سـەد سـەرباز و پۆلیـس بەدیلگیـران و سـەدان پارچـە چەکـی جۆراوجۆریـش کەوتـە دەسـت پێشـمەرگە، دەسـت بەسـەر هەشـت ئوتۆمبێلـی پـڕ لـە چـەک و فیشەکیشـدا گیـرا. هەمـوو دیـل و دەسـتکەوتەکان بـۆ پشـتەوەی بەرەکانـی شـەڕ گوێزرانـەوە، ئـەم سـەرکەوتنە کـە بـە خوێنـی شـەش شـەهید تۆمـار کـرا لـە زۆر ڕووەوە گرنگـی خـۆی بـۆ شـۆڕش هەبـوو، دەنگوباسـی سـەرکەوتنەکە گەیشـتە هەمـوو کوردسـتان و هەمـوو کـورد شـانازی پێـوە دەکـرد، ورەی هەمـوو لایەکـی بـەرز کـردەوە و بـڕوا و متمانـەی خەڵکـی ناوچەکـە بـە شـۆڕش و پێشـمەرگە زیاتـر بـوو، لەهەمـووان گرنـگتر حکومەتـی قاسـم ناچـار بـوو داوای گفتوگـۆ لەمـەلا مسـتەفا بـکات. هەرچەنـدە مـەلا مسـتەفا گومانـی لـەو داوایـە هەبـوو، بـەڵام لەبەرئـەوەی لـە ڕوانگـەی مـەلا مسـتەفاوە گفتوگـۆ شـێوەیەک بـووە لەشـێوەکانی خەبـات داوای قاسـمی بـۆ گفتوگـۆ قبـووڵ کـرد. حکومـەت شـوێنێکی لەنزیـک سەرسـنگ بـۆ گفتوگـۆ دیـاری کـرد بـوو، بـەڵام لەبەرئـەوەی مـەلا مسـتەفا لـە داوای

قاسم بۆ گفتوگۆ بە گومان بوو پێشبینی دەکرد کە ناپاکیەک لەو داوایەدا هەبێت، بۆیە دوای ئەوەی کەسێک بەناوی حەسەن عەبود وەکو نوێنەری قاسم گەیشتە ناوچەکە مەلا مستەفا شوێنێکی دیکەی بۆ بەڕێوەچوونی گفتوگۆکان دیاری کرد و لەو شوێنە پێشوازی لە حەسسن عەبود کرا. ئەوکاتەی مەلا مستەفا و عەبود دانیشت بوون، سێ چوار فڕۆکە ئەو شوێنەیان بەچڕی بۆردومان کرد کە پێشتر لەلایەن حکومەتەوە بۆ بەڕێوەچوونی گفتوگۆکان دیاری کرا بوو، ئەوکات مەلا مستەفا ڕووی کردە عەبود و فەرمووی: «ئەمەیە ئەخلاقی قاسم و حکومەتەکەتان بۆئەوەی بتوانێت ئێمە لەناو ببات ئامادەیە ئێوەش بکوژێت»! لەگەڵ ئەم قسانەی مەلا مستەفا فرمێسک بەچاوەکانی عەبوددا هاتنەخوارەوە و داوای لێبوردنی لە جەنابیان کرد، مەلا مستەفا وەکو ڕابەرێکی مەزن و دڵ فراوان وەڵامی حەسەن عەبودی دایەوە و فەرمووی: «من دەزانم ئێوە بێ تاوانن، دەشمزانی نیازی قاسم بۆ گفتوگۆ خراپە، بەڵام بۆئەوەی کەس نەڵێ مەلا مستەفا و کورد شەڕخوازن داوای قاسمم بۆ گفتوگۆ قبووڵ کرد، ئێستاش پەیامی من بۆ قاسم و حکومەتەکەی ئەوەیە کێشەی کورد کێشەی نەتەوەیەکی خاوەن مافە، بەکوشتنی من ئەو کێشەیە کۆتایی ناهێت و هەموو ئەوانەی لەگەڵمدان بەشێوەیەک پەروەردەم کردوون هەریەکە و بۆ خۆی مەلا مستەفایەکە و درێژە بەم ڕێبازە دەدەن». دواتر بەڕێزەوە حەسسن عەبود و هەڤاڵەکانی بەڕێکران.

## گەڕانەوە بۆ دەڤەری بەرواری باڵا

دوای سەرکەوتنە مەزنەکەی زاویتە و لە چوارچێوەی ئەو بڕیارانەی لەکۆبوونەوەکەی گوندی باڤیا درا بوون، هێزی سەرەکی شۆڕش لەکۆتایی مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٦١ لەگەڵ مەلا مستەفا لەڕێگای چیای مەتینەوە گەڕاینەوە دەڤەری بەرواری باڵا. چەند هێزێکی پێشمەرگەش لەناوچەکانی دەوروبەری دهۆک و سەرسەنگ و بامەڕنێ مانەوە. دوای گەیشتنەوەمان بۆ دەڤەری بەرواری باڵا بڕیاردرا ناحیەی کانی ماسێ لەهێزەکانی دوژمن پاک بکرێتەوە. لەچوارچێوەی ئەو بڕیارەدا پێشمەرگە بەفەرماندەیی عیسا سوار و محەمەد ئەمین میرخان هێرشی کردە سەر هێزەکانی حکومەت لەکانی ماسێ و لەماوەیەکی کەمدا کانی ماسێ ئازاد کرا، هێزەکانی جاش و پۆلیس ئەوەی کوژرا کوژرا ئەوانەی دیکە ناچار بوون چوونە نێو خاکی تورکیا و دواتر ناچار بوون خۆیان ڕادەستی پێشمەرگە بکەن کە ژمارەیان (١٠٥) جاش بوو.

ئازادکردنی کانی ماسێ خۆشحاڵیەکی زۆری لەناو خەڵکدا دروست کرد، هێز و ورەیەکی زیاتری دا بە خەڵک و پێشمەرگە، لەو سەردەمەدا خەڵکی ناوچەکە زۆر دڵسۆزانە هاوکار و پشتیوانی شۆڕش و پێشمەرگە بوون و هەموو ماڵێک ببووە بارەگای پێشمەرگە، لەبەرئەوەی کانی ماسێ لەسەر سنووری تورکیا بوو ئازادکردنی لەڕووی مەعنەوەیە کاریگەریەکی باشی کردە سەر کوردانی باکووری کوردستان و هەستی گیانی

نەتەوایەتیـان زینـدوو بوویـەوە، جگـە لـەوەی ژمارەیەکـی زۆریـان بوونـە پێشـمەرگە ڕۆژانـە سـەرۆکهۆز و کەسـایەتیەکانی گونـد و عەشـیرەتەکانی باکـووری کوردسـتان دەهاتنـە خزمەتـی مـەلا مسـتەفا و پشـتیوانی و هـاوکاری خۆیـان بـۆ شـۆڕش و پێشـمەرگە دەردەربـڕی، هـاوکاری و پشـتیوانی ئـەوان بـۆ مانەوەمـان و درێـژەدان بەشـۆڕش زۆر گرنـگ و کاریگـەر بـوو لـەڕووی دابینکردنـی خـواردن و ئازوقـەوە زۆر هـاوکار بـوون، دیسـان زۆر جـار برینداره‌کانمـان لەڕێـگای ئەوانـەوە چارەسـەر دەکـران. بەدرێژایـی شۆڕشـی ئەیلـوول کوردانـی باکـوور دڵسـۆزانە ڕۆڵـی خۆیـان گێـڕاو پشـتیوان و هاوکارمـان بـوون. تـا ئـاداری ١٩٦٢ زۆربـەی هێـزی پێشـمەرگە لەگـەڵ مـەلا مسـتەفا لـەو دەڤـەرە مایـەوە

********

## گەڕانەوەی مەلا مستەفا بۆ دەڤەری سۆران

سـەرکەوتنە مەزنەکـەی پێشـمەرگە لـە گەلـی زاوێتـە و دواتریـش ئازادکردنـی کانـی ماسـێ بوونـە هـۆی ئـەوە بارودۆخـی شـۆڕش لەهەمـوو ڕوویەکـەوە گەشـەکردن بەخۆیـەوە ببینێـت، تـا ڕادەیەکـی باشـیش چـەک و تەقەمەنـی بکەوێتـە دەسـت پێشـمەرگە و خەڵـک متمانـەی بـە شـۆڕش و پێشـمەرگە زیاتـر بـوو، لەهەمـوو لایەکـەوە خەڵکـی تێکۆشـەر پەیوەندیـان بەشۆڕشـەوە کـرد و بوونـە پێشـمەرگە، ڕێکخسـتنەکانی پارتیـش لەنـاو شـارەکان چـالاکتر لـە جـاران کەوتنـە کار. هەمـوو ئەمانـە وایـان کـرد شـۆڕش لەناوچـەی بادینـان لەسـەر پێـی خـۆی بوەسـتێت و بەرەوپێشـەوە

بچێــت. لەبەرامبــەردا بەهــۆی دووری مــەلا مســتەفا لەناوچــەی ســۆران بارودۆخــی شــۆڕش لــەو ناوچەیــە هیــچ پێشــکەوتنێکی باشــی بەخۆیــەوە نەدیــت. ئەمــەش لەبەرئەوەبــوو ئەندامانــی مەکتەبــی سیاســی ئەوکاتــی پارتــی وەکــو برایــم ئەحمــەد و جــەلال تاڵەبانــی و هاوڕێکانیــان نەیانتوانــی ڕۆڵــی خۆیــان بگێــڕن و ببنــە جێــی متمانــەی خەڵــک. بۆیــە ئەمــە وایکــرد جەنابــی مــەلا مســتەفا بیــر لــەوە بکاتــەوە بــۆ جۆشــدان و بەهێزکردنــی شــۆڕش بگەڕێتــەوە دەڤــەری ســۆران. لەپێنــاو ئــەم ئامانجــەدا لەناوەڕاســتی مانگــی ئــاداری ١٩٦٢ مــەلا مســتەفا لەناوچــەی بــەرواری بــاڵا لەگــەڵ هەمــوو ســەرکردە و فەرمانــدە دیارەکانــی شــۆڕش کۆبوویــەوە، لەکۆبوونەوەکــەدا دوای هەڵســەنگاندنی بارودۆخــی شــۆڕش لــە هەمــوو ڕوویەکــەوە بڕیــار درا جەنابیــان بــۆ فراوانکردنــی شــۆڕش بگەڕێتــەوە دەڤــەری ســۆران. هەروەهــا هەیکەلــی نوێــی هێزەکانــی شۆڕشــیش لەبادینــان ڕێکخرایــەوە و پەســەند کــرا کــە بــەم شــێوەیە بــوو

هەمــوو هێزەکانــی پێشــمەرگە لەژێــر نــاوی لەشــکری هەرێمــی بادینــان ڕێکخــران و ئەســعەد خۆشــەویش وەکــو ســەرکردەی لەشــکر دیــاری کــرا کــە ســێ هێــزی لــە خۆدەگــرت و هــەر هێزێکیــش فەرماندەیەکــی بــۆ دیــاری کــرا کــە بــەم شــێوەیەی خــوارەوە بــوون.

**یەکــەم:** هێــزی زاخــۆ بەفەرمانــدەی عیســا ســوار و عەلــی هالــۆش جێگــر.

**دووەم:** هێــزی دهــۆک بەفەرماندەیــی عەلــی خەلیــل و فــارس کورەمارکــی جێگــر.

**سـێیەم:** هێـزی شـێخان بەفەرماندەیـی حسـو میرخـان دولەمـەری و غـازی حاجـی مەلـو جێگـر.

دوای کۆبوونەوەکـە دەسـتبەجێ بڕیارەکـە جێبەجـێ کـرا. مـەلا مسـتەفا لەگـەڵ بەشـێکی سـەرەکی هێـزەکان بەناوچـەی بـەرواری ژێـری و مـزوری ژێـری و زێبـاردا گەڕایـەوە دەڤـەری سـۆران. لەسـەر ڕێـگای خـۆی هەمـوو ئـەو ناوچانەشـی لەهێزەکانـی دوژمـن پـاک کـردەوە و بـارەگای پێشـمەرگەی لـێ جیگیـر کـردن.

## هەرێمی بادینان لەژێر سەرکردایەتی ئەسعەد خۆشەوییدا

گەڕانـەوەی مـەلا مسـتەفا بـۆ دەڤـەری سـۆران لـە ڕووی مەعنەویـەوە بۆشـاییەکی گـەورەی دروسـت کـرد، بـەڵام ئەسـعەد خۆشـەوی کـە پـەروەردەی دەسـتی مـەلا مسـتەفا بـوو بەتوانـا و لێهاتـووی خـۆی تـا ڕادەیـەک ئـەو بۆشـایەی پـڕ کـردەوە. وەکـو قوتابیەکـی ڕاسـتەقینەی مـەلا مسـتەفا دڵسـۆزانە مللـی دایـە بـەر بەرپرسـیارێتی و بەپێـی ڕێنمایـی و ڕاسـپاردەکانی مـەلا مسـتەفا ئـەو پلانـەی جێبەجـێ کـرد کـە لەکۆبوونەوەکـەدا بڕیـاری لەسـەر درابـوو. هێـزی زاخـۆ بـە فەرماندەیـی عیسـا سـوار لەزاخـۆ و هێـزی دهۆکیـش بـە فەرماندەیـی عەلـی خەلیـل لـە سـنووری خۆیـان جێگیرکـران و دەسـتیان بەچالاکـی سـەربازی و سیاسـی کـرد، دیسـان هێزێکـی زۆری پێشـمەرگەش لـە بـارەگای فەرماندەیـی لەشـکری هەرێمـی بادینـان لەژێـر سەرپەرشـتی خـودی ئەسـعەد خۆشـەوی لەسـنووری ئامێـدی جێگیـر کـران. هێـزی شـێخانیش دوای ئازادکردنـی

ناوچەکەیـــان لەلایـــەن ئـــەو هێـــزەی لەگـــەڵ مـــەلا مســـتەفادا بـــوون لەســـنووری خۆیـــان جێگیـــر بـــوون.

ئـــەوکات مـــن لـــە ســـنووری ئامێـــدی مامـــەوە، وەکـــو فەرمانـــدەی هێزێکـــی گـــەرۆک دەســـت نیشـــانکرام کـــە لـــە(٧٥) پێســـمەرگە پێکهاتبـــوو، بارەگامـــان لەگونـــدی کێســـتە بـــوو، لەکۆتایـــی مانگـــی ئـــاداری ١٩٦٢ دا هێزەکانـــی حکومـــەت بەجـــاش و ســـەربازەوە هێرشـــێکی فراوانیـــان بـــۆ ســـەر ناوچەکەمـــان دەســـت پێکـــرد، بـــەڵام پێشـــمەرگە ئازایانـــە و قارەمانانـــە ڕووبەڕوویـــان بوویـــەوە و هێرشـــەکە تێکشـــکا. لـــە بـــارەگای ئێمـــە دوو هەڤاڵـــی نزیکـــم بەنـــاوی شـــەریف مکایـــل ســـێلکی و ئەحمـــەد محەمـــەد موکـــی شـــەهید بـــوون، عەلـــی خەلیـــل و چەنـــد پێشـــمەرگەیەکیش برینـــدار بـــوون. دوای چەنـــد ڕۆژێـــک هێرشـــێکی دیکـــەی بـــۆ ســـەر دەڤـــەری دۆســـکیان و نزیـــک باگێـــڕا دەســـت پێکـــرد. ئێمـــە و پێشـــمەرگەکانی هێـــزی دهـــۆک ڕووبەڕوویـــان بووینـــەوە هێرشـــەکەمان تێکشـــکاند. لـــەو شەڕەشـــدا ژمارەیـــەک پێشـــمەرگە شـــەهید بـــوون کـــە دوو لـــەوان هەڤاڵـــی ئێمـــە بـــوون لـــە ڕووســـیا بەناوەکانـــی ســـلێمان لاچ ســـپینداری و خەلیـــل شـــێخ ســـپینداری، هەردووکیـــان پێشـــمەرگەی زۆر قارەمـــان و چاونەتـــرس بـــوون، شـــەهید بوونـــی ئـــەوان هەموومانـــی زۆر دڵگـــران کـــرد، خەمـــی هـــەرە گەورەمـــان ئـــەوە بـــوو بەهـــۆی چـــڕی بۆردومانـــی فرۆکـــە، ناوچەکـــە ئاگـــری گـــرت و نەمانتوانـــی جەنازەکانیـــان بهێنیـــن. هـــەر لـــەو ماوەیـــەدا هێـــزی زاخـــۆ بـــە فەرماندەیـــی عیســـا ســـوار لەگەلـــی زاخـــۆ ســـەرکەوتنێکی یەکجـــار گـــەورەی تۆمـــار کـــرد، ســـەدان ســـەربازیان کوشـــت و بەدیـــل

گــرت و ســەدان پارچــە چەکیشــیان وەکــو دەســکەوت بەدەســتهێنا. ســەرکەوتنەکە لــە هەمــوو ڕوویەکــەوە کاریگەریــی لەســەر بارودۆخــی شــۆڕش دروســت کــرد و شۆڕشــی بــردە قۆناغێکــی بــاشتر. لــەو شەڕەشــدا ســێ هەڤاڵــی نزیکــم شــەهید بــوون بەناوەکانــی یاســین ڕەشــید مێــرۆزی و قــادر ئیسماعیــل ســێلکی و یاســین دێزۆیــی. شــەهید یاســین مێــرۆزی مرۆڤێکــی زۆر قارەمــان بــوو یەکێــک بــوو لــە هەڤاڵانــی ئێمــە لــە ڕووســیا. لــەو ماوەیــەدا چالاکــی پێشــمەرگە هەمــوو ناوچــەی بادینانــی گرتــەوە، جگــە لەناوەنــدی شــارەکان هەمــوو گونــد و ئاواییــەکان بەدەســت پێشــمەرگەوە بــوون. خەڵــک دڵســۆزانە هــاوکار و پشــتیوانی شــۆڕش بــوون، لەهــەر شــوێنێک پێشــمەرگە پێویســتی بەهــاوکاری بوایــە یەکســەر خەڵکــی ناوچەکــە بەهانایــەوە دەچــوو. بەهــاوکاری خەڵــک و ڕێکخســتنەکانی پارتــی دەســتی پێشــمەرگە گەیشــتە هەمــوو شــوێنێک. لــە مانگــی تشرینــی یەکەمــی ١٩٦٢دا هێــزی زاخــۆ بەســەرکردایەتی عیســا ســوار و بەهــاوکاری ڕێکخســتنەکانی پارتــی گەیشــتە عەیــن زالــە، لــە چالاکیەکــی قارەمانانــە و بــێ وێنــەدا دامــەزراوە نەوتیەکانــی عەینزالــە و هەمــوو دامودەزگاکانــی حکومەتیــان تێکوپێکــدا، دوو ئەندازیــاری بیانیشــیان بەدیــل گــرت کــە خەڵکــی بەریتانیــا بــوون. ئــەو چالاکیــە لــە ڕاگەیاندنــی جیهانیــدا دەنگــی دایــەوە. دواتــر لەســەر فەرمانــی مــەلا مســتەفا هــەردوو ئەندازیارەکــە ئــازاد کــران.

بەدرێژایــی ســاڵی ١٩٦٢و ١٩٦٣ جگــە لەبۆردومانــی چــڕی فڕۆکــە، ڕۆژانــەش لەســنووری زاخــۆ و دهــۆک و ئامێــدی و شــێخان شــەڕ

و پێکدادانـــی ســـەخت لـــە نێـــوان ئێمـــە و ســـوپا و جاشـــی دوژمنـــدا هەبـــوو. هەرچەنـــدە چـــەک و ئیمکاناتـــی ســـەربازیمان لەگـــەڵ چـــەک و ئیمکاناتـــی ســـەربازی دوژمـــن بـــەراورد نەدەکـــرا، بـــەڵام شـــەڕو بەرگـــری ئێمـــە شـــەڕی بیروبـــاوەڕ بـــوو، شـــەڕی بەرگریکـــردن بـــوو لەخـــاک و نەتەوەکەمـــان، هەمیشـــە و هەمـــوو ســـات ئامـــادە بوویـــن لـــە پێنـــاو کـــورد و کوردســـتاندا بمریـــن و شـــەهید بیـــن. بـــەو بیروبـــاوەڕەوە بەرگـــەی هەمـــوو ســـەختی و دژواریەکانمـــان گـــرت و بـــۆ یـــەک ســـاتیش لەســـەنگەری کوردایەتـــی دانەبڕایـــن

*******

# بارودۆخی شۆڕش لە دەڤەری سۆران

لەژێـــر ســـەرکردایەتی مـــەلا مســـتەفادا شـــۆڕش لەدەڤـــەری بادینـــان هەمـــوو شـــوێنێکی گرتـــەوە، جگـــە لەناوەنـــدی شـــارەکان زۆربـــەی ناوچـــەکان لەلایـــەن پێشـــمەرگەوە ئـــازاد کـــران. خەڵـــک متمانەیەکـــی زۆری بەشـــۆڕش و ســـەرکردایەتیەکەی پەیـــدا کـــرد و لـــە هەمـــوو ڕوویەکـــەوە هـــاوکار و پشـــتیوانی شـــۆڕش بـــوون تەنانـــەت کاریگـــەری لەســـەر کوردانـــی باکـــوور و ڕۆژئـــاوای کوردســـتانیش دروســـت کـــرد و هەســـتی نەتەوایەتیـــان لا زیندووکردنـــەوە، دەیـــان و ســـەدان تێکۆشـــەر ڕوویـــان کـــرد باشـــوور و چەکیـــان هەڵگـــرت و بوونـــە پێشـــمەرگە، هەروەهـــا لـــە ڕووی دابینکردنـــی پێداویســـتیەکانی شۆڕشـــەوە کوردانـــی باکـــوور و ڕۆژئـــاوا ڕۆڵێکـــی گرنگیـــان گێـــڕاو دڵســـۆزانە هاوکاریـــان دەگەیانـــدە پێشـــمەرگە.

بارودۆخـــی شـــۆڕش لەدەڤـــەری ســـۆران (ســـلێمانی و هەولێـــرو کەرکـــووک) بەتـــەواوی پێچەوانـــە بـــوو، هیـــچ پێشـــڤەچوونێک بەدەســـت

نەهاتبـــوو، هۆکاریـــش ئـــەوە بـــوو ســـەرکردایەتی شـــۆڕش لـــەو دەڤـــەرە لەدەســـت جـــەلال تاڵەبانـــی و برایـــم ئەحمـــەددا بـــوو. ئەمـــە وایکـــرد بـــوو خەڵـــک متمانـــەی بەشـــۆڕش نەبێـــت. ئـــەم بـــێ متمانەییـــە لـــە هەمـــوو ڕوویەکـــەوە کاریگـــەری نەرێنـــی لەســـەر هەســـت و بیرکردنـــەوەی خەڵـــک دروســـت کـــرد بـــوو، کـــەس ئامـــادە نەبـــوو چـــەک هەڵگرێـــت و پشـــتیوانی لـــە شـــۆڕش بـــکات، بـــەڵام دوای ئـــەوەی مـــەلا مســـتەفا لـــە بەهـــاری (١٩٦٢) لەدەڤـــەری بادینانـــەوە گەڕایـــەوە دەڤـــەری ســـۆران بـــارودۆخ لەهەمـــوو ڕوویەکـــەوە گـــۆڕدرا، مـــەلا مســـتەفا لـــە یەکـــەم هەنـــگاودا دەڤـــەری باڵەکاتـــی ئـــازاد کـــرد و بـــارەگای ســـەرکردایەتی شۆڕشـــی لـــەوێ جێگیـــر کـــرد. بـــە ئازادکردنـــی ناوچـــەی باڵەکایەتـــی و جێگیـــر بوونـــی مـــەلا مســـتەفا وەکـــو ڕابـــەری شـــۆڕش لـــەو دەڤـــەرە متمانـــە بـــۆ خەڵـــک گەڕایـــەوە و لـــە هەمـــوو ناوچەکانـــی کوردســـتان پـــۆل پـــۆل گەنجـــەکان گەیشـــتنە ناوچەکـــە و بوونـــە پێشـــمەرگە، ســـەدان پۆلیســـی کـــورد ڕیزەکانـــی دوژمنیـــان بەجێهێشـــت و هاتنـــە نـــاو شـــۆڕش. ئەمـــەش بـــووە هـــۆی ئـــەوە هێـــز بـــۆ هەمـــوو شـــوێنەکانی دیکـــە ڕەوانـــە بکرێـــت و شـــۆڕش هەمـــوو ناوچەکانـــی کوردســـتانی بگرێتـــەوە. ئەمـــە لەســـەر ئاســـتی ســـەربازی، لەســـەر ئاســـتی سیاســـیش شـــۆڕش پێشـــڤەچوونێکی زۆری بەخۆیـــەوە بینـــی و چەنـــد وڵاتێـــک هەوڵیانـــدا پەیوەنـــدی لەگـــەڵ ســـەرکردایەتی شۆڕشـــی کوردســـتان گـــرێ بـــدەن. ئێـــران کـــە لـــەو ســـەردەمەدا لەســـەر ئـــاوی کەنـــداو کێشـــە و ململانێـــی لەگـــەڵ عێراقـــدا هەبـــوو، بۆئـــەوەی بتوانێـــت ململانێکـــە لەبەرژەوەنـــدی خۆیـــدا یـــەکلا بکاتـــەوە داوای گرێدانـــی پەیوەندیـــی لەگـــەڵ ســـەرکردایەتی شۆڕشـــی ئەیلـــوول کـــرد و ئامادەیـــی دەربـــڕی کـــە لـــەڕووی دابینکردنـــی

چـەک و تەقەمەنیـەوە هـاوکاری پێشـمەرگە بـکات. بەهەمـان شـێوە ئەمریـکا کـە لـەو سـەردەمەدا هاوپەیمانـی ستراتیـژی ئێـران بـوو، بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی هەژمونـی ڕووسـیا لـە عێـراق و ناوچەکـەدا پشـتیوانی و هـاوکاری خـۆی بـۆ شۆڕشـی ئەیلـول دەربـڕی

## شەڕی بەناوبانگ و چارەنووسسازی چیای مەتین

مـەلا مسـتەفا وەکـو ڕابـەری بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کوردسـتان ئەزموونێکـی زۆری لەشـەڕ و بەرگریکردنـدا هەبـوو، بۆیـە هـەر لەسـەرەتاوە هەسـتی بـەوە کـرد کـە چیـای مەتیـن وەکـو شـوێنێکی ستراتیـژی لـە ڕووی سـەربازیەوە کلیلـی کونترۆڵکردنـی هەمـوو ناوچەکانـی بادینانـە. لـەم سـۆنگەوە هـەر لەسـەرەتاوە بیـری لـەوە کـردەوە پێویسـتە پێشـمەرگە کۆنترۆڵـی چیـای مەتینـی بەدەسـتەوە بێـت. بـەم تێگەیشـتنە واقیعیـە یەکـەم هەنـگاوی دەسـت پێکردنـی شۆڕشـی ئەیلـوول لەدەڤـەری بادینـان لەچیـای مەتینـەوە دەسـتی پێکـرد، دواتریـش هەمـوو بـارەگا سـەرەکیەکانی پێشـمەرگە بەهـەردوو دیوەکەیـەوە لەدامێنـی چیـای مەتیـن جێگیـر کـران. دوژمنیـش هەسـتی بەگرنگـی چیـای مەتیـن کـرد بـوو، بۆیـە بـەردەوام هەوڵـی دەدا کۆنترۆڵـی چیـای مەتیـن بەدەسـت بێنێـت. بـەو ئامانجـە بـۆ چەندینجـار لـە زاخـۆوە بـەرەو پشـتی چیـای مەتیـن و لـە بامەڕنـێ و ئامێدیشـەوە بـەرەو سـەری مەتیـن هێرشـی فراوانـی ئەنجامـدا، بـەڵام هەمـوو جـارێ بەخۆڕاگـری و قارەمانێتـی پێشـمەرگە هێـرش و پەلامارەکانـی دوژمـن بـێ ئەنجام بـوون.

لە هاوینی ١٩٦٣ دوژمن بە خەیاڵی ئەوەی بتوانێت چیای مەتین داگیر بکات، هەزاران جاش و سەرباز و کەتیبەی تۆپی دوورهاوێژ و تانک و زرێپۆشی لەئامێدی و بامەڕنێ کۆکردەوە. لە ڕۆژی (٢٠ئابی ١٩٦٣) بە بەشداری هێزەکانی سوپای سوریا هێرشێکی فراوانی بۆ سەر چیای مەتین دەستپێکرد. سەرەتا بەچڕی لەڕێگای فڕۆکە و تۆپی دوورهاوێژەوە هەموو چیایی مەتینی بۆردمان و بۆمباران کرد. بۆردومانی فڕۆکەکان زۆر بێ بەزەیانە بوو، چەندین جۆر بۆمبی قەدەغەکراویان بەکارهێنا. دار و بەردی چیای مەتین لەژێر کاریگەریی بۆمبە قەدەغەکراوەکاندا دەبووە خۆڵەمێش، هیچ جیاوازیەک لە نێوان گوندنشینان و هێزی پێشمەرگەدا نەدەکرا. هەموو شوێنێک بێ جیاوازی ببووە ئامانجی بۆردومانی فڕۆکەکان. بۆ ماوەی بیست و پێنج ڕۆژ پێشمەرگە بەرگریەکی قارەمانانە و بێوێنەی کرد. دوای ئەوە لەژێر کاریگەریی بۆردومانی فڕۆکە و تۆپی دوورهاوێژدا هێدی هێدی بارودۆخی ئێمە بەرەو خراپبوون چوو. لە هەندێ شوێن هێزەکانی دوژمن بەسەر بەرزایەکاندا سەرکەوتن. من سەرپەرشتی بەرەی ڕۆژهەڵاتی چیای مەتینم دەکرد. قورسایی شەڕەکە کەوتە سەر ئەو بەرەیە. لەبەرەی ئێمە جەمیلە سور بامەڕنی کە یەکێک بوو لە هەڤاڵانی ئێمە لە یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکە بەناوی عیسا بەرواری شەهید بوون و چەند پێشمەرگەیەکیش برینداربوون. من و حسێن شێخ بەنانی و مەحمود یوسف پێندرویی لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک لەشوێنی خۆمان ماینەوە و بەرگریمان کرد. حسێن و مەحمود لەو

بەرگریـەدا فیداکاریەکـی زۆریـان نوانـد. ئـەوکات مـاڵمان لـە دامێنـی چیـای مەتیـن بـوو، لەژێـر بۆردومانـی فڕۆکـەدا خـوای مـەزن کچێکـی پـێ بەخشـین، نـاوم لێنـا نادیـا. بـەو هۆیـەوە تەندروسـتی خێزانـم تێکچـوو بـوو. ئەسـعەد خۆشـەوی هەواڵـی بـۆ نـاردم کـە بـۆ یـەک شـەو بگەڕێمـەوە ماڵـەوە. بـەڵام مـن ئامـادە نەبـووم هەڤاڵەکانـم لەبـەرەی شـەڕدا بەجێبێڵـم و نەگەڕامـەوە ماڵـەوە

لەگـەڵ سـەرکەوتنی هێزەکانـی دوژمـن بـۆ لوتکـەی چیـای مەتیـن، عیسـا سـوار لەگـەڵ (١٥٠) پێشـمەرگەی هێـزی زاخـۆ بەهانامانـەوە هـات. دیسـان لەناوچـەی مـزوری بـاڵاش حاجـی حەیـدەر ئەرگوشـی لەگـەڵ ژمارەیـەک پێشـمەرگە گەیشـتنە لامـان.

بەگەیشـتنی عیسـا سـوار و هێزەکـەی ورەمـان بەرزبوویـەوە. سـەرەتا هێرشـێکی پێچەوانەمـان بـۆ سـەر هێزێکـی دوژمـن لـە لوتکـەی چیـای مەتیـن دەسـت پێکـرد و توانـیمان دوو شـوێنی ستراتیـژی لەسـەری ئاسـهێ و چارچـەل لەدەسـت دوژمـن دەر بێنیـن، لـەو هێرشـەدا لاشـەی سـەد کـوژراوی دوژمـن کەوتـە دەسـت ئێمـە. دوای ئـەو سـەرکەوتنە هێرشـی دوژمـن بەتـەواوی وەسـتێنرا، بـەڵام هێشـتا زۆربـەی بەرزایەکانـی چیـای مەتیـن لەژێـر کۆنترۆڵـی هێزەکانـی دوژمنـدا بـوون. ئـەوەش مەترسـی بـوو بـۆ سـەر بـارەگای فەرمانـدەی لەشـکری بادینـان. بۆیـە لەکۆتایـی مانگـی ئەیلوولـدا ئەسـعەد خۆشـەوی و فەرماندەکانـی پێشـمەرگە بـۆ دووبـارە ئازادکردنـەوەی هەمـوو چیـای مەتیـن و دوورخسـتنەوەی مەترسـیەکان پلانـی هێرشـێکی سەرتاسـەریان دارشـت. هێرشـێکی لـەو شـێوەیە

پێویستی بەفیداکاری و خوبەختکردن هەبوو. بەم پێیە داوا لە هەموو هێزەکان کرا ئەوەی ئامادەیە بۆ شەهید بوون با بەشداری لەهێرشەکەدا بکات. سێسەد تا چوارسەد پێشمەرگەو فەرماندەی بژاردە ئامادەیی خۆیان دەربڕی و بەڵێنیاندا یان چیای مەتین ڕزگار دەکەنەوە یان شەهید دەبن. بەمشێوەیە هێرشی پێچەوانەی ئێمە بۆ سەر هێزەکانی دوژمن بە فەرماندەیی عیسا سوار و عەلی هالۆ لە دوو قۆڵەوە بۆ سەر دوژمن دەستی پێکرد. فیداکاری و ئازایەتی پێشمەرگە بەڕادەیەک بوو، ئەوەی دوژمن بەچل ڕۆژ بەدەستی هێنا بوو، لەشەو و ڕۆژێکدا هەمووی لەدەستدا. هەموو چیای مەتینمان ڕزگار کردوو تا ناو فرۆکەخانەی بامەڕنێ و ئامێدی هێزەکانی دوژمنمان ڕاونا. سەدان کەلاکی جاش و سەرباز کەوتە دەست پێشمەرگە کە بەشێکیان سەر بە سوپای سوریا بوون، سەدان پارچە چەکی جۆراوجۆر وەکو دەستکەوتی شەڕمان بەدەستهێنا. ئەو داستانە مەزن و چارەنووسسازە بەخوێنی (٣٧) شەهید و دەیان بریندارى پێشمەرگە تۆمار کرا، ناوی ژمارەیەک شەهیدم لەبیر ماوە کە ئەمانە بوون (جەمیلە سوور بامەڕنی، میقداد بێدهی، عەلی حەسەن بامەڕنی. محەمەد عەلی زێوەیی، محەمەد یەحیا بۆتی، محەمەد بێدهی، ساڵح بێدهی، عەریف ساڵح بارزانی، شێخ سەدیق دۆسکی، یەحیا گویی، حەجی حەسەن مێرۆزی، باقی ئەحمەد مێرۆزی، جەوهەر حسێن سێلکی، محەمەد عیسا سوار سێلکی، مستەفا محەمەد سێلکی، نەعمان مێزی، حسێن حامد کۆچەر، تاهر بێسفکی، عیسا بەرواری، سەعید ئەدنی و نەعمان بۆسەلی) سەرکەوتنی

پێشـــمەرگە لــەو داســتانە مەزنــەدا بەشــێوەیەک بــوو کــە کاریگــەری لەبەرەکانــی دیکــەی شــەڕی لەناوچەکانــی دیکــەی کوردســتانیش کــرد. ورەی هێزەکانـــی پێشـــمەرگە بەرزبوویـــەوە و بەپێچەوانەشـــەوە ورەی هێزەکانــی دوژمــن لەهەمــوو بــەرەکان داڕووخــا.

ئــەو کات لەگــەڵ دەســتپێکردنی هێــرش بــۆ ســەر چیــای مەتیــن، دوژمــن لەچەنــد قۆڵێکــەوە هێرشــێکی فراوانــی بــۆ ســەر دەڤــەری بارزانیــش دەســت پێکــرد بــوو، لەبــەرەی مێرگەســۆر هێزەکانــی دوژمــن تــا گونــدی چەمــێ و لەبــەرەی پێرسـیش تـا سـەر ڕووبـاری بلـێ و ڕێـزان پێشــڕەویان کــرد بــوو، بــەڵام پــاش ســەرکەوتنی پێشــمەرگە لەچیــای مەتیــن، هێرشــی دوژمــن بــۆ ســەر دەڤــەری بارزانیــش تێکشــکا. بــەو ســەرکەوتنە بارودۆخــی ئێمــە لەهەمــوو ڕوویــەوە باشتربــوو. بەشــێک لــە ئێمــە کــە لەســەرەتای ســەرهەڵدانی شۆڕشــدا مــاڵ و منــداڵمان لەگــەڵ خۆمــان هێنــا بــوو، توانـیمان بگەڕێینــەوە دەڤــەری بــارزان، ئەمــە بــاری ئێمــەی ســوک کــرد و توانــیمان بــاشتر ئەرکــی پێشــمەرگایەتی جێبەجــێ بکەیــن. بەهەمانشــێوە بــە فەرمانــی خودانــی بــارزان بەشــێکی زۆری گەنــج لــە دەڤــەری بــارزان و بەتایبەتیــش گوندەکانــی مــزوری بــاڵا چەکیــان هەڵگــرت و پەیوەندیــان بەئێمــەوە کــرد و بوونــە پێشــمەرگە. بەمــەش دەرفــەت بــۆ ئــەو پێشــمەرگانە ڕەخســا کــە ســێ ســاڵ بــوو ســەردانی مــاڵ و منداڵەکانیــان نەکردبــوو بــۆ چەنــد ڕۆژێــک پشــوو وەربگــرن و ســەردانی کەســوکاریان بکــەن.

# بەشداری لە خولێکی سەربازی لە کرماشان

لـە سـاڵی (١٩٦٨ و ١٩٦٩)دا لـە ژێـر کاریگـەری سـەرکەوتنەکانی پێشـمەرگەدا جورێـک گفتوگـۆ لەنێـوان حکومەتـی عێـراق و سـەرکردایەتی شۆڕشـی ئەیلولـدا دروسـت بـوو، بەرەکانـی شـەڕ و بەرگـری تـا ڕادەیـەک ئارامیـان بەخۆیانـەوە بینـی. لـەو بارودۆخـەدا کار بـۆ ڕێکخسـتنەوەی هێزەکانـی پێشـمەرگە کـرا و هەوڵیـش درا چەکـی نـوێ بـۆ پێشـمەرگە دابیـن بکرێـت و فێـری چۆنیەتـی بەکارهێنانیشـی بکرێـت. لەچوارچێـوەی ئـەو پلانـەدا مـەلا مسـتەفا بروسـکەیەکی بـۆ ئەسـعەد خۆشـەوی کـرد کـە مـن و عەبدولڕەحیـم جەسـیم و سـەید سـاڵح بـەرواری و عەریـف سـلێمان دۆسـکی بچینـە لای جەنابیـان لـە حاجـی ئۆمـەران. بەگەیشـتنی بروسـکەکە هـەر چوارمـان بەپـێ لەدەڤـەری ئامێـدی بـەرەو حاجـی ئۆمـەران بەڕێکەوتیـن و دوای شـەش ڕۆژ گەیشـتینە حاجـی ئۆمـەران کـە گەیشـتین یەکسـەر مـەلا مسـتەفا بانگـی کردیـن و بـۆ نانـی ئێـوارە لای جەنابیـان بوویـن، تـا درەنگانـی شـەو لای ماینـەوە و فەرمـووی: «بـۆ ئـەوە بـەدوای ئێوەمـان نـاردووە تـا بچنـە کرماشـان و بەشـداری خولێکـی سـەربازی بکـەن کـە تایبەتـە بەفێربوونـی چەکـی دژە تانـک. دەستنیشـانکردنی ئێـوە لەبەرئەوەیـە متمانـەم بەئێـوە هەیـە کـە بـاش فێـر دەبـن و دوای گەڕانـەوە دەتوانـن سـودێکی بـاش بـە شـۆڕش بگەینـن، فێربـوون بـۆ بەکارهێنانـی چەکـی دژە تانـک بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی دوژمـن زۆر گرنگـە، بۆیـە هیـوادارم خۆتـان مانـدو بکـەن و ئـەو دەرفەتـە لەدەسـت مـەدەن». هەروەهـا فەرمـووی: «لـە هەمـوو ناوچەکانـی

کوردســتان ســەد پێشــمەرگەمان ئامــادە کــردووە بــۆ بەشــداریکردن لــە خولەکــە، هەمووییــان لێــرەن و ســبەی بەڕێدەکــەون».

بەیانــی ڕۆژی دواتــر ئێمــە ئــەو ســەد پێشــمەرگەیە بــەرەو کرماشــان بەڕێکەوتیــن و چــل و پێنــچ ڕۆژ لــەوێ ماینــەوە، لــەو ماوەیــەدا وانــەی فێربوونــی چەکــی ئارپیچــی و تەقاندنــی نارنجــۆک و دانانــی لۆغــم (مین)یــان بــە ئێمەیانــدا و هەمووومــان بــاش فێــر بوویــن. دوای تەواوکردنــی خولەکــە گەڕاینــەوە حاجــی ئۆمــەران کــە گەیشــتین دووبــارە چووینــەوە خزمــەت مــەلا مســتەفا و بەگەرمــی بەخێرهاتنــەوەی لێکردیــن و فەرمــووی: «دڵنیــام هەمووتــان لــە ئاســت چاوەڕوانییەکانــی ئێمــەدان و بــە باشــی فێــری ئــەو چەکانــە بــوون کــە ئێمــە پێویســتیمان پێیانــە». دوای دوو ڕۆژ مانــەوە داوامــان کــرد جەنابیــان ڕێگامــان پــێ بــدات بگەڕێینــەوە دەڤــەری بادینــان. دوای گەڕانــەوە بــۆ ئامێــدی لەســەر بڕیــاری ئەســعەد خۆشــەوی لەشــوێنی ســەعید عبدولوەهــاب ئەرگوشــی بوومــە ئامــر بەتالیــۆن و بارەگامــان لــە گونــدی ســەر گەلــێ دانــا.

# بەشی حەوتەم

# گفتوگۆکان و ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار

# ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار

ئـەو گفتوگۆیانـەی کـە پێشتر نـاوە نـاوە لەنیـوان شـۆڕش و حکومەتـدا هەبـوون لەسـاڵی (١٩٧٠) گەیشـتنە ئامانـج و حکومەتـی عێـراق ناچـار بـوو ڕێککەوتنـی یـازدی ئـاداری (١٩٧٠) لەگـەڵ کـورد ئیمـزا بـکات. ڕێککەوتنەکـە بـۆ کـورد دەسـکەوتێکی گرنـگ و مێژوویـی بـوو، وەکـو دیکومێنتێکـی یاسـایی تـا ڕادەیـەک مافەکانـی دانیـان پێدانـراو سـەلمێنران، بـەڵام کێشـەی کەرکـووک وەکـو چەقـی ململانـێ لـە نێـوان شۆڕشـی ئەیلـوول حکومـەت یـەکلا نەکرایـەوە و جەدوەلێکـی زەمەنـی بـۆ چارەسـەرکردنی لـە ڕێککەوتنەکـەدا جێگیـر کـرا کـە چـوار سـاڵ بـوو. کـورد و عـەرەب بـە گشـتی پێشـوازیان لـە ڕێککەوتنەکـە کـرد و کەیـف و خۆشـی هەمـوو لایەکـی گرتـەوە، بەرەکانـی شـەڕ ئـارام بوونـەوە و بـۆ مـاوەی چـوار سـاڵ شـەڕ و خوێنـڕشتن وەسـتا و ئاشـتی و ئارامـی عێـراق و کوردسـتانی گرتـەوە. هـەر چارەسـەرێکی پرسـی کـورد بەبـێ کەرکـووک لـە ڕوانگـەی مـەلا مسـتەفاوە قبـووڵ نەکـراو بـوو، بۆیـە هـەر لەسـەرەتاوە مـەلا مسـتەفا بەگومـان بـوو کـە حکومەتـی عێـراق بەڵێنەکانـی لەبـارەی چارەسـەرکردنی پرسـی کەرکـووک بباتـە سـەر و هەمیشـە پێیوابـوو سـەرهەڵدانی شـەڕ ئەگەرێکـی نزیکـەو دەبێـت کـورد خـۆی بـۆ بەرگـری ئامـادە بـکات. لـەم سـۆنگەوە بـەردەوام ڕێنمایـی بەهێزەکانـی پێشـمەرگە دەدا کـە ڕوحـی مقاومـەت و بەرگریکـردن لەنـاو خۆیانـدا بپارێـزن و هەوڵـی بەهێزکردنـی تواناکانیـان بـدەن لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە

# دەستپێکردنەوەی شەڕ

پێشبینی مەلا مستەفا بۆ هەڵگیرسانەوەی شەڕ ڕاست دەرچوو، حکومەتی عێراق لەماوەی ئەو جەدوەلە زەمەنیەی لەڕێککەوتنی یازدەی ئادارەدی (١٩٧٠) بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک دیاری کرا بوو پاشگەز بوویەوە و ئامادە نەبوو هیچ هەنگاوێک بەئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەکە بهاوێژێت. مەلا مستەفاش ئامادە نەبوو دەست لە کەرکووک هەڵگرێت لە ئەنجامی ئەمەدا لەسەرەتای بەهاری (١٩٧٤)دا شەڕ لەنێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق دەستی پێکردەوە. لەسەرەتای دەستپێکردنی شەڕەوە هێزەکانی حکومەت (کەلها شەدایێ) و چەند بەرزایەکی دیکەی لە نزیک دهۆک داگیر کرد، ئەو شوێنانە لەڕووی سەربازییەوە زۆر گرنگ بوون. بۆیە سەرکردایەتی شۆڕش لەبادینان بڕیاریدا بۆ وەرگرتنەوەی ئەو شوێنانە هێرشی پێچەوانە دەست پێ بکەین و ئەم ئەرکە بەهێزی زاخۆ و هێزی دهۆک و بەتالیۆنی ئێمە لەهێزی ئامێدی سپێردرا، لە ئێوارەیەکی درەنگ بە فەرمانی ئەسعەد خۆشەوی و لەژێر سەرکردایەتی عیسا سوار و عەلی خەلیل هێرشی پێشمەرگە بۆ سەر هێزەکانی دوژمن لە (کەلها شەدایێ) و شوێنەکانی دیکە دەست پێکرد. لە ماوەیەکی کورتدا هەموو ئەو بەرزاییانەی دوژمن داگیری کردبوون، دووبارە ئازاد کرانەوە و دەیان کەلاکی کوژراوی دوژمن لەجاش و سەرباز کەوتە بەردەستی ئێمە. بەیانی ڕۆژی دواتر دوژمن لەڕێگای فڕۆکە و تۆپی دوورهاوێژەوە هێرشی پێچەوانەی دەست پێکردەوە، بۆردومانی فڕۆکە زۆر چڕ بوو، دوو ڕۆژ بەسەر یەکەوە بەردەوام بوو، چوار فڕۆکە دەگەڕایەوە چواری دیکە دەهات. ئێمەش چەکی ئاسمانیمان نەبوو ڕووبەڕووی ببینەوە. لە

ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە شەهید و بریندار بوون. شەهیدێک لە بەتالیۆنی ئێمە بوو بە ناوی ئەحمەد ئادەم. شەهیدانی دیکەش لەهێزی زاخۆ و دهۆک بوون. بەهۆی زۆری ژمارەی شەهید و برینداران و نەبوونی چەکی ئاسمانی بە بڕیاری ئەسعەد خۆشەوی پێشمەرگەکانی هێزی زاخۆ بۆ سنووری خۆیان گەڕانەوە و ئێمە و هێزی دهۆکیش بۆ بەرزایەکانی دەوروبەری سەرسەنگ و زاوێتە پاشەکشێمان کرد و لەوێ سەنگەرەکانمان قایم کرد. بۆ ماوەی سێ مانگ لەوێ ماینەوە، دوژمن بەو نییەتەی بگاتە ئامێدی بۆ چەندین جار هێرشی کرد، بەڵام بە ئازایەتی و قارەمانێتی پێشمەرگە هەموو هێرشەکانی تێکشکان و نەیتوانی یەک بست بێتە پێشەوە. لە سنووری زاخۆش شەهید عیسا سوار ژمارەیەک سەرکەوتنی مەزنی بەسەر دوژمندا تۆمار کرد. خۆڕاگری و قارەمانێتی پێشمەرگە لەسنووری زاخۆ و دهۆک بووە هۆی ئەوە دوژمن ناچار بێت هێرشەکانی خۆی ڕابگرێت و قورسایی شەڕ بخاتە سەر دەڤەری سۆران.

❊❊❊❊❊❊❊❊

## وەکو هێزی پشتیوانی چووینە دەڤەری سۆران

دوژمن بەو هیوایەی بتوانێت بگاتە ناوچەی باڵەکایەتی و دەست بەسەر بارەگاکانی سەرکردایەتیدا بگرێت، قورسایی هێز و چەکەکانی خۆی خستە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لەدەوروبەری ڕواندوز و دیانا. ڕۆژانە بەفڕۆکە و چەکی دوورهاوێژ سەنگەرەکانی پێشمەرگەی بۆردومان و تۆپباران دەکرد. ئەو هێزانەی پێشمەرگە کە لەو سنوورە بوون زۆر ماندو ببوون و پێویستیان بەهێزی پشتیوانی هەبوو. بۆیە لەسەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٧٤ و لەسەر بڕیاری مەلا مستەفا سێ

بەتالیۆنـی پێشـمەرگە لـە دەڤـەری بادیـان وەکـو هێـزی پشـتیوانی ڕەوانـەی سـنووری دیانـا و ڕەوانـدز کـران کـە ئەمانـە بـوون بەتالیۆنـی ئێمـە لەهێـزی ئامێـدی و بەتالیۆنـی شـەهید عەریـف سـلێمان دۆسـکی لەهێـزی دهـۆک و بەتالیۆنـی شـەهید سـەید عەبـوش لە هێزی زاخـۆ، هەر بەتالیۆنێـک لە نێوان دووسـەد و پەنجـا تـا سێسـەد پێشـمەرگە بـوو. دوای گەیشـتنمان بەتالیۆنـی ئێمـە لەگونـدی هاودیانـی نێـوان مێرگەسـۆر و گەلـی عەلـی بـەگ جێگیـر کـرا و هـەردوو بەتالیۆنەکـەی دیکـەش لەگـەروی عومـەر ئاغـا و هندرێـن جێگیـر کـران. بـەر لـەوەی ئێمـە بگەینـە ناوچەکـە هێزێکـی پێشـمەرگە بەفەرماندەیـی عەریـف یاسـین لـە چیـای برادوسـت بـوو. عەریـف یاسـین فەرماندەیەکـی زۆر قارەمـان و دڵسـۆز بـوو، لـە بـەرەی ئەوانـدا دوژمـن لەژێـر کاریگـەری بۆردمانـی فڕۆکەکانـدا تـا نزیـک هاودیـان پێشـڕەوی کـرد بـوو، کـە ئێمـە گەیشـتین بـارودۆخ زۆر ئاڵـۆز و شـڵەژاو بـوو. مـن و شـەهید حەمیـد حەفـزۆڵا و حەمیـد خواسـتی و میرخـان باوەرکـی لەگـەڵ عەریـف یاسـین کۆبووینـەوە و پێکـەوە بـۆ ئازادکردنـەوەی ناوچـە داگیرکراوەکە پلانی هێرشـی پێچەوانەمـان داڕشـت، لەگـەڵ تاریـک بوونی هـەوا هێـرشمان کردە سـەر هێزەکانـی دوژمـن، لەمـاوەی دوو کاتژمێـردا هێزەکانـی دوژمـنمان تـا نـاو گەلـی عەلـی بـەگ ڕاونـا و هەمـوو ناوچـە داگیرکراوەکەمـان ئـازاد کـردەوە، ژمارەیـەک سـەرباز و جـاش لەترسـان خۆیـان فڕێدایـە نێـو ئـاوی گەلـی عەلـی بـەگ. سـەرکەوتنەکەمان زۆر گرنـگ و کاریگـەر بـوو، دووبـارە هێـزو ورەی بەخەڵکـی ناوچەکـە و پێشـمەرگە بەخشـیەوە. بـۆ مێـژوو دەڵێم ڕۆڵـی شـەهید حەمیـد حەفـزوڵا و حەمیـد خواسـتی و میرخـان باوەرکـی لەو سـەرکەوتنەدا ڕۆڵێکـی زۆر گرنـگ و سـەرەکی بـوو، تا مانگی ئـازاری (١٩٧٥) لـەوێ ماینـەوە. دوژمـن نەیتوانـی هیـچ هێرشـێکی دیکـە بـۆ بـەرەی ئێمـە

ئەنجام بدات. بەپێچەوانەوە پێشمەرگەکانمان شەوانە بەشێوەی پارتیزانی هێرشیان دەکردە سەر هێزەکانی دوژمن لە دەروازەی گەلی عەلی بەگ و باپشتیان و باڵەکیان. بەو شێوەیە تا ڕێککەوتنی خیانەتکارانەی جەزائیری نێوان شای ئێران و سەدام لەو بەرەیە ماینەوە

❋❋❋❋❋❋❋

## ڕێککەوتننامەی خیانەتکارانەی جەزائیر

لە (٦ ئاداری ١٩٧٥) لە جەزائیر ڕێککەوتنێکی خیانەتکارانە لە نێوان شای ئێران و سەدام حسێندا ئەنجام درا. لە ڕێککەوتننامەکەدا سەدام لەپێناو کۆتاییهێنان بە شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردستان دەستی لەخاوەندارێتی کەنداوی عەرەبی هەڵگرت و مافی خاوەندارێتی ئاوەکەی دایە ئێران. لەئەنجامی ئەو ڕێککەوتنەدا ئێران و ئەمریکا دەستیان لەپشتیوانی کردنی شۆڕشی ئەیلوول هەڵگرت. بەهۆی ئەو ڕێککەوتنەوە شۆڕشێ ئەیلوول تۆشی نسکۆ بوو. ئەوکات من لەبەرەی هاودیان گەلی عەلی بەگ بووم. هەواڵی نسکۆی شۆڕش بۆ من و هەموو پێشمەرگەکان شوک هێنەر و پڕ لەئازار بوو، لەناچاری بەرەکانی شەڕمان بەجێهێشت و بۆ گەیشتنەوە بەماڵ و خێزانەکانمان بەرەو ئامێدی گەڕاینەوە. بەر لەوەی بگەمەوە ئامێدی و لەنزیک بارزان گەیشتمە ملازم بابەکر زێباری، لێم پرسی چی لەبارەی خێزان و منداڵەکانم دەزانی؟ ئەویش گوتی: گەڕاونەتەوە گوندی سێلکێ. بۆیە لەوێ خواحافیزیم لەهەموو هەڤاڵ و هاوسەنگەرەکانم کرد. ئەو ساتەی لە هەڤاڵە پێشمەرگەکانم جیابوومەوە ساتێکی زۆر ناخۆش بوو، بەخەم و ئازارەوە یەکترمان لە ئامێز گرت و لەیەک جیابووینەوە، ئەوان بەرەو ئامێدی کەوتنە ڕێ و منیش

بەرەو گوندی سێلکێ ڕێگام گرتەبەر. تا گەیشتمە سێلکێ لەبەر خەم و ئازارەکانی تێکچوونی شۆڕش بەردەوام فرمێسک بەچاوەکانم دا دەبارین، خەم و ئازارەکان هێندە قورس و گران بوون خەریک بوو بەرگەیان نەگرم و بۆ چەند جارێک بیرم لەوە کردەوە بەگولەیەک کۆتایی بەژیانی خۆم بێنم، بەڵام کاتێک ڕووداوەکانی پێشتر وەکو شۆڕشەکانی بارزان و کۆماری کوردستان و پەڕینەوەی ئاراسم دەهاتەوە یاد، یەکسەر ورەم بەرز دەبوویەوە و دەگەیشتمە ئەو باوەڕەی ئەمجارەش بەحکمەت و لێزانی مەلا مستەفا بەسەر ناخۆشی و پیلانگێڕیەکاندا زاڵ دەبین و دووبارە درێژە بەخەبات و تێکۆشانی نەتەوەییمان دەدەین. ئەم متمانەو بڕوا بوونە لەو سۆنگەیەوە بوو کە لەقۆناغەکانی ڕابردووی شۆڕش و بەرخودانی نەتەوەییدا زۆر بارودۆخی سەخت و دژوار و پڕ لەنەهامەتیمان دی بوو، بەڵام هەمیشە بەحکمەت و لێزانی مەلا مستەفا قوناغە سەختەکانمان دەرباز کرد بوو، بۆیە ئەمجارەش دلنیا بوم لەوەی دەتوانین وەکو هەموو جارێک بگەڕێینەوە مەیدانی خەبات و لەپێناو ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستاندا درێژە بەشۆڕش بدەینەوە.

# بەشی هەشتەم

# ژیانی ئاوارەیی و هەڵگیرسانەوەی شۆڕش

## ژیانی ئاوارەیی و قۆناغێکی دیکەی پڕ لەئازار و ناخۆشی

لەگونـدی سـێلکێ گەیشـتمەوە خێـزان و منداڵەکانـم، لەگـەڵ بـراو خـزم و کەسـوکار و ژمارەیەکـی دیکـە لەخەڵکـی گوندەکەمـان بڕیارمانـدا بۆئـەوەی لـە مـەلا مستەفا و کاروانـی خەبـات و کوردایەتـی دانەبڕێیـن؛ ژیانـی ئـاوارەی هەڵبژێریـن. بـە مـاڵ و منداڵـەوە و بەپـێ ڕێـگای هـات و نەهاتمـان گرتـە بـەرو بـەرەو ئێـران بەڕێکەوتیـن. دوای دانـە ڕۆژێـک بەپـێ ڕۆیـشتن گەیشـتینە گونـدی زێـت کـە دەکەوێتـە سـەر سـنووری تورکیـا، بۆئـەوەی بگەینـە سێگۆشـەی سـنووری ئێـران و عێـراق و تورکیـا پێوسـت بـوو چەنـد کاتژمێرێـک بەنـاو خاکـی تورکیـادا دەربـاز ببیـن، زۆر هەوڵمانـدا حکومەتـی تورکیـا ڕێگامـان پـێ بـدات، بـەڵام هەمـوو هەوڵەکانمـان بـێ ئەنجـام بـوون. تاکـە چارەسـەر ئەوەبـوو بەقاچاغـی و بەنیوەشـەو بەنـاو خاکـی تورکیـادا دەربـاز ببیـن، ئەمـەش بـۆ خێـزان و ژن و منـداڵ کارێکـی ئەسـتەم و مەحـاڵ بـوو، بۆیـە لەناچـاری خێـزان و منداڵەکانمـان گەڕانـدەوە گونـدی سـێلکێ و ئێمـەش بەقاچاخـی بەنـاو خاکـی تورکیـادا دەربـاز بوویـن. دوای نزیکـەی دوو ڕۆژ ڕێ ڕۆیـشتن گەیشـتینە گونـدی خنێـرەی ناوچـەی برادۆسـت کـە دەکەوێتـە سـەر سـنووری ئێـران. ئـەوێ وەکـو ڕۆژی حـەشر وا بـوو سـەدان و هـەزاران خێـزان لەژێـر بەفـر و کڕێـوەدا چاوەڕوانـی ئـەوە بـوون دەربـازی نێـو خاکـی ئێـران بـن. بـە هەوڵـی سـەرۆک مەسـعود بارزانـی و کاک ئیدریـس بارزانـی حکومەتـی ئێـران دوو فڕۆکـەی کۆپتـەری بـۆ گواسـتنەوەی ئـاوارەکان تەرخـان کـرد بـوو، کاک لـوقمان بارزانیـش بەفەرمانـی مـەلا مسـتەفا

لـەوێ مابویـەوە تـا هـاوکاری ئـاوارەکان بـکات بـۆ دەربـاز بـوون. دوای چاوڕوانییەکـی زۆر کاک لـوقمان منـی خسـتە نێـو فڕۆکـە و دەربـازی نێـو خاکـی ئێـران بـووم و یەکسـەر چوومـە شـاری نەغـەدە کـە مـەلا مسـتەفاش هـەر لـەوێ بـوو. لـە نەغـەدە چوومـە لای ئەسـعەد خۆشـەوی و بەشـەو پێکـەوە چووینـە خزمـەت مـەلا مسـتەفا، مـەلا مسـتەفا سروشـتی وابـوو نـە بەسـەرکەوتن و نـە بەشکەسـت هیـچ گۆڕانێکـی بەسـەردا نەدەهـات، بـەڵام کـە قسـەی کـرد زانیـم زۆر نیگـەران و خەمبـارە؛ نـاوە بەنـاوە ڕووی دەکـردە ئەسـعەد خۆشـەوی و کاک ئیدریـس و سـەرۆک مەسـعود بارزانـی و دەیفەرمـوو: «بەشـێکی زۆری ئـەو خەڵکـەی کـە ئـاوارە بـوون هێشـتا لەبـەر سـەرما و بارانـن، ئەمـە بارێکـی قـورس و خەمێکـی گرانـە، هەمـوو هەوڵەکانتـان چـڕ بکەنـەوە و هەمـوو ڕێگایـەک بگرنـە بـەر تـا بتوانـن ئـەو خەڵکـە دەربـاز بکـەن، تـا یـەک کـەس لـەوێ مابێـت خـەوم لـێ ناکەوێـت». نـاوە بەنـاوەش هەوڵـی دەدا ورەمـان بـەرز کاتـەوە و دەیفەرمـوو: «ڕاسـتە ئـەوەی ڕوویـداوە کارەسـاتێکی مەزنـە، بـەڵام بـێ هیـوا مەبـن و دڵنیابـن ئـەم ڕۆژە ناخۆشـانەش کۆتاییـان پـێ دێـت، زۆر بارودۆخـی لـەوە خـراپتر و دژوارترمـان تێپەڕانـدووە، ئـەم جـارەش بەسـەر پیلانگێڕیەکانـدا سـەر دەکەویـن و بەهێزتـر لـە جـاران دەگەڕێینـەوە. لەبیـر نەکـەن کێشـەی میللەتـی کـورد کێشـەیەکی هەقـە، خـودای مەزنیـش هەمیشـە پشـتیوانی لەهـەق و هەقخـوازان دەکات. بۆیـە پشـت ڕاسـتبن بەپشـتیوانی خـودای مـەزن دوور یـان نزیـک کۆتایـی بەهەمـوو نەهامەتیـەکان دێـت و سـەر دەکەویـن».

## دووبارە گەڕانەوە بۆ سێلکێ و هێنانی خێزانەکانمان

دوای دوو مانگ مانەوە لە نەغەدە و دەربازبوونی وەرزی سەرما، داوام لە ئەسعەد خۆشەوی کرد کە هاوکارمان بێت و ڕێگامان پێ بدات بگەڕێینەوە باشووری کوردستان و خێزانەکانمان بێنین. ئەسعەد گوتی: باشە بەڵام بۆ ئەوەی بەسەلامەتی بچن و بێنەوە دەبێت زانیاری لەسەر بارودۆخی سنوورەکان وەرگرین، پاشان دەتوانن بڕۆن. دوای سێ ڕۆژ ئەسعەد ئاگاداری کردینەوە کە دەتوانین بڕۆین و تا ئەو دیوی سنوور کەسیکی شارەزاشی لەگەڵ ناردین، من و چەند خزم و هەڤاڵێک دوای چوار ڕۆژ بەپێ ڕۆیشتن گەیشتینە سێلکێ. بۆئەوەی حکومەت هیچ کێشەیەک بۆ خەڵکی گوند دروست نەکات، شەو لە دەرەوەی گوند ماینەوە و هەواڵمان بۆ خێزانەکانمان نارد کە خۆیان ئامادە بکەن بۆ ڕۆیشتن. جگە لە خێزانەکانمان ژمارەیەک خێزانی دیکەش خۆیان ئامادە کردو و گوتیان: ئێمەش لەگەڵتان دێین. شەوی دووەم خێزانەکانمان لەگوند هەڵگرت و بەرەو سنوورەکانی تورکیا بەڕێکەوتین، بۆ بەیانی گەیشتینە گوندی ماوەتان کە دەکەوێتە سەر سنووری تورکیا، لەوێ شارەزایەکمان پەیدا کرد کە تا دەربازکردنی خاکی تورکیا لەگەڵمان بێت. شارەزا گوتی: بۆئەوەی بتوانین بەسەلامەتی دەرباز بین و نەکەوینە بەر دەستی هێزەکانی جەندەرمەی تورکیا، پێویستە بەشەو لەڕێگادا بین و بەڕۆژیش خۆمان حەشار بدەین. بەم شێوەیە بۆ ماوەی چوار شەو بڕینی ڕێگا توانیومان خاکی تورکیا دەرباز بکەین و بگەینە سەر سنووری تورکیا، بەشێک لەو ڕێگایەی پێدا دەرباز بووین هەمان ئەو ڕێگایە بوو

کـە لەسـاڵی ١٩٤٧ لەگـەڵ مـەلا مسـتەفا بـەرەو ڕووسـیا پێیـدا دەربـاز ببوویـن کـە گەیشـتینە سـەر سـنووری ئێـران لەبەرزاییەکانـی ملگـەوەڕ ژمارەیـەک خێـزان هاتبوونـە زۆزانـەکان. ئـەو خێزانانـە زۆر هاوکاریـان کردیـن و ژن و منداڵەکانیـان بـردە ژێـر ڕەشماڵەکانیـان و خـواردن و خواردنەوەیـان پێدایـن و شـەوێک لایـان ماینـەوە، بـۆ ڕۆژی دواتـر بـەرەو کۆمەڵـگای زێـوە بەڕێکەوتیـن و بـۆ ئێـوارە گەیشـتینە نـاو کۆمەڵگاکـە. بەهەوڵـی کاک ئیدریـس بارزانـی و شـوێنی حەوانەوەیـان بـۆ دابیـن کردیـن. لـەو سـەردەمەدا جەنابـی ئیدریـس بارزانـی و سـەرۆک مەسـعود بارزانـی بەشـەو و ڕۆژ لەخزمەتـی ئاوارەکانـدا بـوون، بـەردەوام سـەردانی کامپەکانیـان دەکـرد و لـە بارودۆخـی ئاوارەکانیـان دەکۆڵیـەوە، لەهـەر شـوێنێک هەسـتیان بـەوە کردبـا خێزانێـک پێویسـتی بەهاوکارییـە یـان کێشـەیەکی هەیـە بەهانایانـەوە دەچـوون و کێشـەکەیان بـۆ چارەسـەر دەکـرد. ئەگـەر هیمـەت و خەمخـۆری ئـەوان نەبوایـە ئەسـتەم بـوو لـەو بارودۆخـەدا ئێمـە و زۆر خەڵکـی دیکـەی ئـاوارە بتوانیـن شـوێنی خۆمـان لەنـاو کۆمەڵگاکـەدا بکەینـەوە، بـەڵام ئـەوان هـەر کـە زانیـان ژمارەیـەک خێزانـی گەیشـتوون یەکسـەر بەهانامانـەوە هاتـن و هاوکاریـان کردیـن، بەهەمـان شـێوە چاودێـری هەمـوو کامپەکانـی دیکەشـیان دەکـرد.

دوای دوو مانـگ بـۆ سـەردانی مـەلا مسـتەفا چوومـە شـاری نەغـەدە، شـەو چوومـە خزمـەت جەنابیـان خۆشـحاڵی خـۆی دەربـڕی کـە توانیومانـە بەسـەلامەتی خێزانەکانمـان بگەیەنینـە ئێـران و فەرمـووی: :کاتێـک خەبـەرم دەدەنـێ کەخێزانێـک دەربـاز بـووەو شـوێنی حەوانـەوەی بـۆ دابینکـراوە، وا هەسـت دەکـەم ئـەم دونیایـە هەمـوو

هــی منــە، ئاخــر هــەر یــەک لــە ئێــوە ڕەنگــە تەنیــا خەمــی خێــزان و ژن و منداڵەکانــی خۆتانــی هەبێــت، بــەڵام مــن جگــە لــە خەمــی ئــەو پیلانگێــڕی و خیانەتــەی لــە کــورد کــراوە خەمــی یەکــە بــە یەکــەی ئــەو پێشــمەرگە قارەمــان و دڵســۆزانە و کەسوکارەکانیشــیان لەســەر شــانمە کــە بەهــۆی هەڵوێســتە بەرزەکەیانــەوە ئــاوارە و دەربــەدەر بــوون»، دواتــر فەرمــووی: «بۆئــەوەی لــە منــەوە نزیــک بــن بــە ئیدریــس دەڵێــم بــا ماڵەکانتــان بگوازێتــەوە ئێــرە»، منیــش گوتــم: ئەزبەنــی شــوێنمان باشــە بەهــۆی بــراو خــزم و کەســەکانمەوە پێــم خۆشــە هــەر لــەوێ بمێنمــەوە، ئینجــا جەنابیــان فەرمــووی: «کەواتــە باشــە هــەر لــەوێ بمێننــەوە و هــەر کارێکتــان هەبــوو پەیوەنــدی بــە ئەســعەد و ئیدریســەوە بکــەن بۆتانــی جێبەجــێ دەکــەن و سڵاوم بگەینــە بەهەمــوو ئەوانــەی کــە دەیانبینیــن و پێیــان بڵــێ ورەیــان بــەرز بێــت، ئــەم ڕۆژە ناخۆشــانە کۆتاییــان دێــت و بەســەربەرزی دەگەڕێینــەوە مەیدانــی خەبــات».

********

## دوورخستنەوە بۆ قوڵایی خاکی ئێران

دوای شــەس مانــگ مانــەوە لــە ئــۆردوگای زێــوە حکومەتــی شــای ئێــران بۆئــەوەی بــۆ هەتــا هەتایــە لەشــۆڕش و کوردایەتــی دامــان ببڕێــت و جارێکــی دیکــە نەتوانیــن شــۆڕش دەســت پــێ بکەینــەوە، لەمانگــی کانوونــی دووەمــی (١٩٧٥)دا هەمــوو ئاوارەکانــی لــە ئــۆردگا ســنووریەکان بــۆ قوڵایــی خاکــی ئێــران گواســتەوە. لــەو پرۆســەیەدا هەرچەنــد خێزانێکــی لــە شــارێک جێگیــر کــران و خســتیانە ژێــر

چاودێـــری چـــڕەوە، ئێمەیـــان بەشـــێوەیەک پەرشـــوبڵاو کـــرد کـــە هەرگیـــز چاوەڕێـــی ئـــەوە نەبوویـــن جارێکـــی دیکـــە بـــە یـــەک بگەینـــەوە. ماڵـــی ئێمـــەو برایەکـــم بەنـــاوی بابەکـــر و چەنـــد خێزانێکـــی دیکـــەی ناوچـــەی ئاکـــرێ و دهـــۆک بـــۆ شـــارۆچکەی (فەرەیـــدون کەنـــاری) پارێـــزگای مازنـــدەران گوازرانـــەوە، بـــێ ئـــەوەی هیـــچ هاوکارییـــەک بـــە ئێمـــە بدرێـــت ســـێ مانـــگ لـــەوێ لـــە ژێـــر خێمـــەدا بوویـــن، دوای ســـێ مانـــگ جارێکـــی دیکـــە ئێمەیـــان لەباکـــووری ئێرانـــەوە گواســـتەوە بـــۆ باشـــووری ئیـــران و لەشـــاری (جەهـــروم)ی نزیـــک شـــیراز نیشـــتەجێ کرایـــن، لـــەوێ کامپێـــک بـــۆ نیشـــتەجێکردنی ئـــاوارەکان دروســـت کـــرا بـــوو کـــە هـــەزاران خێمـــەی تێـــدا هەڵـــدرا بـــوو، ئێمـــە و هـــەزاران خێزانـــی دیکـــە لـــەو کامپـــەدا نیشـــتەجێ کرایـــن. لـــەوێ مانگـــی ســـووری ئێرانـــی خواردنیـــان بەئێمـــە دەدا، بـــەڵام خواردنەکـــە جگـــە لـــەوەی بـــاش و تەندروســـت نەبـــوو زۆریـــش کەمبـــوو. دوای شـــەش مانـــگ مانـــەوە لـــەو کامپـــەدا لەناوەڕاســـتی ســـاڵی ( ١٩٧٦)دا دووبـــارە ئێمەیـــان بـــۆ پارێـــزگای مەشـــهەد کـــە دەکەوێتـــە ســـەر ســـنووری ئۆزبەکســـتان و ئەفغانســـتان گواســـتەوە، ئێمـــە نزیکـــەی پەنجـــا خێزانێـــک بوویـــن، جگـــە لـــە ماڵـــی ئێمـــە و براکانـــم ژمارەیـــەک خێزانـــی دیکـــەی ناوچـــەی مـــزوری بـــاڵاو دۆســـکی و زێباریـــش لەگـــەڵمان بـــوون. لـــە قەراخێکـــی شـــاری مەشـــهەد پەنجـــا شەســـت خێمەیـــان بـــۆ ئێمـــە هەڵـــدا بـــوو کـــە هـــەر خێمەیـــەک بـــۆ یـــەک خێـــزان بـــوو، لـــەوێ بـــێ ئـــەوەی هیـــچ پێداویســـتییەکی ژیانمـــان پـــێ بـــدەن، ئێمەیـــان فڕێدایـــە نـــاو خێمـــەکان و گوتیـــان: ئێـــرە شـــوێنی مانەوەتانـــە تـــا مـــاون لێـــرە دەژیـــن و مافـــی ئەوەتـــان نییـــە لێـــرە بچنـــە دەرەوە، هەرکەســـێک ســـەرپێچی بـــکات بەتوونـــدی ســـزا دەدرێـــت.

کەوتینــە بارودۆخێــک کــە لەهەمــوو ڕوویەکــەوە ســەخت و دژوار بــوو، جگــە لــەوەی هیــچ شــارەزاییەکمان لەناوچەکــە نەبــوو زمانیــشمان نەدەزانــی، تــا ڕۆژی دواتــر هەموومــان لەنــاو خێمەکانمــان ماینــەوە و کەســیش بەلامانــەوە نەهــات. ئــەو خواردنــەی پــێمان بــوو تــەواو بــوو، منداڵــەکان لەبرســان دەگریــان و هەمــووان داوایــان لێکــردم ڕێگایــەک بدۆزمــەوە بــۆ پەیداکردنــی خــواردن، لەگــەڵ بەهجەتــی کــوڕم کــە تەمەنــی نزیــک پــازدە ســاڵان بــوو لەنــاو خێمــەکان هاتینــە دەرەوە و ســەیرم کــرد هەنــدێ مــاڵ لێمانــەوە نزیکــن و چەنــد کەســێک لەبــەردەم دەرگاکان ڕاوەســتاون، خۆمــان لــێ نزیــک کــردەوە و قســەمان لەگــەڵ کــردن، بــەڵام زمانــی فارسیمان نەدەزانــی، بۆیــە هەوڵمانــدا بەئامــاژە تێیــان بگەینیــن کــە ئێمــە خەڵکێکــی لــێ قەوماویــن، شانســی ئێمــە ئــەو خەڵکــە زۆر مرۆڤدۆســت و مێــوان دۆســتبوون. کاتێــک لــێمان تێگەیــشتن یەکســەر چوونــە ماڵەکانیــان و بەشــێکی زۆر نــان و ماســتیان بــۆ هێنایــن. نــان و ماستەکەمان بــردەوە ماڵــەوە و بەســەر ژمارەیــەک خێزانــدا دابەشــم کــرد. بــۆ ڕۆژی دواتــر دووبــارە گەڕامــەوە لای ئــەو دراوســێیانە و بــە ئامــاژە داوام لێکــردن تــا ئــەو شــوێنە ڕێنمایــیمان بکــەن کــە دوکانــی لێیــە، زۆر مەردانــە هاتنــە پێشــەوە و دوو کــەس لەگەڵــم هاتــن تــا ناوەنــدی شــارەکە. بەشــێکی زۆر خــواردن و پێداویســتیم کــڕی و گەڕامــەوە ماڵــەوە، تــا دوو مانــگ بــەو شــێوەیە ماینــەوە و هــەر دوو ســێ ڕۆژ جارێــک دەچووینــە نــاو بــازاڕ و ئــەوەی پێویســتمان بــوو دەمــان کــڕی و دەگەڕاینــەوە. ئــەو پــارە کەمــەی کــە هەمــان بــوو هێــدی هێــدی بــەرەو کۆتایــی دەچــوو، بۆیــە بیــرم لــەوە کــردەوە کــە دەبێــت بــەدوای کارێکــدا بگەڕێیــن تــا بتوانیــن

ژیانی خۆمان پێی دابین بکەین، بەهاوکاری ئەو دراوسێیانە کە ماڵیان لەئێمەوە نزیک بوو توانیمان کارێک بدۆزینەوە. من و براکەم و هەندێ لە هەڤاڵەکانم دەستمان کرد بەکاری بیناسازی و کشتوکاڵی. من لە ڕووسیا شارەزاییەکی باشم لە کاری کشتوکاڵیدا پەیدا کردبوو، بۆیە لەناو باغێکدا دەستم بە کاری کشتوکاڵی کرد، کاتێک خاوەن باغەکە کاری منی دیت زۆر خۆشحاڵبوو. سەرەتا ڕۆژانە دە تومەن پارەی پێ دەدام، بەڵام کاتێک کارەکەمی دیت کە بەشارەزایی کار دەکەم بۆی کردمە پازدە تومەن. تا کۆتایی ساڵی ١٩٧٦ بەو شێوەیە ژیانمان بەڕێ کرد. لە سەرەتای ساڵی (١٩٧٧) ڕێگایان بەئێمەدا ماڵەکانمان بگوازینەوە ناو شاری مەشهەد. هێدی هێدی فێری زمانی فارسی بووین بەتایبەت منداڵەکان. لە مەشهەد خانویەکمان بەکرێ گرت و لەگەڵ بەهجەتی کورم لەسەر کارگەی بیبسی کۆلا دامەزراین، لە مەشهەد ژمارەیەک خێزانی دیکەشمان دۆزیەوە، لە ڕێگای ئەوانەوە گوێبیستی ئەوە بووین کە مەلا مستەفا بۆ چارەسەری نەخۆشی چووەتە ئەمریکا، هەروەها زانیاری ئەوەشمان پێ گەیشت کە ئیدریس بارزانی و ئەسعەد خۆشەوی لەشاری کەرەج نیشتەجێ کراون.

## کۆچی دوای ئەسعەد خۆشەوی

لە( ١٩٧٧/٥/٣١) ئەسعەد خۆشەوی کۆچی دوایی کرد، ئەم هەواڵەم لە ڕێگای هەڤاڵێکەوە پێ گەیشت. هەواڵەکە بۆ من و هەموو ئاوارەکان هەواڵێکی خەمبار و ناخۆش بوو، چونکە

ئەسعەد وەکو کەسێکی لێزان و خەمخۆر بۆ هەمووان پشت و پەنا بوو. تاکە کەس بوو کە هەمیشە و لە هەموو قۆناغێکدا جێی متمانەی مەلا مستەفا بوو، بۆ هەموو کارێک پشتی پێ دەبەست. لە هەموو قۆناغەکانی ڕابوردوی خەباتدا هەر شوێنێک ئەسعەد لێی بوایە وەکو ئەوە وابوو مەلا مستەفای لێ بێت. بۆ مێژوو دەلێم زۆر دڵسۆزانە و شارەزایانە هەموو ئەو ئەرکانەی جێبەجێ دەکرد کە لەلایەن مەلا مستەفاوە پێی دەسپێردران، بۆ کورد و کوردستان کەسێکی زۆر دڵسۆز و خەمخۆر بوو، لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵاندا لە ساڵی (١٩٧٦) شانبەشانی سەرۆک مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا، هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد هەواڵی کۆچی دوایی ئەسعەد بۆ من هەواڵێکی خەمبار و پڕ لە ئازار بوو، بۆیە هەوڵمدا بەهەر شێوەیەک بێت بەشداری پرسەکەی بکەم، بۆ ئەو مەبەستە سەردانی پارێزگاری مەشهەدم کرد و داوام لێکرد کە بۆ بەشداری پرسەکەی ڕێگام پێ بدات بچمە کەرەج، بەڵام داواکاریەکەم بە توندی ڕەتکرایەوە. بۆ ڕۆژی دواتر چوومە ناو بازاڕی مەشهەد و قات و کڵاوێکم کڕی وەکو ئەوەی خەڵکی مەشهەد لەسەر دەنێن، خۆم وەکو هاووڵاتیەکی ئەوێ ڕێکخست و سواری ئوتوبوس بووم و بەرەو کەرەج بەڕێکەوتم، لە کەرەج لە ئوتوبوس دابەزیم و داوام لە تاکسیەک کرد بمباتە گەڕەکی عەزیمیە کە شوێنی نیشتەجێبوونی ئاوارەکان بوو، لە عەزیمیە ماڵی ئەسعەد خۆشەویم دۆزیەوە و چوومە لای سەلیمی کوڕی، لەوێ لەگەڵ زۆربەی هەڤاڵەکانم کە ماوەیەکی درێژ بوو یەکترمان نەدیتبوو

دووبـــارە بەیـــەک شـــاد بووینـــەوە. دیتنـــی ســـەلیم و هەڤاڵانـــی دیکـــەم خەمـــی لەدەســـتدانی ئەســـعەدی لا ســـووک کـــردم و دوو ڕۆژ لای ســـەلیم مامـــەوە، دواتـــر ســـەردانی ئیدریـــس بارزانیـــم کـــرد و بـــۆ مـــاوەی ســـێ کاتژمێـــر لـــەلای جەنابیـــان مامـــەوە، دیـــار بـــوو بـــۆ لەدەســـتدانی ئەســـعەد خۆشـــەوی زۆر خەمبـــار بـــوو گوتـــی: «لەدەســـتدانی ئەســـعەد لـــەم بارودۆخـــەدا بـــۆ هەموومـــان خەســـارەتێکی مـــەزن بـــوو»، دواتـــر لەبـــارەی تەندروســـتی مـــەلا مســـتەفا و چۆنێتـــی ســـەرهەڵدانەوەی شۆڕشـــی گـــوڵان قســـەی بـــۆ کـــردم و گوتـــی: «ســـەرەڕای ڕێگـــری و گوشـــارەکانی ڕژێمـــی شـــا توانیومانـــە دەیـــان مەفـــرەزەی پێشـــمەرگە ڕێکبخەینـــەوە و ڕەوانـــەی ناوخـــۆی کوردســـتان بکەینـــەوە، بەمـــەش ســـەلماندمان کـــە دەنگـــی حەقخوازانـــەی کـــورد بـــۆ گەیـــشتن بـــەڕزگاری و ســـەربەخۆیی بەپیلانگێـــڕی ناوچەیـــی و نێودەوڵەتـــی کـــپ ناکرێـــت و کـــورد تـــا گەیـــشتن بەمافـــە ڕەواکانـــی دەســـت لەخەبـــات هەڵناگرێـــت»، هەروەهـــا باســـی لـــەو شـــەڕە ناڕەوایـــە کـــرد کـــە لەلایـــەن جـــەلال تاڵەبانییـــەوە بەســـەر پارتیـــدا ســـەپێنرا بـــوو، لـــەو بـــارەوە گوتـــی: مەخابـــن جـــەلال و جەماعەتەکـــەی بەپشـــتیوانی حکومەتـــی عێـــراق شـــەڕێکی ناڕەوایـــان بەســـەر ئێمـــەدا ســـەپاندووە، بـــۆ دامرکاندنـــەوەی شۆڕشـــی گـــوڵان هێزێکـــی هـــەزار کەســـیان لـــە دەڤـــەری ســـۆرانەوە ڕەوانـــەی بادینـــان کـــردووە و نەفیرعامیـــان دژی پێشـــمەرگەکانی شۆڕشـــی گـــوڵان ڕاگەیانـــد بـــوو، بـــەڵام پێشـــمەرگە و خەڵکـــی ناوچەکـــە ڕووبەڕوویـــان بوونەتـــەوە تێکشـــکێنراون. بـــۆ ئـــەو خەســـارەتەی لـــەو شـــەڕەدا بـــەر هـــەردوولا کەوتبـــوو زۆر غەمبـــار بـــوو گوتـــی: «خۆزگـــە ئـــەو هەمـــوو کـــوڕە کـــوردە لەجیاتـــی ئـــەوەی لەشـــەڕی براکوژیـــدا

ببنــە قوربانــی لەشــەڕی دوژمنــدا و بــۆ ڕزگاری کوردســتان شــەهید بوونایــە، بــەڵام مەخابــن بیــری تاکــڕەوی جــەلال و جەماعەتەکــەی ئــەو هەمــوو خوێنــەی بەفیــڕۆدا».

لەکۆتایــی دیدارەکــەدا بەجەنابیانــم ڕاگەیانــد منیــش وەکــو پێشــمەرگەیەک ئامــادەم بگەڕێمــەوە ناوخۆیــی کوردســتان، بــەڵام جەنابیــان گوتــی: «جــارێ پێویســت نییــە، لــەم قۆناغــەدا هــەر ئــەو پێشــمەرگانەمان ناردووەتــەوە کــە ســەڵتن و خێزانیــان لەگــەڵ نییــە، هــەر کاتێــک پێویســت بــوو بەدواتانــدا دەنێریــن». دواتــر خواحافیزیــم لێکــرد و منــی ڕاســپارد کــە سڵاوی بــە هەمــوو ئەوانــە بگەینــم کــە دەیانبینــم، بۆئــەوەی ســاواک ئــازارم نــەدات ڕێنمایــی کــردم کــە ســەردانەکەم بــە نهێنــی بمێنێتــەوە. ڕۆژی دواتــر گەڕامــەوە مەشــهەد، ســوپاس بــۆ خــودا ســاواک و دەزگاکانــی دیکــەی حکومــەت هیــچ زانیاریەکیــان لەبــارەی ســەردانەکەم پــێ نەگەیشــت بــوو

## ماڵمان لە مەشهەد گواستەوە ساوە

لەســەرەتای ســاڵی (١٩٧٨)دا هێــدی هێــدی ڕاپەرینــی خەڵکــی ئێــران دژی ڕژێمــی ســتەمکاری شــا دەســتی پێکــرد و ڕاپەریــن شــارەکانی تــاران و ئەســفەهان و تەورێــز و زۆربــەی شــارە گەورەکانــی گرتــەوە، بــەو هۆیــەوە دەســتگا ســەرکوتکارەکانی ئێــران وەکــو پێــشتر نەیانتوانــی درێــژە بــەو کــۆت و بەندانــە بــدەن کــە لەســەر ئێمەیــان دانــا بــوو، دەتوانــم بێــژم ئێمەیــان هــەر لەبیــر نەمابــوو. بۆیــە دەرفــەت بــۆ ئێمــە ڕەخســا کــە بــاشتر لــە جــاران لــە نێــوان شــارەکاندا

پەیوەنـدی بـە یـەکترەوە بکەیـن و خۆمـان ڕێـک بخەینـەوە، زوو زوو سـەردانی یەکترمـان دەکـرد و ڕێنمایـی و ڕاسـپاردەی سـەرۆک مەسـعود بارزانـی و کاک ئیدریـسمان پـێ دەگەیشـت کـە سـاز و ئامادەبیـن بـۆ هەمـوو ئەگەرێـک. لـەم چوارچێوەیـەدا توانـیمان ماڵەکانمـان لـە مەشـهەدەوە بگوازینـە شـاری سـاوە کـە نزیـک بـوو لەتـاران. پێـشتر بەشـێک لەئـاوارەکان لـەو شـارە جێگیـر کرابـوون و ئێمـەش لای ئـەوان دامەزرایـن و بـە هـاوکاری ئـەوان شـوێنی حەوانەوەمـان دابیـن کـرد، لـەوێ دەرفەتـی پەیوەنـدی و سـەردان بـۆ لای سـەرۆک مەسـعود بارزانـی و ئیدریـس بارزانـی باشترو فەراهـەمتر بـوو، زوو زوو دەچووینـە سـەردانیان و بـۆ چۆنێتـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ ڕووداوەکان ڕێنمایـی پێویسـتمان وەردەگـرت، تـا دەهـات ڕاپەڕیـن و خوپیشـاندانەکان فـراوان و گـەورە دەبـوون، وای لێهـات خەڵـک لەهەمـوو شـوێنەکان ڕژانـە سـەر شـەقامەکان. لەبەرئـەو خیانەتـەی شـا لەشۆڕشـی ئەیلوولـی کـرد بـوو، ئێمـەش دڵمان پـڕ بـوو لـە شـاو ڕژێمەکـەی بۆیـە جگـە لـەوەی کـە دڵخـۆش بوویـن بـە ڕاپەڕینەکـە بـە کـردەوەش بەشـداریمان لەخۆپیشـاندانەکاندا کـرد و شانبەشـانی خەڵکـی ئێـران هێـرشمان دەکـردە سـەر دەزگا سـەرکوتکارەکانی شـا، بەشـداری ئێمـە لەڕاپەرینەکـە بەرچـاو دیـار بـوو زۆرجـار بـۆ کۆنترۆڵکردنـی ئـەو شـوێنانەی پیاوانـی شـا بەرگریـان تێـدا دەکـرد هاووڵاتیانـی ئێـران داوای هاوکاریـان لـە ئێمـە دەکـرد تـا فێـری بەکارهێنانـی چەکیـان بکەیـن و نەخشـەی هێرشـی چەکداریـان بـۆ دابڕێژیـن و لەجێبەجیکردنیشـدا هاوکاریـان بیـن. بەمشـێوەیە لـە زۆرێـک لەشـارەکان ئـاوارە و پەنابـەران ڕۆڵیـان لەڕاپەریـن و ڕووخاندنـی ڕژێمـی شـادا گێـرا. لـە

ســەرەتای ســاڵی (١٩٧٩)دا ڕاپەڕیــن گەیشــتە لوتکــە خێزانــی شــاو بەشــی هــەرەزۆری بەرپرســانی ئێــران دەســتیان بەڕاکــردن کــرد و لــە(٢٣/ شــوباتی ١٩٧٩)دا ڕاپەڕینەکــە ســەرکەوت و کۆتایــی ڕژێمــی شــا ڕاگەیــێنرا.

********

## وەفاتی مەلا مستەفا بارزانی

لەســەروبەندی ســەرکەوتنی ڕاپەرینــی گەلانــی ئێرانــدا هــەواڵمان بــۆ هــات کــە بارودۆخــی تەندروســتی مــەلا مســتەفا بــاش بــووە و دەگەڕێتــەوە ئیــران، ئەمــە بــۆ مــن و هەمــوو ئــاوارە و پەنابــەران موژدەیەکــی خــۆش و دڵخۆشــکەر بــوو، کەیــف و شــادی هەمــوو پەنابەرانــی گرتــەوە و هەمــووان چاوەڕێــی گەڕانــەوەی جەنابیــان بــوون. بۆئــەوەی زیاتــر لــەو بــارەوە بزانــم ســەردانی شــاری کەرەجــم کــرد، بەهەمــان شــێوەی مــن بــۆ دڵنیابــوون لــەو هەواڵــە لەزۆربــەی شــارەکانی ئێــران ئــاوارەکان گەیشــتبوونە شــاری کــەرەج، لــەوێ بەشــێکی زۆر لــەو هەڤاڵانــەم دیتــەوە کــە چەنــد ســاڵێک بــوو لەیــەکتر دابــڕا بوویــن، شــەو لەماڵــی خزمێــک بەنــاوی جەبــار ئەرگوشــی مامــەوە و بەیانــی خۆمــان ئامــادە کــرد کــە ســەردانی کاک ئیدریــس بکەیــن، بــەڵام مەخابــن لەپــڕ هەواڵــی وەفاتــی مــەلا مســتەفا بڵاوبوویــەوە، ئــەم هەواڵــە جەرگبــڕە هەموومانــی شــۆک کــرد و خــەم و گریــان هەمــوو لایەکــی گرتــەوە، لەماوەیەکــی کورتــدا لەزۆربــەی شــارەکانی خەڵکــی ئــاوارە و پەنابــەر گەیشــتنە شــاری کــەرەج و هەموومــان لەچاوەڕوانــی گەڕانــەوەی جەنــازەی مــەلا مســتەفادا

مایـنـــەوە. ســـوپاس بـــۆ خـــوا ئـــیمام خومەینـــی بەڕێـــزەوە تەرمـــی مـــەلا مســـتەفای گەڕانـــدەوە تـــاران و دەرفەتیـــدا بەڕێـــزەوەش بـــەرەو کوردســـتان بـــەڕێ بکرێـــت تـــا لەشـــاری شـــنۆ بـــە ئەمانـــەت بـــە خـــاک بســـپێردرێت، دوای گەیشـــتنی جەنـــازەی مـــەلا مســـتەفا هەمووەمـــان بـــەرەو شـــنۆ بەڕێکەوتیـــن، کاتێـــک گەیشـــتین بینـــیمان دەیـــان هـــەزار هاووڵاتـــی کوردســـتانی ئێـــران لـــە هەمـــوو شـــارەکانەوە بەتایبەتیـــش مەهابـاد بـۆ بەشـداریکردن لـە ڕێوڕەسـمی ناشـتنیدا هاتبوونـە شـنۆ. ئـەو ڕۆژە بـۆ کـورد وەکـو ڕۆژی حـەشر وابـوو، خـەم و ئازارەکانـی ئـەو ڕۆژەم هەرگیـــز لەیـــاد نەکـــردووە، دوای ســـێ ڕۆژ مانـــەوە لـــە شـــنۆ هەمووەمـــان گەڕاینـــەوە شـــوێنەکانمان.

## گەڕانەوە بۆ زێوە و دەستپێکردنەوەی خەباتی پێشمەرگایەتی

حکومەتـی ئیسلامـی ئێـران دەرفەتـی ئـەوەی بـۆ ڕەخسـاندین کـە ماڵەکانمـان بگەڕێنینـەوە شـارەکانی کوردسـتان. بەشـی هـەرە زۆرمـان هاتینـەوە کۆمەڵـگای زێـوەی[١٥] نزیـک ورمـێ و لـەوێ جێگیـر بوویـن. تـا ئـەوکات تەنیـا ئـەو پێشـمەرگانەی سـەڵت و بـێ خێـزان بـوون بـۆ بەشـداریکردن لـە شۆڕشـی گوڵانـدا ڕەوانـەی کوردسـتان کرابوونـەوە کـە هاتینـەوە زێـوە و هیـچ مەترسـیەک لەسـەر خێزانەکانمـان نەمـا ژمارەیەکـــی زۆر لـــە هێـــزی پێشـــمەرگە ڕێکخرایـــەوە و ڕەوانـــەی ناوخـۆی کوردسـتان کـران. شۆڕشـی گـوڵان فراوانـی بەخۆیـەوە دیـت و هەمـوو ناوچەکانـی گرتـەوە. لـە پاییـزی (١٩٧٩)دا کۆنگـرەی نۆێـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان گرێـدرا و مـن ئەندامـی کۆنگـرە بـووم،

لەکۆنگرەکـەدا بەزۆرینـەی دەنگـی ئەندامانـی کۆنگـرە سـەرۆک مەسـعود بارزانـی بـە سـەرۆکی پارتـی هەڵبژێـردرا، بەهەمانشـێوە سـەرکردایەتیەکی نـوێ بـۆ پارتـی هەڵبژێـردرا. لـە کۆنگرەکـەدا بەرنامـەو پلانـی نـوێ بـۆ ئـەو قۆناغـەی خەبـات دارێـژرا و خرایـە بـواری جێبەجێکردنـەوە. لەژێـر ڕۆشـنایی و ڕاسـپاردەکانی کۆنگـرەدا چەنـد هێزێکـی نوێـی پێشـمەرگە پێکهــێنران و ڕەوانــەی ناوخــۆی کوردســتان کرانــەوە، یەکێــک لــەو هێزانـە بەنـاوی قاتعـی یـەک بەفەرماندەیـی عەلـی خەلیـل پێکهـات. لەچوارچێــوەی ئــەو هێــزەدا ڕۆڵ بــە مــن دراو بوومــە فەرمانــدەی هێزێکــی پەنجــا کەســی، لــەو ســەردەمەدا بــۆ ماوەیــەک ئەرکــی پاراســتنی ســەرکردایەتی بــە ئێمــە درا کــە بــارەگای لەگونــدی ڕاژان و ســلێڤانای مەرگەڤــەڕ بــوو، لەســاڵی (١٩٨١) فڕۆکەکانــی عێــراق کۆمەڵــگای زێــوەی بۆردومــان کــرد، لــە ئەنجامــدا ژمارەیــەک هاووڵاتــی پەنابــەر شــەهید و برینــدار بــوون. بەهــۆی ئــەو بۆردمانــەوە دووبــارە مــاڵمان گواســتەوە ورمــێ. دیســان لــە (١٩٨٥/٥/٩) فڕۆکەکانــی عێــراق دووبــارە زێوەیــان بۆردومــان کــردەوە و لــە ئەنجامــدا (١٥٠) ژن و منــداڵ شــەهید بــوون و ســەدانی دیکــەش برینــدار بــوون.

********

## تاوانی دەرهێنانی جەنازەی مەلا مستەفا بارزانی

ڕووخانــی ڕژێمــی شــا لــەزۆر ڕووەوە لەبەرژەوەنــدی کــورددا بــوو، پارتــی وەکــو هێــزی ســەرەکی باشــوور دەرفەتــی بــۆ ڕەخســا بەشــێوەیەکی بــاشتر خــۆی ڕێکبخاتــەوەو هێــزی زیاتــر ڕەوانــەی ناوخــۆی کوردســتان بکاتــەوە. بەهەمانشــێوە حزبــی دیموکراتــی

کوردســـتانی ئێـــران و هێزەکانـــی دیکـــەی ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتانیش خۆیـــان ڕێکخســـتەوە و کۆنترۆڵـــی زۆربـــەی شـــارەکانی کوردســـتانیان گرتـــە دەســـت. ئـــەم پێشـــڤەچوونە لەپرســـی کـــورددا لەلایـــەن دوژمنانـــی کـــوردەوە هـــەزم نەکـــرا، بۆیـــە لەڕێـــگای پیلانێکـــی دارێـــژراوەوە هەوڵیانـــدا ئـــەو دەرفەتـــە زێڕینـــە لەباربـــەرن. مخابـــن وەکـــو هەمیشـــە چەنـــد کوردێکـــی خائیـــن بوونـــە جێبەجێـــکاری پیلانـــی دوژمـــن و لـــە (١ی تەممـــوزی ١٩٨١) جەنـــازەی مـــەلا مســـتەفایان لـــە گـــۆڕ دەرهێنـــا. ئەمـــە تاوانێکـــی گـــەورەو قێـــزەوەن و کـــەم وێنـــە بـــوو، تاوانەکـــە کـــە دژی هەمـــوو بەهـــا ئەخلاقـــی و ئینســـانی و دینییـــەکان بـــوو، هەمـــوو کوردێکـــی دڵســـۆزی خەمبـــار کـــرد. بێگومـــان ئەنجامدانـــی تاوانەکـــە لـــەو بارودۆخـــە هەســـتیار و ناســـکەدا بـــۆ ئـــەوە بـــوو پارتـــی و کوردانـــی ڕۆژهـــەڵات ڕووبـــەڕووی یـــەکتر بکەنـــەوە. ئەنجامدەرانـــی تاوانەکـــەش کـــە چەنـــد کەســـێکی نـــاو حزبـــی دیموکراتـــی کوردســـتانی ئێـــران بـــوون بـــۆ هەمـــوو لایـــەک نـــاسراو بـــوون. دیـــارە جەنابـــی ســـەرۆک مەســـعود بارزانـــی و کاک ئیدریـــس هـــەر زوو هەســـتیان بـــە مەترســـیەکانی پیلانەکـــە کـــرد بـــوو، بۆیـــە لەپێنـــاو بـــێ ئەنجامکردنـــی پیلانەکـــە و ڕێگریکـــردن لـــە ڕشـــتنی خوێنـــی کـــورد بەدەســـتی کـــورد دانیـــان بەخـــۆدا گـــرت و هەمـــوو هەوڵەکانیـــان چـــڕ کـــردەوە تـــا قەناعـــەت بەســـەرکردایەتی حزبـــی دیموکـــرات بێنـــن کـــە تاوانبـــاران ســـزا بـــدەن. لـــەو ســـەردەمەدا جەماعەتـــی جـــەلال تاڵەبانـــی کـــە بـــە پشـــتیوانی دوژمنانـــی کـــورد شـــەڕێکی گـــەورەی دژی پارتـــی و شۆڕشـــی گـــوڵان بەڕێـــوە دەبـــرد، بـــە حوکمـــی ئـــەو پەیوەندییـــە دێرینـــەی کـــە لەگـــەڵ دکتـــۆر قاســـملۆ[١٦] هەیبـــوو لەســـەر ڕاســـپاردەی حکومەتـــی

عێـــراق هانـــی دکتـــۆر قاســـملۆ و ســـەرکردایەتی حزبـــی دیموکراتـــی کوردســـتانی دا لەبـــارەی ســـزادانی ئەنجامدەرانـــی تاوانەکـــە نەچنـــە ژێربـــاری داوای پارتـــی و ســـەرکردایەتیەکەی، مخابـــن دکتـــۆر قاســـملۆ بەهـــۆی واقیعـــی ئەوکاتـــی ئێرانـــەوە کـــە توشـــی جۆرێـــک لـــە غـــرور و لەخوباییبـــوون ببـــوو کەوتـــە ژێـــر کاریگـــەری هاندانەکانـــی تاڵەبانـــی و حکومەتـــی عێـــراق و ئامـــادە نەبـــوو لەپێنـــاو کۆنترۆڵکردنـــی ڕووداوەکـــە و ڕادەســـتکردنی تاوانبـــاران هیـــچ هەنگاوێـــک بهاوێـــژن. لـــەوەش خـــراپتر نەرمـــی نوانـــدن و دان بەخـــۆدا گرتنـــی پارتـــی و ســـەرکردایەتیەکەی لـــەو بـــارەوە خـــراپ لێکدایـــەوە و پێیـــان وابـــوو ئـــەو هەڵوێســـتەی پارتـــی لەبـــێ هێـــزی و لاوازیەوەیـــە!

بـــەم لێکدانـــەوە ناڕاســـت و ناواقیعیـــە هەمـــوو هـــەوڵ و پەیامـــە ئاشـــتیخوازیەکانی ســـەرکردایەتی پارتیـــان ڕەتکـــردەوە و دەســـتیان کـــرد بەهەڕەشـــە و دەرکردنمـــان لـــە ئێـــران. لـــە چوارچێـــوەی ئـــەو سیاســـەتە هەڵەیـــەدا کۆمەڵێـــک بازگەیـــان دانـــا لـــە نێـــوان شـــنۆ و زێـــوە، شـــنۆ و نەغـــەدە، نەغـــەدە و ورمـــێ، ورمـــێ و زێـــوە. ڕۆژانـــە پەنابـــەر و ئاوارەکانیـــان ئـــازار و ئەشـــکەنجە دەدا و شـــەڕیان پـــێ دەفرۆشـــتین، بـــەڵام دیســـان ســـەرکردایەتی پارتـــی دانـــی بەخۆیـــدا گـــرت و لـــە ڕێـــگای کۆمەڵێـــک کەســـایەتی ڕۆژهەڵاتـــەوە هەوڵیـــدا حزبـــی دیموکـــرات دەســـت لەشـــەڕ فرۆشـــیەکانی هەڵگرێـــت، بـــەڵام بەداخـــەوە هەمـــوو هەوڵـــەکان بـــێ ئەنجـــام بـــوون و دەســـتیان کـــرد بەگرتـــن و شـــەهیدکردنی پەنابـــەران. لەســـەر ڕێـــگای شـــنۆ و نەغـــەدە و ورمـــێ و زێـــوە کۆمەڵێـــک قوتابـــی و پەنابـــەری بـــێ تاوانیـــان

شـــەهید کـــرد. لـــە هەمـــوو ئەمانـــە خـــراپتر لـــە خاڵـــی هەشـــتەمی[١٧] کارنامـــەی گفتوگۆکانیـــان لەگـــەڵ ئێـــران داوای دەرکردنـــی پەنابەرانیـــان کـــرد لـــە ئێـــران! دواتریـــش بەهـــاوکاری هێزەکانـــی یەکێتـــی هێزیـــان لەدەوروبـــەری زێـــوە کۆکـــردەوە و گەمارۆیەکـــی چڕیـــان خستەســـەر دانیشـــتوان و داوای خۆبەدەســـتەوەدانی ســـەرکردایەتی پارتیـــان کـــرد و گوتیـــان ئێمـــە شـــەش ملیـــۆن کوردیـــن، ئەگـــەر خۆتـــان ڕادەســـت نەکـــەن بەئاســـانی قوتتـــان دەدەیـــن! کاتێـــک داوای ئـــەوان لەبـــارەی خـــۆ ڕادەســـتکردنەوە ڕەتکرایـــەوە. لـــە هەمـــوو لایەکـــەوە هێرشـــیان کـــردە ســـەر کۆمەڵگاکـــە کـــە هـــەزاران خێزانـــی پەنابـــەر تێیـــدا نیشـــتەجێبوون. دانیشـــتوانی کۆمەڵگاکـــە و ئـــەو ژمـــارە کەمـــەی پێشـــمەرگە کـــە لەنـــاو کۆمەڵگاکـــەدا بـــوون وەکـــو مافێکـــی شـــەرعی بەرگریـــان کـــرد و بەشـــێوەیەکی فیداکارانـــە ڕووبـــەڕووی هێـــزی هاوبەشـــی یەکێتـــی و حزبـــی دیموکـــرات بوونـــەوە. لـــە ئەنجامـــدا ئیـــرادەی حەقخوازانـــەی پەنابـــەران بەســـەر هێـــزی شـــەرانگێزیدا ســـەرکەوت. لەئەنجامـــی ئـــەو بەرگرییـــەدا ژمارەیـــەک پێشـــمەرگە و هاووڵاتـــی شـــەهید بـــوون. مخابـــن ئـــەم شـــەڕە نارەوایـــە تـــا ســـاڵی (١٩٨٣) بـــەردەوام بـــوو. ســـەدان گەنجـــی کـــورد لەهـــەردوولا بوونـــە قوربانـــی فتنەگێڕیـــەکان و پیلانـــی دوژمنـــان.

# بەشی نۆیەم

# کۆتایی چیرۆکی پێشمەرگەیەکی سەربەخۆیی

# دوا ساڵەکانی تەمەنی پێشمەرگەیایەتیم

دوای کۆتاییهاتنی ئەو شەڕەی حزبی دیموکرات بەسەر پارتیدا سەپاندبووی، دەرفەت چێ بوو کە هێزی زیاتر بۆ ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان ڕەوانە بکرێت. بەبڕیاری سەرۆک مەسعود بارزانی هێزی خەبات بە فەرماندەیی سەلیم ئەسعەد خۆشەوی پێکهات و ئێمەش بووین بە بەشێک لەهێزەکە و ڕەوانەی ناوچەی مزوری بالا کراین، بارەگامان لەسەر (کانی بەرملکی ) نزیک گوندی سێلکێ دانا، لەو ناوچەیە درێژەمان بەخەباتی پێشمەرگایەتیدا. لەساڵی (١٩٨٧) بە بڕیاری سەرۆک مەسعود بارزانی کرامە بەرپرسی پاسەوانەکانی مەزاری مەلا مستەفا لە گوندی هەڵەجی[١٨] مەلگەوەر ژمارەیەک پێشمەرگەی هاوتەمەنم لەو ئەرکەدا لەگەڵمبوون وەکو مەرعان سلوری، عەبدوڵا محەمەد سێلکی، یاسین میکائیل سێلکی، مەجید بۆسی، ناسر محو گویزی، یاسینێ هەلالێ، عومەر میکایل سێلکی و لەشکری پێندرویی و زۆری دیکەش کە ناوەکانیانم لەبیر نەماوە. تا ڕاپەڕین ئەرکی ئێمە پاراستنی مەزارگەکە بوو. دوای ڕاپەڕین جەنازەی مەلا مستەفا و ئیدریسی ڕەحمەتی گوازرانەوە بارزان و بۆ هەمیشە لەوێ بەخاک سپێردران. ئەرکی پاراستنی مەزاری مەلا مستەفا بۆ من شانازیەکی مەزن بوو، چونکە هەموو تەمەنی خۆم لەخزمەت ڕێبازی مەلا مستەفا و لەپێناو ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستاندا بەڕێ کرد، دوا ساڵەکانی تەمەنیشم وەکو ئەرکێکی پیرۆز پارێزگاریم لە مەزارگەی پیرۆزی مەلا مستەفا کرد و بۆ

مــاوەی پێنــج ســاڵ بەدیــار مەزارەکــەوە دادەنیشــتم و دەگەڕامــەوە بــۆ یــاد و یــادەوەری ئــەو هەڤــاڵ و هاســەنگەرە قارەمانانــەی کــە لــە شۆڕشــەکانی بــارزان و بەرگریکــردن لــە کۆمــاری کوردســتان و ڕێــڕەوە مێژوویەکــەی ئــاراس و شۆڕشــی ئەیلوولــدا شــەهید بــوون و گیانــی خۆیــان کــردە قوربانــی خاکــی کوردســتان. بەداخــەوە دوای ڕاپەڕینیــش بەهــۆی هەڵکشــانی تەمــەن و بــێ تاقەتــی توانــای ئــەوەم نەمــاوە وەکــو پێشــمەرگەیەک پارێــزگاری لــە حکومــەت و پەرلەمانــی کوردســتان بکــەم. کۆتــا ئاواتــی مــن ئەوەیــە بــەر لــەوەی بمــرم دەوڵەتــی ســەربەخۆی کوردســتان بەچــاوی خــۆم ببینــم، چونکــە تــا نەبینــە خاوەنــی دەوڵەتێکــی ســەربەخۆ ناتوانیــن ژیانێکــی ئــارام و بەکەرامــەت و ســەربەز بــۆ نەوەکانمــان مســوگەر بکەیــن.

## وەفایەك بۆ خەڵكی دەڤەری بادینان

لەکۆتایــی گێڕانــەوەی بیرەوەریەکانمــدا وەکــو وەفایــەک و بەچەنــد پەیڤێــک هەســت و ســۆز و خۆشەویســتی خــۆم بــۆ خەڵکــی ناوچــەی بادینــان بەگشــتی دەردەبــڕم، هیــوادارم پەیڤەکانــم لــە ئاســت دڵســۆزی و میواندۆســتی و کوردپــەروەری و جوامێــری و مەردایەتــی ئــەو خەڵکــە ســەربەرزە بــن. بــۆ مێــژوو دەڵێــم هــەر لەســەرەتاوە تــا دوا ڕۆژەکانــی مقاوەمــەت بــاری قــورس و گرانــی شۆڕشــی ئەیلــوول لەســەر شــانی گوندنشــینانی ناوچــەی بادینــان بــوو، بەبــێ هــاوکاری و پشــتیوانی ئــەوان ئەســتەم بــوو بتوانیــن لەناوچەکــە بمێنینــەوە و درێــژە بەشــۆڕش بدەیــن، بــەڵام بەڕاســتی خەڵکــی

بادینـــان بەگشـــتی هـــەر لەیەکـــەم ڕۆژەوە کـــە ئێمـــە لەگـــەڵ مـــەلا مســـتەفا گەیشـــتینە ناوچەکەیـــان بەوپـــەڕی دڵســـۆزی و جوامێریـــەوە ســـەرۆک و پێشـــمەرگەو شۆڕشـــی ئەیلوولیـــان لـــە ئامێـــز گـــرت و بوونـــە پشـــت و پەنامـــان و لـــە ڕوانگـــەی هەســـتکردن بەبەرپرســـیارێتی نەتەوەییـــەوە هـــەر هەموویـــان بـــە دڵێکـــی میهرەبـــان و فراوانـــەوە دەرگای ماڵەکانیـــان لـــە بـــەردەم پێشـــمەرگەدا کـــردەوە و خزمەتیـــان کردیـــن، بەچـــەک و نانـــی خۆیانـــەوە بوونـــە پێشـــمەرگە و شانبەشـــانی ئێمـــە بەرگریـــان لـــە خـــاک و نەتەوەکەیـــان کـــرد، ڕۆژانـــە فڕۆکەکانـــی دوژمـــن کوێرانـــە ناوچەکەیـــان بۆردومـــان دەکـــرد و تـــەڕ و وشـــیکان پێکـــەوە دەســـووتاند، بـــەڵام ئـــەوان بەوپـــەڕی ورەبـــەرزی و ئازایەتیـــەوە بەرگـــەی هەمـــوو ئـــەو ناخۆشـــی و دەردو مەینەتیانەیـــان گـــرت کـــە بەهـــۆی شـــەڕ و ئاڵۆزیەکانـــەوە تووشـــی ناوچەکەیـــان دەبـــوو، خۆشەویســـتی ئـــەو خەڵکـــە بـــۆ کوردســـتان و مـــەلا مســـتەفا وەکـــو ڕابـــەری شـــۆڕش بەڕادەیـــەک بـــوو کـــە پێویســـتە وەکـــو ســـەروەریەکی پـــڕ لـــە شـــانازی و فیداکارانـــە بـــۆ ئـــەو خەڵکـــە لەمێـــژوودا تۆمـــار بکرێـــت. مـــن خـــۆم زۆرجـــار گوێـــم لـــە مـــەلا مســـتەفا بـــووە دەیفەرمـــوو: «نابێـــت چاکـــە و هەڵوێســـتی بـــەرزو مەردانـــەی خەڵکـــی زاخـــۆ و دهـــۆک و ئامێـــدی و شـــێخان و ســـێمێل و هەمـــوو ناوچەکـــە لەبیـــر بکەیـــن، نابێـــت هەڵوێســـتی گوندنشـــینانی ســـەر ســـنووری باکـــووری کوردســـتان لەبیـــر بکەیـــن، ئـــەو ڕۆژانـــەی هیـــچمان نەبـــوو ئـــەوان زۆر دڵســـۆزانە و ئازایانـــەو مەردانـــە ئێمەیـــان لـــە ئامێزگـــرت و بوونـــە پشـــت و پەنامـــان».

بەدرێژایـــی تەمەنـــی شۆڕشـــی ئەیلـــوول ژمارەیـــەک خەباتگێـــڕ و

تێکۆشــەری ناوچەکــە لــە بەتالیۆنەکــەم پێشــمەرگە بــوون و پێکــەوە بەرگــریمان لــە خــاک و نەتەوەکەمــان کــرد، هــەر هەموویــان بــۆ مــن هەڤــاڵ و بــرای خۆشەویســت بــوون و هەرگیــز لەبیریــان ناکــەم، مەخابــن بەشــێک لــەو قارەمانانــە شــەهید بــوون و بەشێکیشــیان لــە ژیانــدا مــاون کــە نــاوی هەندێکیانــم لــە بیــر مــاوە، وەکــو شــەهید حەمیــد حەفــزۆلا کــە فەرماندەیەکــی زۆر قارەمــان بــوو، حەمیــد خواســتی، شــەهید ئەحمــەد ئــادەم هێتوتــی، عەلــی قومــری، بەهجــەت قومــری، هەمــزە ســاڵح بەرگارەیــی، شــەوکەت قومــری، میرخــان باوەرکــی، مــەلا تاهــر مــەلا ئەحمــەد ڕەشــاڤەیی، عەبــدوڵا باپیــر ئامێــدی، عومەرخــان ڕێکانــی، محســن ئامێــدی، حســن هســن بکــری، هەمــزو ســپینداری، عەبــدوڵا حســن ئامێــدی و شــەهید محەمــەد لاسلکی.شــەهید محەمــەد کەســێکی زۆر ئــازاو قارەمــان بــوو لەســاڵی (١٩٧٥) لەلایــەن حکومەتــەوە دەســتگیر کــراو لەژێــر ئــازار و ئەشــکەنجەدا شــەهیدیان کــرد

## قسەی کۆتاییم بۆ نەوەی ئێستا و داهاتووی کوردستان

مــردن بەدەســت خــوای مەزنــە، بــەڵام تەمەنــم هەڵکشــاوە و لــە کۆتــا ڕۆژەکانــی ژیانــم نزیــک دەبمــەوە، بۆیــە وەکــو باوکێکــی میهرەبــان ڕووی دەمــم ئاراســتەی نــەوەی ئێســتا و داهاتــووی کوردســتان دەکــەم و پێیــان دەڵێــم: ئــەو دەســکەوتانەی لــەم بەشــەی کوردســتان بەدەســتهاتوون و بوونەتــە جێــی ئومێــدی چــل ملیــۆن مرۆڤــی کــورد؛ شــتێک نییــە بەخۆڕایــی بەدەســت هاتبێــت، بەڵکــوو بەرهەمــی

خوێنــی هــەزاران شــەهید و ڕەنــج و زەحمەتــی یــەک ســەدەی خەڵکــی کوردســتانە، بۆیــە گرینگــە بــە هەمووەمــان بیپارێزیــن و کاربکەیــن بــۆ بــاشتر گەشــەکردنی کۆمەڵگــەی کوردســتانی؛ بەشــێوەیەك برەوبــدەن بــە تواناکانــی خۆیــان و توانــا و لێهاتوویــان بــە ئاڕاســتەیەکی درووســت بەگەڕبخــەن؛ بــۆ خزمەتــی نیشــتیمان و نەتەوەکەیــان، تاکــە ڕێــگا برەودانــە بــە خۆشەویســتی نیشــتیمان، بەهێزکردنــی تواناکانیــان، لــە ڕووی زانســتی و مەعریفییــەوە خۆیــان دەوڵەمەنــد بکــەن و بەشــێك بــن لــە پێشــکەوتنی کۆمەڵگەکەمــان.

خۆزگــە و هــەزار خۆزگــە پێــشتر وەکــو ئێســتا تەکنەلۆژیــای گەیانــدن بەردەســت بوایــە، تــا بمانتوانیبــا وێنــەی ڕاســتەقینەی ئــەو ســەختی و دژواری و کارەســات و ماڵوێرانیانــە بــۆ نــەوەی ئێســتا بخەینــەڕوو کــە لــە ڕێــی ڕزگاری و ســەربەخۆیی کوردســتاندا ڕووبەڕوومــان بووتــەوە، خۆزگــە ڕابــردوو وەکــو فیلمێــک بوایــە و دەمتوانــی بیگەڕێنمــەوە دواوە تــا بــۆ چەنــد ســاتێک ئازایەتــی و جوامێــری و قارەمانێتــی و فیــداکاری مــەلا مســتەفا و هەڤاڵەکانــی لــە شۆڕشــەکانی بــارزان و بەرگریکــردن لــە کۆمــاری کوردســتان بــۆ نــەوەی ئێســتا نمایــش بکــەم، خۆزگــە دەمتوانــی بگەڕێمــەوە دواوە و بــۆ چەنــد چرکەیــەک وێنــەی ڕاســتەقینەی داســتانە مــەزن و چارەنووســازەکەی پــردی ساســۆن و دەشــتی ماکــۆ بــۆ نــەوەی ئێســتا نمایــش بکــەم، تــا بزانــن چــۆن و بــەچ هەســت و ڕوحێکــی فیداکارانــە و پــڕ لــە جوامێــری مــەلا مســتەفا و پێنــج ســەد پێشــمەرگەی شــەکەت و مانــدوو برســی و بــێ پــێڵاو و جلوبــەرگ ڕووبــەڕووی ســوپای زەبەلاحــی شــای ئێــران بوونــەوە و

بەسـەریدا سـەرکەوتن، خۆزگـە دەمتوانـی مێـژوو بگەڕێنمـەوە دواوە و بـۆ چەنـد سـاتێک هەڵمەتـی فیداکارانـەی پێشـمەرگە لـە چیـای مەتیـن و گەلـی زاوێتـە و گەلـی سـپی زاخـۆ و پێرس...هتـد بخەمـە بەرچـاوی نـەوەی ئێسـتای کوردسـتان، بـەڵام مەخابـن ئەمـە مەحاڵـە و هەرگیـز ڕوو نـادات، بۆیـە هـەر هێنـدە دەڵێـم تکایـە وەکـو وەفادارییـەک بـۆ خوێنـی شـەهیدان لەئاسـت ئـەم دەسـکەوتانەدا هەسـت بـە بەرپرسـیارێتی نەتەوەیـی و ئەخلاقـی بکـەن و دەسـتیان پێـوە بگـرن و بیانپارێـزن. ئـەم دەسـکەوتانە ئەمانەتێکـە بەگەردەنـی ئێـوەوە، تکایـە لەپێنـاو گەیـشتن بـە ئامانجـی بـەرزی نەتەوەیـیمان کـە سـەربەخۆیی کوردسـتانە نەفـەرەت لـە خیانـەت و دووبەرەکـی بکـەن و پشـت و پەنـای مەسـعود بارزانـی بـن، چونکـە تـا پرسـی کـورد لـە دەسـتی مەسـعود بارزانیـدا بێـت لـە دەسـتێکی ئەمیندایـە و مسـاوەمە لەسـەر بسـتێک لەخاکـی کوردسـتان ناکرێـت.



# وەسفێک لەفازل میرانییەوە بۆ تەیمەز ئارەب

## چۆن کاك تەیمەزم ناسی؟

کـە بـاس لـە تێکۆشـەرانی نـاوداری دەڤـەری بارزانـی لانـەی شۆڕشـەکان و بناغـەی دادپـەوەری و پێکەوەژیـان و بەرەنگاربوونـەوەی زوڵـم و زۆرداری دەکەیـن، لـە پێـش هەمـوو ئـەو تێکۆشـەرانە نـاوی قارەمانانـی بەشـداربووی ڕێـڕەوی بارزانـی نەمـر بـۆ یەکێتـی سـۆڤیەتی جـاران دێـت کـە دوای ئەنجامدانـی ئەرکـە نەتەوەییەکانیـان لـە دامەزرانـدن و بەرگریکـردن لـە کۆمـاری کوردسـتان چ ئەوانـەی شـەهید بـوون یاخـود برینداربـوون، ئـەم ڕێـڕەوە یەکێکـە لـە ڕێـڕەوە دەگمەنەکانـی جیهانـی، نەخاسـمە بەشـەڕ و خۆپـاراستن لـە هەمبـەر هێرشـی زەمینـی و ئاسمانـی سـوپا و تۆپخانـەی هەرسێ وڵاتـی عێـراق و تورکیـا و ئێـران

خوالێخۆشـبوو کاك تەیمـەز ئـارەب سـێلکی یەکێـك بـوو لـەو گەنجانـەی دەڤـەری مـزوری بـاڵا/ بـارزان کـە لەگـەڵ کۆمەڵێـك قارەمانـی تـر لـە خزمەتـی بارزانـی نەمـر ڕوویـان لـەو ڕێگـە سـەختە و چارەنـووس نادیـارە کـرد، وکـو هەڤاڵانـی سـەرکردە: ئەسـەعەد خۆشـەوی، عەلـی خەلیـل خۆشـەوی، عیسـی سـوار، سـەعید عەبدولوەهـاب ئەرگۆشـی، حاجـی حەیـدەر ئەرگۆشـی، عەبدالرەحیـم

جەسـیم، ئەحمــەد جەسـیم و هەڤاڵانــی تــر کــە بــە داخــەوە لــەم کاتــەدا ناویانــم لەبیــر نەمــاوە

ســاڵی ١٩٦٧ ئــەو کاتــەی ســەردانی بەڕێــزان: شــەهید عیســی ســوار ئامــر هێــزی زاخــۆ، عەلــی خلیــل ئامرهێــزی دهۆکــم کــرد لەگــەڵ برایــان ئەشــقی ئــارەب و ســەبری ئــارەب ئاشــنایەتیم پەیــدا کــرد، زانیــم برایەکیــان هەیــە ئامــر بەتالیۆنــە لــە دەڤــەری ئامێــدی بــە نــاوی تەیمــەز ئــارەب، زۆرم پێخۆشــبوو ببینــم، چونکــە ئەوانــەی لەگــەڵ بارزانــی نەمــر چوبوونــە ڕووســیا خۆشەویســتیەکی تایبەتیــان لای ئێمــە هەبــوو، لەبەرئــەوەی وامــان حیســاب دەکــرد کــە چاومــان بــە ئەمانــە دەکــەوێ و سڵاویــان لــێ دەکەیــن هەروەکــو ئــەوە وایــە ســەرۆك بارزانــی ببینیــن، ئەوەبــوو ســاڵی ١٩٦٨ کــە چووینــە گەلاڵــە بــۆ پەیمانــگای کادیــران چەنــد رۆژێــك لــە بــارەگای لقــی (١) لــە گونــدی گلناســکێ/ دەڤــەری دهــۆك مانیــەوە، بــارەگای هێــزی دهۆکیــش لــەوێ بــوو، بــە هەڵکــەوت خوالێخۆشــبوو کاك تەیمــەز ئــارەب هاتبــوە لای کاك عەلــی خەلیــل و ســەعید خەلیلــی بــرای، لــەوێ بــە خزمەتــی گەیشــتم و پێمگــووت: کاك تەیمــەز دەزانــی زۆرم مــەراق بــوو جەنابتــان ببینــم، لای ئــەو ســەیر بــوو کادرێکــی خەڵکــی دەڤــەری زمــار ئــەو هەســتەی هەبــێ، گوتــی: بــۆ شریــك؟ لەبــەر نــاوی منــە، گوتــم نــە قوربــان، جەنابــی عیســی ســوار و عەبدالرەحیــم جەســیم زۆر باســی تۆیــان بــۆ کــردووم کــە لــە ڕووســیا بــوون، بــە پێکەنینــەوە گوتــی: هــەر تــۆ مابــووی باســی منــی بــۆ بکــەن!؟ نەشــم زانــی مەبەســتی چیــە؟

دوای ڕێکەوتنی ئاداری ١٩٧٠ ئیتر کە بوومە کارگێری لقی (١) زۆر نزیکی یەکتر بووین، دوای نسکۆی ١٩٧٥ زیاتر و دوای سەرهەڵدانی پیرۆز هەر بووینە دۆست و برا، چونکە زۆر تێکەڵاوی پەیدا بوو لە نێوانماندا

خوالێخۆشبوو کاك تەیمەز مرۆڤێکی ئارام و بێ دەعیە و ئامادە بوو بۆ هەر خزمەتێك کە لە توانای دابوایە، زۆر جاریش کارێك ئەگەر بە دڵیشی نەبوایە لەبەر دڵسۆزی و بیروباوەری ئەنجامی دەدا، خوا جێگای کاك تەیمەز و هاوڕێکانی و گشت شەهیدانی کوردستان لە بەهەشت خۆش بکات

زۆریش خۆشحاڵم کە ئەمڕۆ لیوا بەهجەتی برازام دەبینم جێگای باوکی گرتۆتەوە و لە ڕێبازەکەی باوکی بەردەوامە

**فاضل میرانی**

**٢٠٢٣/٠٨/١٦**

## سوپاسنامەیەك لە بنەماڵەی تەیمەز ئارەب سێلکییەوە

گێڕانـــەوەی بەســـەرهاتێک کـــە (٧٠) ســـاڵ خەبـــات و قوربانیدانـــی بـــێ دابـــڕان لەپێنـــاو رزگاری و ســـەربەخۆیی کوردســـتان لەخـــۆ دەگرێـــت، ئەســـتەمە بتوانیـــن لـــە کتێبێکـــدا جـــێ ی بکەینـــەوە. بویـــە نەتوانـــرا لـــەم کتێبـــەدا ئامـــاژە بەنـــاوی هەمـــوو ئـــەو ســـەرکردەو فەرمانـــدەو خەباتگێـــڕە ماندونەناســـانە بکەیـــن کـــە ڕۆژگارێـــک هاوســـەنگەرو هەڤالـــی باوکـــم بـــوون لەســـەنگەری خەبـــات و کوردایەتیدا.بـــەم پێیـــە لەکاتـــی پێداچوونـــە بەبیرەوەریەکانـــی باوکـــم لەناخـــەوە هەســـتم بەئازارێکـــی قـــوڵ کـــرد. ئاخـــر ژیـــان و بەســـەرهاتی هـــەر یـــەک لـــەو قارەمانانـــە کـــە لەســـەر ڕێبـــازی بارزانـــی نەمـــر گیانـــی خویـــان بەخشـــیە خاکـــی کوردســـتان مێژوویەکـــە، مێژوویەکـــی پـــڕ لەهـــەورازو نشـــێو، لێوانلێـــوو لەخەبـــات و قوربانیـــدان و کولنـــەدان و فیـــداکاری

لـــەم ســـونگەوە بەپێویســـت دەزانـــم داوای لێبـــوردن لەکەســـوکاری هەریـــەک لـــەو قارەمانـــە ســـەربەرزانە بکـــەم کەناویـــان لـــەم کتێبـــەدا نەهاتـــووە. بـــۆ مـــن کـــوڕو کـــچ و نـــەوەی هەریـــەک لەهەڤالانـــی باوکـــم خوشـــک و بـــرای ئازیـــزن، بویەدلنیـــام بەدڵفراوانـــی و گـــەورەی خۆیـــان لـــێمان دەبـــورن.

درودو سلاو بـــۆ هەمـــوو ئـــەو قارەمـــان و مرۆڤـــە بەهەلۆێســـتانەی کـــە شانبەشـــانی باوکـــم و لەژێـــر ڕێبەڕایەتـــی بارزانـــی نەمـــرو ســـەرۆک مەســـعود بارزانـــی دا وەکـــو جەنـــگاوەری ئەفســـانەی لەشۆڕشـــەکانی بـــارزان و بەرگریکـــردن لەکومـــاری کوردســـتان و ڕێـــڕەوە مێژوویەکـــەی ئـــاراس و شۆڕشـــی ئەیلـــول گـــۆلان دا بەرگریـــان لەخواســـتە ڕەواکانـــی

کـورد کـردوو گیانــی پیرۆزیــان بەخاکــی کوردســتان بەخشــی

لەســایەی خوێــن و خەباتــی ئەوانــدا ئێمــە لەکوردســتانێکی ئــازادو ڕزگارکــراودا بەئارامــی و ســەربەرزی دەژیــن و خاوەنــی دەســکەوتی نەتەوەییــن، ئەرکــی ئێمەیــە وەکــو بیلبیلــەی چاومــان ئــەو دەســکەوتانە بپارێزیــن.

لەکوتاییــدا ســوپاس و ڕێــزی بــێ پایانــم بــۆ دەســتەی ئینســکلوپێدیای پارتــی دیموکراتــی کوردســتان کــە ئەرکــی بەچــاپ گەیاندنــی بیرەوەریەکانــی باوکمیــان لەئەســتۆ گــرت و بەچــاپ گەیانــد

سوپاســێکی تایبــەت بــۆ کاک ســیامند ســێلکی کــە لەســونگەی خەمخــوری پەرۆشــیەوە بــۆ مێــژووی پــڕ لەســەروەری ڕێبــازی بارزانــی نەمــر ئەرکــی نوســینەوەو ئامادەکردنــی بیرەوەریەکانــی باوکمــی هەلگــرت و ئامــادەی کــردن بــۆ چــاپ کــردن

ســوپاس بــۆ هەمــوو ئــەو بەڕێزانــەی کــە لــەو بــارەوە هاوکارمــان بــوون

**بەهجەت تەیمەز سێلکی**

٢٠٢٣/١١/٦



بارزانی نەمر لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران



# وێنەکان



باوکی ڕوحی نەتەوەی کوردو ڕابەری بزۆتنەوەی
ڕزگاریخوازی کوردستان مەلا مستەفا بارزانی



سەرۆک بارزانی و خودانی بارزان سالی ١٩٥٨

بەگوێرەی چەند گێڕانەوەیەکی پشت ڕاستکراوە کە موریدانی خودانی بارزان باسیان لێوە کردووە، بەهۆی ئەو بەهرەو تواناییانەی لەکەسایەتی سەرۆک مەسعود بارزانی دا بەدی کراون هەر لەسەرەتای تەمەنی گەنجێتیدا جەنابی سەرۆک بووتە جێی متمانەی خودانی بارزان، ئەمەش وایکردوو زۆر جار بۆ یەکلاکردنەوەی پرسە گرنگەکان بوچوونی جەنابیانی وەربگرێت



تەیمەز ئارەب سالی ١٩٥٢ یەکیتی سوڤیەت



بابەکر ئارەب برای تەیمەز ئارەب. یەکێک بوو لەشۆڕشگێڕانی شۆڕشی دووەمی بارزان و کوماری کوردستان و شۆڕشی ئەیلول و گولان و سێ جار بریندار بووە لەساڵی ٢٠٢٠ کوچی دوایی کردووە.



بارزانی نەمر وعەلی خەلیل



بارزانـــی نەمـــرو کومەلێـــک خەباتگێـــڕی کـــورد لەمەهابـــاد
١٩٤٦



بارزانی و نەمرو پێشەوا قازی ١٩٤٦ مەهاباد



تەیمـەز ئـارەب و خیـزان و مندالەکانـی سـالی ١٩٧٧ شـاری مەشـهەدی ئێـران



عەلی شەعبان یەکێک بوو لەفەرماندە ئازاکانی شۆڕشی دووەمی بارزان و بەرگریکردن لەکوماری کوردستان و ڕێڕەوە مێژوویەکەی ئاراس و شۆڕشی ئەیلول و گۆلان.لەسالی ١٩٩٥ لەگەل کورێکی بەناوی هەمزە شەهید بووە.



تەیمەز ئارەب و عەشقی ئارەبی برای



تەیمەز ئارەب و سەبری ئارەبی برای



تەیمەز ئارەب لەشۆڕسی ئەیلول



تەیمــەز ئــارەب ســاڵی ١٩٩٦ لەکاتــی وەرگرتنــی میداڵیــای بارزانــی نەمــر



پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول گولان هەسەد ئارەب برای
تەیمەز ئارەب لە ساڵی ٢٠٢٠ کۆچی دوای کردووە



تەیمەز ئارەب و  نوسەری کورد حامد گەوهەری



تەیمەز ئارەب و خیزانەکەی مەسیف سەلاحەدین



تەیمەز ئارەب و سەلیم ئەسعەد خوشەوی مەسیف سەلاحەدین



تەیمەز ئارەب و گوهدار تەیمەز



حسو میرخان دولەمەری فەرماندەی هێزی شێخان، وەکو شۆڕشگێرێکی ماندونەناس بەشداری کردووە لەشۆڕشی ١٩٤٣ و ١٩٤٥ ی بارزان و کوماری کوردستان و ڕێڕەوە مێژوویەکەی ئاراس و شۆڕشی مەزنی ئەیلول و گولان و ڕاپەڕین.لەسالی١٩٩٦ کوچی دوای کردووە



چوار ئەفسەرەکەی لێژنەی ئازادی خیرواللە عبدولکریم، مستەفا خوشناو. عزت عبدولعزیز، محمد محمود قودسی لە١٩ی حزیرانی ١٩٤٧ لەسێدارەدران



تەیمەز ئارەب و عەلی شنگالی لەهەولیر



دانیشتوان لە ڕاستەوە بۆ چەپ سلیم مەلا یەحیا دیزویی،جبو سیلکی، عیسا سوار، سەنعان سلوری، خالد دیزۆیی ڕێزی دواوە حسێن محمدسێلکی



جەمیلـە سـور بامەڕنـی لەسـالی ١٩٦٣ لەداسـتانە مەزنەکـەی مەتیـن شـەهید بـوو



جوهـەر حسـێن سـێلکی لەیەکێتـی سـوڤیەت لەسـالی
١٩٦٣ لەداسـتانە مەزنەکـەی مەتیـن شـەهید بـوو



حاچــک چـەمــی یـەکێـک بــوو لەفەرمانــدە هــەرە ئــازاو قارەمانەکانــی شۆڕشــی دووەمــی بــارزان و کومــاری کوردســتان و ڕێــڕەوە مێژووکــەی ئــاراس و شۆڕشــی ئەیلــول و گــولان لەســالی ١٩٩٩ کوچــی دوای کــردووە



حسو میرخان ژاژوکی و عبدولرەحیم جەسیم وەکو دوو فەرماندەی قارەمان و ماندونەناس بەشداریان لەشۆڕشی دووەمی بارزان و کوماری کوردستان و ڕێڕەوە مێژووکەی ئاراس و شۆڕشی ئەیلول و گولاندا کردوە،لە١ی ئەیلولی ١٩٨٣پێکەوە شەهید بوون



حسێن شێخ بەنانی یەکێک بوو لەفەرماندە قارەمانەکانی شۆڕشی ئەیلول و گولان لەسالی ۲۰۱۱کوچی دوایی کردووە




دانیشتووەکان لە ڕاستەوە بۆ چەپ مەلا ڕەش مەزنەیی بارزانی نەمر، حەکیم عیسا پێندروی، حسێن خەلانی. ڕیزی دواوە لە ڕاستەوە بۆ چەپ عمر محمد ئەمین لێڕی، محمد ئەمین میرخان، تەیمەز ئارەب، محمد عمر ئاغا خەلانی.



خـــودادا حســـن خەلکـــی ڕۆژ هەلاتـــی کوردســـتان بـــوو، لەکاتـــی ڕێـــڕەوە مێژوویەکـــەی ئـــاراس دا پەیوەنـــدی بەبارزانـــی نەمـــرەوە کـــردوو لەســـالی ١٩٥٨ گەڕایـــەوە باشـــوری کوردســـتان و بەشـــداری شۆڕشـــی ئەیلولـــی کـــردووە.
لەســـالی ١٩٩١ کوچـــی دوای کـــردووە



دکتور سەعید ئەحمەد یەکێک بوو لەفەرماندە قارەمانەکانی شۆڕشی دووەمی بارزان و کوماری کوردستان و ڕێڕەوە مێژوویەکەی ئاراس و شۆڕشی ئەیلول و گولان لەسالی ١٩٩٩ کۆچی دوایی کردووە




ڕیزی پێشەوە لە ڕاستەوە بۆ چەپ مامند مەسیح و بارزانی نەمر. ڕیزی دواوە لە ڕاستەوە بۆ چەپ تەیمەز ئارەب، حسو میرخان دولەمەری، مەلا شنی



ژمارەیەک پێشمەرگەی بەتالیونی ئامێدی شۆرشی ئەیلول




ژمارەیەک پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول



ڕێورەسمی ئاهەنگی یادی کوماری کوردستان
لەپەرلەمانی کوردستان لەناوەراستی وێنەکەدا تەیمەز ئارەب
و هونەرمەند گولستان پەروەرو شیرین ئامیدی بەدی دەکرێن



ژمارەیەک هەڤالی بارزانی نەمر لەیەکیتی سوڤیەت



ژمارەیـەک هەڤالـی بارزانـی نەمـرو کەمـال کەرکوکـی سـەرۆکی پەرلەمانـی کوردسـتان لـە تـەلاری پەرلەمانـی کوردسـتان




سالح تاهر سیلکی بەشداری کردووە لەشۆڕشی ١٩٤٥ بارزان و کوماری کوردستان و ڕێڕەوە مێژوویەکەی ئاراس و لەشۆڕشی ئەیلولدا بریندار بووەو لەسالی ١٩٨٣ ئەنفالکراوە



سـالح کانیەلجـی نـاسراو بەسـاکو، یەکێـک بـوو لەقارەمانانـی شۆڕشـەکانی بـارزان و کومـاری کوردسـتان و ڕێـڕەوە مێژوویەکـەی ئـاراس و شۆڕشـی ئەیلـول و گـولان. زیاتـر لەدەجار بریندار بووە.



سالی ١٩٧٠ ئاهەنگی ڕێککەوتنی یازدەی ئازار لەئامێدی.




سلێمان لاچ یەکێک بوو لەو شۆڕشگێڕە ماندونەناسانەی کەوەکو قارەمانێک بەشداری شۆڕشەکانی بارزان و کوماری کوردستان و ڕێڕەوە مێژوویەکەی ئاراس و شۆڕشی مەزنی ئەیلولدا کردووە لەسالی ١٩٦٢ لەگەل ئامۆزایەکی بەناوی خەلیل شەهید بووە



سەرۆک بارزانی سەرەتای شۆڕشی ئەیلول



سـەرۆک بارزانـی شۆڕشـی گـولان سـالی ۱۹۸۸ کاتـی تومـار کردنـی داسـتانی خواکـوڕک



سەرۆک بارزانی لەشۆڕشی گولان سالی ١٩٨٦ گۆندی سێلکێ



سەرۆک بارزانی و عەلی خەلیل شۆڕشی گولان سالی ١٩٨٧ دەڤەری بادینان



سـەرۆک بارزانـی و ئیدریـس بارزانـی لەسـەردەمی شۆڕشـی گولاندا



سـەرۆک مەسـعود بارزانـی و ژمارەیـەک هەڤالـی بارزانـی نەمـر لەدەڤـەری بـارزان




سەرۆک مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی لەسەردەمی
شۆڕشی ئەیلول



سەرۆک مەسعود بارزانی و تەیمەز ئارەب



سیداد بارزانی و تەیمەز ئارەب



سەرۆک بارزانی و لیوا بەهجەت تەیمەز



شەکر محمد سێلکی بەشداری کردووە لەشۆڕشی ١٩٣٢ و شۆڕشی ١٩٤٥ بارزان و کوماری کوردستان و ڕێڕەوە مێژوویەکەی ئاراس و شۆڕشی مەزنی ئەیلول، لەسالی١٩٧٤ کوچی دوایی کردووە.



شۆڕشگێڕ حەمید خواستی یەکێکە لەقارمانانی شۆڕسی ئەیلول و گولان



شــەهید هاشــم مێــرۆزی و هــەردوو کوڕەکــەی شــەهید حســێن و شــەهید سادق




عەریــف دەروێــش ســندی یەکێــک بــوو لەفەرمانــدە قارەمانەکانــی شــۆڕشــی ئەیلــول و گــولان لەســالی ٢٠٢١کوجــی دوای کــردووە




شێخ ئەحمەد (خودانی بارزان) و بارزانی نەمر



لە ڕاستەوە بۆ چەپ بارزانی نەمر، علی خەلیل، ئەسعەد خوشەوی، دکتور سعید ئەحمەد نادر



عبــدولا حوســێن ئامێــدی پێشــمەرگەی ئەیلــول و گــولان،
کۆچی دوای کردووە



شێموی فەلە ئەوکاتەی پولیس بوو لەناوەراستی سالانی
سیەکانی سەدەی رابوردو



عمـر ئاغـا دولەمـەری یەکێـک بـوو لەفەرمانـدە ئـازاو قارەمانەکانـی شۆڕشـی ئەیلـول و گـولان و ڕاپەڕیـن، لەسـالی ١٩٩٥ شـەهید بـوو.



عەریـف سـلێمان دوسـکی فەرمانـدەی بەتالیونـی هەلگـورد
لەسـالی ١٩٨٠ شـەهید بـووە



عیسا سوار فەرماندەی هێزی زاخۆ، یەکێک بوو لەناودارترین سەرکردەکانی شۆڕشی ئەیلول.وەکو فەرماندەیەکی قارەمان بەشداری کردووە لەشۆڕشەکانی بارزان و کوماری کوردستان و ڕێڕەوە مێژوویەکەی ئاراس و شۆڕشی ئەیلول.لەسالی ۱۹۷۵ شەهید بووە



عیسا سوارو تەیمەز ئارەب لەیەکیتی سوڤیەت



عیسا سوارو کومەڵێک پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول لەزاخۆ



فەیزی پێندرویی و خیزانەکەی لەیەکیتی یەکێتی سوڤیەت. یەکێک بوو لەقارەمانەکانی شۆڕشی بارزان و کوماری کوردستان و ڕێڕەوە مێژوویەکەی ئاراس و شۆڕشی ئەیلول.سێ جار بریندار بووەو لەسالی ١٩٩٩ کوچی دوای کردووە



قەتران ئارەب برای تەیمەز ئارەب



لـە ڕاسـتەوە بـۆ چـەپ حاچـک چەمـی. محمـد ئەمیـن سـێدەری، حسـن عبـدولا سـێلکی



لە ڕاستەوە بۆ چەپ عمر ئاغا دولەمەری، مستەفا عەبدولا کرکەمۆیی، صابر بارزانی



لە ڕاستەوە بۆ چەپ مستەفا پێندرویی، ئەسعەد خوشەوی، حسێن شێخ بەنانی



لە چەپەوە بۆ ڕاست عمر ئاغا دولەمەری. کەمال محمد ئەمین،محمد عمر ئاغا. چوارەم نەناسراوە



لە ڕاستەوە بۆ چەپ کازم شانەدەری، خدر وەسمان، تەیمەز ئارەب



لە ڕاستەوە بۆ چەپ، تەیمەز ئارەب، سەلیم ئەسعەد خوشەوی، جبو سێلکی



لەڕاستەوە بۆ چەپ شێخومەر کانیا دێری تەیمەز ئارەب، سەفەر یوسف ژاژوکی، مەلا براهیم هەسنەکی،کازم شانەدەری، تەیمور شکاک



محسن ئامێدی و عبدولڕەحیم جەسیم لەناوەڕاستی وێنەکەدا دەبینرێن



محمد ئەمین میرخان لەیەکێتی سوڤیەت. یەکێک بوو
لە سەرکردە قارەمانەکانی شۆڕشی دووەمی بارزان و
کوماری کوردستان و ڕێڕەوە مێژوویەکەی ئاراس و شۆڕشی
ئەیلول لەسالی ١٩٦٢ شەهید بووە



مستەفا نێروەیی یەکێک بوو لەفەرماندە قارەمانەکانی شۆڕشی ئەیلول و گولان



هونەرمەندی کورد شڤان پەروەرو تەیمەز ئارەب مەسیف سەلاحەدین



مەسرور بارزانی و لیوا بەهجەت تەیمەز




هاشم مێرۆزی یەکێک بوو لەفەرماندە قارەمانەکانی شۆڕشی ئەیلول.لەسالی ١٩٦٦شەهید بووە.کوڕێکی بەناوی حسێن لەسالی ١٩٩٥ و کوڕێکیشی بەناوی سادق لەسالی ١٩٨٦ شەهید بووە.




یاسین مکائیل سێلکی یەکێک بوو لەشۆڕشگێڕانی شۆڕشی دووەمی بارزان و کوماری کوردستان و ڕێڕەوە مێژوویەکەی ئاراس و شۆڕشی ئەیلول و گولان لەسالی ٢٠٠٧ کوچی دوای کردووە



ئەحمەد ئادەم هێتوتی لەشۆڕشی ئەیلول شەهید بووە



ئیدریس بارزانی و کومەلێک پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول



ئەسعەد خوشەوی و ڕەمەزان عیسا



شـەهید وەیسـی بانـی یەکێـک بـوو لەفەرمانـدە قارەمانەکانـی شۆڕشـی ئەیلـول و گـولان و لەسـەرەتایی شۆڕشـی گولانـدا شـەهیدبووە



فەتاح عمر هەرگوشی یەکێک بوو لەشۆڕشگێڕانی شۆڕشی دووەمی بارزان و بەرگری کردن لەکوماری کوردستان و ڕێڕەوە مێژوویەکەی ئاراس و شۆڕشی ئەیلول.لەسالی ١٩٦٣ دا لەکاتی هیرشی فراوانی جاش و سوپای عێراق بۆ سەر دەڤەری بارزان لەبەرگریەکی قارەمانانەدا لەگۆندی چەمێ شەهید بووە. چەند ڕۆژێک پێش شەهید بوونی هەڤالێکی بەناوی سەلیم سالح سپینداری شەهید بووەو جەنازەی ئەو شەهیدەی هەلگرتووەو بەو هۆیەوە هەموو جل بەرگەکانی خەلتانی خوین بوون. هەڤالانی داوای لێ دەکەن جلەکانی بشوات، ئەویش لەوەلامدا دەلێ ئەو خوێنە پیرۆزەو زۆری نەماوە خوینی منیش تێکەل بەخوێنی ئەو دەبێت، بوویە جلەکانم ناشۆم و با خوینی من و سەلیم تێکەل بەیەکتر بێت. هەر بەو جلانەوە دەمێنەتەوەو دوای حەفتەیەک خویشی شەهید دەبێت و خوینی تێکەل بەخوینی شەهید سەلیم دەبێت.



سـەلیم سـالح سـپینداری یەکێـک بـووە لەشۆڕشـگێڕانی شۆڕشـی دووەمـی بـارزان و بەرگریکـردن لەکومـاری کوردسـتان و ڕێـڕەوە مێژوویەکـەی ئـاراس و شۆڕشـی ئەیلول.لەسـالی ١٩٦٣ لەبەرگریەکـی قارەمانانـەدا لەشـەڕی مەیـدان موریـک شـەهید بـووە.



مەجید بژیانـی یەکێـک بـووە لەشۆڕشـگێڕانی شۆڕشـی بـارزان و بەرگریکــردن لەکومــاری کوردســتان و ڕێــڕەوە مێژووییەکــەی ئـاراس و شۆڕشـی ئەیلـول لەسـالی ١٩٦٨ برینـدار بـووەو دواتـر بـەو برینـەوە شـەهید بـووە.



پیـرو چیچـو گویـزی یەکێـک بـووە لەشۆڕشـگێڕانی شۆڕشـی دووەمـی بـارزان و کومـاری کوردسـتان و ڕێـڕەوە مێژوویەکـەی ئـاراس و شۆڕشـی ئەیلـول لەسـالی ٢٠٠٦ کوچـی دوایـی کـردووە. لەکاتـی ڕێـڕەوە میژوویەکـەی ئاراس برایەکـی بەناوی حاجـی لەداسـتانە مەزنـەی دەشـتی ماکـو شـەهید بـووە.



سەلیم حسێن گویزی یەکێک بووە لەشۆڕشگێڕانی شۆڕشی بارزان و کوماری کوردستان و ڕێڕەوە مێژوویەکەی ئاراس و شۆڕشی ئەیلول. لەسالی ١٩٨٨ کوجی دوای کردووە. لەکاتی ڕێڕەوە مێژوویەکەی ئاراسدا برایەکی بەناوی سالح لەگۆندی باسیان شەهید بووە.



سەرۆک بارزانی و سیامند سێلکی ٢٠٢٣ دهۆك



سەرۆک بارزانی و سیامند سێلکی ٢٠٢٠ مەسیف سەلاحەدین

## سیامند سێلکی لەچەند دێڕێکدا.

لەسالی ١٩٦٨ لەگۆندی سێلکێ لەدایک بووە.

تا پۆلی یەکی ناوەندی خوێندووە.

لەسالی ١٩٨٣ و دوای پروسەی ئەنفالکردنی بارزانیەکان لەلایان حکومەتی عێراقەوە دەستی لەخوێندن هەلگرتووەو ڕووی کردووتە ناوچە رزگار کراوەکانی ژێر دەسەلاتی شۆڕشی گولان و بووتە پێشمەرگە.

لەخەباتی پێشمەرگایەتیدا جارێک بەسەختی بریندار بووە.

لەژیان و خەباتی سیاسیدا کومەلێک بەرپرسیارێتی وەرگرتووەو ئیستا ئەندامی دەستەی چاودێری و بەدواداچوونی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

بەشداری کردووە لەدەیان سمینارو کونفرانس و کوبوونەوەی سیاسی و رەوشەنبیری.

لەسالی ٢٠٠٦ بەرهەمێکی بەناوی (کاروانێ سەرفەرازیێ) چاپ و بلاوکردووتەوە، هەروەها لەسالی ٢٠٠٧ بەرهەمێکی دیکەی بەناوی (ل چیایێ شیرینێ هەتا بیابانێت مرنێ) چاپ و بلاوکردووتەوە.

دەیان وتاری لەبارەی پرسە سیاسی و مێژوویی و ئەدەبیەکان لەڕۆژنامەو گوڤارەکانی کوردستان بلاو کردووتەوە


گوندی سێلکێ

## کورتەیەك لەسەر مێژوو جوگرافیای گۆندی سێلکێ

گۆندی سێلکێ دەکەوێتە باکوری دەڤەری بارزن و نزیکە لەسنوری نێوان باکورو باشوری کوردستان، لەڕووی ئیداریەوە سەر بەناحیەی شێروان مەزنی قەزای مێرگەسۆرەو دوو سەد کیلومەتر لەسەنتەری پارێزگای هەولیر دوورە. لەسەردەمی شێخ محمدی بارزانیدا خەلکی گۆندی سێلکی بوونەتە موریدی شێخانی بارزان و بەدرێژایی مێژوو بەدلسۆزی و بێ دابڕان لەسەر ڕێبازی بارزانی نەمر خەباتیان کردووەو قوربانیان داوە. بەشداری کارایان کردووە لەراپەرینی شێخ عبدولسەلامی بارزانی دژی داگیرکەرانی دەولەتی عوسمانی و لەوپێناوەدا ژمارەیەک شەهیدیان بەخاکی کوردستان بەخشیوە وەکو عیسای باپیری شەهید عیسا سوارو ئاودیش کە دەکاتە مامی ئەسعەد خوشەوی. لەناو گۆندی سێلکێدا ژمارەیەک سەرکردەی قارەمان هەلکەوتوون و بەپشتیوانی خەلکی ناوچەی مزۆری بالا ڕۆلێکی دیارو کاریگەریان گێڕاوە لەشۆڕشەکانی بارزان و کوماری کوردستان و ڕێڕەوە مێژوویەکەی ئاراس و شۆڕشی مەزنی ئەیلول و گولان و ڕاپەڕین. خەلیل خوشەوی و خوشەوی خەلیل و ئەسعەد خوشەوی و عیسا سوارو عەلی خەلیل دیارترینی ئەو سەرکردانە بوون و گیانی خویان بەخاکی کوردستان بەخشیوە

بەگشتی خەلکی گۆندی سێلکێ (٤٥) شەهدیان بەخاکی کوردستان بەخشیوەو (٤٢) کەسیشیان لەپروسەی ئەنفالکردنی بارزانیەکان ئەنفال کراون، یەکەم شەهیدی کوماری کوردستان شەهید خوشەوی خەلیل بوو، یەکەم تاوانی سەر بڕین

کەداگیرکەرانــی کوردســتان دژی کــورد ئەنجامیانــداوە ســەربڕینی خەلیــل خوشــەوی و ســەلیم خوشــەوی بــرای بــوو لەســالی (١٩٣٦)دا. بەدرێژایــی مێــژووی پــڕ لەســەروەری ڕێبــازی بارزانــی نەمــردا گۆنــدی ســێلکێ (١١) جــار لەســەر دەســتی داگیرکەرانــی کوردســتان کاول و وێــران کــراوە

# پەراوێزەکان

١- شـێخ عبدولسـەلامی بارزانـی براگـەورەی بارزانـی نەمـر بـوو ، لەسـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا لەچوارچێـوەی جیبەجێکردنـی پرۆژەیەکـی گشـتگیرو هەمەلایەنـەدا کومەلێـک ڕیفورمـی کومەلایەتـی ئەنجامـداو لەورێگایـەوە حـەوت عەشـیرەتی کوردسـتانی لەسـەر نـاوی میللەتـی بـارزان یەکخسـت . ئـەم یەکخسـتنە پلانێکـی ستراتیـژی بـوو بـۆ یەکگرتنـی هەمـوو کـورد .ئامانجیـش لـەم یەکگرتنـە یەکخسـتنی هێـزو تواناکانـی کـورد بـوو لەشۆڕشـێکی ڕزگاریخوازانـەدا لەپێنـاو ڕزگاری و سـەربەخۆیی کوردسـتاندا . پـاش یەکخسـتنی حـەوت عەشـیرەتەکەی دەڤـەری بـارزان ، شـێخ عبدولسـەلام لەپینـاو پراکتیزەکردنـی پلانـە ستراتیژیەکـەی بـۆ یەکگرتنـی هەمـوو کـورد، لەسـالی (١٩٠٧) سـەردانی دەڤـەری بادینانـی کـردوو لەتەکیـەی بریفکانـی نزیـک دهـوک کوبوونەوەیەکـی بـۆ هەمـوو سـەرۆک هـۆزە دیارەکانـی دەڤـەری بادینـان ڕێکخـستن . لەکوبوونەوەکـەدا شـێخ عبدولسـەلام بەرنامـەو پلانـی خـۆی بـۆ رزگاری و سـەربەخۆیی کوردسـتان خستە ڕوو داوای لێکـردن هەمـووان لەپێنـاو نەتەوەکەیانـدا پشـتیوانی لـێ بکـەن. وەکـو هەنـگاوی یەکـەم هەمـوو ئامـادە بـووان ڕێککەوتـن لەپینـاو مسـۆگەرکردنی مافـە سـەرەتایەکانی کـورد یاداشـتێک ئاراسـتەی دەولەتـی عوسمانـی بکـەن . یاداشـتەکە لـەم خالانـە پێـک هاتبـوو

یەکەم :زمانی کوردی لەناوچە کوردستانیەکاندا زمانی فەرمی بێت،

دووەم:لەناوچـە کوردسـتانیەکان پـەرە بەکەرتـی پـەوەردە بدرێـت و خوێنـدن بەزمانـی کـوردی بێـت

سـێیەم :سـەرۆکی یەکـە ئیداریـەکان کـورد بـن یـان بـەلای کەمـەوە زمانـی کـوردی بزانـن

چوارەم : ئایینی ئیسلام سەرچاوەی یاساکان بێت.

پێنەجـەم :ئـەو باجانـەی لەناوچـە کوردسـتانیەکان وەردەگیرێـت بـۆ ئاوەدانـی ناوچەکـە بـەکار بهێنرێـن

لەکوبوونەوەکــەدا هەمــوو ئامادەبــووان بەڵێنیــان دا هــاوکارو پشــتیوانی شــێخ عبدولســەلام بــن . کاتێــک یاداشــت نامەکــە گەیشــتە دەســەلاتدارانی عوسمانــی ئەوەیــان بەهەنگاوێــک بــۆ پارچــە کردنــی ئومەتــی ئیسلامــی و دژایەتیکردنــی دەولەتــی عوسمانــی لەقەلەمــدا !

بوویــە یەکســەر هزێکــی گەورەیــان بــەرەو ناوچــە کوردســتانیەکان جولانــدو داوایــان لــە هەمــوو ســەرۆک هــۆزەکان کــرد تووبــە بکــەن و پەشــیمانی خویــان لەیاداشــتنامەکە دەرببــڕن و دووبــارە وەفــاداری خویــان بــۆ ســولتان و دەولەتــی عوسمانــی دەرببــڕن . مەخابــن هەمــوو ســەرۆک هــۆزەکان لــەو بەڵێنــەی بەشــێخی بارزانیــان دا بــوو هەلگەڕانــەوەو تەســلیم بەئیــرادەی عوسمانیــەکان بــوون . لەئەنجامــی ئەمــەدا عوسمانیــەکان هەمــوو قورســایی هیزەکانیــان خســتە ســەر بــارزان ، بارزانیــەکان بەڕابەرایەتــی شــێخ عبدولســەلام بەرگریەکــی قارەمانانــەو پــڕ لەفیداکاریــان کــرد . دوای ئەنجامدانــی دەیــان داســتانی پــڕ لەســەروەری هێزەکانی عوسمانــی توانیــان ناوچەکــە داگیــر بکــەن و بــارزان و هەمــوو گۆندەکانــی ناوچەکەیــان ســۆتاندو وێــران کــرد . خێــزان و کەســوکاری شــێخی بــارزان و بەشــێکی خەلکــی ناوچەکەیــان وەکــو دیلــی شــەڕ دەســتگیر کــردوو لەموســل زیندانــی کــران ، بارزانــی نەمــر کــە ئــەوکات تەمەنــی ســێ ســالان بــوو یەکێــک بــوو لەدیلــەکان و لەگــەل دایکــی زیندانــی کرا.تــا ســالی ١٩١٣ بزۆتنــەوەی شۆڕشــگێڕی بــارزان بەڕابەرایەتــی شــێخ عبدولســەلام دژی عوسمانیــەکان بــەردەوام بــوو ، لــەو ســالەدا شێخ عبدولسـەلام بـۆ بەدەسـت هێنانی پشـتیوانی و فراوانکردنـی خەباتـی نەتەوایەتی لەســەر ئاســتی کوردســتانی گــەورە ، ســەردانی بەشــێکی زۆری ســەرۆک هۆزەکانــی باکــوری کوردســتان و ڕۆژ هەلاتــی کوردســتانی کــردوو لەگەلیــان کوبوویــەوە وەکــو ســەید تەهــای نەهــری و ســمکوی شــکاک . دیســان بــۆ بەدیهێنانــی پشــتیوانی بــۆ بزۆتنــەوەی شۆڕشــگێڕی کوردســتان لەگــەل ســمکوی شــکاک چــووە تەفلیــس و لــەوێ چــاوی بەنوێنــەری دەولەتــی قەیســەری ڕوســیا کــەوت . لەگەڕانــەوەدا لەناوچــەی شــکاکان لەگــەل ســمکوی شــکاک لەیــەک جیــا بوونــەوە . لەگۆنــدی (کەنگەجیــن) نزیــک شــاروچکەی (ســێرۆێ) موختــاری گۆنــد بەنــاوی ســوفی عبــدولا داوای لەشــێخ عبدولســەلام کــرد کەبــۆ پشــوودانێک میوانــی ئــەو بێــت . شــێخ داواکــەی قەبــول کــردو شــەو لەگۆندەکەیــان مایــەوە . ســوفی عەبــدولا لەپێنــاو وەرگرتنــی ئــەو بەخشیشــەی کەعوسمانیــەکان بــۆ کوشتن یــا دەســتگیر کردنــی شــێخی بــارزان دیاریان

کـرد بـوو . لەنـاو مالـی خویـدا شـێخ عبدولسـەلامی بارزانیـان دەسـگیر کـردوو ڕادەسـتی عوسمانیـەکان کـرد . لـە(١٠١٤/١٢/١٤) عوسمانیـەکان لەشاری موسـل شـێخ عبدولسـەلامی بارزانیـان بەتاوانـی هەولـدان بـۆ پارچـە کردنـی ئومەتـی ئیسلامـی و دژایەتیکردنـی دەولەتـی عوسمانـی لەسـێدارە درا !

لەسـالی (٢٠٠٥) لەڕێورەسـمی گەڕاندنـەوەی ڕۆفاتـی ئەنفالکراوانـی بارزانیـدا جـەلال تالەبانـی سـەرۆک کومـاری ئەوکاتـی عیـراق لەوتارێکـدا باسـی لـەو سـاتانە کـرد کـە عوسمانیـەکان شـێخ عبدلسـەلامی بارزانیـان بـەرەو پەتـی سـیدارە بـردو لـەو بـارەوە گوتـی: کاتێـک عوسمانیـەکان پەتـی سـێدارەیان خستە مللـی شـێخ عبدولسـەلام ، شـێخ بەدەنگێکـی بـەرز هـاواری کـردوو گوتی(قـۆڕ بەسـەرتان بەکوشـتنی مـن کـورد خـەلاس نابـن ، هـەر قەترەیـەک لەخوێنـی مـن دەبێتـە بورکانێـک ئاگـرو لەبـارزان بـەرز دەبێتـەوەو دەتـان سـۆتێنێت )

بـەم شـێوەیە شـێخ عبدولسـەلام وەکـو زانـاو بیرمەندێکـی مـەزن بەئەنجامدانـی ڕیفورمـی کومەلایەتـی لەناوچـەی بـارزان گۆڕانێکـی ڕیشـەیی لەژیـان و گوزەرانـی خەلکـی ناوچەکـەدا دروسـت کـرد . ئـەو بەهایانـەی کـە ئـەوکات لەسـەر دەسـتی شـێخ عبدولسـەلام لەناوچەکـەدا بوونـە پێـوەرو بنەمـا بـۆ بەڕێوەبـردن و بنیاتنانـی ژیـان وەکو(ژینگـە پارێـزی ، لێبـوردن و پێکەوەژیانـی ئاشـتیانە ، یەکسـانکردنی تاکـەکان لەئـەرک و مافـدا، سەربەسـتکردنی کـچ و کـوڕ لەپێکەوەنانـی ژیانـی هاوسـەریدا، قوربانیـدان لەپینـاو ڕزگاری و سـەربەخۆیی ، ...هتـد)دوای سـەد سـال پێشـکەوتووترین ولاتانـی جیهـان ئـەو بەهایانەیـان کـردە بنچینـە بـۆ دامەزرانـدن و پێکەوەنانـی کومەلگایەکـی تەندروسـت و سـەردەمیانە . بـەم پێیـە دەتوانیـن بێژیـن دونیابینـی و بیرکردنـەوەی شـێخ عبدولسـەلام بـۆ مـرۆڤ سـازی و پێگەیاندنـی مـرۆڤ وەکـو تاکێکـی وشـیارو کامـل لەهەمـوو ڕوویەکـەوە یـەک سـەدە لەپێـش بیرکردنـەوەی زانـاو بیرمەندانـی جیهانـی بـووە

هەروەهـا لەبـواری هوشـیاری نەتەوایەتـی و هـزری ڕزگاریخوازیـدا شـێخ عبدولسـەلام ڕۆلێکـی گرنگـی گێـڕا، ڕێبازەکـەی وەکـو فەلسـەفەیەکی هـزری و شۆڕشـگێڕانە بـووە داینەمـوی جوشـدانی خەباتـی کوردایەتـی. زیاتـر لەیـەک سـەدەیە لەژێـر ڕۆشـنایی فەلسـەفەو هـزری شـێخ عبدولسـەلامدا تەسـلیم نەبـوون بەئیـرادەی داگیرکەرانـی کوردسـتان و هەلبژاردنـی مردنێکـی سـەربەرزانە لەپێنـاو

ڕزگاری و سـەربەخۆیی کوردسـتاندا  بووتـە بەشـێک لەفەرهەنـگ و کولتـووری بارزانیـەکان .

٢- دوای لەسـێدارەدانی شـێخ عبدولسـەلامی بارزانـی ، شـێخ ئەحمـەد (خودانـی بارزان)ڕێبەرایەتـی تەریقـەت و بزۆتنـەوەی شۆڕشـگێری بارزانـی گرتـە دەسـت و پـەرەی بـەو ڕێبـازە فکـری و شۆڕشـگێڕیەدا کـە شـێخ عبدولسـەلام دامەزرێنـەری بـوو .ڕابەرایەتـی شۆڕشـی (١٩٣١و ١٩٣٢)ی بارزانـی کـردووە . لەپائیـزی (١٩٣٢)دا دوای چـڕ بوونـەوەی هێـرش و پەلامـارە سـەربازیەکانی دەولەتـی مەلکـی عێـراق و دەولەتـی بەریتانیـا بەهـاوکاری سـەرۆک هـوزە خیانەتکارەکانـی کـورد بـۆ سـەر بـارزان .شـێخ ئەحمـەد دوای وەرگرتنـی رەزامەنـدی دەولەتـی تورکیـا لەگـەل زۆربـەی بارزانیـەکان پەنایـان بـردە نـاو خاکـی تورکیـا ، دوای گەیشـتنیان دەولەتـی تورکیـا لـەو بەلێنـەی بەشـێخی بارزانـی دابـوو هەلگەڕایـەوەو خودانـی بارزانـی رادەسـتی دەولەتـی عێـراق کـردەوە . دوای ئـەو خیانەتـە مـەلا مسـتەفا توانـی بگەڕێتـەوە دەڤـەری بـارزان و دووبـارە هێـزی شۆڕشـگێڕانی بارزانـی ڕێکخسـتەوە . لەژێـر کاریگـەری چالاکیـە شۆڕشـگێڕیەکانی مـەلا مسـتەفادا دەولەتـی عێـراق ناچـار بـوو داوای گفتوگـۆی لـێ بـکات. مـەلا مستەفا ئـازاد کـردن و گەڕاندنـەوەی خودانـی وەکـو مەرجێـک بـۆ گفتوگـۆکان دیـاری کـرد . حکومەتـی عێـراق بەڕوالـەت مەرجەکـەی قەبـول کـرد . بـەلام داوای لەخودانـی بـارزان کـرد کـە بـۆ ئەنجامدانـی گفتوگـۆکان پێویسـتە بەمـەلا مسـتەفاش بێتـە موسـل، وە بەلێنیـان بەخـودان دا کەگیانـی مـەلا مسـتەفا پارێـزراو دەبێـت  . بـۆ ئـەم  مەبەسـتە خـودان تەتەرێکـی رەوانـەی لای مـەلا مسـتەفا کـردوو داوای دەولەتـی عێراقـی پـێ ڕاگەینـد ، مـەلا مسـتەفا لـەو داوایـەی عێـراق بەگومـان بـووە ، بـەلام لەبـەر ئـەوەی خـودان داوای لێکـرد بـوو ناچـار بـوو بچێتـە موسـل . هـەر کـە گەیشـتە موسـل حکومـەت ئەویشـی دەسـتگیر کـردوو هەموویانـی پێکـەوە بـۆ بـەسرا دوور خسـتەوە . بـۆ مـاوەی دوازدە سـال لەژێـر چاودێـری حکومەتـدا لەبـەسراو بەغـداو دواتریـش سـلێمانی مانـەوە

لەسـالی (١٩٤٣) مـەلا مسـتەفا لەرێـگای ڕۆژ هەلاتـی کوردسـتانەوە سـلێمانی بەجـێ هێشـت و گەیشـتەوە دەڤـەری بـارزان و دووبـارە هێـزی شۆڕشـگێڕانی بارزانـی ڕێکخسـتەوە . ئەمجـارەش حکومـەت ناچـار بـوو داوای گفتوگـۆ بـکات و مـەلا مسـتەفاش گەڕاندنـەوەی خـودان و هەمـوو بارزانیەکانـی کـردە مەرجـی گفتوگـۆ.

حکومـەت مەرجەکـەی قەبـول کـردوو هەمووانـی گەڕانـدەوە بـۆ دەڤـەری بـارزان.

دوای ئـەوە گفتوگـۆکان لەبـارەی مسـۆگەرکردنی مافەکانـی کـورد بـەردەوام بـوو. بـەلام حکومـەت هیـچ هەنگاوێکـی لەوبـارەوە نەنـاو دووبـارە بەهـاوکاری سـەرۆک هـۆزە کـوردە خائینـەکان هێرشـی کـردەوە سـەر دەڤـەری بـارزان . دوای دوو سـال بەرگـری و مقاومـەت لەمانگـی تشرینـی یەکەمـی (١٩٤٥) بارزانیـەکان ناوچـەی بارزانیـان بـەرەو رۆژ هەلاتـی کوردسـتان بەجـی هێشـت . لەناوەڕاسـتی سـالی (١٩٤٧) خودانـی بـارزان لەپێنـاو پاراسـتنی گیانـی ژن و مندالـە بارزانیـەکان خـۆی ڕادەسـتی حکومەتـی عێـراق کـردەوە. حکومەتـی عێـراق سـزای لەسـێدارەدانی بەسـەردا سـەپاندو بـۆ مـاوەی دوازدە سـال لەزینـدانـدا مایـەوە . لـەو ماوەیـەی لەزینـدان بـوو سـەرۆک وەزیرانـی ئەوکاتـی عێـراق نـوری سـەعید داوای لەخودانـی بـارزان کـرد ئەگـەر لەڕێـگای نامەیەکـەوە بـۆ مەلیـک پەشـیمانی خـۆی دەرببڕێـت ئـەوە ئـازاد دەکرێـت . بـەلام خودانـی بـارزان داوای مەلیکـی لـەو بـارەوە ڕەد کـردەوەو فەرمـووی : ژیـان و مردنـی ئێمـە بەدەسـت خـودای مەزنـە ، ئێمـە هیـچ گوناهێـکمان نەکـردووە تـا داوای لێبـوردن پێشکەشـی مەلیـک بکەیـن ، جگـە لەخـودای مـەزن هیـچ کەسـێک شـایانی ئـەوە نیـە ئێمـە داوای لێبوردنـی لـێ بکەیـن . دوای کودەتـای عبدولکەریـم قاسـم لەسـالی (١٩٥٨) و گەڕانـەوەی مـەلا مستەفا لەیەکێتـی سـۆڤیەتی جـاران خـودان لەزینـدانـدا ئـازاد کـراو گەڕایـەوە بـارزان. سـەردەمی خودانـی بـارزان لەهەمـوو ڕوویەکـەوە بـۆ بارزانیـەکان سـەردەمێکی زێڕیـن بـووە. ئـەو دادپـەروەری و یەکسـانی و پیکـەوە ژیانـەی لەسەردەسـتی خـودان بـۆ بارزانیـەکان فەراهەمکـرا بـوو لەمێـژووی مرۆڤایەتیـدا بـێ وێنـە بـوو . خودانـی بـارزان بەدرێژایـی تەمەنـی خـۆی دەسـتی لەپـارە نـەداوە ، هیـچ جیاوازیەکـی لەنێـوان هەژارێـک و ئەندامانـی بنەمالـەی شـێخانی بـارزان نەدەکـرد . هـەژار موکریانـی لەگێڕانەوەیەکیـدا لەبـارەی عەدالەتـی خودانـی بـارزان دەگێڕێتـەوە دەلـێ : لەکوتایـی سـالانی شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـوردودا لەسـەفەرێکدا کـە لەدەڤـەری ئامێـدی دەگەڕامـەوە ، لەبـارزان سـەردانی خودانـی بارزانـم کـرد ، دوای پشـوودان فەرمـووی هـەژار باپێکـەوە بچینـە نـاو بێسـتانەکانی بـارزان . کاتێـک چوویـن بـۆ نـاو بێسـتانەکان خـودان چـاوی بـە یەکێـک لەکوڕەکانـی کـەوت کـە لەنـاو بیسـتانێکدا کار دەکات کەهـی خویـان نەبـوو . کاتێـک ئـەو دیمەنـەی بینـی یەکسـەر گوتـی : فلان بـۆ لەنـاو ئـەو بێسـتانەدا کار دەکات کەهـی ئێمـە نیـە؟ یەکێـک لەئامـادە بـووان وەلامـی دایـەوەو گوتـی:

ئەزبەنــی بێســتانەکەی کڕیــوە ! کاتێــک گوێبیســتی ئــەو وەلامــە بــوو یەکســەر بــەدوای کوڕەکــەی وە خاوەنــی پێشــووی بێســتانەکەدا نــارد . لەکوڕەکــەی پرســی بــۆ لــەوێ کارتــان دەکــرد ؟ ئەویــش گوتــی : لەفلانــم کڕیــوە بەچــل دینــار .دواتــر لەخاوەنــی پێشــووی بێســتانی پرســی بــۆ بێســتانەکەت فرۆشــتووە ؟ ئەویــش گوتــی: ئەزبەنــی کــوڕم ناخــوش بــوو پێویســتیم بەپــارە هەبــوو بــۆ چارەســەر کردنــی بوویــە فرۆشــتم ! یەکســەر خــودان ڕووی کــردە کوڕەکەیــو فەرمــووی : ئەوپارەیــەی بیســتانەکەت پــێ کڕیــوە پــارەی زیــادە بــووە ، ئەویــش لەبــێ پــارەی بێســتانەکەی فرۆشــتووە . بوویــە بێســتانەکەی بــۆ دەگێڕیــەوەو پارەکــەش هــەر بــۆ خــوی دەبێــت .خودانــی بــارزان لــە(١٩٦٩/١/١١)دا وەفاتــی کــرد

٣- خەلیــل خوشــەوی یەکیــک بــوو لەســەرکردە مەیدانیەکانــی شۆڕشــگێڕانی بارزانــی ، باوکــی خەلیــل لەکوتایــی ســەدەی نــۆزدەدا بەپشــتیوانی شــیخ محمــدی بارزانــی لەدەڤــەری مــزۆری بــالا راپەڕینــی دژی ئاغــاو دەرەبەگــەکان ئەنجامــدا . لــەو ڕاپەڕینــەدا توانــی بەســەر دەرەبەگەکانــدا ســەرکەوێت و زەوی و زاری زەوت کــراوی جوتیــارو هــەژارەکان کــە لەلایــان ئاغاکانــەوە دەســتیان بەســەردا گیــرا بــوو بــۆ خاوەنەکانیــان گەڕانــدەوە . لەســەرچاوە مێژوویەکانــی عێراقــدا ئــەم ڕاپەڕینــە وەکــو یەکــەم راپەڕینــی جوتیــاری هەژمــار کــراوە . لــەو ســەردەمەوە خەلکــی ناوچــەی مــزۆری بــالا بوونەتــە موریــدی شیخانی بــارزان و رۆلێکــی گرنــگ و دیاریــان لەهەمــوو شــۆڕش و ســەرهەلدانەکانی بارزانــدا گێــراوە. لەکوتایــی ســالانی بیســتەکانی ســەدەی بیســتەم خەلیــل خوشــەوی وەکــو ســەرکردەیەکی ئــازاو مەیدانــی لەنــاو هێــزی بارزانیــەکان دەرکــەوت و بــووە جیــی متمانــەی خــودان و مــەلا مستەفای بارزانــی .لــەو ســەردەمەدا هورەماریــەکان هیرشــیان هێنایــە ســەر دەڤــەری رێکانیــەکان . بەفەرمانــی خــودان خەلیــل خوشــەوی لەگــەل هیزیکــی بارزانیــەکان چــووە پشــتیوانی ڕێکانیــەکان و نەیهێشــت ناوچەکەیــان لەلایــان هورەماریەکانــەوە داگیــر بکرێــت . لەســالی (١٩٣٦) کاتێــک حکومەتــی عێــراق و تورکیــا هەولەکانیــان بــۆ لەناوبردنــی خەلیــل خوشــەوی و هەڤالەکانــی چــڕ کــردەوە ، خەلیــل پەنــای بــۆ ناوچــەی ڕێکانیــەکان بــردوو پێــی وابــوو بەهــۆی ئــەو چاکەیــەی کەپێــشتر بــۆ ڕێکانیــەکان هــەی بــووە ،کەلحــێ وەکــو ســەرۆک هــۆزی ڕێکانیــەکان چاکەکــەی لەبــەر جــاو دەبێــت و یارمەتــی دادەات . بــەلام بەداخــەوە کەلحــێ خیانەتــی لێکــردوو ســوپای عێراقــی هێنایــە ســەر . لەمێــژووی پــڕ لەســەروەری ڕێبــازی بارزانــی نەمــردا لەپێنــاو ڕزگاری و ســەربەخۆیی کوردســتان خەلیــل

خوشـەوی وەکـو قارەمانێکـی ئەفسـانەی نـاوی هاتـووەو باسـی لێـوە کـراوە.

٤- ئەحمــەد نــادر یەکێـک بـوو لەسـەرکردە قارەمانـە مەیدانیەکانـی شۆڕشـگێڕانی بارزانـی ، ڕۆڵێکـی گرنگـی لەشۆڕشـی (١٩٣١و ١٩٣٢) ی بارزانـدا گێـڕاوە . دوای پەنـا بردنـی بارزانیـەکان بـۆ نـاو خاکـی تورکیـا لەگـەل خەلیـل خوشـەوی لەناوچەکـەدا مایـەوەو دریژەیـان بەشـۆڕش دا . لەسـالی (١٩٣٥) لەناوچـەی گەردیانـی سـەر سنۆری نیـوان عیـراق و تورکیـا . هێزەکانـی هـەردوو ولات هێرشـێکی فراوانیـان بۆ سـەر شۆڕشـگێڕانی بارزانـی دەسـت پێکـرد . لـەو شـەرەدا ئەحمـەد نـادر شـەهید بـوو . شـەهید بوونـی ئەحمـەد نـادر کاریگەریەکـی زۆری لەسـەر ورەو هێـزی بارزانیـەکان دروسـت کـرد .لەمێـژووی پـڕ لەسـەروەری ریبـازی بارزانـی نەمـردا ئەحمـەد نـادر وەکـو قارەمانێکـی ئەفسـانەی شـوێن پەنجـەی دیـارەو باسـی لیـوە کـراوە.

٥- عبـدولا کرکەمـووی یەکیـک بـوو لەمریـدە ناودارەکانـی خودانـی بـارزان و ڕۆڵـی گرنگـی لەشۆڕشـی (١٩٣١ و ١٩٣٢) بارزانـدا گێـڕاوە . لەکاتـی شـەهید بوونـی ئەحمـەد نـادردا عبـدولا کرکەمویـش بەسـەختی براینـدار بـووەو هـەر بەکاریگەریەکانی ئـەو برینـە شـەهید بـووە . لەیـادەوەری بارزانیـەکان و فەلسـەفەی فکـری و عەقائیـدی بارزانیەکانـدا عبـدولا کرکەمـووی ناویکـی دیـارەو زۆر باسـی لیـوە کـراوە.

٦- زێــت گۆندێکــە لــەڕووی ئیداریــەوە ســەر بەناحیــەی شــێروان مەزنــە ، دەکەوێتـە دوا خالـی سـنۆری نیـوان باکـورو باشـوری کوردسـتان و سـەر بەعەشـیرەتی گەردیـە . خەلکـی ئـەم گۆنـدە ڕۆڵێکـی جوامیرانەیـان لەهەمـوو شـۆڕش و ڕاپەڕینەکانـی بارزانـدا هەبـووەو زۆر قوربانیـان بەخشـیوە.

٧- گـەردی عەشـیرەتێکە دەکەوێتـە هـەردوو دیـوی باکـورو باشـوری کوردسـتان و بەشـێکن لەمللەتـی بـارزان . خەلکـی ئـەم عەشـیرەتە بەهـەردوو دیـوی کوردسـتاندا خویـان بەموریـدی خودانـی بـارزان دەزانـن و بەشـداری دیاریـان لەهەمـوو شـۆڕش و بەرخودانەکانـی بارزانـدا کـردووەو قوربانیەکـی زۆریـان بەکـوردو کوردسـتان بەخشـیوە . ژمارەیـەک سـەرکردەو فەرمانـدەی قارەمـان لەنـاو ئـەو عەشـیرەتەدا هەلکەتـوون و خزمەتـی ڕێبـازی بارزانـی نەمریـان کـردووە وەکـو حاجـی بیرۆخـی وشـەهیدان نـەزەت بیرۆخـی و فکـری و زکـری بێرۆخـی و ڕەشـید بێشـوونی.

٨- تلگەڤـەڕو مەرگەڤـەڕ دوو ناوچـەی ڕۆژ هەلاتـی کوردسـتانن و دەکەونـە

نزیـک سێگوشـەی سـنۆری نێـوان باکـورو ڕۆژ هـەلات و باشـوری کوردسـتان . دانیشـتوانەکەیان بەشـێوەزاری کرمانجـی دئاخڤـن و هـەر لەکونـەوە بەهـۆی ئـەو پەیوەندیـە بەهێـزەی بنەماڵـەی سـەید تاهـای نەهـری و سـمکوی شـکاک لەگـەل بنەماڵـەی شـێخانی بارزانـدا هەبـووە ، خەلکـی ئـەو دوو ناوچەیـەش پەیوەندیەکـی قۆلیـان لەگـەل شـیخانی بارزانـدا هەبـووە. بوویـە لەسـەردەمی کومـاری کوردسـتان و دوای نسـکوی شۆڕشـی ئەیلولیـش خەلکـی ئـەو دوو ناوچەیە زۆر هاوکاری و پشـتیوانیان بـۆ بارزانیـەکان و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان هەبـووە . لەسـالانی هەشـتاکاندا بەهـۆی ئـەوەی کەبەشـێکی زۆری پەنابەرانـی باشـور لـەو ناوچەیـە جیگیـر بـوون بـۆ چەندیـن جـار فڕۆکەکانـی عێـراق ناوچەکەیـان بوردمـان کـردووەو لەئەنجامـدا زیانێکـی زۆر بەپەنابـەران و خەلکـی ئـەو دوو ناوچەیـەش کەتـووە . تەنانـەت لەکاتـی ڕێـرەوە مێژوویەکـەی ئاراسـیش خەلکـی ئـەو دوو ناوچەیـە زۆر هـاوکاری بارزانـی نەمـرو هەڤالەکانیـان کـردووە. ئەمـە وایکـردووە کەهەمیشـە سـەرۆک مەسـعود بارزانـی و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بەڕێـزەوە لەهەلۆیسـتی نەتەوەیانـەی ئـەو خەلکـە کوردپـەروەرە بڕوانـن .

٩- خوشـەوی خەلیـل کـوڕی خەلیـل خوشـەویە ، فەرمانـدەی هێـزی بارزانیەکان بـوو لەبـەرەی سـەقز . لەکاتـی هیرشـی سـوپای ئێـران بـۆ سـەر کومـاری کوردسـتان لەگـەل هێزەکـەی دلسـۆزانەو قارەمانانـە بەرگریـان لەکومـارە ساواکەی کـورد کـردوو لەداسـتانی قـاراوە شـەهید بـوو ، وەکـو یەکـەم شـەهیدی کومـار نـاوی چـووە نێـو مێـژووی کـورد . پێشـەوا قـازی سـێ ڕۆژ پرسـەی فەرمـی بـۆ ڕاگەیانـد . شـاعیری کـورد هێمـن موکریانـی بەبوونـەی شـەهید بوونیـەوە شـیعرێکی بەنـاوی خونچـەی خوێنیـن هونیوەتـەوەو لەرۆژنامـەی کوردسـتانی ئـەوکات زمـان حالـی کومـار بلاو بووتـەوە ،شـەهید محمـد قودسـیش ژیاننامـەی نوسیوەتەوەو لەهەمـان ڕۆژنامـە بلاو بووتـەوە.

١٠- محمـد ئەمیـن میرخـان یەکێـک بـوو لەسـەرکردە قارەمانـە مەیدانیەکانـی شۆڕشـگێڕانی بارزانـی ، ڕۆلێکـی دیـاری لەشۆڕشـی (١٩٣١و ١٩٣٢) و شۆڕشـی دووەمـی بـارزان و بەرگریکـردن لەکومـاری کوردسـتان و ڕێـڕەوە مێژوویەکـەی ئـاراس و شۆڕشـی ئەیلولـدا هەبـووە . یەکێـک بـوو لـەو سـەرکردانەی کـە هەمیشـە مـەلا مسـتەفا پشـتی پـێ دەبەسـت .لەمێـژووی پـڕ لەسـەروەری ڕێبـازی بارزانـی نەمـردا ناوێکـی دیـارەو زۆر بـاس لەقارەمانێتیەکانـی کـراوە . لەسـالی ١٩٦٢و لەسـەردەمی شۆڕشـی ئەیلولـدا لەکاتی

رزگارکردنی ناوچەی شێخان بەسەختی بریندار بوو دواتریش هەربەو برینەوە شەهید بوو

١١- دوای ئەوەی کەخێزانە بارزانیەکان لەگەل خودان خویان رادەستی حکومەتی عێراق کردەوە ، حکومەت خودانی بارزان و هەموو پیاوەکانی لەخێزانەکان جیاکردەوەو رەوانەی کەرکوک و بەغدای کردن و خرانە زیندانەوە . مندال و ئافرەتەکانیشیان لەناو کەمپێکی تەلەبەند کراو لەدیانا جیگیر کرد . ئەو پیاوانەی لەگەل خودان لەکەرکوک و بەغدا زیندانی کرا بوون ، زۆربەیان بەسزای جیاجیا سزا دران و هەندیکیشیان لەسێدارەدران . پاش ماوەیەک خێزانەکان لەدیانا گوازرانەوە بۆ دەوروبەری هەولێرو دهوک و هەر چەند خیزانێک لەگۆندیک جێگیرا کران . لەو سەردەمەدا لەبەر ئەوەی خودانی بارزان لەزینداندا بوو وە بارزانی نەمریش لەیەکێتی سوڤیەت بوو ، ژیان و گوزەرانی بارزانیەکان لێوانلێوو بووە لەکارەسات و تراژیدیا ، پڕ بوو لەئازارو مەینەتی. ئەوانەی لەگەل خودان خویان ڕادەستی حکومەت کرد بوو ، پیاوەکانیان لەزینداندا بوون و مندال و ئافرەتەکانیشیان لەناو کەمپی دیانادادا وەکو دیلی شەڕ سەرەدەریان لەگەل دەکرا . بەشێکیشا کە خەلکی ڕەشوو ڕووت و هەژار بوون و لەسەر گۆندەکان مابوونەوە . سەرۆک هۆزە خائین و نیشتمان فرۆشەکان و جاشەکانیان و مەخفەرەکانی پولیس وەکو بونەوەرێکی هار کەوتبوونە گیانیان و وەکو کوێلە کاریان پێ دەکردوو ئازاریان ئەدان . هەرکەسێکیش پابەند نەبوایە دەخرایە زیندان و بەشێکیشیان شەهید کردن . ئەم ئازارو مەینەتیانە تا سالی (١٩٥٨) و گەڕانەوەی بارزانی نەمر لەیەکێتی سوڤیەتی جاران بەردەوام بوو. بێ گومان ئەم هەموو قوربانیدان و خوێن بەخشینەو ئەم هەموو ئازارو مەینەتیە لەبەر ئەوە بوو کە بارزانیەکان ئامادە نەبوون تەسلیم بەئیرادەی داگیرکەرانی کوردستان بن و هەمیشە ئامادە بوون لەپێناو رزگاری و سەربەخۆیی کوردستاندا مردنیکی شەرەفمەندانەو سەربەرزانە هەلبژێرن . مخابن لەسەردەمی ئێستادا کە سەردەمی ڕزگاری کوردستانەو کورد خاوەنی دەسەلات و دامەزراوەی نەتەوەییە ، کومەلێک بەناو هێزو گروپی سیاسی و ئیعلامی بۆ ڕازیکردنی دلێ داگیرکەرانی کوردستان هەموو هەولێکیان بۆ ئەوەیە پرسی نەتەوەیی کوردو دەسکەوتەکانی بکەنە قوربانی پارەو موچە . ئامانجیش لەمەدا ئەوەیە بەبیانوی بەرگری کردن لەقۆتی خەلک تاکو کومەلگای کوردستانی بەلاڕێدا

ببــەن تــا دەســت لەمافــە نەتەوەیەکانیــان هەڵگــرن.

١٢- تەســت یــان تەشــتی بێــداڤ دەکەوێتــە پــاڵ چیــای چوارچەڵــی هەرکیــان لەدەڤــەری هەرکــی بنەجــی .هەڵکەوتــەی تەســتی بێــداڤ بازنەییــەو لەشــێوەی تەشــتێک دەچێــت و چــوار وەرزی ســاڵ بەفــری لێیــە ، هــەر ئەمەشــە وایکــردووە کــە نــاوی لــێ بنرێــت تەســتی بێــداڤ.

١٣- بەدرێژایــی مێــژوو داگیرکەرانــی کوردســتان پێیــان وابــووە هاوشــێوەی خەڵکــی دیکــە دەتوانــن لەڕێــگای بەخشــینی پــارەو پلــەو پۆســتەوە بنەماڵــەی ســەربەرزی بارزانیــش لەبزووتنــەوەی رزگاری خــوازی کوردســتان دابب‌ــڕن یــان قەناعەتیــان پــێ دێنــن کــە دەســت لەخەبــات و تێکوشــانی شۆڕشــگێرانە هەڵگــرن! بــەلام هەمیشــە بنەماڵــەی بارزانــی ئــەو داوایــەی داگیرکەرانــی کوردســتانیان ڕەد کردووتــەوەو ئامــادە نەبــوون بەهیــچ نرخێــک و لەهیــچ هەلۆمەرجێکــدا بــۆ بەرژەوەنــدی خویــان مســاومە لەســەر مــاف و داخوازیــە نەتەوەیەکانــی کــورد بکــەن یــان دەســت لەخەبــات و تێکوشــانی کوردایەتــی هەلبگــرن . لــەم بــارەوە چەندیــن نمونــە بــەردەستن کــە لەخــوارەوە ئاماژەیــان پــێ دەکەیــن

- لەســالی (١٩٠٧) دەولەتــی عوسمانــی زۆر هەولیــدا کــە قەناعــەت بەشــێخ عبدولســەلامی بارزانــی بێنێــت کــە هاوشــێوەی هەمــوو ســەرۆک هــۆزەکان تەســلیم بەئیــرادەی داگیــرکاری بێــت و دەســت لەخەباتــی کوردایەتــی هەلگرێــت ،لەبەرامبەریشــدا ئامــادەی خویــان دەربــڕی کــە ناوچــەی بــارزان ئــاوەدان بکەنــەوەو دەســەلاتی ناوچەکــەش هــەر بــە ئــەو (شــێخ عبدولســەلام ) دەســپێرن . بــەلام شــێخی بــارزان ئــەو داوایــەی بەتوونــدی ڕەد کــردەوەو دوپاتــی کــردەوە کــە خەبــات و تێکوشــانی بــارزان لەپێنــاو چەســپاندنی عەدالــەت و بەدیهێنانــی مافەکانــی کــوردەو بەبــێ دەســتەبەر بوونــی ئــەو ئامانجــەش دەســت لەخەبــات هەلناگرێــت . لەپێنــاو ئــەو ئامانجــە بــەرزو پیــرۆزەدا شــێخی بارزانــە چــووە ژێــر پەتــی ســێدارەو ســەربەرزانە شــەهید بــوو

- لەســالی (١٩٣٢) دەولەتــی مەلکــی عێــراق و ئیســتعماری بەریتانیــا نوێنەرانــی خویــان رەوانــەی لای خودانــی بــارزان کــردوو پێیــان ڕاگەیانــد کــە دیاریەکــی زۆر بەنــرخ و بەبەهایــان بــۆ هێنــاوە ، خودانــی بارزانیــش دەفەرمــووێ : باشــە ئــەو دیاریــە چیــە کــە بــۆ منتــان هێنــاو ؟ نوێنەرانــی مەلیــک و ئیســتعماری بەریتانــی

فایلێـک دەدەنـە دەسـت خودانـی بـارزان و پێـی دەڵێـن : ئەمـە تاپۆیـی هەمـوو ناوچـەی بارزانـەو هەمـوو گۆندەکانـی ناوچەکەمـان لەسـەر نـاوی جەنابتـان تاپـۆ کـردووەو دەبنـە مولکـی ئێـوە لەبەرامبـەردا چاوڕوانـی ئەوەمـان لەجەنابتـان هەیـە دەسـت لەئاژاوەگێـڕی هەڵگـرن و هـاوکاری حکومـەت بکـەن! ئـەوکات ئاگرێـک لەبـەردەم خودانـی بارزانـدا هەبـووە یەکسـەر فایلەکـەی فڕێداوەتـە نێـو ئاگرەکـەو سـۆتاندویەتی و پاشـان فەرموویەتـی : تـا مـن لەژیانـدا بـم پشـت ڕاسـتم کـە غـەدر لەکـەس ناکـەم و مافـی کەسـیش زەوت ناکـەم ، بـەلام مەترسـی ئـەوەم هەیـە دوای مـن کـوڕو نەوەکانـم دەسـت بەسـەر زەوی و زاری خەڵکدا بگـرن و بـۆ بەرژهوەنـدی خویـان بـەکار بێنـن ، بوویـە ئـەوەی ئێـوە ناوتـان لێنـاوە دیـاری لەروانگـەی منـەوە شـتێکی بـێ قیمەتـە. جگـە لـەوەش ئێمـە خەراپەمـان بـۆ حکومـەت نەبـووەو تەنهـا داوا دەکەیـن بەسـەربەرزی لەسـەر خاکـی خومـان بژیـن ، هەرکـەس و لایەنێکیـش هەولبـدات ئـەو مافـە لەئێمـە زەوت بـکات ڕووبـەڕووی دەبینـەوەو بەرگـری لەکەرامەتمـان دەکەین.بەهـۆی ئـەم هەڵوێسـتە بـەرزەوە هەمـوو ناوچـەی بـارزان وێرانـکاراو خودانـی بـارزان و بارزانـی نەمـرو کەسـوکاریان بـۆ مـاوەی دە سـال بـۆ بـەسراو بەغـدا دوورخرانـەوە

- لەسـالی (١٩٤٣) لەسـەرتای شۆڕشـی ئەوکاتـدا دیسـان دەولەتـی عێـراق زۆر هەولـی لەگـەل خودانـی بـارزان و بارزانـی نەمـردا ئەگـەر دەسـت لەشـۆڕش هەلگـرن ئـەوە هەمـوو ناوچـەی بـارزان بەباشتریـن شـێوە ئـاوەدان دەکرێتـەوەو موچـەش بـۆ هەمـوو خەلکەکـەی دەبڕنـەوە . بـەلام خـودان و بارزانـی نەمـر ئەوەیـان ڕهد کـردەوەو دوپاتیـان کـردەوە کـە خەبـات و تێکوشـانی ئـەوان بـۆ ئـەوە نیـە کەئیمتیـازو دەسـکەوت بـۆ خویـان و خەلکـی ناوچـەی بـارزان مسـۆگەر بکـەن . بەلکـو لەپێنـاو رزگاری و سـەربەخۆیی کوردسـتانەو بەبـێ دەسـتەبەر کردنـی ئـەو ئامانجـە دەسـت لەخەبـات هەلناگـرن و لـەو پێناوەشـدا ئامـادەن بـۆ هەمـوو قوربانیدانێـک . لەسـەر ئـەم هەلوێسـتە بـەرزەو نەتەوەیـە جاریکـی دیکـە هەمـوو ناوچـەی بـارزان کاولکـراو بارزانیـەکان ناچـار بـوون بـۆ ڕۆژ هەلاتـی کوردسـتان بکشـێنەوە، دوای تێکچوونـی کومـاری کوردسـتانیش حکومەتـی شـای ئێـران زۆر هەولیـدا بەپێدانـی پـارەو زەوی بارزانیـەکان قانـع بـکات چـەک دانێـن و خویـان رادەسـت بکـەن . بـەلام ئـەو داوایـەش ڕهد کرایـەوەو دوای بەرگریەکـی قارەمانانـە خاکـی ئێرانیـان بەجـێ هێشـت . لەسـەر ئـەم هەلۆێسـتەش خودانـی بـارزان و

بەشـێکی زۆری بارزانیـەکان بـۆ مـاوەی دوازدە سـال لەبەغـدا زیندانـی کـران

- دوای گەڕانـەوەی بارزانـی نەمـر لەیەکێتـی سـوڤیەتی جـاران عبدولکەریـم قاسـم سـەرۆک کومـاری ئەوکاتـی عێـراق زۆر هەولـی لەگـەل بارزانـی نەمـردا ئەگـەر دەسـت لەخەباتـی کوردایەتـی هەلگرێـت ئـەوە حکومـەت ئامادەیـە هەمـوو ناوچـەی بـارزان بەباشترین شـێوە ئـاوەدان بکاتـەوەو موچـەش بـۆ هەمـوو خەلکـی ناوچەکـە ببڕێتـەوە ،دیسـان ئامـادەی دەربـڕی بـۆ پێدانـی پۆسـتی جێگـری سـەرۆک کومـار بەبارزانـی نەمـر یـان هـەر کەسیکی دیکـە کـە جەنابیـان پێـی بـاش بێـت ئـەو پۆسـتە وەرگرێـت . بارزانـی نەمـر هەمـوو داواکاریەکانـی قاسـمی بەتوونـدی ڕەد کـردەوەو دوپاتـی کـردەوە کـە بەبـێ مسـۆگەرکردنی مافەکانـی کـوردو چارەسـەریکی ڕیشـەیی بـۆ کێشـەی کـورد دەسـت لەخەبـات هەلناگرێـت و لەوپێناوەشـدا ئامادەیـە بـۆ هەمـوو قوربانیدانێـک. لەسـەردەمی شۆڕشـی ئەیلـول گولانیشـدا زۆر جـار حکومەتـی عێـراق هەولیـداوە بـەو ڕێگایـە بارزانـی نەمـرو سـەرۆک مەسـعود بارزانـی لەرابەرایەتیکردنـی بزووتنـەوەی کوردایەتـی دوور بخەنـەوە. بـەلام هەمیشـە ئـەو هەولـەی داگیرکـەران بـێ ئەنجـام بـووەو ئامـادە نەبـوون بەهیـچ نرخێـک و لەهیـچ هەلۆمەرجێکـدا تەسـلیم بەئیـرادەی داگیرکەرانـی کوردسـتان بن .بەپێچەوانـەوە هەمیشـەو لەهەمـوو سـەردەمێکدا دلسـۆزانەو خوراگرانـە لەئاسـت پرسـی نەتەوەکەیـان ملیـان داوەتـە بەربەرپرسـیارێتی و ئامـادە بـوون بـۆ هەمـوو قوربانیدانێـک .

- لەسـالی ١٩٨٣ سـەدام حسـێن زۆر هەولـی لەگـەل ئـەو بارزانیانـەدا کـە لەکومەلگاکانـی قوشـتەپەو بەحرکـەو هەریـرو دیانـا نیشـتەجێ بـوون کـە چـەک بـۆ ڕژێمەکـەی هەلگـرن و شـەڕی پێشـمەرگە بکـەن ، لەبەرامبەریشـدا ئامادەیـی خـۆی دەربـڕی کەبارزانیـەکان بگەڕێنێتـەوە ناوچـەی بـارزان و گۆندەکانیـان ئـاوەدان بکاتـەوەو هەمـوو خزمەتگوزاریەکیـش پێشکەشـیان بـکات. بارزانیـەکان دەیانزانـی ڕەدکردنـەوەی ئـەو داوایـەی سـەدام قـورس لەسـەریان دەوەسـتێت ، بـەلام لەبـەر ئـەوەی چـەک هەلگرتـن بـۆ سـەدام دژوناکـوک بـوو لەگـەل پـەروەردەی فکـری و عەقائیدیـان بەتوونـدی داوای سـەدامیان لـەو بـارەوە ڕەد کـردەوە .لەسـەر ئـەم هەلۆیستە نەتەوەیـە سـەدام پروسـەی ئەنفالکردنـی بەسـەردا جیبەجـێ کـردوو زیاتـر لەهەشـت هـەزار بارزانـی سـڤیلی لەگـۆڕە بەکومەلەکانـدا کومەلکـوژ کـرد

-١٤
و کوڕی هۆرێ .لەدۆڵێکی فراواندا هەلکەوتووە کەدەکەوێتە ناوەڕاستی دەڤەری بارزان . هاوینەهەوارێکی دڵڕفێن و فێنکە .سەرەتای هەموو هاوینێک خودانی بارزان دەهاتە ئەوێ و تا سەرەتای پائیز لەوی دەمایەوەو بەردەوام خەلک لەهەموولایەکەوە بۆ گەیشتن بەخزمەت خودانی بارزان سەردانی ئەوێیان دەکرد. لەهەموو دیدارو کوبوونەوەکاندا خودانی بارزان ڕێنمایی و ڕاسپاردەی دەدایە خەلک کە لەپیناو ژیانێکی سەربەرزو پڕ لەبەختەوەری و ڕووبەڕوو بوونەوەی ستەمی داگیرکەران خەلک لەناوخویاندا یەکگرتوو تفاق بن . دیسان هانی ئامادەبووانی دەدا پابەندی ئەو بەها بەرزانە بن کە جڤاکی بارزانیان لەسەر ئاڤا کراوە .بەم پێیە هاوینەهەواری هۆرێ لەفەرهەنگ و کلتورو فەلسەفەی فکری و عەقائیدی بارزانیەکاندا شوینێکی تایبەتی هەیە

١٥- زێوە گۆندێکە دەکەوێتە ناوەراستی ناوچەی ملگەڤەرو نزیکە لەسێگوشەی سنۆری نێوان عێراق و ئێران و تورکیا .دوای نسکوی شۆڕشی ئەیلولئ مەزن و ئاوارە بوونی دەیان هەزار خێزانی باشور بۆ ئێران. حکومەتی ئەو کاتی ئێران کومەلگایەکی گەورەی لەزێوە دروست کردوو هەزاران خێزانی پەنابەری بەشێوەیەکی کاتی تێدا جێگر کرد. دوای شەش مانگ بۆ ئەوەی بتوانێت پەنابەران لەیەک داببڕێت و لەسنوری ئێراقیش دوور بخاتەوە هەموویانی بۆ شارە گەورەکانی ئێران گواستەوە. دوای ڕۆخانی ڕژێمی شا حکومەتی ئیسلامی ئێران ڕێگای بەپەنابەران دا دووبارە بگەڕێنەوە زێوەو تێیدا نیشتەجێ ببن . زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی بۆ کومەلگاکە گەڕانەوە خێزانی پێشمەرگەکانی شۆڕشی گولان بوون . لەسالی (١٩٨١) فڕۆکەکانی حکومەتی عێراق کومەلگاکەی بوردمان کردو دەیان هاولاتی سڤیل شەهیدو بریندار بوون . دیسان لەسالی (١٩٨٥) دا فڕۆکەکانی عێراق هێرشێکی فراوانیان کردە سەر کومەلگاکە ، لەئەنجامدا (١٥٠) مندال و ئافرەت شەهید بوون و زیاتر لە (٣٠٠)ی دیکەش بریندار بوون، لەکاتی ئەو بوردمانەدا گۆندەکانی دەوروبەری زێوە هەلۆێستێکی جوامێرانەو نەتەوەیانەیان نواندو دەرگای خویان لەبەردەم پەنابەرە لێقەوماوەکاندا کردەوە. هاوکاری و پشتیوانی ئەو خەلکە دلسۆزە بۆ پەنابەران هەرگیز لەبیر ناکرێت و بۆ هەمیشە وەکو سەروەریەکی مەزن لەمێژوودا تۆمار دەکرێت. لەکاتی داستانە بەناوبانگەکەی خواکورکدا

دانیشتوانی زێوە پشتیوانێکی بەهێزی پێشمەرگە بوون و ڕۆژانە خوبەخشانە خواردن و پێداویستی دیکەیان دەگەیاندە پێشمەرگە . بەدرێژایی سالانی ئاوارەیی کومەلگای زێوە ببووە ناوەندێک بۆ کوکردنەوەی هەموو پەنابەران . لەهەموو بوونە نەتەوەیی و نیشتمانیەکاندا وەکو سال ڕۆژی وەفاتی بارزانی نەمرو جەژنی نەورۆزو شازدەی ئاب و ...هتد بەئامادە بوونی سەرۆک بارزانی و کاک ئیدریسی هەمیشە زیندوو ئاهەنگ و ڕێورەسمی نەتەوەیی و نیشتمانی بەڕێوە دەچوون . لەو ئاهەنگ و ڕێوەرەسمانەدا هەمیشە هونەرمەندانی کورد ئەردەوان زاخۆیی و سەعید گاباری و شاعیری مەزن هەژار موکریانی ڕۆلێکی مەزنیان هەبوو بەدەنگە بەسوزەکەیان هێزو وزەو خوڕاگریان بەپەنابەران دەبەخشی . بەم شێوەیە خوشی و ناخوشیەکانی ئەو سەردەمەو ناوی زێوە بوونەتە بەشێک لەیادەوەریەکانی شۆڕشگێڕەکانی ڕێگای سەربەخۆیی کوردستان و هەرگیز لەبیر ناکرێن .

١٦- پەیوەندی نێوان دکتور قاسملوو جەلال تالەبانی دەگەڕێتەوە بۆ کوتایی سالانی پەنجاکانی سەدەی رابوردو، ئەوکات قاسملو لەپراگی پایتەختی یوگسلاڤیا خەریکی خوێندن بووە تالەبانیش بەنوێنەرایەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان سەردانی پراگی کردووەو لەوێ پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوان هەردوولادا دروست بووە . دوای خیانەتی سالی ١٩٦٦ و هەلگەڕانەوەی براهیم ئەحمەدو تالەبانی لەشۆڕشی ئەیلول ، لەژێرکاریگەری ئەو پەیوەندیە بەهێزەی لەنێوان قاسملوو تالەبانیدا هەبوو تالەبانی و براهیم بەردەوام هانی قاسملویان ئەدا کێشە بۆ شۆڕشی ئەیلول دروست بکات . بەو نیازە هەمیشە قاسملوو هاوڕێکانی لەسەر سنۆرەکانی نێوان باشورو ڕۆژ هەلات دوور لەهەستکردن بەبەرپرسیارێتی نەتەوەیی بیانویان دەدایە دەست حکومەتی ئەوکاتی ئێران تا کێشە بۆ شۆڕشی ئەیلول دروست بکات . تاوانی دەرهێنانی جەنازەی بارزانی نەمریش لەلایان هەندێ بەرپرسی حزبی دیموکراتەوە هەر لەو چوارچێوەیەدا بوو .پارتی زۆر هەولی لەگەل قاسملودا تاوانباران سزا بدات . بەلام قاسملو لەژێر کاریگەری تالەبانی و حکومەتی عێراق دا ئەوەی رەد کردەوەو سۆر بوو لەسەر شەڕ فرۆشتن بەپارتی

١٧- دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران زەمینەی ئەوە رەخسا حزبی

دیموکراتـــی کوردســـتانی ئێـــران و حکومەتـــی ئیسلامـــی ئێـــران بـــۆ چارەســـەر کردنـــی پرســـی کـــورد گفتوگـــۆو دانۆســـتاندن بکـــەن .حزبـــی دیموکـــرات و لایەنەکانـــی دیکـــەی ڕۆژ هەلاتـــی کوردســـتان کارنامەیەکیـــان بـــۆ گفتوگـــۆکان ئامـــەدە کـــرد بـــوو . بەهاندانـــی تالەبانـــی و نەوشـــێروان مســـتەفادا لەخالـــی هەشـــتەمی کارنامەکەیانـــدا داوایـــان لەحکومەتـــی ئیسلامـــی ئێـــران کـــرد کەپێویســـتە پەنابەرانـــی باشـــوری کوردســـتان لەخاکـــی ئێـــران دەر بکرێـــن و لەگفتوگۆکانیشـــیاندا زۆر پێداگریـــان لەســـەر ئـــەو خالـــە کـــرد بـــوو ! بـــێ گومـــان ئەمـــە جێبەجێکردنـــی داوای حکومەتـــی عێـــراق بـــوو بەهاندانـــی تالەبانـــی و نەوشـــێروان مســـتەفا .

١٨- هەلـــەج گۆندێکـــە دەکەوێتـــە ناوچـــەی مەرگەڤـــەرو نزیکـــە لەسێگۆشـــەی ســـنوری نێـــوان ڕۆژهـــەلات و باکـــورو باشـــوری کوردســـتان . دوای ئـــەوەی کەچەنـــد کەســـێکی نـــاو حزبـــی دیموکراتـــی کوردســـتانی ئێـــران بەهاندانـــی حکومەتـــی عێـــراق و جـــەلال تالەبانـــی جەنـــازەی بارزانـــی نەمریـــان لەقەبرســـتانی شـــنۆی ڕۆژ هـــەلات دەرهێنـــا . دووبـــارە جەنازەکـــە بەئەمانـــەت لەگۆنـــدی هەلـــەج بەخـــاک ســـپێردرایەوە، لەســـالی (١٩٨٧) کـــە ســـەرکردەی مـــەزن ئیدریـــس بارزانـــی کوچـــی دوایـــی کـــرد ئەویـــش هـــەر لـــەو گۆنـــدە بەخـــاک ســـپێردرا . لەســـالی (١٩٩٢) جەنـــازەی بارزانـــی نەمـــرو ئیدریـــس بارزانـــی لەکەرناڤالێکـــی نەتەوەییـــدا بـــۆ باشـــوری کوردســـتان گەڕێنرانـــەوەو بـــۆ هەمیشـــە لەبـــارزان بەخـــاک ســـپێردران.

# ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.